PDF4Kurd

# لەودیو هەناسەکانی شیعرەوە

لێکۆڵینەوە

**جەبار سابیر**

چاپی یەکەم

سلێمانی

بەهاری ٢٠٠٨

PDF4Kurd

# لەودیو هەناسەکانی شیعرەوە

لێکۆڵینەوە

**جەبار سابیر**

## لەودیو هەناسەکانی شیعرەوە

# بابەت: لێکۆڵینەوە
# نووسەر: جەبار سابیر
# تایپو هەڵەبڕی: نووسەر
# نەخشەسازیو بەرگ: نووسەر
# تیراژ: پێنج سەد دانە
# چاپ: چاپی یەکەم، بەهاری ٢٠٠٨
# چاپخانە: شڤان
# ژمارەی سپاردنی( ) وەزارەتی رۆشنبیری بۆساڵی ٢٠٠٨ پێدراوە.

PDF4Kurd

## لەبری پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوانە یاخود باشترە بڵێین ئەم نووسینانە، لەماوەی سێ چوار ساڵی رابردوودا نووسراون و لەرۆژنامەو گۆڤارەكاندا بڵاوكراونەتەوە. هەندێكیان قسەكردنن لەسەر دنیابینی شاعیرەكان و هەندێكیشیان قسەكردنن لەسەر تاقە یەك دەقی شاعیرێك. لێرەدا ئەوەندەی پشت بەبۆچوون و تێروانینی خۆم لەسەر دەقەكان بەستراوەو قسەكراوە كەمتر ئاوڕ لەسەرچاوە دراوەتەوە. باشترە بڵێین زۆر كەم پشت بەمیتۆد یاخود ڕێبازێكی رەخنەیی بەستراوە بۆ قسەكردن لەسەر دەقەكان. لەدنیای رۆشنبیری و ئەدەبی ئێمەدا بەتایبەت بواری شیعر، زۆرن ئەو شاعیرو دەقانەی بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەك تێدەپەڕن و نابنە خۆراكێك بۆ رەخنەگران و لێكۆڵەرەوانی شیعرو ئەدەب. لێرەیشەوە رۆشنبیری ئێمە پایەیەكی زۆر سەرەكی كەمە كەرەخنەو لێكۆڵینەوەیە. من ئەوەندەی بۆمكرابێت هەوڵمداوە هەر شیعرێك



یاخود هەر شاعیرێك شتێكی لەلا دروستكردبم قسەم لەسەر كردووەو هەندێك شتم لەسەر نووسیوەو تاڕادەیەك پشت دێڕەكانم خوێندۆتەوە. رەنگە كۆكردنەوەیان لەكتێبێكی لەم جۆرەدا خراپ نەبێت، بەتایبەت بۆ كەسێك كەبیەوێت هەندێ شارەزای دنیای ئەو شاعیرانەو شیعرەكانیان بێت. بەكورتی ئەم لێكۆڵینەوانە هەڵقوڵاوی سەرنج و بۆچوونەكانی خۆمن لەسەر ئەو شاعیرانە یاخود لەسەر ئەو شیعرانە، تاچەند سەركوتووم و ئامانج پێكاوە ئەوە پەیوەستە بەتۆی خوێنەرەوە، ئەوەی من كردوومە مەرج نییە بەبۆچوونی تۆی خوێنەریش وابێت، بەڵام خۆ ناكرێت دانیشین و هیچ نەڵێین.

جەبار سابیر

٢٠٠٨/٢/٩

PDF4Kurd

روانین لەپەنجەرە داخراوەکانی ئەمڕۆوە بۆ باخچە
رازاوەکانی رابردوو

PDF4Kurd

هونەرو ئەدەب ئاو لەكانی ژیان دەخۆنەوەو كۆمەڵگە چاوگی هەڵهێنجانی كارو بەرهەمی ئەوانە، بەومانایەی گەر كۆمەڵگە نەبێت نەئەدەب دەبێتو نەهونەر، بۆیە سەیرنییە كەبیری هونەرمەندانو ئەدیبان هەمیشە بەدەوری كۆمەڵگەدا دەسوڕێت، بەڵام ئەوەی كەدەبێتە جێگەی تێڕامانو سەرنج ئەو بینینەیە كەئەوان دەیبینن و خەڵكانی ئاسایی نایبینن و هەستی پێناكەن. هەر ئەمەشە دەبێتە داهێنان، چاوی سەرنجی ئەدیبانو هونەرمەندان هەمیشە بەدوای ئەوشتانەوەیە كەخەڵكی سادەو ساكار سەرنجی نادەن. دەشێت ئەدەبو هونەر بۆ هێنانە بەرهەمی گوتارێكی دوو سەرەبێت هەم لەڕابردوو داو هەم لەداهاتووداو بەهەر دووكیشیان بچنە خزمەتی ئێستایەكەوە كە خاوەن كارەكەی تێدادەژی. مرۆڤ هەمیشە مەحكومە بەڕابردوویەكی پڕ گێرمەو كێشەو زۆرجار رووداوە ناخۆشەكانیش دەبنە یادەوەرییەكی زیندوو مایەی گێڕانەوە، ئەمە زیاتر لەسەر ئاستی تاك، چونكە هەمیشە لەیادەوەری بەكۆمەڵدا رووداوە ناخۆشەكان جێگەی خۆیان زیاتر دەگرن و دەبنە هەوێنی پێكەوە ژیانو



هاوخەمی. رابردوو ئامادەییەكی زیندووی هەیە لای ئینسانو هەرگیز ناتوانیٚ لێی راكات یان لەبیری كات، لەهەر چركەساتێكدا رووبەڕووی دەبێتەوەو هەرئەمەشە ئینسان كەنەفت دەكاتو وایلێدەكات هەمیشە گۆرانی بۆ وڵات دەڵێت، ئێخۆ وڵاتیش هەمیشە لەڕابردوو دایە. بۆیە ئینسانیش ناتوانیٚ لەغوربەتو تاراوگەدا بژی، چونكە یادەوەریو رابردووی لەوڵاتێكی ترەو لەسەر زەمینی تازە شتێك نایبەستێتەوە، منالٚی خەڵكانی ئاوارە كەلەویٚ دێنە دنیاوە بیری زەمینێكی تر ناكەن بەناوی وڵاتی خۆمان، چونكە رەگیان لەو وڵاتە تازەیە داكوتاوە كەدایكو باوكیان بە وڵاتی خۆیانی نازانن. گەر لەڕوویەكەوە ئایینەكان خێرو خۆشی بۆكۆمەڵگە بێنن ئەوا لەدەیان رووی ترەوە دەبنە بەڵا بەسەر كۆمەڵگەوە، كۆمەڵگە لەڕەوتی بەرەو پێشڤەچوونی خۆیدا زۆر قۆناغ تێدەپەڕێنی، بەڵام ئایینەكان وادەكەن زۆرێك لەو قۆناغانە بەسەقەتی تێپەڕێتو دەبنە بەربەست لەبەرەو پێشچوونی كۆمەڵگەدا، ئەویش بەدابەشكردنی شتەكان بەسەر حەرامو حەلاڵداو نەبوونی ناوەندێك لەبەینی ئەو دووانەدا. ئیشكردنی فەیلەسووفان، بیریاران، هونەرمەندان، نوسەرانو شاعیران لەو نێوەندەدایە كەئایینەكان بەئینسانیان نەداوەو بۆهێنانە گۆڕیٚو هێنانە قسەی ئەو نێوەندەیە لەبەینی حەرامو حەلاڵداو بەئەزمونی دوورو درێژی هونەرمەندانو فەیلوسووفانو رووناكبیرانو شاعیرانیشدا دەركەوت كە بیٚ بیركردنەوەو داهێنانی ئەوان ئینسان لەجەهلی خۆیدا نقومدەبێتو لەچلٚپاوی نەزانی خۆیدا هەر شلٚپەی دێت.

كەژاڵ ئەحمەد لەشیعری ( بەتەنوورەیەكی كورتی سوورەوە) دەیەوێت جارێكی ترو بەشێوەیەكی تر قسە لەسەر ئەو گرێو گۆڵانە بكات كەئایین بۆ

PDF4Kurd

کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە، دەیەوێ بەڕابردوو شەڕی ئێستایەکی شەرمن و کزۆڵە بکات کەهەر لەشوێنی خۆی ماوەتەوەو سەری بەرەو زەوی شۆڕکردۆتەوەو نەئاسمان دەبینێ نەپێشی خۆی و نەئاگاشی لەدەوربووبەرە. پردی پەڕینەوەی ئینسان بۆ ڕابردوو واتا پردی نێوان ئێستاو رابردووی ئینسان لەئێستادا بۆتە وێنەو، وێنە ئەو شتەیە کەخەیاڵدانی ئینسانی سوککردووەو ئەو ئەرکەی لێسەندۆتەوە کەڕابردوو لەیادەوریدا هەڵگرێ، بەڵکو لەسەر پارچە کاغەزێکی ئالودە بەکارلێکی کیمیایی چرکە تێپەڕیوەکان بۆ ئینسان هەڵدەگرێ و ئەرشیفی دەکات، بەجۆرێك ئینسان بەبینینی وێنەیەك هەموو ئەوچرکە ساتەی دەمی گرتنی وێنەکەی دێتەوەبیر. سیحری وێنە لەکورتی ساتی گرتنی وێنەکەو هێشتنەوەی زەمەنێکی زۆرە لەخۆیدا، بەو واتایەی ئەو چرکەساتەی وێنەکەی تێدا دەگیرێ، هەموو یادەوەری ئینسان لەوشوێنەدا لەخۆدەگرێت، وێنە هاوشێوەی بەهارە لەسیحرو ئەفسووندا بەهاریش چەندە تەمەنی کورتە لەڕووی سروشتییەوە سەد هێندە لەڕووی رۆحییەوە بۆ ئینسان گەورەیە، ئەو سروشتەی لەبەهاردا دەیبین رەنگە بۆ هەموو تەمەنت لەزەتت پێببەخشێ، زۆربەمان لەیادەوەریماندا بەهارێك هەیە لەهەموو بەهارەکان جوانترو دڵڕفێنتر، بەهەمان شێوە وێنەیەکیش یاخود چەند وێنەیەکیش هەیە لەوێنەکانی تر جوانترو پڕ یادەوەریتر. ئینسان حەزی بەتەجریدکردنی هەموو چرکەکانی تەمەنییەتی، بۆیە زۆرترین وێنەش دەگرێت، حەزی وێنەگرتن لای ئینسان کەمتر لەنەرجسییەت و خۆپەسندییەوەیەتی، بەڵکو زیاتر بۆمانەوەیەتی تازەمەنێکی دوورتر، دوورتر لەوەی خودا بەئینسانی رەوابینیوە. ئینسان لەکاتی وێنەگرتنە بەکۆمەڵەکاندا حەزی بەپێکەنینەو،



لەکاتی گرتنی وێنە تاکییەکاندا دەیەوێ خۆی مات و مەلول و خەمبار پیشاندات، ئەمەش خەمی ئینسان دەردەخات لەتەنیایدا، مرۆڤ بۆیە پێی دەوترێت بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی چونکە لەگەڵ ئەوانی تردا حەزی بەتێکەڵبوونە. ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە تاسەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردووش کەهێشتا کۆچی بەزۆری گوندەکان بەرەو شاردەستی پێنەکردبوو پێبەپێی خۆی دەڕۆیشتە پێش و لێرەشەوە هەر جۆرە جوڵەیەکی ئینسان ئازادبوو، کەس چاودێری ژیانی تایبەتی خەڵکی نەدەکردوو پێشتریش بەهۆی کردنەوەی زانکۆکانەوە گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەی ئینسانی شارنشینی کورددا هاتبوو. ئەو جلوبەرگەی کچانی زانکۆ دەیان پۆشی بەلای خەڵکییەوە زۆر ئاسایی بوو. بەڵام بەعس بەتێکەڵکردنی لەناکاوی گوندو شارەکان و دانانی دەیان و سەدان گەرای جاسووسی کوشندە لەناو خەڵکدا گۆڕانی بەسەر تەواوی ئەو بیرکردنەوەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەدا هێناو وایلێکردن تەنیا لەیادەوەری ئینسانەکاندا شوێنەوارێك جێبێڵن و لەئەلبومی ماڵەکانیشدا بەخامۆشی بسپێردرێن.

ساتی نووسینی شیعر لای (کەژاڵ) ساتی گریانە بۆ ئێستایەك کەبێدەسەڵات و لاوازە لەبەردەم هێرشی کۆنەپەرستی و تاریکیدا، لەم شیعرەدا رابردوو ویستی دەبینین لەبەردەم تێکشکانی بەهاکان لەئێستادا، ئەم ئێستایەی شیعرەکەی تێدا نووسراوە نەتوانای گەڕانەوەی هەیە بۆدواوە نەتوانای چوونە پێش و بازدانی هەیە بەسەر شتەکاندا، هەموو ئەمانەش شاعیر ناچاری بیرکردنەوە دەکەن بەوەی ئێستا بۆچی ئاوا دۆشداماوو ملکەچە، لەئاست پێشکەوتنەکاندا لەئاست سەلەفییەت و

PDF4Kurd

تاریکیدا، لەکاتێکدا رابردوو وانەبووە هەمیشە ئامادەی بازدان و تێپەڕاندنی قۆناغەکان بووەو لێنەگەڕاوە سەلەفییەت گەڕ لەبالای ژن ئالێنێ و پۆشینی جلوبەرگی لێ یاساغ بکات (سۆرین کیرکەگۆر) پێی وایە (ژیانی شاعیر لەناکۆك بوونییەوە لەگەڵ تەواوی بوندا دەست پێدەکات.) قسەی سۆرین لەسەر قولاییەکانی ژیانەو قسەکردنێکی کەینونەییانەیە، بەلام هەموو قوڵبوونەوەیەکی شاعیرانە هاوکات قووڵبوونەوەیەکی فەلسەفیانەو کەینونەییانەیە لەژیان و بوون، چونکە شاعیر دواجار ئەوەی دەریدەبڕێ جیهان بینی و ژیان بینی خۆیەتی، روانینی ئەوە لەدنیاو لەبوونی ئینسان.

لەم شیعرەشدا هەمان شەڕو ناکۆك بوون دەبینین لەگەڵ تەواوی بووندا، چونکە بوون دابڕاو نییە لەئینسان و، لەدەرەوەی ئینسان شتێك نییە پێی بڵێین بوون، ئەمەش دەمانباتەوە سەر کۆجیتۆکەی دیکارت (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) واتا بوونی ئینسان لەوێوە دەست پێدەکات کەبیر دەکاتەوەو عەقڵی بەدنیا دەشکێ. خەیاڵی فراوان و پانو پۆڕی ئینسان هەمیشە لەڕابردوودایەو کەمتر دەچێتە مەرزی داهاتووەوە، بۆیە هەرچیش دەنووسێت (کەدیارە ئێمە قسەمان لەسەر دنیای نووسینە) ئاوڕدانەوەیەکە لەڕابردوو پیاسەیەکە بەپەرێزی رابردوودا.

چرکەی نووسینی شیعرەکە چرکەی گۆشەگیربونی شاعیرەو بێزار بوونییەتی لەو دۆخەی لەئێستاداو لەدەرەوەی بوونی ئەو دەگوزەرێ و، ئەمیش پێوەی گیرۆدەبووە، کۆمەڵایەتی بوونی ئینسان خۆی لەتێکەڵاوبوونی ئینسانەکان و کاریگەربوونیان لەسەر یەکتر دەبینێتەوە، شاعیر دەیان جار لەئەلبوومی وێنەکانی روانیوە، کەبۆتە بەشێك لەڕابردوو. بەپێی تیۆری سۆسیۆلۆژیستەکانیش دەبێت کۆمەڵگە هەمیشە لەبەرەو پێشچووندابێت



کەچی لەکۆمەڵگەکەی (کەژاڵ)دا شتەکان نەك بۆپێشەوە ناڕۆن بگرە توانای گەڕانەوەیان نییە بۆدوایشەوە، ئەمەش دیارە بەشێکی کەمی پەیوەندی بەداگیرکاری و داگیرکەرانەوە هەیە، ئەوبەشەی تری بۆ دواکەوتووی خۆمان دەگەڕێتەوەو نابینە شارستانی. لەئەلبومەکاندا ژیان جۆرێکەو لەدنیای دەرەوەی ئەلبومەکەو شاعیریشدا جۆرێکی تر، وەك بڵێی ئەم دنیایە درۆزن بووبێت کەنە لەگەڵ ئێستادایەو نەلەگەڵ رابردوودا، لێرەوە شاعیر بەتوڕەییەکەوە سەیری وێنەکان دەکات و خۆبەخۆ دەکەوێتە پلاندانان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، تاکە پشت و پەنای ئەو شۆڕشەشی ئەلبوومی ماڵەکان و یادەوەری خەڵکە، ئەو پێی وایە یادەوەری هەموو ئینسانەکان پڕە لەو وێنە جوانانەی لەڕابردوودا هەبوون و ناشێت کاڵبووبێتنەوە.

مۆدێلێک ئەهێنمەوە کۆن بووە
لەسەردەمی دایکم و دایکتدابووە،
مۆدێلی جوانی تەنوورە کورتەکان
لەو وێنە رەش و سپیانە دەر ئەهێنم
کەلەئەلبوومی خەیاڵی
هەموو ماڵەکاندا هەیە.

شاعیر لێرەدا چەند جارێك لەوێنەکانی روانیوەو بیرێکی لا گەڵاڵەبووە، بۆیە دواجار زۆر پشت ئەستوورانە بەڕابردوو ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە رادەگەیەنێ کەلەیادەوەریدا پەنگی خواردۆتەوە. بزووتنەوەکانی فیمینیزم ئامانجیان بەرابەرییە لەگەڵ پیاواندا هاوکات ئازادییەکیان دەوێ لەهەموو

PDF4Kurd

بوارەکانـــدا کـــەدیارە مەســـەلەی جـــل‌و بـــەرگیش دەچـــێتە خانـــەی ئازادییەکانەوەو کەژاڵی شاعیریش دەیەوێ دوور لەهەڵچونێکی موجەڕەدو شێوازێکی وشکی گوتاربێژی پەیامی خۆی لەمەڕ ئەو بابەتە رابگەیەنێ بۆیە لای کەژاڵ شیعر تاقە فریاد ڕەسێکەو دەبینین لەشیعریشدا وێنە دەبێتە تەوەری قسەکردنی ئەوو لەوێنەشدا بێگومان هەمیشە گەڕانەوە بۆ دواوە هەیە، چونکە دەبێ ئەوە بزانین هەمیشە وێنە لەڕابردوودایە، ئەمەش دەمانباتەوە سەرئەوەی بڵێین وێنە هاوکارێکی گەورەی یادەوەری ئینسانە.

لێرەدا ئاراستەی موخاتەبەی کەژاڵ روو لەبەرامبەرە، بەرامبەریش دیارە ئەو پیاوانەن کەباس لەمۆدێرنە دەکەن‌و ئاوڕیش بۆ تەنورەی کورت دەدەنەوەو دواتر دەکەونە ئیهانەکردنی خاوەنی تەنورە کورتەکەو ئیتر ئەویش ئازادییەکانی سنووردار دەبن‌و ناتوانێ بەئازادی جل‌و بەرگ بپۆشێت. وەك کامۆ دەڵێت:(مرۆڤی هاوچەرخ عیبارەتە لەو جانەوەرەی رۆژنامەش دەخوێنێتەوەو بیئەخلاقیش دەکات) بەڵام ئەم بەرلەوەی پیاوان دەم هەڵبێننەوە بۆ قسەکردن بیانویان دەبڕیّو ئەوە بیری پیاوان دەهێنێتەوە کەلەوێنەکان بڕوانن ئەو وێنانە دەبینن کەزۆر لەمێژە گیراون‌و تەنورەی کورت لەو وێنانەدا دەبینرێ، لەوەش زیاتر پڕکێشی دەکات‌و دەڵێ لەسەردەمی دایکم‌و دایکتدا بووە. لێرەدا دەکرێ بڵێین مادام وێنەکان رەش‌و سپی بوون رەنگە یادەوەری خەڵکیش رەش‌و سپی بوبێت‌و ئەو سەردەمە خەڵك وەك وێنەکان سادەو ساکاربوون‌و خەڵك جگەلەو دوو رەنگە، رەنگی تری نەبینیوە، بەڵام ئەو بزووتنەوە توند رەوانەی لەدوای هەشتاکانەوە پەیدابوون‌و کوردستانیشی گرتەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر ژنان داناو بەجارێك خستنیەوە پەراوێزی کۆمەڵگەو ئازادییەکانی



سنووردار کردن‌و رەنگە تەنیا لەوێنەکاندا ئەو ئازادییەی ژنان و کچان ببینریّو وەك ستانداردێك بەکاریببێنین بۆ بەراوردی ئێستاو رابردوومان.

ئەوەی پێی دەڵێن دنیاو سروشت‌و چەرخی گەردوون‌و زۆر ناوی تریش بەبێ بوونی مرۆڤ مانایەکی نییە، واتا سروشت‌و دنیا لەو شوێنەوە دەست پێدەکەن کەئینسان هەیە، بەبێ ئینسان ئەوانیش هیچ نین، بۆیە کەسکاڵا لەدەست دنیا دەکەین، مانای سکاڵا لەدەست کەسێك دەکەین کەتوشی ئەو حاڵەتی سکاڵاو گازندەیەی کردووین، لێ ناوێرین راستەو خۆ سکاڵا لەو کەسە بکەبن ناچار بەو جۆرە دەریدەبڕن کەسووچی دنیایە ئێمە ئەوە حاڵمانە، دنیاش واتا ئەو دنیای ئێمەی تێدا دەژین ئینسان تەحەکومی بەسەردا کردووەو ئێمەشی کردووە بەهی خۆی. کەژاڵ دەزانێ  کەسانێك هەن وایان لەو دنیایە کردووە کەئەویش‌و ئێمەشی تێدادەژین، بەڵام دەیبەستێتەوە بەوەی کەدنیا درۆزنتربووە ئێستا شەرم لەڕابردووی خۆی دەکات، ئینسانەکان درۆزنتربوون‌و بەبینینی ئەو وێنانەی رابردوومان لەئێستادا شەرم دایاندەگرێ. لێرەدا دەکرێت بگەڕێینەوە بۆسەر شیعرێك کەلەسەردەمی تەنورەی کورتا گوتراوە یان سەردەمی ئەو جۆرە جلوبەرگەی کەژاڵ قسەی لەسەردەکات، (هێمن) دەڵێ (هەتاکۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ/ ئیتر دەستم بەدامێنی کچی ئەم شارە راناگا) هێمن پێیوایە ئەم پشتی کۆمدەبێو باوی نامێنێ بەڵام کچان تەنورەی کورتتر لەپێدەکەن‌و حسابیش بۆ ئەم ناکەن، لێرەدا دوای چل ساڵ کەژاڵ دێ قسە لەسەر ئەوە دەکات کەتەنورەی کورت بۆتە عەیبە لەو کۆمەڵگەیەی هێمن پێیوابووە پێشتر دەکەوێ، چونکە لەجیهانبینی هەردوو شاعیردا قسە لەسەر کۆمەڵگە دەکرێت، بەڵام لای کەژاڵ کۆمەڵگە درۆزنتر بووەوەو بەرەوە

PDF4Kurd

دواوە دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەوە لای هێمن کۆمەڵگە راستگۆیەو بەرەوپێشەوە هەنگاوی خێرادەنێت.

نازانم بۆ

ئێستا شەرم

لەرابردووی خۆی ئەکات

دنیا درۆزنتر بووە.

شاعیر هەر تەنیا بەوەوە ناوەستێت رەخنە لەدنیایەك بگرێت کەبۆ دواوە دەگەڕێتەوە، یاخود دروستتر بڵێین شەڕ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکدا بکات کە بۆدواوە هەنگاو دەنێت‌و توانای چوونە پێشی نییە، بەڵکو ئەو شەڕی جل‌و بەرگ‌و پۆشینی ئەو جلانەش دەکات کەخەڵکی ئەمڕۆ یاخود کچان‌و ژنانی ئەمڕۆ دەیپۆشن.

شیعرم بەشەونم خۆی ئەشواو

ئینجا بەتەنوورەیەکی

کورتی سوورەوە ئەگەڕێ

باویقاری جلی سەردەم

کەمێ تەریق ببێتەوە.

فیمینیستەکان دژی هەر جۆرە سەرکوتکردن‌و زەوتکردنی ئازادییەکن کەلەلایەن پیاوانەوە دژی ژنان پەیڕەو دەکرێت. کەژاڵ لەم شیعرانەدا تەواو ئەو مەیلە فیمینیستییەی خۆی ئاشکرادەکات‌و پیاوێك لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێ کەئازادی لێزەوتکردووەو خۆیشی شەرمن‌و کزۆڵە دەردەخات، لێرەدا دەکرێت بڵێین ئەو پیاوەی کەژاڵ وتارەکەی ئاراستەکردووە



وێنەیەکی بچووککراوەی کۆمەڵگەی کوردییە کەشەرم لەخۆی دەکات بۆیە پێش ناکەوێت.

شیعرم قۆڵی دەر ئەخات‌و

قاچ رووت ئەکاو

لاسایی نێرگزو گوڵاڵەو گوڵەباخ ئەکاتەوە

بەتەنوورەیەکی زۆر کورتی سوورەوە

تۆ شەرم لەناسینەوەی

خۆم‌و شیعرو دڵم ئەکەیت.

بەڵام کەژاڵ دڵنیایە لەوەی کە نەمری بۆ ئەمی ژن‌و شاعیرەو مردنیش هەر بۆ کۆمەڵگەیەکی کۆنەپەرستە.

من پێکی نەمری وا بەدەستمەوە.

ئەمی شاعیر پێی وایە ئیتر ئەوەندە لەئازادی‌و خۆشییەکانی خۆیدا تواوەتەوەو مەستبووە، پێویستی بەوە نەماوە کەپیاوێك لەتاریکیدا لەپێناویدا بمرێت، یاخود هەمان پیاو لەڕووناکیدا واتا لەپێشەکەوتن‌و ئازادبوونیدا بوونی ئەم رەتکاتەوەو کۆنترۆڵی بکات.

هێندە مەستم

نەمردنت لەپێناوما

لەتاریکیدا ئەبینم‌و

نەڕەتکردنەوەی ناسینیشم لەبەردەم، رووناکیدا....

PDF4Kurd

لەم کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەی ئێمەدا تائێستاش تێکەڵبوونی ژن بەبوارە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتورییەکان یاساغەو کارێکی وەکو نوسینی شیعر یاخود گۆرانی وتن رەنگە باسی سەر بێت و ببێتە مایەی رەنج و مەینەتییەکی زۆر بۆ هەر ژنی و کچێك، بەڵام وەك دەبینین کەژاڵ پێیوایە کەلەسەردەمی زەردەشت پێغەمبەردا ژنان زۆر ئازادتر بوون لەئێستاو کۆمەڵگە رەقیب نەبووە بەسەریانەوە، لێرەشدا کەژاڵ پەنای بۆئەو مێژووە بردووە بۆ بەهاناوە هاتنی لەشەڕەکەیدا کەدژی کۆمەڵگە هەڵیگیرساندووە.

پێت سەیرە بەگوناهێکی
گەورەی وەکو نووسینەوەو
بەتەنوورەیەکی کورتی:
جارێک سوورو
جارێکیش گوڵ گوڵینەوە
دڵم لاسایی فریشتەو دۆغدۆڤەکان ئەکاتەوە
باوەڕناکەیت، چەند لەژیانی خۆم رازیم
وەختە بڵێم
شیعرم لاسایی ژیانم ئەکاتەوە!

ئەمی شاعیر عەشقی ژیانەو ئەو شەڕەیشی هەر لەپێناوی ژیاندایە بەڵام پێیوایە ئەوی پیاو یاخود ئەوی کۆمەڵگە کەشاعیر ناوی ناوە (مەرگ)چەند دوژمنی ئازادییەکانی ئەمەو لێناگەڕێ بەدڵی خۆیشی جلوبەرگ بپۆشێ، لەناخەوە حەزی بەدیتنی جەستەی ئەمەو بۆ ماچێکی وەختە سوێی دەبێتەوە،



باوەڕناکەیت چەند دۆستی ژیانم
مەرگ وەختە
بۆ ماچێکم سوێی بێتەوە.

هەموو ئەم شیعرەی کەژاڵ لەهەوڵی بنیاتنانی گوتارێکدایە کەشەڕی کۆنەپەرستی لەدژی کۆمەڵگە راگەیەنێت، بەڵام لەدواجاردا تێدەگات کەئەم بەتەنیا ئەو شەڕەی پێناکرێت و هەر هێندە هەیە مەشخەڵێك دادەگیرسێنێ بۆ دوای خۆی کەڕەنگە رۆژێك بێت لاسایی ئەم بکەنەوەو دژی کۆمەڵگەو ویستەکانی بجوڵێنەوەو بەپێچەوانەی ئاراستەکانی شەپۆلەوە مەلەبکەن. ئەو تێدەگات کەزەمانە واتا کۆمەڵگە دڵڕەقەو ژەهری خۆی دەرخواردی هەرکەسێك دەدات گەر دژی بجوڵێتەوە.

کەچی بەژەهری دڵڕەقیی زەمانە ئەمرم و
لەوێنەی زستانێکی سەر
رۆژژمێری ژوورەکەمدا
رۆژێکیان رەق ئەبمەوە
تەواو ئەبم و
ئیتر بەهارێکی زۆر هار
بەتەنوورەیەکی کورتی سوورەوە، دێت لاساییم ئەکاتەوە.

*لەژمارە(٦٦)ی گۆڤاری ئایندە لەئایاری٢٠٠٦بڵاوبۆتەوە.

PDF4Kurd

## ڤیۆلە باڵی هەوڵێك بۆ منداڵ بوونەوە لای کەژاڵ ئەحمەد

هەرچی مرۆڤ قوڵتر لەژیان بڕوانێت، قوڵتر لەرەنجی روانیوە..

نیچە

PDF4Kurd

ئەوە شاعیرانن قوڵتر لەژیان و لەرەنجی مرۆڤ دەڕوانن.. ئەوە ئەوانن بۆ رابردوو ئێستاو، بۆداهاتووی خۆیان و سروشت و کۆمەڵگەوتەواوی مرۆڤایەتی هەمیشە لەگریانێکی بەردەوامدان، گریانێك کەزۆر جار هەستەکەیت بیلبیلەی چاویان رژاوەتە سەر پەڕەی کاغەز. شاعیر دەبێت گۆران ئاسا دڵی پەرۆشبێت بۆچلێ وەنەوشە کەلەژێر سێبەری توتڕکا خامۆشە.. شیعر هەمیشە گەڕانەوە بووە بۆمنداڵی و قسەکردنێکی منداڵانە، ئاخر شاعیران بەزمانێك دەپەیڤن زمانی گەورەکان و باو نییەو زیاتر لەگڕوگاڵی منداڵێك دەچێت تازەفێری قسەبووبێت. چونکە زمانی منداڵیش وەك زمانی شاعیران زمانێکی سرکەو کەوی نابێت، لەزمانی ئاسایی و باو ناچێت و هیچ گرامەرو رێسایەکی زمانەوانی ناتوانن سنووربەندی کەن و لەکەوشەنی زمانێکی رەق و وشکدا دیل و یەخسیری کەن. هەرئەم لەمنداڵی چوونەی شاعیریشە والە گۆستاڤ فلۆبێر دەکات بڵێت: شیعر گەڕانەوەیەکی دەستی ئەنقەستە بۆ منداڵی.... گەڕانەوە بۆمنداڵی هەرگەڕانەوەیەکی



سادەو ساکارنییەو تەنیا دەکرێت بەکودەتایەکی شیعری بۆتێکشکاندنی بنەماکانی زمان ئەنجامبدرێت و، لێرەوە ئەو گەڕانەوەیە، گەڕانەوەیەکی نۆستالیژییەو، چوونەوەیە بۆ ئەتمۆسفیرێك کەئیتر ئیمکانی بەدەستهاتنەوەی نییەو هەرئەمەشە دەمانگەیەنێتە ئەوەی کەپێشتر وتمان بەومانایەی تەنیا زمانی شیعری دەتوانیٚ شەرحی دەردی دڵی مرۆڤ بکات، وەك چۆن حەزرەتی نالی لەغوربەتی شامەوە بۆسالمی ساحێبقڕانی نوسیوە: لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە، وەختە دڵ بیٚ بەئاوو بەچاوا بکات عبوور..

(کەژاڵ ئەحمەد) ی شاعیریش لەشیعری (وێوڵە باڵیٚ) دا هەمان هەوڵی گەڕانەوەیەتی بۆمنداڵی، هەڵبەت کەسێك ئەو هەوڵە دەدات کەدەورانی منداڵی دەورانێکی خۆشبوبێت و بەخۆشی لێی گوزەرابێت. گەرنا کەسێك ناتوانیٚ رابردوویەك بیر خۆی بێنێتەوە کەناخۆشبوبێت، چونکە هەمیشە مرۆڤ دەیەویٚ و لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی لەناخۆشییەکان قوتارکات و بەرەوپیری خۆشییەکان هەنگاوبنێت. کەژاڵیش دەیەویٚ وابڵێت: کەبەمنداڵی زۆر یادەوەری خۆشی هەیەو ئێستا وەك تێکستێکی شیعری دەیخاتە بەردیدەی ئێمەی خوێنەر.! کەژاڵ لەم شیعرەدا هەرلەسەرەتاوەو لەناونیشانی شیعرەکەوە پێمان دەڵێت: کەئەم شیعرە باسی جوگرافیایەك دەکات کەئەمی شاعیر لەدەورانی منداڵیدا زۆر تێیدا گەڕاوەو چاوی بەدیمەنەکانیدا گێڕاوەو، دوای عەیامێك بەگەورەیی سەردانی کردۆتەوە بەڵام ئەم سەردانەیان هەرگیز وەك سەردانەکەی منداڵی نییەو شتەکان زۆرگۆڕاون و، دەیەویٚ بداتە قوڵپەی گریان بەڵام گۆران گوتەنی ئەو گریانە دەبێتە شیعرو نابێتە ئەسرین. دەکریٚ ( وێوڵەباڵیٚ ) کلیلی کردنەوەی

PDF4Kurd

باسەکەمان بێت، هێشتنەوەی هەموو ئەو ساتە خۆش و پڕچێژانەی کەژاڵی منداڵ لەسەیرانی دەڤەری هەورامان و سەیرانگەی ئاوێسەر تا ساتەوەختی نووسینی ئەم شیعرەو نەدرکاندنی ئەویادەوەرییانەو هەڵگرتنیان لە دڵدا وەك رازێك بۆخۆی قودرەتی ئەو یادانە نیشاندەدات و، لەوزەدا نەمانی شاعیریش واتا کەژاڵ بۆ چیتر هێشتنەوەی ئەو یادانە لە توێی دڵدا....

ئەوەتا کەژاڵ وەك کانی بەهار دەتەقێت و فوارەی شیعری ئەو زوڵاڵ و بێگرێو گۆڵ و سادەو ساکار چەشنی زمانی کەژاڵی منداڵ، کەئەم دەیەوێ سەرلەنوێ بۆئەو زمانەو ئەو چرکەساتانەی ئاوێسەر بگەڕێتەوە. لای ( پۆل ڤالێری ) شیعر ئەو بێدەنگییەیە کەدەیهێنینە قسە لەساتەوەختێکدا، هەمووئەو چێژەی لای کەژاڵی منداڵ لەو چرکەساتانەی رابردوودا دروستبووەو بەبێدەنگی هێڵدراونەتەوە.... لەساتەوەختی نووسینی شیعرەکەدا دێنە قسەو هەرلێرەیشەوە رەنگە بەهەڵەدا نەچین گەربڵێین: کەژاڵ چەند جارێك ئەم شیعرەی نوسیبێت و لێی رازی نەبوبێت و پێدەچێت زۆر درەنگیش ناونیشانی شیعرەکەشی ( وێوڵە باڵێ )ی بۆدانابێت.. چونکە گەرتەواوی شیعرەکە جەستەی ئەو پەیکەرە بێت کە کەژاڵ دەیەوێت بیکێشێ ئەوا ناونیشان دەبێتە سەری پەیکەرەکە، واتا کەژاڵ زیرەکانە ناونیشانەکەی هەڵبژاردووە، چونکە تەواوی شیعرەکە وەسفی هەورامانەو گێڕانەوەی یادەوەریەکە لەو دەڤەرە یە ( وێوڵە باڵێ ) کەوشەیەکی هەورامییەو بەمانای داهۆڵی ناو کێڵگەی کشتوکاڵی گەنم و جۆ بۆترساندنی چۆلەکەو تەیروتیور دێت. بۆشیعرەکە دەبێتە سەرو ئیتر تۆی خوێنەر لەساتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا پەیکەرێکی زیندووی شیعرت



دێتە بەرچاوو هەست بەجوڵەی دەست و پەنجەو سەرو بزەی لێوو تیلەی چاوی پڕ سەرنجی دەکەیت..

دەستو لێوی خەیاڵی ئێستاشم رەشن

بەو گوێزە تەڕانەی تامیان

تا ئەمێستاش لەناو دەمما نەڕۆیشتووە.

شیعرییەت لەم سێ دێڕەی سەرەتادا دەگاتە لوتکەی جوانی و لێرەدا خەیاڵ دەست و لێوی هەیەو، رەشە بەڕەنگی ئەو گوێزە تەڕانەی کەتا ساتی نووسینی شیعرەکەش تامەکەی هەرماوەو لەناو دەمدا نەڕۆیشتووەو رەنگە تاماوەیەکی دوورتریش هەروا بمێنێتەوە. ئیتر کەژاڵ شیوەن بۆ شتێك دەکات کە تەنیا تامەکەی لەدەمیدا ماوەو ئیمکانی بەدەست هێنانەوەی نییەو لەکیس چووە، نوسینی شیعرەکەش بۆ خۆی هەوڵێکە بۆئەوەی ئەو لەدەست چوو لەکیس چووانە بگێڕێتەوەو بەزیندوویی بیان هێڵێتەوە....

ئەحلام موستەغانمی پێی وایە ئێمە بۆیە دەنوسین تا ئەوانەی لەکیسمان چوون و ئەوانەشی لەناکاو لێمان دزران بەدەست بێنینەوە.

شیوەنی کەژاڵ بۆ قۆناغی منداڵی و لەدەستچوونی ئەو قۆناغە دەبێتە حاڵەتێکی سۆفیگەرییانەو، هەروەك سۆفییەکیش بێدەسەڵاتانە روودەکاتە خواو دەیەوێ پێی بڵێت: ئێستای گەورەیی لەکوێ و ئەوسای قۆناغی منداڵی لەکوێ..

ئەو یارییانە چەند خۆشبوون خوایە گیان

قریوەم ئەگەیشتە ئاسمان

هەنوکەش ئەگەر چاو داخەم

PDF4Kurd

هەست بەتەزینی قاچەکانم ئەکەمو

گوێم لە شڵپوهوڕی دڵی ئاوێسەرە..

دیسان هەوڵدان بۆ زیندوهێشتنەوەی یادەوەرییەکانو بەرجەستەکردنی ئەو یادانە وەك ئەوەی لەچرکەساتی نوسینی، یاخود هەڵڕژانی شیعرەکەدا رویاندابێت، لەڕوانگەی ( رێنیە وێلك )ەوە شیعر وەك چۆن بۆ گوێ دەنوسرێ، ئاوهاش بۆ چاو دەنوسرێ...

وێنەو رستە شیعرییەکان بەجۆرێکن لەم شیعرەدا هەمان هەست لای خوێنەر دروستدەکەن کەهەم ببیستێو هەم ببینێ.

دەڤەری هەورامان شایەتحاڵی چەندین قۆناغی مێژوویی رابوردوە بنەچەی زمانو ئەدەبی کوردیش هەر بۆ ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە، سەرچاوە مێژووییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کەبەر لەوەی مرۆڤی ئەم ناوچەیە توانای نوسین لەسەر کاغەز بەدەست بهێنێ بەشیعرو هەر بەزارەکی ئاماژەی بەرووداوە گەورەو مەرگەساتەکانداوە، یەکێك لەو شیعرانەش کەلە سەردەمی زەردەشت داو لەکاتی کاولکاریو مەرگەساتێکی ناوچەکە بەدەست شاکانی ئێرانەوە ووتراوە شیعرێکی هەورامییە واتا بە دیالێکتی گۆران نووسراوە کەبۆ خۆی شایەتحاڵی ئەو قۆناغە مێژووییەیە...

هورمزگان رمیان

ئاتران پەتان

خۆیان شاردەوە

گەورە گەورەکان.



کەژاڵیش لێرەدا دەبێتەوە شایەتحاڵی ئەو مێژووەی هەورامانو پێمان دەڵێت: لەکاتی هێنانەوە بەرزەینی یادەوەرییەکانی منداڵیمدا هەناسەم سواردەبێت، هەردوو حاڵەتی بینینو بیستن لای کەژاڵ ئاوێتە دەبێتو زمان لەمەداری خۆی دەردەچێتو ئەوەی لەو چرکەساتی جەدەلییەتی نێوان پەنجەو واتا قەڵەمو زەیندا دروست دەبێت وێنایەکە لەنێوان ئەوسای منداڵیو ئێستای گەورەیی، وێنەیەك بەکرداری مۆنتاژی شیعری جارێك گەورەدەبێتو جارێکیش بچووك دەبێتەوە واتا منداڵ دەبێتەوە، لای شاعیر هەمووشتەکانی ئەو سای منداڵی حەقیقەت بوونو ئەوانەی ئێستای گەورەییش وەهمو سەراب...

لێرەشەوە دەگەینە هەمان بۆچوونی ( هێرمان هیسە ) کەدەڵێت: لەژیانی مرۆڤدا هەموو گەمەیەك حەقیقەتێکی شاراوەی لەپشتەوەیە. شیعریش جۆرێکە لەگەمەکردن بە وشەو، لەوێشەوە بۆ داپۆشینی ئەوەی کەهەیەو هەبووەو لەگەڵ واقعی ئێستای شاعیردا نایەتەوە...

من وەک هێشوە ترێیەک

لەناو بەرچنەی سەرپشتی ژنێکەوە

چاوی رەشم بۆ تەنیاییەک دەگێڕا

ئێستا باشترین هاوڕێمە...

ئەوسای منداڵی شاعیر، ئەو سای پڕدەنگو پڕ رەنگو قریوەو پێکەنین بووەو وەك هێشووە ترێیەك کەسیفەتێکی کۆمەڵبوونی هەیە، هەوڵی تاك بوونەوەو تەنیایی داوەو بەڵام هەوڵەکەی ئاکامی نەبووە، ئێستاش کەدەیەوێ لەتەنیایی هەڵبێت، تەنیایی خۆی بەرەو پیری دێتو دەبێتە

PDF4Kurd

باشترین هاوڕێی. هەر ئەمەش ئەو حەقیقەتە شاراوەیەیە کە هێرمان هیسە ئاماژەی پێدەکات، لەپشت هەموو گەمە کردنەکانی شاعیریشەوە حەقیقەتێکی شاراوە هەیە کەئەو منداڵەیە لەو چرکەساتەدا شتەکان دەگێڕێتەوە. ئەو حەقیقەتەی لەدەورانی منداڵیدا تێیدا ژیاوەو لەناوچەی هەورامان یادەوەرییەکی زۆری هەیەو جگەلەشیعر سەرچاوەیەکی ترنییە نە بۆ خاڵیکردنەوەی هەڵچوونەکانی و نەبۆ داپۆشینی حەقیقەتەکانو روپۆشکردنیان بەوەهم...

فەیلەسووفەکان دەڵێن مرۆڤ بۆ بوونە فەیلەسوف تەنیا پێویستی بەڕامان نابێت لەدنیاو لەشتەکانی دەورووبەر؟ بەڵکوو دەبێت گومان بکات وەک چۆن ڕێنییە دیکارتی فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەی فەرەنسا ووتی سەرەتا دەبێت گومان لەشتەکانی ناو ژوورەکەت بکەی دواتر دەگەیتە ئەوەی کەتۆی مرۆڤ بیردەکەیتەوە بۆیە هەیت..

لەتامی شاتوویەکەوە شیعرم
زاری بە شیرینی پڕاو
لەپێوەدانی ناکاوی
زەردەواڵەیەکەوە فێری گومان بووم.

ئەمەش لای کەژاڵ ئاماژەیە بۆئەوەی کەبڵێت من لەمنداڵیشدا وەک هەر منداڵێکی تر شتەکانم نەبینیوەو وەک ئەوانیش لێم نەڕوانیوە بەڵکوو جیاوازتر لەشتەکان گەیشتوومو لەبەردەمیاندا راماومو تووشی گومان بوومو ئەو گومانەش تانهۆهەرلەگەڵمدایە..



لای شارل بۆدلێر منداڵی نیشتمانە بەو مانایەی منداڵ ئیمپراتۆرێکە بۆ خۆی، هەرچی بکاتو هەرچی بوێت بۆی فەراهەم دەبێتو نەچاودێری دەسەڵاتەکانو نەچاودێری کۆمەڵگەی لەسەرەو نەدابونەریتەکانیش دەتوانن سنور بۆ رەفتارو گوفتاری دانێنو شتەکانو دەورووبەری لێ یاساغ کەن...

بەقەولی سایکۆلۆژیستانی ئەورۆ منداڵ فەیلەسوفی سەردەمی خۆیەتی، ئەوەی منداڵ دەیبینێ هەمیشە بۆیەکەمجارەو لای منداڵ شتەکان دووبارە بوونەوەیان نییە، بۆیە تەنیا ئەو ساتە دەبینێو بیری لەچواردەوری خۆی تێناپەڕێتو هەرئەوەشە ئایینەکانی والێکردووە منداڵ وەک فریشتە سەیر کەنو بیکەنە چۆلەکەی بەهەشت..

من وەکو پرچی درێژوپڕی دایکم
لەباوەشا پەپکەم ئەخوارد
وام ئەزانی ئم دنیایە
پێلاوێکی پڕبەپێمە!!

هەموو هەوڵی ئەم شیعرە هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی بۆ هێنانە بەرهەمی گوتارێکی شیعریی لای کەژاڵی منداڵ، دەبێتە ئازارێکی سەرمەدیو والەشاعیر دەکەن بەدەم ئازاری گێڕانەوەی یادەوەرییەکانی منداڵییەوە خۆی لێببێتە عیسای مەسیحو لەکێڵگەی ژیاندابەتەنیا جێبمێنێت بۆیە دەیەوێت داینەگرنو هەر بەوبەرزییەوە بمێنێتەوە..

من بزانم
وێوڵە باڵێ نیم مەسیحی
لەخاچدراوی قەدەرم

PDF4Kurd

قەت لەو بەرزییە دامەگرە..

لای من ئەم شیعرە یەکێکە لەوشیعرانەی مەرزی زمانی باوی تێپەڕاندووەو گوتارێکی شیعری خوڵقاندووە کەتەواو لەزمانی کەژاڵی منداڵ دەچێتو تەواوی رەگەزە زیندووەکانی شیعری لەخۆیدا کۆکردۆتەوە ئەمەش رەنگە تەنیا تێگەیشتنو نەزەری من بێت لەشیعرەکەو رەنگە کەسێکی تر جۆرێکی تر بیبینێت دیارە بۆخۆی جوانیو تەلیسمی شیعر لەو فرە تێگەیشتنەوەیەتی..

PDF4Kurd

# بێکەس... پیاوێك لەڕەنگی خەمەکانی نیشتمان

## هەوڵدان بۆ خوێندنەوەیەکی تری شیعری بێکەس

PDF4Kurd

سەردەمی رۆشنگەری (١٧٢٠ـ ١٧٧٠) چاوی مرۆڤی ئەوروپایی کردەوەو، وای لێکردن بەجۆرێکی تر دنیا ببینن، هەر ئەم تازە روانینەی دنیا بوو، لەساڵی (١٧٧٨) گەلی فەرەنسای هێنایە جۆش و خرۆش و شۆڕش لەفەرەنسا هەڵگیرساو قەڵای (باستیل) کەرەمزی سەرکوتکردن و تاریکی بوو رووخا. تیۆرسینی شۆڕشی فەرەنسی (جان جاك رۆسۆ) ئەو دەم وتی: دوای سەرکەوتنی شۆڕش، تەکنیکارێك هەزار شۆڕشگێڕ دەهێنێت. هەر بۆیە ئیتر ئالەو دەمەوە فەیلەسوف و خوێندەواران جەماوەرو گەلانیان بەرەو شۆڕش و رزگاربوون لەزوڵم و ستەم ئاراستە دەکرد، وەك چۆن مارکس و ئەنگڵس و دواتر لینین لەرێگەی تێزە فەلسەفیە شۆڕشگێڕانەکانیانەوە پرۆلیتاریای ئەوروپایان بەگشتی ئامادەکرد بۆ شۆڕشکردن و راست



بوونەوە لەڕووی رژێمە سەرمایەدارەکانی دەوڵەت و ئیمپراتۆرەکانی ئەوروپادا. سەدەی بیست بۆ تەواوی مرۆڤایەتی چەندە مایەی بەدبەختی و شەڕوشۆڕو دەردەسەری بوو، ئەوەندەش سەدەی دۆزینەوە نوێکان بوو لەبواری زانست و تەکنۆلۆژیادا. کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستدا چەشنی پۆڕی خوراو لە مابەینی شای قاجاری فارس و سوڵتانی عوسمانی تورکدا تەنیا پەڕو پۆڵی مابوو، ژێرخانی ئابوری سفر بوو سەرخانیش کەسیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتە لە خوار سفرەوە بوو، زمانی کوردی کەتازە ئاهێکی هاتبووەوە بەرو شاعیرانی سێکوچکەی بابان نالی و سالم و کوردی و دواتر حاجی قادری کۆیی شاعیری شۆڕشگێڕو تیۆرسینی نەتەوەیی مان مشتومالیان کردبوو، جارێکی تر خەریکبوو لەدەریای هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیدا وەك ماسییەکی نابەڵەد بخنکێ.

ئالەو دەورو زەمانەداو (٧)ساڵ دوای مردنی حاجی قادری کۆیی، لەگوندی سیتەکی نزیك سلێمانی فایەق بێکەس لەساڵی ١٩٠٥ دێتە دنیاوە. ئەو سەروبەندە بۆ تەواوی دنیاو بەتایبەت بۆ کورد چارەنوسسازو یەکلاییکەرەوەیە. لەڕوسیا (ڤلادمێر لینین) سەرگەرمی ئاراستەکردنی پرۆلیتاریایە بۆ ڕوخاندنی قەیسەرو هێنانە سەرکاری حکومەتی پرۆلیتاریا، لەتورکیا دەوڵەتە نەخۆشەکەی سوڵتانی عوسمانی لە گیانەڵادایەو لەئێرانیش سەردەمی مەشروتە خوازی لەلایەن قاجارییەکانەوە رادەگەیەنرێ کەبەنیازی ریفۆرمی سیاسین لەوڵاتدا.

گەورەبوونی بێکەس لەناو ئەو هەراو زەنایەی دنیا و بەتایبەت لەکوردستاندا دەیکاتە شاعیر.! بەپێی لێکدانەوەی (ئەنتۆنیۆ گرامشی) فەیلەسوفی هاوچەرخی ئیتالی رۆشنبیران دوو جۆرن، یەکێکیان ئەوانەن

PDF4Kurd

کەخوێندەوارن وەك مامۆستاو فەرمانبەرو ئیتر ئەوانەی دەتوانن بخوێننەوەو وەك سۆفستائییەکانی پێش سوکراتو ئەفلاتون ئەوەی دەیزانن بەپارە بەخەڵکی دەڵێنەوە، یاخود خەڵکی پێ فێردەکەنو جۆرەکەی تریشیان ئەوانەن کە ئەرکی رۆشنبیر جێبەجێدەکەن کە دیارە ئەرکی رۆشنبیر رێبەریکردنی خەڵك یاخود جەماوەری خەڵکە. بێکەسیش دەچێتە رێزەی دووەم دەستەی ئەو رۆشنبیرانەوە کە بەبڕوای (گرامشی) دەبێ پێشەنگی خەڵك بن بۆ هەر چەشنە گۆڕانێکی سیاسیو کۆمەلایەتی پێشکەوتنخواز.

بێکەس لەپاڵ ئەرکی مامۆستاییدا ئەرکی نیشتمانیشی راپەڕاندووەو لێرەشەوە ئەوەندەی وەك گوتاربێژێك کاریکردووە کەمتر بایەخی بەلایەنەکانی تری شیعر داوە کەبەبڕوای (رۆبێرت شوڵس) ئەوەندەی شاعیر زیاترو راشکاوانەتر دەوری قسەبێژ بگێڕێ، شیعریش ئەوەندە لەسنورەکانی وتار نزیك دەبێتەوە. لەسەر ئەم جۆرە گوتارانەش چەندینجار لەلایەن ئینگلیزو رژێمی پادشاییەوە بەندکراوە.

گەر لەمێژووی ئەوروپادا (گاری باڵدی ئیتالیو هۆڵدەرلینی ئەڵمانی) وەك شاعیرێك لەڕێگەی شیعرە حەماسیو ئاگرینەکانیانەوە نەتەوەکانیان کۆکردبێتەوە، ئەوا بێکەسیش هەمان وێنەی ئەوانەو وەك چۆن هۆڵدەرلین پێی وایە نیشتمان ئەو شوێنەیە جۆگە خوێنی لەشمانی پێدا دەڕواتو لێیشی وشك دەبێت. بێکەسیش لەسەرەوەختی رزگاربوونی زۆربەی نەتەوەکانی ناوچەکەو جیهانداو لەژێرکاریگەری ئایدۆلۆژی سۆسیالیستیدا کە دەوڵەتی کۆمۆنیستی شورەوی پەیڕەویدەکرد هاواری دەکرد داری ئازادی بەخوێن ئاونەدریٚ قەت بەر ناگریٚ. لای بێکەسیش دەبێت خوێنی



مرۆڤ بەخاکی نیشتماندا پەخشو بڵاوبێتەوە، ئەو پێی وایە تا خوین جۆگەلە نەبەستێت نیشتمان نابێتە نیشتمانی ئێمەی کورد. ئەمەشی لەزۆربەی شیعرەکانیدا دووپات کردۆتەوە.

دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواریو داڕووخانی باری سایکۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردی وادەکات خەڵکی کورد مل بۆ فتواو فەرمایشتەکانی سوڵتانی عوسمانیو دواتر شافەیسەڵو ئینگلیز کەچکەنو پشت لەنەتەوەی خۆیانو رێبەری نەتەوەکەیان کە ئەو کات (شیخ مەحمود)ی نەمر بووە بکەنو خیانەتی لێبکەن، ئەمەش رەنگدانەوەی لەشیعری بێکەسدا زۆر زەقەو بەڵگەو نمونەی ناوێت. خوێندەواری عەیبەیەو ئەوکەمە خوێندەوارەی کە هەیە جگەلە مەلاو فەقێ لەلای خەڵك قێزەوننو ئەوەشی هیواو ئومێدی بەدینو سوڵتانی عوسمانیو ئینگلیز نییەو نەماوە وەك (جەمال عیرفان) غافڵکوژ دەکرێت.

هەر ئەمەشە بێکەس ناچار دەکات بە دوو ئاراستەدا کاربکات لەهەردوو ئاراستەکەشدا خەمی بێکەس نەتەوەو ناسنامەکەیەتی کەزمانە، زمان لای بێکەس لەبیرناکرێتو تا ئەوشوێنەی دەستی بڕکات بەردی زمانی کوردی دەهاوێت... ئاراستەی یەکەمیان ئاراستەیەکی سیاسی نەتەوەییانەیەو، ئاراستەی دووەمیشیان ئاراستەیەکی زانستیانەو هاوچەرخانەیەو بەگشتی هەردوو ئاراستەکەش تەواو حەماسەتو بەرگرییەو بێکەس لەیەك کاتدا هەم وەك سەرکردەیەك، هەم وەك فەیلەسوفێك، هەم وەك زاناو وەك مامۆستاو وەك تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە کاری کردووەو لە دوای حاجی قادری کۆییەوە بێکەس گەورەترین شاعیری شۆڕشگێڕو نەتەوەییمانە. ئاگاداری پێشکەوتنە خێراکانی بواری زانستو تەکنۆلۆژیایە لەدنیاداو زۆر

PDF4Kurd

هەستیارو خوێندەوارەو یەکەم شاعیری کوردیشە کەلەرێگەی شیعرەکانییەوە کورد لەو داهێنانانە ئاگادارکاتەوەو لەسەر ئاستی جیهانیش یەکەم شاعیرە کە شیوەن بۆ خەڵکی سڤیلی هێرۆشیماو ناکازاکی دەکات کە بەچەکی کۆمەڵکوژ ( ئەتۆم ) لەناو دەبرێن و بێکەس تف و نەفرەت بۆ زانست و تەکنۆلۆژیادەنێرێت کەبەدەست زاڵمو چەوسێنەرانەوە خەڵکی پێدەکوژرێ.

تف لەعیلمو سەنعەت و سەد کارەبا

مەرحەبا ئەی جەهل و وەحشەت مەرحەبا

یادی تۆ ئێستا لەدڵدا خەم لادەبا.

ئالێرشەوە ئەوەندە نائومێدە لەگەورەکان ، ئەوەندە سوکایەتی ئەو جیلەی چەشتووە ناچارو بەمەبەست روودەکاتە مناڵان و باسی دروستکردنی فڕۆکەیان بۆ دەکات و پێیان دەڵێت: لە شەڕدا موسیبەتە، لەئاشتیدا نیعمەتە، ئەوە بوو یەکەم فڕۆکە لەناوچەکەدا لەساڵی ١٩٢٣ شاری سلێمانی بۆمباباران کرد.

شیعری بێکە شیعری سەردەمی نوێ یەو قەڵەمبازی شیعری کلاسیکە بەرەو نوێ، لەشیعری بێکەسدا کەرەسەو بابەتەکان نوێن و زمانیش ئەو زمانەی شاعیرانی پێشتر نییەو، سیمای شارستانی و هاوچەرخی بە شیعرەکانییەوە دیارە. گەر شارل بۆدلێر مەعریفەی تێکەڵاوی شیعر کردبێت و بۆ یەکەمجار وشەی مۆدێرنێتەی بەکارهێنابێت، بێکەسیش لەو کەمتری بۆ نەتەوەکەی نەکردووەو لەدوای حاجی قادرەوە بێکەس دووەم شاعیری کوردە کەباس لەپێشکەوتن و شارستانی بوون و هەڵکردنی چرای



زانست دەکات. بێکەس باسی فڕۆکەو مەکینەی هەڵم و رادیۆو ووزەی کارەبا دەکات، لەرۆژی دانان و دەست بەکاربوونی ووزەی کارەبا لەسلێمانی بێکەس شیعرێك دەنوسێت بەناوی (ئەلکتریکی سلێمانی) کەئەمە جگەلەوەی ئاماژەیە بۆ یەکەمجار هێنانی ووزەی کارەبا لەکوردستاندا سەراپای شیعرەکە هاوارە بۆ پێشکەوتن و هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا وێنەی شیعری لەبیر نەکراوە

تریفەی کارەبا ئێستا لەناو حەوزو درەختا وەک

تریفەی مانگ و ئەستێرە شەوانی سایەقەی پاکە

بێکەس تەنیا رووناکی ماڵ و سەرجادەو کۆڵانی ناوێت و ئەوەی ئەوی دەردەدار کردووە جاهلی و مێشك ووشکی و دواکەوتوویی خەڵکەو لێرەوە ئاواتەخوازی ئەوەیە کارەبا هەر بەوەندەوە نەوەستێت ماڵ و کۆڵان رووناك بکاتەوە بەڵکو مێشکیشمان پێویستی پێیەتی و وەك پلاریش بەخەڵکی کۆمەڵگەکەی دەڵێت: ئەوا کارەباش گەیشتە ماڵەکانتان هێشتا باوەڕتان بە هێزوو ئیرادەو مێشکی خۆتان نییە.

وەکو کۆڵان و سەرجادەو کون و قوژبن منەوەربوو

دەماغ و فیکرو مێشکمان وەها تەنویر بکەین چاکە.

ئەو شتانەی بێکەس باسیان دەکات تێکڕا داهێنانەکانی دوای رۆشنگەری و سەردەمی مۆدێرنێتەن، بەڵام جیاوازی بێکەس و بۆدلێر تەنیا ئەوەیە بۆدلێر دەوڵەتێك لە ئامێزی دەگرێ و بێکەسیش دەوڵەتی نییەو خاوەن کۆمەڵگەیەکە وەك خەیاری تاڵ تفی دەکاتەوە.

رۆژی کارەباو رادیۆو بوخارە

PDF4Kurd

هەر قووەت و فەن ئەمرۆ بەكارە.

ئەم هاوارو هەنگامەیەی بێكەس بۆ پێشكەوتن و شارستانی بوون، دەرهاویشتەی ئەو دۆخە نالەبارەی ئەوسای كوردە بەدەست تورك و عەرەب و فارسەوە، چارس بوونە لەدەست دواكەوتوویی و نەخوێندەواری، لەسەردەمی بێكەسدا خوێندەوارو خەڵكانی رۆشنبیر تەنیا شاعیرو مەلاكان بوون و مەلاكانیش هەر جۆرە خوێندەوارییەكیان بەزمانی كوردی بەلادان لەدین لەقەڵەمداوەو بەپێی سەرچاوە مێژووییەكانیش تاساڵی ١٩٣٥ لەشاری سلێمانیدا تەنیا (٤) خوێندكاری كچ یاژن هەبووە.

هەرئەمەش والە بێكەس دەكات ئەوەندەی وەك ریفۆرمیستێكی كۆمەڵایەتی و پابەند بەخەڵك كاربكات و لەو رێگەیەوە شیعرەكانی بەخەڵك بگەیەنێت ئەوەندە وەك شاعیرێكی جوانیناسی و ناتورالیست كارنەكات و دەرنەكەوێت. لای بێكەس سروشت و خەڵك یاسروشت و كورد ئاوێتەو ئاوێزان و هیچیان بێئەویتریان نرخیان نییە، ئەو سروشتێكی ناوێت خەڵكی لێ دابڕێت. سروشت بەبڕوای بێكەس ئەو خەڵكەیە كەلەگەڵیاندا دەژی، نە بێ ئەوان هەڵدەكات و نەلەگەڵ ئەوانیش توانای ژیانی هەیە بۆیە هەمیشە بەسەریاندا دەقیژێنێ و لێیان توورە دەبێت. كۆڵنەدەرانە هەوڵی چاككردنی ئەو دۆخەی كۆمەڵگەكەی دەدات، هەرلەتانە دان لە رووبەندو پەچەی ژنانەوە تا دەگاتە قوماروو دزی و درۆو فیتنەو ئاژاوەی كۆمەڵایەتی.

وەك یەكەم شاعیریش دەیناسێن كەداوای یەكسانی كۆمەڵایەتی و بەرامبەری ژن و پیاو دەكات و پێی وایە تا ژن و پیاو وەك یەك بەشدارنەبن لە بوارە رۆشنبیری و سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتییەكاندا مەحاڵە كۆمەڵگە رزگاری بێت ئەمەش دەمانباتەوە سەر قسەكەی ئەنگڵس كەدەڵێت: رادەی



رزگاری هەر كۆمەڵگەیەك بەندە بەرادەی بەشداری ژن لەو كۆمەڵگەیەدا. ئۆباڵی تەواوی نەهامەتییەكانی كۆمەڵگەی كوردیش دەخاتە ئەستۆی نەخوێندەواری و رێگە گرتن لەبەشداری ژن لەتەواوی بوارەكاندا، لێرەوە یەكەمین بانگەوازی یەكسانیخوازی لە دوای قاسم ئەمینی بەرەچەڵەك كوردەوە لەكتێبی (ئازادكردنی ئافرەت)ەوە لەلایەن بێكەسەوە بەگوێی كۆمەڵگەی كوردیدا دەدرێت، هاواری بێكەس هاوارێكە دژی جەهل و بۆ راچەنین و بێدار بوونەوەی كۆمەڵگەو ژن.

نەسرین دەمێكە داخت لەدڵمە
گیرۆدەی بەندی، ژیانت زوڵمە

ئەم هاوارە تەنیا، تەنیا هاوارێك نییە بۆ لادانی كۆمەڵایەتی بڵاوكردنەوەی فەسادی كۆمەڵایەتی و سنوور بەزاندنی داب و نەریت، لەدێڕەكانی دواتردا بێكەس بیانوی هاواركردنەكەی بەدەستەوە دەدات و زیاتر مەبەستی هاوارەكەی روون دەكاتەوە.

ئەمرۆ زەمانی عیلمو عیرفانە
عالەم شەوو رۆژ والە فەرمانە
فەرقی نێروو مێ نییە بیزانە

هاوكات بەر لەهەنجەتەكانی رەگەزی مێ دەگرێت و خۆی وەك ئەو دەناسێنێ و پێی دەڵی ئیتر ئەمە دیوەخان و بەر هەیوانی خێڵ و هۆز نییەو شارستانییەت لەسەر باڵی نێروو مێ دەفرێت بەرەو ئاسمانی پێشكەوتن.

مەڵێ من كچم، تۆش وەكو منی
موحتاجی عیلمو فەن و خوێندنی

PDF4Kurd

### مەجبوری ئیش‌و خزمەتکردنی

نەسرین لای بێکەس تاقە کەسێکی یا کچێکی دیاریکراو نییەو تەواوی ڕەگەزی مێ دەگرێتەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا. کارکردن‌و هەڵکۆڵین لەکەموو کوڕی‌و کەمایەسییەکانی کۆمەڵگەو ڕەخنە لێگرتنیان لای بێکەس لەهەمووشت لەپێشترەو لەتەواوی شیعری بێکەسدا خاڵی دابڕان بەدی ناکرێت لەنێوان خودی بێکەس‌و نیشتمان‌و، کۆمەڵگەکەیدا هەم وەك شاعیرو هەم وەك ئینسان.

ئەمەش دەمانباتەوە سەر هەمان بۆچوونی ڕەخنەگری سۆسیالیستی (جۆرج بلیخانۆف) کەدەڵێت: ئەوەندە بەس نییە بڵێین هونەرو دەقی ئەدەبی فۆڕمی وێنەیە بۆ ژیان. هونەر دەبێ دەستپێکی دەربڕینی ژیان بێت لەدینامیکی گۆڕاوەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی تێبگات.... هەر بەبڕوای بلیخانۆف هونەر دەبێ بگاتە قۆناغی ڕەخنەگرتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. کەدیارە هونەرو ئەدەب دەست لەملانی یەکترن. بێکەسیش ئەرکی شیعری بەو ڕەخنەگرتنە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەندە قورس کردووە کەمتر پەرژاوێتییە سەر ئەوەی ئاوڕ لەخودی شیعرو هونەری شیعر بداتەوەو، لای بێکەس ( شیعر بۆ ژیان بووە ) نەك بۆ شیعرو، بەبڕوای بێکەس شیعر دەبێت ئاوێنەی واقعی کۆمەڵگەبێت. دەبێت ئاوی شیعر لە چاوەی زوڵاڵی کۆمەڵگەوە قوڵەقوڵ هەڵقوڵێت. بۆیە گەر لەڕووی سایکۆلۆژییەوە قسە لەسەر بێکەس‌و شیعری بێکەس بکرێت دەبینی وشەو وێنەی شیعرەکانی ڕەنگانەوەی سیماو ناخی خۆی‌و دواتر ڕەنگدانەوەی ژیانە تفت‌و تاڵ‌و ڕەق‌و وشکەکەی کۆمەڵگەکەیەتی‌و ئالێرەشەوە ئەو حاڵەتە سەر پێ ییە ( ئرتیجالی) یە لەشیعری بێکەس دا بەڕوونی



دەبینرێت‌و ئەوەی بێکەس نوسیوێتی یاخود وتویێتی یەکجاربووەو پاکنوس‌و رتووش‌و شتی لەو بابەتەی نییەو، هەست بە زبری‌و ڕەقی‌و گەرمی‌و ساردی وشەکان دەکرێت

شەرتە شەرتی پیاوەتی بێت گەر خودا دەستم بدات

دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە

ئیتر ئەمە ئەوپەڕی هەڵچوونی بێکەسەو، لوتکەی ئەدەبی بەرگری کوردی پێشان دەدات، ئەوەی لەو چرکە ساتەدا بەخەیاڵی شیعری بێکەس دا هاتووە گۆڕانی بەسەردا نەهێناوەو، شتێکیش کە دەکرێت وەك پرسیار خۆی قوتکاتەوە ئەوەیە تۆبڵێی بێکەس چەند شیعری فەوتابێت‌و نەخۆی فریای نوسینی کەوتبێت نەخەڵکانی دەوروبەری بۆیان نوسیبێتەوە. بەپێی قسەی شایەتحاڵەکانی ئەودەمیش شەوێك لەسەربانی ماڵێك کوڕی بادەنوشین‌و شیعر وتن دەبەسەترێ بێکەس لەدەمی مەستیا شیعری ئەی مانگ من‌و تۆ هەر دووك هاودەردین دەڵێت یەکێك لەئامادەبوان دەینوسێتەوە، دوای چەند ڕۆژێك بۆی دەخوێنێتەوە بێکەس دەڵێت ئەوە شیعری کێیە کابرا دەڵێ شیعری تۆیە بێکەس ئاخێك هەڵدەکێشی باوەڕ بەقسەی کابرا ناکات.

شیعری بیست‌و حەوت ساڵە من ڕەنج بەری تۆم لەساڵی ١٩٤٦ لەبەرامبەر ئەدمۆندزی حاکمی سیاسی ئینگلیزدا دەخوێنێتەوەو پەنجەی ڕووەو چاوی ئەدمۆندز بەرزدەکاتەوە کەئەمەش بەڵگەی جوامێری‌و جورئەتی بێکەسەو یەکێك بووە لەڕەخنەگرە سەرسەختەکانی سیاسەتی ئینگلیز لەبەرامبەر کورد دا. بەبڕوای من شیعری بێکەس بەتەواوی بوارە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و گاڵتەگەپ‌و مناڵان‌و سروودەوە، هەمووی بەرهەمهێنانی یەك

PDF4Kurd

گوتاری بەرگری و مانەوەیەو گەڕانە بەشوێن ناسنامەی نەتەوەیی خۆیدا کەئیتر لەبێکەسەوە جارێکی تر گیانی بەبەردا دەکرێتەوە. هەربۆیە گەر بێکەس شێوازی گوتاربێژی خۆی لەبوارێکی شیعرەوە بردبێتە بوارێکی تر، وەك لەکوردایەتییەوە بۆ کۆمەڵایەتی و دواتر گاڵتەو گەپ و منالان، هەموو یەك مەبەستی لەپشتەوەیەو لەلایەك وریایی بێکەس دەردەخات بەگۆڕینی تەکنیکی گوتاربێژی و ئاراستەی قسەی لەچینێکەوە بۆ چینێکی تری کۆمەڵگە. لەلایەکی تریشەوە بێ ئومێد بوونی بێکەس دەردەخات، بێ ئومێد بوون لەتەواوی کۆمەڵگە.

بێکەس کاتێك رووی دەمی دەکاتە چینی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگە بێ ئومێدە لەوەی چینی سەروتر قسەکانی وەرگرن، بۆیە روودەکاتە ئەوان بەهەمان وشە سادەو ساکارەکانی ژیانی رۆژانەی خۆیان دێتە گۆ. نا ئومێد بوونی زیاتری بێکەس لە کۆمەڵگەکەی لەو بایەخدانە زۆرەوەی دێت کە بەمندالی داوە. مناڵ لای بێکەس وەك بەفری دەست لێنەدراو وایەو هێشتا چڵکی رۆژگار و دەستی زەمانە نەیگەیشتۆتێ، مناڵ ئاییندەیەو دەکرێ هیوای لەسەر هەڵچنرێ، بۆیە وەك یەکەم شاعیری کورد زۆرترین کاری بۆ منالان کردووەو هەرچی پێشکەوتن و تازەگەری و خۆشەویستی نیشتمان و ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتە لە ڕێگەی شیعری منالانەوەو بەزمانی ئەوان باسی دەکات..

بەوەشەوە ناوەستێت و لەرۆژی ٦/٩/١٩٣٠ منالانی مەکتەبی رووناکی کۆدەکاتەوەو لەپێشیانەوە دەڕوات بەرەو سەراو هوتاف دژی ئینگلیزو شافەیسەڵ دەڵێنەوەو هاوار لە باروودۆخی خراپی کوردستان دەکەن.. ئەوەبوو ئەو راپەڕینە بەزەبری ئاگرو ئاسن دامرکایەوەو عەولەسیسی



پاڵەوانی نەتەوەییمان شەهید دەکرێت و بێکەسیش بەند دەکرێت. دواتر شیعرە ناودارەکەی ( وەفدی کوردستان ) دژی ئەو کەسانە دەنوسێت کە سازش لەگەڵ ئینگلیزو شا فەیسەڵ دەکەن، کەسەر لەبەری حەماس و نائومێدی و سەرکۆنەکردنی کۆمەڵگەو خەڵکەناپاکەکەیەتی.

بێ هیوایی و خەمی نیشتمان بێکەس دەردەدار دەکەن و دەیگەیەننە باروودۆخێکی سایکۆلۆژی زۆر خراپ، ئەم حاڵەتە سایکۆلۆژییەش لەشیعری ( تووشی لافاوی عیلم بووم ) دا تەواو رەنگی داوتەوەو بێکەس لێرەدا کەساسانەو بەمەحزوونی دەڵێت:

من کەزانیم حاڵی زانا نەفیە، حەپسە، یاشەقە
هەر کتێبێکم هەبوو دوێنێ لە داخانا دڕیم.

بەخوێندنەوەی چەند جارەی شیعرەکانی بێکەس ئەوەت لائاشکرا دەبێت کە بێکەس شاعیرێکی تورەو یاخی بووەو زۆربەی شیعرەکانی ئەم تورەبوون و هەڵچون و یاخی بوونەی پێوەدیارەو، بۆ سارێژ بوونەوەی برین و خەفەبوونی تورەبوونەکانی پەنای بۆمەی بردووە بەڵام وەك گۆران دەڵێت: ئەو گیرۆدەی مەستی بوو/ مەستی هۆی مەبەستی بوو..... ئالێرەشەوە پەیوەندی بێکەس و مەی پەیوەندییەکی دیالیکتیکییەو شیعر بەرهەمی ئەو دیالیکتیکەیە.

لای بێکەس مەی نۆشین گێڕانەوەی ئینسانە بۆ ئەسڵی خۆی.! وەك ئەوەی کەهەیەو دوور لەپرتووش و قەیدوبەندی کۆمەڵایەتی و هەستیارو بەئاگا. مرۆڤ لەکاتی مەی نۆشیندا تری رەشەکەی ژیان دەبینێت بەرلەوەی بکرێتەمەی و شەراب لێرەشەوە چاوی قەڵەمی بێکەس لەدەمی مەستیدا تیژتر دەبێت و هەموو شتێکی ناشرین و دزێو دەبینێت. بۆیە بۆ بێکەس

PDF4Kurd

مەی نۆشین تاکە دەروازەیە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەوەی لەناخی پڕ ئاخیدا پەنگی خواردۆتەوەو باشترین پەناگە بۆ بێکەس مەستی یەو هەرچی رازوو خەمو ئازاری بێکەسە لەدەمی مەستیا خۆیان نمایش دەکەن‌و دەبنە پشکۆو ژیلەمۆو وەك ئەستێرەی گەلاوێژ دەدرەوشێنەوەو بۆ دوژمنانیش دەبنە گوللەو لێرەشەوە من واهەست دەکەم بێکەس حەقی خۆی نەدراوەتێ‌و زۆرلایەنی شاراوەی ژیانی هێشتا وەك رازێك ماوەتەوەو دەکرێ کەشف کرێن لەڕێگەی نوسین‌و هەڵکۆڵینەوە، چونکە پێم وایە بێکەس هاوتای لۆرکاو پۆشکین‌و زۆرشاعیری تری جیهانییە، کەنمونەی بەرخودان‌و یاخی بوون‌و دژی رژێمە سەرکوتکەرو داب‌ونەریتی سەپاوی کۆمەڵگە.

PDF4Kurd

# ئەحمەد موختار جاف

## شاعیری خەونە گەورەکان

PDF4Kurd

لای نیکۆس کازانتزاکی خەو دادپەروەرە، ئەوەی بێداری لێمانی قەدەغە دەکات، ئەو دەمانداتێ.. مەبەستی نیکۆس بێبەش بوونی مرۆڤە لەژیان‌و جوانییەکانی ژیان‌و بەهرە وەرنەگرتنی مرۆڤە لەتەواوی ئەوشتانە بەهۆی خەڵکی ملهوڕو زاڵمەوە لەدنیای واقعدا واتا بێداری، بەڵام خەودێت‌و باڵی دادپەروەری بەسەر هەمووانـدا دەکێشی‌و چیمان بوێ دەمانداتێ. تاکەشتێك کەهیچ حکومەت‌و دیکتاتۆرێك ناتوانن لەمرۆڤی داماڵن‌و یاساغی کەن خەونە، یاخود خەوە، کەدەکرێتە دووجۆر، جۆرێکیان خەونە رۆحییەکانن، ئەو خەونانەن لەکاتی خەوتنداو لەدنیاو ساتەوەختی نائاگاییدا دەیانبینین‌و نەدەتوانین نەیبینین‌و نەدەشتوانین گۆڕان لەسەرەتاو کۆتاییدا بکەین‌و بەهەربارێکدا بێت دوای بێدار بوونەوە بیردەچێتەوە، زۆرجار کەسی خەوبین ئاخێك هەڵدەکێشێ‌و زۆرجاریش دەڵێ: خوابەخێری بگێڕی، یاخود دەڵێ: ئۆخەی کەخەو بوو..!

جۆری دووەمیان دەکرێ ناوی بنێین هیوایەت یاخود ئامانج، یان خولیاو زۆر ناوی تریش.. ئەوانە نابینرێن، بەڵکو لەئاسۆدا هەستی پێدەکرێت‌و، زیاتر کەسێك ئەو خەونانەی هەیە کەبێبەش‌و زوڵم لێکراو بێت. جۆری یەکەمیان واتا خەوبینین لای فرۆید پەوەندی بەڕیخۆڵەکانەوە هەیەو کەپتی جنسی پاڵنەری سەرەکی خەون بینینە، هەرخودی فرۆیدیش خەون دەگێڕێتەوە بۆمانەوەی شتەکان لەیادەوەری مرۆڤدا، یاخود حەزکردنی مرۆڤ لەشتێك کەلەدنیای واقعدا بەدەست نایات‌و لەدنیای خەوندا دەبێتە واقع.. ئێمەواز لەوەیان دێنین‌و بۆ سایکۆلۆژستانی جێدێڵین قسەی ئێمە لەسەر جۆری دووەمیانە کەناومان نا ئامانج یان خولیاو ئومێدو ئاوات.. ئەوەی کەمرۆڤ لەئاسۆدا دەی بینێت‌و دەبێتە دەستکەوتێکی ئایندەیی (المستقبلیە)..

مرۆڤی ئاسایی خەونی ئاسایی دەبینێت‌و لەگەڵ خۆیدا دەیباتە ژێرگڵ، بەڵام مرۆڤی گەورە خەونی گەورە دەبینێ‌و ئیمکانی وەدی هاتنی هەیەو گەرخۆیشی بڕوات خەونەکەی دەبێتە هەوێنی گۆڕانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی گەورە کەدیارە ئەو مرۆڤانەش فەیلەسوفان‌و شاعیران‌و هونەرمەندان‌و بەگشتی رۆشنبیران‌و شۆڕشگێڕانن.. لەپشت ئەم خەونە گەورانەی شاعیران‌و فەیلەسوفانەوە وشیاری گەورەو هەستی نیشتمان پەروەری بەتین‌و تاو دەبینرێت. لەناو شاعیرانی کوردی سەدەی بیستی رابردوودا ئەحمەد موختار جاف درەوشاوەترین ناوێکە کەخەون‌و دنیابینی گەورە لەدنیای شیعرو فکری ئەو پیاوەدا دەبینرێ‌و شیعر لای ئەحمەد موختار جاف دوو ئەرکی هەیە وشیار کردنەوەو ریفۆرمکردنی خەڵك‌و ئامادەکردنی خەڵك بۆ داهاتوو. لای ئەم شاعیرەمان کۆمەڵگە مادام خوێندەواری بەهێند وەرناگرێ کۆمەڵگەیەکی خەوتووە، خەوتنێك دابڕاو لەدنیای شارستانی‌و پێشکەوتن، ئەو خەوتنەی شاعیر لەخەڵك‌و کۆمەڵگەدا

PDF4Kurd

دەیبینیٚ خەوتنێکی جەستەیی نییەو، خەوتنێکی رۆحییە.. رۆحی خەڵك بەگشتی رۆحێکی بێئاگایەو لەگەڵ خەوتنی جەستەییدا جیاوازی نییە، بۆیە هاوار دەکات خەو زەرەرتانە.!

ئەو زەرەرەی شاعیر باسی دەکات زەرەرێکی مادی نییەو، زەرەرێکە لەمەعنەوییاتو رۆحی رەهای نەتەوە، شاعیر جەخت لەسەر زانستو خوێندنو پێشکەوتن دەکاتەوەو دواکەوتنو بێئاگابوون لەزانستو خوێندنو شارستانی بوون خەوتنەو، خەوتنیش وەك دەڵێن برای مردنە. شاعیر بۆئەوەی شیعرەکەی زیاتر لەیادەوەری خەڵکدا جێبێڵیٚ دێت کار لەسەر هەستو سۆزی خەڵك دەکات.. کارکردنێك شوێنی خۆی دەگریٚو تائێستاش یەکێکە لەدروشمە حەماسییەکانی ئێمەی کورد.

هەموو تەئریخی عالەم شاهێدی فەزڵو هونەرتانە

کەدیارە دوور لەخۆهەڵکێشانو بەچاوێکی رەخنەگرانەی واقع ناسییەوە لەخۆمانو لەڕابردوومان بڕوانین جگە لەشیعر شتێکی ترمان نییە پێی بوتریٚ هونەرو فەزڵو عیلمو هتد.. کەئاشکرایە ئەوەش هۆکاری سیاسی لەپشتەوەیەو لەم نوسینەدا دەرفەتی باسکردنی نییە. دەکریٚ ئەحمەد موختار جاف بەو شاعیرە ناوبەرین کەرۆژگار ناچاری دەکات واز لەجوانیناسی بێنیٚو قسە لەمەسەلەکانی رۆژبکاتو ئەمەش ئەوەندەی بەرەو گوتاربێژی بردووە کەمتر خەسڵەتی شاعیری پێوە هێشتووە.

شاعیر بەهۆی حاڵو گوزەرانی خراپی نەتەوەکەیەوە، نای پەرژێتەسەر ئەوەی لەگەڵ سروشتدا بژیو سروشت بکاتە چاوگی شیعر نوسینو جارێکی تر هەوڵی نوسینەوەو وێنەکردنەوەی سروشت بداتەوە. لێ هەر دابڕانێك لەسروشت گیانی داهێنان دەکوژێتو بەپێی لێکدانەوەو تێڕوانینی



ئەفلاتون شیعر کارێکی داهێنراوو خوڵقێنراو نییە، بەڵکو سەرئەنجامی لاساییکردنەوەی سروشتو جیهانی مادیو هەست پێکراوە.. ئەمەش ئەوە ناگەیەنیٚ ئەفلاتون شاعیرو ئەرکی شیعر بەکەم بگرێت، بەڵکو مەبەستی ئەفلاتون ئەوەیە هەموو ئەوشتانەی شاعیر دەیانڵێت لەسروشتدا بوونیان هەیەو ئەرکی شاعیر تەنیا دۆزینەوەو جارێکی تر وێنەکردنەوەیانە لەڕێگەی شیعرەوە واتا وشە.

بەخودا شیشەی دڵم دایم لەبادەی عەشقی تۆ کەیلە

لەداخی سەروی باڵات ئەشکی چاوم هەر وەکو سەیلە.

رۆژگارو ئەو سەردەمەی ئەحمەد موختاری تێدا ژیاوە رەنگە لەڕوی سروشتو ئاوو هەواوە لەئێستا رەنگینترو دڵ رفێنتر بووبێت بەڵام لەڕوی دۆخی سیاسیو ژیانی نەتەوەی کوردەوە زۆرخراپ بووە، بۆیە شاعیرانی ئەودەم کەئەحمەد موختار یەکێکە لەوان لەسروشت دوور دەکەونەوەو دەبنە ریفۆرمیستو شیعر دەکەنە ئاوێنەی واقعو ئەحمەد موختاریش لەلوتکەی ناسکییەوە بەزمانێکی رەق دەدوێتو شیعر دەکاتە شیعارو خەڵکی پیٚ هاندەدا. شاعیر لەبلوری شەفافو ناسکی شیعرەوە دەگۆڕێت بۆ ئاوێنە، کەدیارە ئاوێنەش یەك دیوی هەیەو پشتەوەی دیارنییە، بەپێچەوانەوە بلور هەردوو دیوی دیارەو ناتوانیت دەستنیشانی دیوێکیان بکەیت. ئەمەش خەسڵەتی سەرەکی شیعرەو شیعر لەبەستێنێکدا قەتیس ناکرێتو ناتوانرێت لەجوغزی یەك ماناو مەبەستدا گیربکرێت.

بۆیە ئێمە لێرەدا لەسەر یەك شیعری ئەحمەد موختار جاف دەوەستینو قسەی خۆمانی لەسەر دەکەین.. کەناومانناوە خەونەکەی ئەحمەد موختار جاف، کەزیاتر لەگوتارو پێش بینی دەچێتو کەمتر ئاوڕ لەجوانیناسی

PDF4Kurd

دراوەتەوە لەو شیعرەدا، کەدیارە ئەمەش ئەوەناگەیەنێت کەزاتی ئەوەبکەین بڵێین داهێنانی تێدانییە، بەڵام ئەم شیعرە خەونی تێدایەو خەونیش هاولاتی ئیمپراتۆرییەتی داهێنانە. گەر کورد رێنیسانس یاخود سەردەمێکی هەبێت بۆ رابوونەوەی رۆشنبیریو فەرهەنگی دەکرێت ئەو سەردەمە سەرەتای سەدەی بیستی رابردووبێت لەسەردەستی شاعیرانی وەك پیرەمێردو ئەحمەد موختار جافو زێوەرو بێکەسو قانعو زۆری تریش. هەربۆیە شیعرەکانی ئەم شاعیرانە زیاتر لەگوتاری بیریارێك دەچن تاشاعیرێك بەڵام هێندە هەیە کە شیعرەکانیان مەعریفەی بەرهەم نەهێناو عاتیفەی بەرهەم هێناوە. شۆبنهاوەر وایدەبینێت کەئامانجی هونەرو ئەدەب ئامادەکردنی بەشێکی دیاریکراوی هۆشو بیری مرۆڤە لەپێناو جیهانێکی راستەقینەو شایەن بەمرۆڤ.. هەر لەم سونگەیەوە دەکرێ شەنو کەوی شیعرەکەی یان خەونەکەی ئەحمەد موختار جاف بکەین. لەم شیعرەدا گوتاربێژێك دەبینرێ کەلەهەگبەیدا ئازارو ژانێکی زۆری نەتەوەکەی تێدایە، حیکایەتخوانێك حیکایەتی تاڵیو سوێریو کوێرەوەری نەتەوەکەی دەگێڕێتەوە، لێرەدا وێنەگرێك دەبینی فلمێکی مۆنتاژنەکراوی پێیەو دەیەوێ هەر بەوجۆرە نمایشی بکات، دواجار لەم شیعرەدا پیاوێك دەبینین پێشبینی دەکاتو گەشبینمان دەکات بەئایندەو بانگەشەی قڕانی موددەعی دەکات.

دوابەدوای بڕانەوەی جەنگی یەکەمی جیهان لەساڵی(١٩١٨) رۆژهەلاتی ناوەڕاستو ئەم ناوچەیەی دەوروبەرمان گۆڕانی سیاسیو کۆمەلایەتیو فەرهەنگی بەرچاوی بەسەرداهاتو، نەخشەی سیاسی ناوچەکەش سەرلەنوێ داڕێژرایەوەو سنور بۆ پێڕاکێشانەکانی هەردوو زلهێزی



ناوچەکە سوڵتانی عوسمانی شای قاجار دانرا. ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی سوننە مەزهەب بچوك بۆوە بۆ دەوڵەتی تورکو هەر لەژێرکاریگەری ئەم گۆڕانە خێرایانەشدا بوو لەساڵی (١٩٢٣) مستەفا کەمال ئەتاتورك دواسوڵتانی عوسمانی لەگەرووی دەردەنێلەوە بەرەو ئەوروپا راوناو کۆماری تورکیای عەلمانی راگەیاندو، لەئێرانیش رەزاخانی سوپا سالار ئەحمەد شای قاجاری دوا شای بنەماڵەی قاجاری راوناو خۆی بووە ئەعلا حەزرەت. لەهەموو ئەم گۆڕانە بەرچاوو گەورانەشدا کورد هیچی پێنەبڕاو ئەوەی لەسیڤەردا پێی رەوابینرا بوو لەلۆزاندا لێیان سەندەوەو کورد بەسەر ولاتێکی کاولو شەلاڵ لەخوێندا کەوتو تاکەدەروازەش بۆ خاڵیکردنەوەی ئەو هەموو ژانو ئازارە لای کورد دەبێتە شیعرو شاعیرانی کورد لەرێگەی شیعرەوە شەرحی حاڵی خۆیانو نەتەوەکەیان دەکەن.

دێتە گوێم دەنگێ بەسۆزو شیوەنو گریانەوە

ناڵەیی دڵمە لەحەسرەت خاکی کوردستانەوە.

شاعیر سەرەتا باس لەڕابردووی کورد دەکات کەبەدەست ئەودوو زلهێزەی ناوچەکەوە مەرگەساتی بەسەردا هاتووەو هەریەکەو بەنۆرەی خۆیو بەدەسەلاتی خۆی سنوری کوردستانی بەزاندووەو ئەوەندەی بۆیانکرابێت کوردیان کوشتووە. ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ جولاندنی عاتیفەی خەڵکی کورد پەنای بۆمەسەلەی دین بردووەو کورد تائەمڕۆش زۆرپابەندی مەسەلەدینیەکانەو عوسمانییەکانیش دەیانزانی کورد زۆرینەی سوننەیە لەدژی فارسە سەفەوییە دواتر قاجارییەکان کەشیعە مەزهەب بوون بەکاریان هێناونو هەرکاتێکیش لەگەڵ ئێراندا لەئاشتیدا بووبن بەهەردوو لایان کوردیان پلیشاندۆتەوەو بەم جۆرە لەنێوان بەرداشی رۆمو عەجەمدا وەك

PDF4Kurd

نەوشیروان مستەفا ناویناوە کورد بەجۆرێك هاڕدراوە تائەمڕۆش کۆنەبۆتەوەو ئەمەش لەشیعرەکەی ئەحمەد موختاردا رەنگی داوەتەوەو دواتر باسی بێپشتو پەنایی کورد دەکات.

لانەوازو بێکەسو مەزلوومن ئێستە قەومی کورد

گابەدەستی تورکەکانو گابەدەست ئێرانەوە.

هەرلەدوای وەستانی شەڕ ویدرۆ ولّسن سەرۆکی ئەودەمی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕاگەیاندنێکی (١٤) بەندیدا مافی نەتەوەکانو دادپەروەری کۆمەلایەتیو یەکسانی راگەیاند کە لەمێژوودا بەڕاگەیاندنەکەی ولّسن ناسراوە. بەلام نەشۆڕشە پڕۆلیتارییەکەی ئۆکتۆبەری روسیاو نەبەندەکانی راگەیاندنەکەی ویدرۆ ولّسن مافی کوردیان نەسەلماندو کورد لەجاران بیٚ پشتو پەناترو کەساستر مایەوەو شاعیریش بەتوانجەوە ناوی ویژدانو دادپەروەری دێنیٚو بەچاوبەستو فێلٚو دەهۆی دەزانێت.

ئیسمی ویجدانو عەدالەت بیٚ موسەمایەو درۆ/ بۆسیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەرلێوانەوە. بۆزیاتر بەدرۆخستنەوەی دادی کۆمەلایەتیو مافی نەتەوەکان لەلایەن زلهێزەکانەوە بەلٚگەو نمونەی زیاتر دەهێنێتەوەو پەنابۆ ئیبرازکردنی ناسکترینو هەستیارترین مەسەلەی مرۆیی دەبات ئەویش سەرگەردانیو سەختی ژیانی مندالٚی کوردو ناڕۆشنی ئایندەیانە لەژێر سایەی ئەوسیاسەتو دەسەلاتەی حکومەتەکانی سەردەستەی کورد لەناوچەکەدا پەیڕەویدەکەن. لێرەشە مندالٚ لای شاعیر ئایندەیەو وێلٚو سەرگەردانی ئەوان مانای ناڕۆشنی ئایندەی نەتەوەیە بۆیە دەلٚێت: شتێك



نییە ناوی دادپەروەری بێت گەروایە بۆچی حالٚی مندالٚانی کورد بەوجۆرەیە.

راستە گەر ئیسمی عەدالەت بۆچی مندالٚانی کورد

وێلو سەرگەردان بسوڕێنۆ بەسەر کێوانەوە.

لەدوای دامەزراندنی دەولٚەتی عێراقەوە کەباشوری کوردستانی بەزۆر پێوەلکێنرا ئیتر کورد دەکەوێتە بەرڕەحمەتی دەسەلاتی عەرەبو هەر لەسەرەتاشەوە دەردەکەوێت کەعەرەب لەتورك زالٚمترەو ئیتر کوردستان بۆکورد دەبێتە گۆڕستانو ئەوەبوو بینیشمان لوتکەی دڕندەیی شۆڤێنییەتی عەرەب کوردی ئەنفالکردوو بەکیمیایی خنکاندی، هەرئەوکات شاعیر پێشبینی دەکاتو دەلٚیٚ: کورد لەمەلێك دەچێت کاتێك دەکەوێتە داوی مندالٚانەوە کەدەربڕینێکی شاعیرانەی زۆر جوانە بەتایبەت بۆ ئەوسەردەمە.

هێندە حیزە بەختی کورد بۆکوشتنو تالٚانیا

کومەلٚیٚ هاتوون بەسواری حوشتری مل پانەوە.

حالٚی کورد ئێستا لەبەینی تورکو ئێرانو عەرەب

بێچوە تەیرە کەوتۆتە داوی مندالٚانەوە.

لەلایەك ئەوە دەخاتە روو کەعەرەب بەسواری حوشتری مل پانەوە وەك سەردەمی فتوحات دێنو کوردستان تالان دەکەنو خەلٚکی کوردیش کۆمەلٚ کوژ دەکەن. لەلایەکی تریش لەوکاتەدا باس لەدابەشکردنی تازەی کوردستان دەکات بەسەر هەر چوار دەولٚەتی ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا،

PDF4Kurd

کەدیارە ئێران و تورک و عەرەب مانای دەسەڵاتەکانی عەرەب و تورک و فارس دەگەیەنێت.

هەر لەو ساڵانەدا بەهۆی سەربەخۆبوونی زۆربەی نەتەوەکانی جیهانەوە لەلایەن زلهێزانی ئەودەم ئەمریکاو بەریتانیاو روسیاو فەرەنساوە هەوڵدەدرێت کەئۆرگانێکی نێونەتەوەیی دروست بکرێت هەم بۆ رێگەگرتن لەجەنگێکی تری لەشێوەی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەم بۆسەربەخۆیی نەتەوەکان و هاوکاری کردنی ئەو نەتەوانەی بەنیازی دامەزراندنی دەوڵەت بوون کەیەک لەو نەتەوانە کورد بوو.. بۆیە کۆمەڵەی گەلان (عصبە الامم) دروستبوو، بەڵام هەرزوو ئاشکرابوو کە (کۆمەڵەی گەلان) هیچی لەباردانییەو یارمەتی ولاتە زاڵمەکانی وەک تورکیاو ئێران و سوریاو عێراق دەدات و پشتگیری کورد ناکات لەجەنگی سەربەخۆییاندا لەدژی ئەو دەوڵەتانە. کورد لەوەش بێ هیوا دەبێت و بەدەم ئازاری ژانەکانی خۆیەوە دەتلێتەوە شاعیریش جەزبەی رۆژگار وای لێکردووە چیتر بەو قسانە فریونەخوات و بەقسەی رووتیان دەزانێت.

ئەم قەراری عوسبە واخەڵق ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتەو قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە.

یەکێک لەلایەنە هەرە درەوشاوەکانی ئەحمەد موختار جاف وەک شاعیرێک بوێرییە، لەم شیعرەشدا بوێری ئەو دەگاتە لوتکەی خۆی.. شاعیر جگەلەوەی لەناو خەڵکدا وەک شاعیرێک ناسراوە، لەدەسەڵاتی ئەو دەمی حکومەتی عێراقیشدا پێگەی هەبووەو قائیمقامی هەڵەبجەبووەو لەپەرلەمانی عێراقیش نائیب بووە، کەسێک لەوکاتەدا سڵ لەوەنەکاتەوە لەوەزیفە دەرکرێ و لەرێگەی شیعرەوە هاوار لەبێدادی نەتەوەکەی بکات



بەدەست عەرەبەوەو خەڵک وشیارکاتەوە دیارەئەبێ هەر خاوەنی ئەو بوێرییە بێت، لەبەرئەوەی زۆرکەس وەک ئەو لەدەسەڵاتیشدا نەبوون شیعریان بۆ برایەتی کوردو عەرەب دەنوسی.

زیندوێتی ئەم شیعرە لەو رەهەندە گەشبینییەوەیەتی کەشاعیر بەیانی دەکات، گەشبینی شاعیر لەدێرەکانی دواییدا دەبێتە خەونی گەورەو هیوای گەورەی لەسەر هەڵدەچنرێ. ئەو شۆڕشی زانست و خوێندەواری لەئایندەدا دەبینێ و وەک هاتنەدی هیواو خۆزگەکانی لێی دەڕوانێت.

ئەمڕۆ باوابێ بەڵام رۆژێ ئەبێ ئەولادی کورد
دێنەوە مەیدان بەعیلم وسنعەت و عیرفانەوە.

دەکرێ ئەم شیعرە بکەینە سێ نەسک، واتا شیعرەکە دابەشکەین بەسەر سێ تەوەردا، شاعیر لەتەوەری یەکەمدا شەرحی حاڵی کورد دەکات و بەکورتترین وشەو رستە ژان و ئازارەکانی کورد لەسەردەمی رابردوو ئێستای شاعیردا باس دەکات و لەتەوەری دووەمدا باسێکی چڕوپڕی جوگرافیای سیاسی کوردستان دەکات و خاکی کوردستانی گەورە دەستنیشان دەکات و تەواوی سنوری کوردستانی گەورەو دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان ناس دەکات، کەئەمە بۆئەو سەردەمە کاری نەکردە بووەو رەنگە هیچ شاعیرێک تائەو دەم بەوشێوەیە ناوچەو شارەکانی کوردستانی گەورەی نەزانیبێ و وشیاری سیاسی کۆمەڵگەش نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزەی کوردستانی گەورە بکاتە ئامانجی خۆی.

نەوجوانانی وەتەن تەوحید ئەکەن ئەم میللەتە
هەرلەکرماشان هەتا ورمێ و سنەو بۆکانەوە.

PDF4Kurd

کارێکی تری شاعیر کورداندنی وشەکانە لەو سەردەمەدا هەرچی وشەی عەرەبییە دەیکاتە کوردی و (وگن) دەکاتە (وەتەن) (گیر) دەبێتە تەیرو زۆریتریش. هەرلەدوای ئەو دوودێڕەوە شارەزایی ئەم شاعیرە لەجوگرافیای کوردستانی گەورەدا زیاتر دەردەکەوێ و مەبەستەکەی دەپێکێ.

ڕێک ئەخەن وەزعی یەتی وان و جزیرەو باشقەڵاّ
عەقرەوو زاخۆ دەبەستن ڕێک بەقەد بۆتانەوە
خانەقین و مەندەلی، خاکی لوڕستان یەک بەیەک
وەک وەسا ئەدروون بەباڵای مەنتیقەی بابانەوە.

تەوەری سێهەمی شاعیر قسەکردنە لەئامانج و ئاواتێکی گەورەی نەتەوەی کورد. شاعیر پێشبینی دەکات و گەشبینمان دەکات بەوەی ئەم دۆخە واتا دۆخی سەرکوت و چەوسانەوەی نەتەوەیی تێدەپەڕێ و سەردەمێکی گەش بەڕێوەیە، کەدەکرێ خۆمانی بۆ ئامادەکەین. هاواری هاتنی سەردەمێکی تازە دەکات و تێدەگات هۆی دواکەوتن و داگیرکردنمان بەرلەهەرشت نەبوونی شاروو ئاوەدانی گەورەو دەرکەوتەکانی شارستانین، هەموو ئەمانەش دەبەستێتەوە بەو دووژمنە زاڵمەی کەلەبەر دواکەوتویی خۆی ڕێگەی پێشکەوتنی ئێمە نادات و شاعیریش دەڵێت: تائەو دوژمنە بمێنێ ئێمەش هەر بەوجۆرە دەمێنینەوە.

پاش قرانی موددەعی دەس پێ ئەکەن تەعمیری موڵک
ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە.

ڕێگەی ئاسن و تەعمیری موڵک دەرکەوتەکانی سەرمایەدارین و شاعیریش هاواری سەرمایەداری دەکات و دەزانێ گەرپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و



قۆناغی کۆمەڵگە لەفیوداڵییەوە بەرەو سەرمایەداری بڕۆن، فەرامۆشکراوترین ناوچەی کوردستان کەهەورامانە دەبێتە ئاوەدانترین و دڵگیرترین ناوچەو ڕێگەی ئاسن ئەچێتە شاخی هەورامانەوە.

کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغ و جادەو قەیسەری
بۆ تەماشای دەستە دەستە دێن لەئینگلستانەوە،

ئەو سەردەمەی شاعیر خەونی پێوەدەبینێ و دڵنیایە لە هاتنی دیارە سەردەمی ئەمڕۆیە کەدوای (٨٠) ساڵ لەشیعرەکەی ئەحمەد موختار جاف جارێکی تر کوردستان دەبێتەوە خاڵی وەرچەرخانی ناوچەکە بەگشتی، بەڵام بۆ خۆشبەختی ئێمە ئەم جارەیان وەرچەرخان لەسوودی ئێمەیەو گۆڕان لێرەوەو لەچیاکانی هەورامانەوە شەپۆل ئەدات بەرەو ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. ئیتر لەم گۆڕاشدا خەونەکەی شاعیر دەبێتە واقع و ڕێگەی ئاسن دەچێتە هەورامان و کێوو کەژ گشتی ئەبێتە باغ و جادەو قەیسەری و ئەوساش کوردستان دەبێتە دڵڕفێن ترو ڕەنگینترین ناوچەی گەشتیاری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو دەستە، دەستە نەك هەر لەئینگلستانەوە بەڵکو لەتەواوی دنیاوە دێنەسەیری و هەموو ئەمانەش گۆڕانی گەورە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی کوردو کوردستاندا دروست دەکەن و دەچینە قۆناغی سەرمایەدارییەوە.

هەموو ئەوشتانەی وتمان و نوسیمان لەسەر شیعرەکەو دنیابینی شاعیرو دیوی ناوەوەی شیعرەکەو ناخی شاعیریش ئاماژەن بۆیەك ڕاستی ئەویش وشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی شاعیر واتا ئەحمەد موختار جاف، چونکە لەڕوانگەی (جۆن لۆك)ەوە " شتێك نییە لەئەقڵی مرۆڤدا ئەگەر پێشتر بەهەستەکاندا تێنەپەڕیبێ.. ئەقڵی مرۆڤ وەك پەڕەیەکی سپی هیچ لەسەر

PDF4Kurd

نەنوسراو وایە، ئەزموون‌و تاقیکردنەوە شتی لەسەر دەنووسن ". شاعیریش هەموو ئەو شتانەی باسی دەکات لەرێگەی هەستەوە گەیشتونەتە هزرو دواتر لەوشیاری‌و ئاوەزیدا رەنگی داوەتەوە.


### ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە

١. بوون‌و داهێنان د. محەمەد کەمال

٢. بنەڕەتەکانی فەلسەفە د. حەمید عەزیز

٣. بینای وێنەی هونەری لەشیعری کوردیدا: سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی.


*لەژمارە(٤٢١)ی ئەدەب‌و هونەری کوردستانی نویٚ رۆژی ٢٠٠٥/٢/٣ بڵاوبۆتەوە.

PDF4Kurd

قسەیەك بۆ شیعر.. قسەیەك بۆ دڵدار

PDF4Kurd

گەرکاری ئەدەبی جاشیعر بێت یان چیرۆك یاخود رۆمان لەهەنگاوی یەکەمدا سەراسیمەبوونی مرۆڤ بێت بەرامبەر سروشتو دەورووبەر، گیاو گولّو سەوزەلانیو زۆریتریش.. ئەوا لەهەنگاوی دووهەمدا دروستکردنەوەی جۆرێکیترە لەسروشت. واتا خولّقاندنی سروشتێکیترە جیا لەسروشتی بەرهەست، لەم سروشتەدا هەمووشتێك هەیەو مرۆڤ دەتوانیّ خۆی ببێتە خولّقێنەریو هەرخۆیشی پادشای تاج لەسەری ئەو مەملەکەتەبێت، هەلّبەت خودی ئەوکەسەی کارەئەدەبییەکە دەنوسێت. هاوکات خوێنەریش دەتوانیّ یابۆی هەیە بیّ گوزەرنامەو روخسەت خواستن لەپادشا واتا خاوەنی تێکستە ئەدەبییەکە سەردانی ئەو ئیمپراتۆرییەتە بکاتو بەو دەهالیزانەدا بگەڕێت کەنوسەر خولّقاندوونی. شێرکۆ بێکەس لەدەربەندی پەپولەدا ولاتێك دەخولّقێنیّ، ئەو لەوێدا نالیو شەریف پاشای سەعید خەندانو رەفیق حیلمیو دواجار شێخ مەحمودی نەمریش زیندو دەکاتەوەو خوێنەر واهەست دەکات لەگەلّ ئەو کەسایەتییانەدا دەدوێت.



گۆران رۆیی، بەلاّم ئەو ولاّتو سروشتەی ئەو خولّقاندوێتی هەرماوەو هەردەمێنیّو هەروەختێك بمانەویّ دەتوانین سەردانی بکەینو لەوجوانییە بگەین کەبای پاییز گەلاّی زەردناکات هەرگیز .. گەربگەڕێینەوە سەرتیۆری ماتەریالیزمی دیالکتیك ئەوا دەبێت کۆمەلّگە وەك سەرخانو ژێرخان ببینینو لێرەشەوە ئەدەبو هونەر بەگشتی دەبنە سەرخانی کۆمەلّگەو یەکێك لەستاتۆ گرنگەکانی سەرخانی کۆمەلّگەن، چونکە گەرئەدەبێکی باشت نەبێت هەلّبەت شارستانییەتێکی لەسەر پیّ وەستاوت نابێت.

رەنگە گەر رەسولّ حەمزاتۆفو جەنگیز ئایتماتۆف نەبوونایە کەس ناوی داغستانو قیرغیزستانی نەبیستایە، حەمزاتۆف لەڕێگەی نووسینە ئەدەبییەکانییەوە داغستانی بەدنیا ناساندو کردییە ئەفسانە، هەمان شێوەی ئەو ئایتماتۆفیش هەروەتر بۆ قیرغیزستان. بۆئێمەی کوردیش هەروایە، گەرئەدەب بەتایبەت شیعر کەپانتاییەکی فراوانی لەژیانی سیاسیو کۆمەلاّیەتی ئێمە داگیرکردووە، لەخۆمان داماڵین تۆبلێی چیمان بمێنێتەوە.؟ گرفتی سەرەکی ئێمەی کورد لەوەدایە هەرچۆنێك بتەوێت قسەبکەیتو لەسەر هەرشتێك ئێستێك بکەیت دواجار دەچیتەوە سەر سیاسەت.! کۆمەلّگەی ئێمەی کورد کۆمەلّگەیەکی سیاسییە رەنگە ئەمەش بەمانا ئەرستۆییەکەی نەبێت چونکە ئەرستۆ پێی وایە مرۆڤ بەئەسلّ بوونەوەرێکی سیاسییە، مرۆڤی کۆمەلّگەی ئێمە خۆی حەزی لەسیاسەت نییە، بەلّکو دوژمنانی دەیسەپێنن بەسەریدا.

وەك چۆن هەموو رێگاکان دەچنەوە بانە، هەمان شێوە هەموو قسەکانیش دەچنەوە سەرئەسلّە سیاسییەکەی، هەرئەمەشە بووەتە پەتاو لەدوای ناردنی نامەکەی (نالی)یەوەی بۆ (سالمی ساحێبقڕان) تابەئەمڕۆش دەگات

PDF4Kurd

شیعری ئێمەی کورد جگەلەکارەکانی (گۆران)و تاكو تەرایەکیتر سەرپاکی نوقمی حەماسەو دروشمو خوێندنەوەیەکی شیعرییانەی لاوازی ئەو واقعەیە کەکوردی پێداڕۆییوە. کەئەمەش دوورە لەهونەری شیعرو کاری داهێنەرانەی شیعرەوە، ئەوەندە هەبووە ئێمە هەمیشە لەدۆخی خەباتو تێکۆشانو بەرگریدابووین لەنیشتمانەکەمان بۆیە ئەو شیعرانەش بۆئەوسەردەمە کاری داهێنەرانەبوون، بەڵام بۆلەمەودوا رەنگە وانەبێت.

لای (پەرناسەکان) هونەر خۆی لەخۆیدا ئامانجێکە نەك ئامرازێك بەومانایەی هونەرو ئەدەب نابێت بکرێنە ئامراز بۆگەیشتن بەشتێکتر واتا ئامانجێك، بەڵکو بۆخۆی هونەرو ئەدەب ئامانجەو ئەرکی ئەو گەڕانە بەشوێن جوانیداو کەشفکردنی ئەوجوانییەیە وەك گۆران دەڵێ:

کانییەکی رونی بەرتریفەی مانگەشەو

لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخو چەو.

لێرەدا دەبینین گۆران بەشوێن جوانیدا وێڵەو راستەوخۆ بۆی دەگەڕێت، وەك چۆن یەکێك لەپێشڕەوانی پەرناس (تیۆفێل گۆتیێ) پێی وایە "هەمووکاتێك هەرشتێك بەسوود بوو، ئیتر ناتوانێ جوان بێت. ئێمەبەرگری لەسەربەخۆیی هونەر دەکەین. هونەر بۆ ئێمە ئامراز نییە بەڵکو ئامانجێکە." لێرەوە گەر بەم پێوەرە جوان ناسییانە بڕوانینو کورد تەواو بچێتە سەردەمێکی شارستانیترەوە زۆرشیعری ئێمە لەبەین دەچنو لەشیعردەکەونو دەچنە ئەرشیفی بەرخودانمانەوە.. دڵدار تەمەنێکی کەم ژیاو بەرهەمێکی کەمیشی دابەدەستەوە، کەگرنگترینیان ئەی رەقیبەو بووەتە سرودی نیشتمانی ئێمە کەوەك تەواوی نەتەوەکانی دەوروبەرمان سرودەکەی ئێمەش هەمووشتێکی تێدایە تەنیا شیعرییەت نەبێت.



سەردەمی دڵدار سەردەمی خەفەبوونی شۆڕشی کوردەو حکومەتە سەردەستەکانی کوردیش لەلوتکەی دڕەندەیی خۆیاندابوون، بۆیە ئەویش هاوار دەکات ئەی رەقیب هەرماوە قەومی کورد زوبان. گەرقسە لەسەر کارێکی لەوشێوەیە بکەین ناکرێت بەهەمانپێوانەو کێشانەی ئەمڕۆ قسەی لەسەر بکەین دەبێت ئەوە بزانین کەئەو واقعەی ئەو سەردەمە هەر ئەی رەقیبی بەرهەم دەهێنا کەتەوژمو خوێنێکی نوێی دەکردەوە بەگیانی کورددا. وەك تەواوی شاعیرانی سەردەمی خۆی ئەمیش بەئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە بەشیعر نەتەوەکەی هانبداتو ئومێدبکاتەوە بەریان بۆیە روودەکاتە نەتەوەکەی خۆییو دەڵێت: جیهانگیرانی هاوتیرەت کەدوێنێ

هەروەکو تۆ بون

ئەوان واپێگەیشتوونو ئەتۆش هەرکاڵو هەرخاوی

لای دڵدار کورد هیچی لەوان کەمترنییەو زۆرجار ئەفزەلییەت بەنەتەوەکەی خۆیشی ئەدات. لەم هاوارەشدا دڵدار ئومێدی بەلاوانەو گوتاری شیعری دڵدار رووی لەلاوانەو ئاراستەیان دەکات بۆ خەباتو تێکۆشانو هەستانەوە بەڕووی دوژمناندا، ئەو لاوان بەگیانی ئەوجەستەیە دەزانێت کەنەتەوەیە، بەومانایەی لای دڵدار گەر نەتەوە جەستە بێت ئەوا لاوان گیانی ئەو جەستەیەن. هەرکاتێکیش لاوان چالاك نەبن مانای وایە نەتەوە جەستەیەکی بێ گیانە بۆیە دەبێت ببنەوە بەگیانو لەجەستەی نەتەوەدا بکەونەگەڕ..

چونکە میللەت بیتو لەش بێ لاوە رۆحی ئەم لەشە

بیتو ئەم رۆحە نەمێنێ ئەو لەژیینا بێ بەشە.

PDF4Kurd

لەوشیعرە کەمەی دڵدار جێی هێشتووە کاریگەری سێ شتی بەسەرەوە دیارە لەلایەك هەستی نیشتمانی بەهۆی دڵڕەقیو دڕندەیی دوژمنانەوە تێکەڵ بەخوێنی بووەو لەلایەك سروشتی کوردستان کاری تێدەکاتو وڵاتی لێدەبێتە قیبلە.

کوردستانی خۆش

نیشتمانی جوان

تۆ قیبلەگاهی منی بێگومان.

لەلایەکیتریش بەرەو مەیلێکی عارفانە ڕۆییوەو دەیەوێ شەنو کەوی گەردوونو بوونی مرۆڤ بکاتو هەندێك لەو ڕازە بدات بەدەستەوە کەمرۆڤ لەمێژەوە بەدەستییەوە دەناڵێنێ، بەڵام سەرەداوێك نایات بەدەستییەوە بۆیە ناچار دەڵێت:

ژیان خەونێکە ئەی بینین بەتیژی دێتو ئەڕواتن

لەپەنهانی نیهانی دا ئەوی دانابێ نادانە.

دڵدار پێی وایە ئەوەی لەچارەنوسی مرۆڤ نوسرابێ هەردەبێو ئیتر پێویست ناکات هەوڵی گۆڕینی چارەنوسی مرۆڤ بدرێ، کەئەمەپێچەوانەی ئەی ڕەقیبە، ئەو لەو شیعرەدا ئومێد ئەدات بەدەستەوەو هێوادارمان دەکات، کاتێکیش مەسەلەدێتە سەر قسەکردن لەکەینونەی مرۆڤ خۆی ئەداتە دەست قەدەرو دەستەوئەژنۆ دادەمێنێو لەو دامانەشدا پێی وایە تەنیا مەستی دەتوانێ ئێمەلەوشتانە بپارێزی کەعەقڵ دەیهێنێتە پێشمان..

بەمەستی خۆت لەپەستی عەقڵو ئەندێشە تەوەللاکە

ئەوی ڕۆییوە ڕۆییوە ئەوی نەبوە لەپەنهانە.



ئەم پارادۆکسە لەزۆر شیعری دڵداردا هەستی پێدەکرێت، کەدژەبۆچوون لەشیعرەکانیدا دەبینرێت لەشوێنێك دژی مەی نۆشینەو لەشوێنێك هانی مەی نۆشین دەداتو تەنانەت لەشیعرێکیدا دژی ژن دەوەستێتو بەلاوازییان دەداتە قەڵەم کەجێی گومانە کەسێکی وەك دڵدار هەم شاعیرو هەم پارێزەر بەو جۆرە بڕوانێتە ژن کەباڵێکی کۆمەڵگەیە.

دەوری نوستنتان بەسەرچوو سەیری ئەم ناودەورەکەن

عەیبە چی تر بەس لەدەوری مەی مەکەن غیرەت کەشی.

یان لەبەرامبەر ژندا دەڵێت:

ئەوە ژین نیە کەوەک ژن بژیت

ئەبێ هەم ئازاو هەم مەزن بژیت.

ئەوەش زیاتر بۆسەردەمەکەو بۆ خودی دڵداریش دەگەڕێتەوە کەژیانێکی کوللەمەرگیو کەساسانەی بردۆتە سەر خاوەن بیرو باوەڕێکی جێگیر نەبووەو بەجەستەش هەردەم نەخۆشو بێ هێز بووە تادواجار هەرئەو نەخۆشییانە گیانی لێدەسەننەوە. شتێك کەلەشیعری دڵداردا هەستی پێدەکرێتو جیاوازە لەشاعیرانی سەردەمی خۆی بایەخدانی زیاتری دڵدارە بەهێڵێ درامی شیعرو دروستکردنی چیرۆك لەشیعردا، وەك دەزانین جیاوازی هەرەسەرەکی شیعری کلاسیكو نوێ، یەکێتی بابەت (وحدة الموضوع)و فرەبابەتییە واتا لەکلاسیکدا هەردوو بەیتەو بەجیاو سەربەخۆ خاوەن ماناو دەلالەتی خۆیەتی بەڵام لەشیعری نوێدا یەکێتی بابەت هەیەو دەبێت تەواوی شیعرەکە لەخزمەتی یەك تێگەیشتندابن کەلەئەوەڵەوە تاکۆتایی ئەو شیعرە لەدەوری بابەتی سەرەکی خولدەخوات. لێرەشدا هێڵی

PDF4Kurd

دەرامی وەك تاڵە دەزوویەكی باریك و نادیار دەبێتە گرێچنی شیعرەكەو بەمجۆرەش شیعری نوێ دەكرێ وەك چیرۆكێكی شیعرئامێز لێی بڕوانین وەك چۆن لەئێستاشدا ڕۆمانەكانی ئەحلام موستەغانمی سەرڕێژن لەو زمانە شیعرییەو شیعرییەتیان لێدەچۆڕێت. دڵداریش لەو سەردەمەدا بەوستایلە كاریكردووەو ئەو كەمە شیعرەی هەیەتی هیچی لەو زمانە دراممییە دوور نەكەوتۆتەوەو هەرشیعرێكی دەكرێ چیرۆكێك بێت، جائەمەش خۆی وای ویستووەو یان حاڵەتی هەڵڕژانی شیعرەكە وای خواستووە نازانین، هێندەهەیە لەشیعری دڵداردا هەست بەسەنعەتی كەلام دەكرێ تاسروش و بۆهاتن، دڵدار شیعر دەنوسیێ، نەك شیعر دڵدار بنوسیێ وەك چۆن شاملۆ دەڵێت: ئەوەمن نیم شیعر دەنوسم بەڵكو ئەوە شیعرە من دەنوسێت..

ئەو زمانە دراممییەی باسمان كرد یاخود ئەو چیرۆك ئامێزییەی لای دڵدار هەیە لە هەردوو شیعری (توتنەوان)و(لالە باس) دا تەواو ڕەنگی داوەتەوەو بەتایبەتی لەتوتنەوانەدا دڵدار لەهەوڵی نوسینی داستانێكدا بووە، كەفریانەكەوتووە تەواوی كات و بەنیوەناچڵی جێی هێشتووە، دڵدار لێرەشدا ئەوەندەی لەهەوڵی نوسینەوەی واقعدا بووە ئەوەندە لەهەوڵی تێپەڕاندنی واقعەكەدا نەبووە. گەر دروست بێ بڵێین هەردوو چیرۆكە شیعری (توتنەوان)و (لالە باس) لەژێر كاریگەری ئایدۆلۆژیای ماركسیزمدا نوسراون، كەئەوكات لەهەموودنیادا ببووە مۆدێل و كوێرانە خەڵك دوای كەوتبوون، لێرەدا بەزمانێكی سۆز ئامێز دەكەوێتە شیكردنەوەی بارودۆخی جوتیاری كوردوو ئەیبەستێتەوە بەقۆناغی سەرمایەدارییەوە كە تائێستاش كورد نەچۆتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە، هەر لێرەشدایە دڵدار بێ ئاگا لەگەشەو پێشكەوتنی كۆمەڵگە باس لەهاتنی سۆسیالیزم دەكات و مژدەی



مەرگی سەرمایەدار بەگوێماندا دەخوێنێ. ئەویش بەتوانج و پلاردان لەئاغاو كوێخاو دەرەبەگی كوردەواری، لەچیرۆكە شیعری (لالە باس) كوێخاو ئاغا زوڵمێكی زۆر لە لالەباس دەكەن و بەرووبومی زەوییەكەی لێزەوت دەكەن لالەباس پەنا بۆ پۆلیس واتا میری دەبات بۆیەكلاكردنەوەی كێشەكەی ئەبینێ میریش پشتی كوێخاو ئاغا دەگرێت و لەسەر ئەم هەڵناداتێ.

یەكێك لەشیعرە هەرە بەرزەكانی دڵدار بەبڕوای ئەوانەی تائەمرۆ قسەیان لەشیعری دڵدار كردووە شیعری (خەندەكەی بایی)یە كەهەم لەڕووی فۆڕمەوە هەم لەڕووی ناوەرۆكەوە هەوڵی تێدایە بەرەو نوێگەری، لەم شیعرەدا خەیاڵ ڕۆڵی خۆی دراوەتێ و شاعیر تەنیا ئەركی دواكەوتنی ئەو خەیاڵەی لەو چركەساتەدا كەوتۆتە ئەستۆ، كەمتر سەنعەتی كەلام و زۆتر خەیاڵ تێیدا باڵادەستە. چیرۆكی خەندەكەی بایی لەنێوان خەون و خەیاڵدایەو دڵدار دەبێتە نوێنەری نەتەوەو خەو بەفریشتەی ئازادییەو دەبینێ و لەئاسۆدا بەخەیاڵ دەیبینێ و دەیەوێ دەست لەملانی بێت بەڵام ئەو تەنیا بەزەردەخەنەیەكی فریودەرانەو لەخۆباییەوە خۆی پیشان دەدات.

زمان لەشیعری دڵداردا بەرەو پاراوی دەڕوات و وشەعەرەبی و فارسییەكانیش بەكوردی دادەڕێژێتەوەو لەهەندێك شوێندا وشەی داتاشیوە هەرچەند ئەمەیان كاری زمانەوانەكانە كەشفیكەن. (سزاواری و نەمرینی) دوو وشەی ئەون، سەرلەبەری شیعری كوردی بگەڕێیت دوو وشەی لەوشێوەیەت بەرچاو ناكەوێت ئەمەش زۆركەس بەداهێنانی دڵداری دەزانن. سەرباری ئەوەش ئەوەندەی سەرنج بدرێت دڵدار نەلەبواری ئەویندارییدا تەواو تواوەتەوەو شیعری زۆرداوە بەدەستەوە، نەلەبواری سروشتدا، ئێمەتەنیا بەهۆی سرودی ئەی ڕەقیب كەبۆتە سروودی نیشتمانیمان

PDF4Kurd

دڵدارمان ناسیوەو وەك پێشتریش باسکرا گەرئێمە نەتەوەیەکی زوڵملێکراو نەبوینایەو وڵاتمان داگیرنەکرایە رەنگە ئەی رەقیبیش ئەوناوەی نەبوایە یارەنگە هەرنەنوسرایە. دیارەئەمەش بۆکەمی تەمەنی دڵدار دەگەڕێتەوە کەمەرگ بواری نەدا قەڵەمی خۆی لەبواری سروشتو جوانناسیدا بخاتەکارو ئەوڕێچکەیەی لەهەردوو شیعری گوڵی سوور و خەندەکەی باییدا گرتویێتییەبەر درێژەی پێبدات.

ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە.

* ڕێبازە ئەدەبییەکان و/ د. فەرهاد پیربال
* دیوانی دڵدار
* لەژمارە(٤٢٣)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێدا لەرۆژی پێنج شەممە ٢٠٠٥/٢/١٧بڵاوکراوەتەوە.

PDF4Kurd

**راکردن لەمەرگ یان چوون بەرەوپیری**

PDF4Kurd

لەو رۆژەوەی مرۆڤ خۆیناسیوە بەشوێن سەرچاوەکانی بوون و دواتر هۆی نەبوون و فەوتانیشیدا گەڕاوەو لەم پێناوەشدا زۆری پێشکەشی دوای خۆیکردووە، بەڵام سیحری ئینسان لەوەدایە هەرگیز ناگاتە پلەی تەواو کۆیی و تێرنابێت لەهەموو ئەوشتانەی لەدەوروبەریدا هەن و ناشگاتە ئەوەی هۆی بوون و لەناوچوونیشی دەستنیشانکات. هەر زوو سوکرات مرۆڤی لەوە ئاگادارکردەوە کەپێویستە خۆی بناسێت، سوکرات ناسینی بەرامبەری بەناسینی خودەوە دەبەستەوە، ئەو دەیویست ئینسان لەناسینی خۆیدا بگاتە سەرچاوەکانی عەقڵ و لەوێوە بتوانێ لەسەر پێی خۆیبوەستێ. لێرەوە مردن بووەتە بابەتێکی هەرە هەستیارو ترسناک و قورسایی هەموو ئایین و فەلسەفەکانیش خراوەتە سەر مردن و ئەوەندەی بۆیانکرابێت چ کەسانی لاهووت و چ کەسانی فەلسەفە لەمردنیان کۆڵیوەتەوەو هەریەکەو بەبۆچوونی خۆی بۆمەسەلەکان چووەو لەم بوارەشدا هەردوولایان



هەنجەت و هۆکار دەبیننەوە هەم بۆمردن و هەم بۆ هاتنە دنیاش واتا ژیان. ئایینەکان دەڵێن مردن سنووردانانە بۆ کردەوەو پێڕاکێشانەکانی ئینسان و گەر نەبوایە بەشەر بەشەری دەخوارد، دواتر ئەوان دەڵێن ژیان تەنیا ئەزموونێکەو دواییدێت، بەڵام دوای مردن ژیانی جاویدانی دەست پێدەکات، هەرئەمەشە ئینسان دەگەیەنێتە ئەوەی لەناوئاپۆرایەکی مرۆڤدا خۆی بتەقێنێتەوە تازووتر بگاتە ئەو ژیانە جاویدانییەی دوای مردنەکەی ئەم دنیا دەست پێدەکات. ئەمەش گیانێکی مەرگدۆستی(Nekrophillia) لەناو ئەوخەڵکە باوەڕدارانەدا دروستکردووە، بەپێچەوانەوە فەلسەفەی هاوچەرخ لەدوای (تۆمای ئەکوینی)یەوە پێمان دەڵێت: سەرزەمینی تۆ لێرەیەو دەکرێت لێرە بگەیتە هەموو ئارەزووەکانت و شتێك نییە بەناوی ژیانی جاویدانی و بەهەشتی بەرین و حۆری و غیلمانی بەژن زراف. ئەکوینی وتی رەنگە عیسا هەزارانساڵیتریش نەیاتەوە بۆ رزگارکردنی بەشەرییەت، دەبێت بەشەر خۆی خودی خۆی رزگاربکات. ئینسان هەمیشە لەمردن رایکردووەو هەموو شەڕوشۆڕو بەناو سەرکەوتنەکانی بۆدرێژەدان بووە بەژیان، بەڵام لەپڕ بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ مردن دێت و لەگەرمەی شادی و خۆشیدا لاری دەکاتەوە، رەنگە لەسەردەمی زوودا تەنیا مردنی خودایی و نەخۆشییە کوشندەکان ئینسانی راپێچی مەرگ کردبێت، بەڵام دوای کۆبوونەوەی بەشەرو دروستبوونی دەستەو گرووپە مرۆییەکان و دواتر تادەگاتە دەوڵەت و دیکتاتۆرەکان، مەرگی خودایی زۆرکەم بۆتەوە بەتایبەت بەهۆی تەکنۆلۆژیاو دۆزینەوە پزیشکییە نوێکانەوە کەبەردەوام تەمەنی ئینسان درێژدەکەنەوەو هۆی مردنی بەنەخۆشییەکان دواتر دەخەن.

PDF4Kurd

بەهۆی ئەوانەشەوە کەباسکرا واتا راکردنی ئینسان لەمەرگ، سەردەمی نویٚ لەگەڵ خۆی تاراوگە نشینی دێنیٚ جا بەهۆی سیاسەتەوە بێت یان ئارەزووی ئینسان، لەئەمڕۆدا خەڵکانی خاوەن بیرو ئەوانەی سەروبۆر لەدنیا دەردەکەن، لەرژێم و حکومەتە سەرکوتکەرەکان هەڵدێن و زێدو مەفتەنی خۆیان جێدێڵن کەدیارە ئێمەی کوردیش لەوبابەتە پشکی شێرمان بەرکەوتووەو شاعیرانی وەك نالی و حاجی قادری کۆیی و مەولانای نەقشبەندی نمونەی ئەوانەن کەتاراوگەنشین بوون و هەر لەتاراوگەیشەوە شیعریان بۆنیشتمان نوسیوەو دواتر کەلەمردن هەڵاتوون کەچی هەرلەوێش مردوون. بەرزان هەستیاری تاراوگەنشین، هێندە ژیانی خۆشدەویٚ لەم دۆزەخەی نیشتمانەوە گەیشتە ئەو بەهەشتەی تاراوگە، بۆیە لەوێش دیسانەوە هەمان نائومێدییەکەی نیشتمان لەسەریدەدات و لێناگەڕێت پشووبات.

ڕەنگە نوسین یاهەرکارێکی هونەری و ئەدەبی جوانترین فێڵێك بێت کەئینسان بیکات لەخۆی بۆئەوەی مەرگی بیرچێتەوەو هێندەی بۆی بکریٚ راکات لەدەستی، یاخود بیەویٚ لەڕێی نوسینەوە نەمری بەدەست بێنی، ئەو دەزانیٚ وەك جەستە نامێنیٚ، ئەو بۆشاییەی جاران پڕیدەکردەوە ئیتر دوای مردنی تەنانەت بۆشاییەکەش نامێنێتەوە، بۆیە دەیەویٚ لەرێگەی نوسینەوەو لەسەر کاغەز زیندوبمێنێتەوەو نەمربێت. (مردن لێرەوایە قوربان) قەسیدە یان شیوەن نامەیەکی هەستیارە بۆ مردن و لەدەستچوونی ژیان، هەستیار بەکۆڵیٚ ئومێدو پرۆژەوە بەرەو تاراوگە ملیناوە، کەچی دەبینیٚ ئەوبەهەشتە وەك (یۆتۆپیا)کەی تۆماس مۆر وایەو لەئەرزی واقعدا نییە. لای نیکۆس کازانتزاکیز (جەوهەری ژیان بریتییە لەپەرشبوون بۆ



پاوانخوازی و کۆنترۆڵکردن) بەم پێیەبێت بۆیە ئینسان رقی لەمەرگە چونکە کۆتایی بۆ پرۆژەو پیلانەکانی داهاتووی دادەنیٚ، مردن دێت و سنوورێك بۆ ئارەزووەکانی ئینسان دادەنێت، مەرگ هێلێکی سوورە لەبەردەم ئینسان‌دا، بۆیە ئینسان رقی لێیەتی و ئەوەندەی بۆی بکرێت لەدەستی رادەکات و خۆی شێوەی مەرگ و شوێنی مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێت، وەك چۆن (هەمنەگوای) لەئاوی ئەتڵەسیدا خۆی خنکاندو (کاواباتا)ی یابانیش لەسەر شێوازی سامورای ناوسکی خۆی بەشمشێر رادا، ئینسان دەزانێت هەڵلووشینی هەموو دنیا ئارەزووەکانی تێرناکات، بۆیەخۆی بەو دەردە دەبات.

ڕەنگە سبەی
لەسیلەی کۆڵانێکا بکوژرێم
خوێنم بەسەر خڕکە بەردەکانا پەرش بێت

لێرەدا خەمی شاعیر خەمی مردن نییە یادروستتر برڵێین ترسی ئەو ترسێك نییە لەمردن بەهێندەی ترس و خەمە لەوشێوێنەی لێی دەمریٚ، ئەو لەوەدەترسێت خوێنی بەسەر خڕکەبەردەکانا بڵاوبێتەوە، لێرەوە ئەوە تێدەگەین ئەم ترسەی ئەو رێشەکەی دەچێتە سەر مردنێك دوور لەمەرگی خودایی، مردنێکە ئینسانەکانی تر دەستیان تێیدایەو، رەنگە ترس بێت لەتیرۆرو کردەوەی تیرۆرستی کەلەئێستادا باڵی رەشی بەسەردنیادا بڵاوکردۆتەوە. ئینسان بەربۆتە گیانی یەکتریی و بەبیٚ ئەوەی بیناسیٚ دەیکوژیٚ و دواتر سەریدەبڕیٚ و زۆرجار ناوسکیشی هەڵدەدڕیٚ و پڕیدەکات لەوردەبەرد، دنیایەك دروستبووە ئینسان هەموو چرکەیەك خۆی ئامادەکردووە بۆمەرگ، چونکە لەهەر چرکەیەکدا ئیمکانی ئەوەهەیە

PDF4Kurd

ئینسانێکی چارەڕەش خۆی بتەقێنێتەوەو تۆش و خۆیشی و دەیان ئینسانی تریش بەرەو مەرگ راپێچکات، بۆیە شیعرەکەی هەستیاریش لاوانەوەیەکە بۆمەرگێك کەدوورنییە تیاچوون بێت لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا.

رەنگە سبەی

لەباخچەیەکا بکوژرێم

لاشەم بکەوێ بەسەر لاسکی گوڵیکاو

هێزی ئەوەم نەبێ/ داوای لێبوردنی لێبکەم.

لێرەدا شاعیر شەرحی ئینساندۆستی خۆیدەکات بەوەی پێی ناخۆشە تەنانەت لاشەکەشی بکەوێت بەسەر لاسکی گوڵێکدا، وەك چۆن گۆرانیش وایکرد ئاخر ئەویش دڵی بۆتەڵێ وەنەوشە پەرۆشبوو کەلەژێر سێبەری توتڕکێکدا خامۆشببوو. ئەم دەیەوێ داوای لێبوردن لەو گوڵە بکات خوێنەکەی پەڕەکانی سوورتردەکات، ئەو دەزانێ گوڵ خۆی دەردەدارەو ئەم نایەوێ دەردەدارتری کات، هێمن لەزمانی گوڵەوە دەڵێت: من کەناگاتە هەفتەیەك تەمەنم/ بۆچ بگریم و بۆچ پێنەکەنم.

سەرباری ئەوەش وەسییەت دەکات کەگەر ئەو پێی راگەیشت بەمیهرەبانییەوە بەو گوڵە بڵێت ئەو نەیوست لێرە بمرێت و ئیوە ئەو خوێنە ببینن. لێرەدا تێدەگەین شاعیر پێشبینی ئەوەدەکات بەرلەگەیشتنی شیعرەکەی مەرگ دەیباتەوە، بۆیە ئەوی بەرامبەر جائیتر یارە یائەغیار گرنگ نییە رادەسپێرێ داوای لێبوردن لەو گوڵە بکات. دواتر شاعیر بەوەشەوە ناوەستێت و دەیەوێ ئەو گوڵە نەبێتە شایەتحاڵی مەرگی ئەم،



چوون دەزانێ مردنی ئەمی ئینسان دۆست دەبێتە کۆست و کارەسات بۆئەوی گوڵ.

گەرچی ئەو شێتانە..

بەگوڵجارەکانی عیشقا ئەگەڕا

بەڵام جارێک پرکێشی ئەوەی نەکرد

بۆ تەسریحەی یارەکەی

دەست بەرێ بۆ خونچەیەکتان،

پێی خۆشنەبوو

وەک گەمژەیەک بتانگوێزێتەوە

نێو ژووری بێترووسکەی گوڵدانێک.

دەیەوێ پێمان بڵێت ئەم لەژیانیدا وەك ئینسان مامەڵەی کردووەو هەرگیز نەیکردووە چەپکێك گوڵ بچنێت و لەژوورە تاریکەکەیدا بیخاتە ناو ئینجانەیەك، چوونکە ئەم خستنەناو ئینجانەی گوڵ و دانانی لەژووری تاریکدا بەکوشتن و لەناوبردنی گوڵ دەزانێت.

رەنگە هەر ئەمڕۆ دەستێک بێ و

بەرلەوەی خەیاڵەکانم..

بۆنی شەوبۆیان لێ هەستێ

رەنگی نێرگزیان لێ بچۆڕێ

پێش کامڵ بوونی ئارەزووەکانم..

PDF4Kurd

ئەو لەپشتەوە دڵرەقانە تیرۆرمکات.

لێرەدا هەست بەتێکچوونی باری سایکۆلۆژیو نائارامی شاعیر دەکرێت، ئەو بارە سایکۆلۆژییەش دۆخی ئاڵۆزی جیهان بەسەر شاعیردا سەپاندوویەتی کەلەئەمڕۆدا تیرۆر باڵی رەشی بەسەر دنیادا کێشاوە، شاعیریش وەك ئینسانێك پریشکی ئەو بارە ئاڵۆزەی جیهانی بەردەکەوێتو دوورونزیك دەبێتە بەشێك لەو جیهانەی تیرۆر سەرقاڵی هەڵوەشاندنییەتی. جیهانێك تەکنۆلۆژیا دەیەوێ بچووکی کاتەوەو بیکاتە یەك، کەچی تیرۆر ئەوەندەی بۆیبکرێت گەورەی دەکاتو هەڵیدەوەشێنێتەوە، ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو دۆخەی ئەمڕۆیە تیرۆر وای لەئینسانەکان کردووە لەهەر چرکەو لەهەر شوێنێکدا پرۆژەیەك بێت بۆمردنو رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. کێشەی شاعیریش لەوەدایە فریای زۆرشت ناکەوێ کەبەنیازبووە فریاکەوێت، ئەودەیەوێ خەیاڵەکانی رەنگی نێرگزیان لێبچۆڕێو بۆنی شەوبۆیان لێهەستێ، یاخود ئارەزووەکانی کاملٚ بن دواتر بشمرێ گرنگ نییە. لێرەدا جارێکیتر دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەر ئینسانو حەزو ئارەزووە بێسنوورەکانی، ئینسان دەیەوێ دنیا هەڵلوشێو کەچی ئەوەش تێری ناکات. وەك نیکۆس کازانتزاکیس دەڵێت( جەوهەری ژیان بریتییە لەپەرشبوون بۆ پاوانخوازیو کۆنترۆڵکردن..) بەبۆچوونی کازانتزاکیس ژیانی ئینسان تەنیا راکردنو باوەشکردنە بەوشتانەی لەژیانیدا هەنو خۆی دروستیان دەکاتو خۆشی خاوەنیانە، هەر ئەو باوەشکردنە بەژیانیشدا تەمەنی ئینسان لەرەنجو کوێرەوەریدا کورتو کەمدەکاتو ئەو رۆژەی ئینسان دەمرێت، وەك ئەوە وایە کەهەرنەبووبێت. خەمی شاعیریش خەمێکە



بۆ لەدەستچوونی ژیانو ئەو شتانەی کەلەژیاندا هەیە، شاعیر تەنیا وەك ئینسانێکی سادەو ساکار لەژیان ناڕوانێتو ئەو دەیەوێ پڕۆژەی هەبێتو هەرچی هەیە لەژیاندا ئەزموونی کاتو تاموچێژی لێوەرگرێت. شاعیر لەغوربەت تووشی نامۆیی بووە، نامۆ بەهەمووشتەکانی تاراوگە چونکە شتەکانی ئەوێ هیچی هی ئەم نینو بەکارهێنانو ژیان لەگەڵیاندا تووشی ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە ئاڵۆزەی کردووە، بۆیە هەردەم لەبیرکردنەوەیەکی پەرشوبڵاودایەو تاراوگە تووشی گرێی دەروونی کردووەو پێیوایە رەنگە لەگێژاوی بیرکردنەوەکانیدا بێئاگابێتو ئۆتۆمۆبێلێك لەپڕبێتو بیشێلێت. لەوەش تێدەپەڕێو دڵنیامان دەکاتەوە لەدۆخە سایکۆلۆژییە خراپەکەی چونکە دەڵێ:

سبەی نا رەنگە هەرئەمڕۆ

لەغەفڵەتێکدا ئۆتۆمۆبێلێک بمشێلێت و

کەس نەبێ بمناسێتەوە،

لێرەدا گرفتی شاعیر گرفتێکە لەگەڵ تاراوگە بەرلەوەی گرفت بێت لەگەڵ مەرگ، چونکە بەردەوام جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەئەم تاراوگەنشینە. تاراوگەش زێدی ئەمنییەو کەس دەربەستی مەرگی نایات وەك چۆن لێرە واتا لەوڵاتی خۆی ئاپۆرایەك دوای تەرمەکەی دەکەوێ و شیوەنی بۆدەکەن. ئەمەش وادەگەیەنێت کەئەم کوڕی کلتورو ترادیسیۆنێکە حورمەت لەئینسان دەگرێتو بەتەنگ لەدەست چوونیەوەیەتی، پێچەوانەی ئەوێ کەکەس گوێ بەمەرگی ئەمی تاراوگی نشین نادات.

PDF4Kurd

ڕەنگە چرکەی هەڵڕشتنی شیعر نائومێدانەترین چرکەساتی ئینسان بێت، چونکە ئینسانی شاعیر هەستیارترین ئینسانێکە کەزووتر هەست بەمەسەلەکان دەکات و ڕووداوو مەسەلەکانیش زوتر کاریگەری لەسەر سایکۆلۆژیای ئینسانی شاعیر جێدێڵن. شاعیر خۆی تەنیا دەبینێتەوەو ناچار پەنابۆ قەڵەمو کاغەزێك دەبات و چەند دێڕێك دەنوسێت، ئەودێڕانە هێندەی ڕاستگۆیی خاوەنەکەی توانای مانەوەیان هەیە لەیادەوەری خوێنەردا، بۆیە پێدەچێت ئەوەی لەم شیعرەدا دەدوێت ئەو بەرزانە بێت کەلەبەردەم لەشکری خەمی تاراوگەدا تێکشکابێت نەك ئەو بەرزانەی کەهەمیشە زەردەخەنەیەك بەسەر لێوەکانییەوەیەتی.

PDF4Kurd

# سەمای شیعر لەبەستەڵەکی ژووروودا

قسەکردنێك لەسەر شیعری (شەونوێژی نامۆیان)ی عەبدوڵا پەشێو

PDF4Kurd

مرۆڤ تێکەڵەیەکە لەسروشتو هەستی مرۆڤانەی خودی خۆی، سروشت کاردانەوەی سایکۆلۆژی سەنگین لەسەر مرۆڤ دادەنێت بەڕادەیەك کەسروشت کۆنترۆڵی هەموو بوونو کەینونەی مرۆڤی کردووە، ئەمەشە واله مرۆڤدەکات زۆر گرێدراوی سروشت بێت بەجۆرێك خۆی بکاتە قوربانی، وەك چۆن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە مرۆڤەکان لەپێناوی زێدو نیشتمانی خۆیاندا جەنگاونو شەهید بوونو بەردەوامیش مرۆڤ ئەو ئامادەییەی زیاتر لادروستدەبێت. لێرەدا هەردوو لایەنی جەستەیی و ڕۆحی مرۆڤ ئەم ئامادەییە دەسازێنن، چونکە مرۆڤ تالەڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاوێتەی سروشت نەبێت ناتوانێ وەك جەستە بەناو ئەو سروشتەدا بگەڕێتو گەشتو سەیران سازکاتو ناوچەیەکی کوێستانی بەداروو درەختو گوڵو گژوگیا رازاوە بکاتە شوێنی حەوانەوەو پشوودانی خۆی.

گەر بۆکەسێکی ئاسایی نیشتمان تەنیا شوێنی ژیانو مردنێکی ئاسایی بێت، ئەوا بۆکەسێکی ئەندێشمەندو خاوەن پرۆژەو بەرنامە بۆ خزمەتی



نیشتمانو کۆمەڵگەکەی نیشتمان ماناو تێگەیشتنی زۆرترەو تەنیا بۆ مردنو ژیانە ئاساییەکە نییە. ئەمەش لەوەوە هاتووە ئەوکەسەخاوەن هەستە دەیەوێت بەهرە لەژیان وەرگرێتو نیشتمان لەڕووی سایکۆلۆژیەوە ئاسوودەیی بداتە ئەمو ئەمیش لەڕووی ماددییەوە، وەك پرۆژەو پیلانی پێشەکەوتن خوازانە خزمەتی نیشتمان بکات. ڕەنگە بۆشاعیر سەختترین مەسەلە دووری بێت لەنیشتمانو زێدی لەدایکبوون، چونکە شاعیران کەسانێکی هەستیارنو زیاتر سۆز بەسەریاندا زاڵە، هەمیشە لەگریانێکی بەردەوامدان بۆ منداڵی و نیشتمان، شاعیر دەڕواتو لەدوای خۆیەوە نیشتمانو منداڵی جێدەهێڵێ. ئالێرەوە دەکرێت قسەلەسەر شیعرێك بکەین کەشاعیرێك نوسیوێتی زیاتر لەسی ساڵە ئاوارەو پەڕاگەندەیەو لەتاراوگەدەژی، کەهەر لەسەرەتاوە ئەوەمان لادروستدەبێت کەشاعیر هەرچی بنوسێت ریشەکەی دەچێتەوە سەر خۆشەویستی نیشتمانو گەڕانەوە بۆمنداڵی و بۆ زەمینێك کەلێوەی هاتووە.

(شەونوێژی نامۆیان) ئەو شیعرەیە کەدەمانەوێت لێیبدوێین، ئەم شیعرە خاوەنەکەی( عەبدوڵا پەشێوە)و لەمۆسکۆ نوسراوە، کەئەوکات شاعیر ماوەی چەندساڵێکە لەوشارە دەژی، زەمەنی  بڵاوبوونەوەو خوێندنەوەی لەلایەن خوێنەرەوە زۆردواکەوتووەو، دوور لەهەرجۆرە موجامەلەو حەماسەتێك دەکرێت وەك یەکێك لەشیعرە جوانەکانی کورد لێی بڕوانین. ئەکرێت ناونیشانی شیعر یاهەر کارێکی تری ئەدەبی کلیلێکی باش بێت بۆ کردنەوەی دەرگاکانی شیعرو دۆزینەوەی کۆدەکانی ئەو تێکستەی کەلێی دەدوێین. نوێژ لەکورتترین لێکدانەوەو شیکردنەوەیدا مانای نزیك بوونەوە لەوکەسە یاخود لەوشتەی کەدەتەوێت یادی کەیتەوە، چونکە دەبێت

PDF4Kurd

ئەوەمان بیرنەچێت کەبۆخۆی نوێژ یادکردنەوەو دواندنی کەسێك یاشتێك دەگەیەنیٚ. وەك چۆن لای ئیسلام رۆژی پێنج جار نوێژی فەرز مانای پێنج جار یادکردنەوەو دواندنی خودا، پاڕانەوە لەخودا بۆئەوەی بیپارێزێت و یارمەتی بدات و گەرکرا دوای مردنی بیخاتە ئەو بەهەشتەی خۆی بەڵێنی پێیداوە. بەنەبوونی ئەوشتانە لەکەسی موسوڵماندا لەهەموو ئەوشتانە بێبەبەشدەبێت کەپێشتر لێی دوایین، بۆیە لای شاعیریش هەروایە گەر رۆژانە یادی نیشتمانەکەی نەکات و بەخەیاڵ و لەتەقسێکی سۆفییانەدا نەیدوێنیٚ ئەوکاتە نیشتمان باوەشی بۆناکاتەوەو لەیادەوەری خۆیدا هەڵیناگرێت، کەهەموو هەوڵی ئینسانی نووسەرو شاعیرو ئەوانەی خۆیان بەبابەتێکەوە سارقاڵکردووە بۆئەوەیە لەیادەوەری نیشتماندا بمێننەوەو ببنە بەشێك لەمێژووی نیشتمانەکەیان. شەونوێژی نامۆیان واتا ئەم شیعرە کاریگەری شەوی زیاتر بەسەرەوەیە ئەویش بەوەی کەسی تاراوگەنشین لەشەودا تەنیایی و نامۆیی زیاتر باڵی بەسەردا دەکێشێت، لەڕۆژدا ئاپۆرای خەڵك و چوونەدەرەوەو گەڕان لەفەزایەکی فراوانتردا خەمی دووری نیشتمان و نەبوونی هاوڕیٚ و هاودەم لەبیردەباتەوە، بەڵام هەرهێندەی شەوداهات و ئینسان بەرەو ماڵ گەڕایەوە ئیتر تەنیایی و نامۆیی و خەم و خەفەت یەخەی دەگرێت، ئیتر ئەمە لەهەرگۆشەیەکی دنیادا وایە تەنانەت لەناوماڵ و نیشتمانی خۆشتدا هەروایە بەڵام لەتاراوگەو دوور لەیارو نەیار ئەو وێنەیە تۆختر دەبێتەوەو ئینسانی شاعیر هەموو شەوێکی بەساڵێك لێدەڕوات.

لەڕوانگەی(هیپۆلیت ئادۆڵف تاین)ەوە قسەکردن لەسەر هەرکارێکی ئەدەبی دواجار قسەکردنیشە لەسەر خاوەنی بەرهەمەکە ئەو دەڵێت(



بۆئەوەی بەوردی و دروستی لەبەرهەمێکی ئەدەبی بگەین دەبیٚ هەم لەتێکست هەمیش لەنوسەر بکۆڵدرێتەوە.) بۆئێمە پەشێو شاعیرێکە رۆچوو بەناخی نیشتمان و نەتەوەداو تەواوی بەرهەمی ئەوپیاوە لاواندنەوەی نیشتمان و سروشت و خەڵکی نیشتمانەکەیەتی، بۆیە ئەوەندەی باسی شیعرەکە دەکەین دەکرێت باسی شاعیریش بکەین، ئەم شیعرەشی گریانێکی بەخوڕە بۆنیشتمان، کەلێی دوورەو ئەمیش هەرچی شتێك ببینێت پێیوایە ریشەکەی لەنیشتمانی خۆیدایە. ئەوکاتەی ئەم شیعرە نوسراوە(١٩٧٩) چەند ساڵێکە شۆڕشی کورد نوشوستی هێناوە تازە لەسەرەتای دەسپێکی شۆڕشێکی تردایە، واتا ئەو دەمە کورد بەسەختترین قۆناغدا تێدەپەڕی، شاعیریش بەهۆی نەبوونی هۆکانی پەیوەندییەوە بەدەگمەن هەواڵی پێدەگەیشت و دەیتوانی هەواڵی خۆی بنێریٚ. لێرەشەوە تاکە پەناگەی ئارام بۆ شاعیر شیعرەو لەڕێگەی شیعرەوە خۆی لەو سۆزو هەستە خاڵیدەکاتەوە کەبۆ نیشتمان هەیەتی، واتا لەنەبوونی کەسی دووەمدا ئەم شیعر دەکاتە کەس و قسەی خۆی بۆ دەکات شیعریش وەك هەمیشە بەدەنگییەوە دەچێت و لەتوێی وشەو دێڕەکانیدا هەست و نەستی ئەمی شاعیر تۆماردەکات و بەدرێژایی سەردەمەکان هەڵیدەگرێت.

لەهەر جێیەک چیاببینم

دڵم

وەک لەژوانی یەکەممدا،

دادەخورپیٚ، رادەچڵکیٚ،

سەرسام دەوەستم لەبنیا..

PDF4Kurd

واتێدەگەم،

لەچیای منرا دەست پێدەکەن

چیایەکانی هەموو دنیا!

ەکرێ سەرەتا لەخورپەوە دەست پێبکەین کەحاڵەتێکی زۆر دەگمەنەو زیاتر کەسێك باوەڕی پێیەتی کەزۆر عەشقی شتێك یا مەسەلەیەك بێت وەك لایەنێکی سۆفیگەری یان عارفانە باوەڕی تەواوی پێی هەبێت، پەشێویش ئەوەندە لەیادەوەری نیشتمان و سروشتی نیشتمانەکەیدا دەژی بەبینینی چیاوکانی کەدووسمبوڵی مانەوەو جوانی نیشتمانەکەی خۆیین دڵەخورپەی پێدەکەوێت. کوردو چیا پەیوەندیەکی رۆحییان پێکەوە هەیە، بەجۆرێك کورد مانەوەی خۆی دەبەستێتەوە بەبوونی چیاکانەوە پێشی وایە تاچیابمێنێ کوردیش دەمێنێ، هەزاران ساڵە بەهۆی چیاکانەوە خۆی لەبەردەم هێرشی داگیرکەران و دوژمنانیدا راگرتووەو بەردەوام لەکاتی لێقەومان و هەڵاتندا چیاکان سنگی رەقیان بۆ کورد بۆتە باوەشێکی نەرمو ئاوەڵاو داڵدەی کوردیان داوە، هەرئەمەشە وای لەکورد کردووە کەتەنیا چیاکان بەهاوڕێ و پشتیوانی خۆی بزانێت، ئەمە لای بیانییەکانیش سەلماوەو یەکێك لەو رۆژنامەنووسانەی سەردانی ناوچەکەمانی کردووەو لەسەرکوردیان نوسیوە وتویانە کورد جگەلەچیاکان پشتیوانی تری نییەو تەنیا چیاکان هاوڕێی کوردن. یاخود ئەوان لەنوسینی خۆیاندا دەڵێن لەهەرکوێ چیا دەستیپێکرد کوردستانەو کوردەکان ئامادەن خوێنی خۆیانی لەپێناودا بڕژن، بۆیە ئاساییە کورد هەمیشە بەبینینی چیا خۆشحاڵ و شاگەشکەبێت.



ئایینەکان گرنگییەکی زۆریان بەئاوداوە لەژیانی ئینساندا، بەرادەیەك لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە(وجعلنا من الماء کل شيء حی) واتا هەمووشتێك لەئاو دروستبووە بەخودی ئینسانیشەوە، دواتر زانستیش سەلماندوێتی کەجەستەی ئینسان چەندە پێویستی بەخوێنە ئەوەندەش پێویستی بەئاوەو هەرئاویش پێکهێنەرێکی سەرەکی جەستەی ئینسانە. گەربچینەوە سەر ئەو قسە نەستەقەی کورد کەدەڵێ ئاوو ئاوەدانی، ئەوە تێدەگەین کەهەرئاوەدانییەك بەبێ ئاو هیچ ناگەیەنێ، یان بەمانایەکیتر بێ بوونی سەرچاوەیەکی ئاو ئاوەدانی دروستنابێت، چونکە هەمیشە مانەوەی ئینسان بەئاوەوە بەندەو کوردیش بەهۆی ئاوێتەبوونی لەگەڵ سروشتدا زۆرگرێدراوی ئاوو سەرچاوەکانی ئاوە، سەرباری ئەوەش کوردستان زیاتر ناوچەیەکی کوێستانییەو سەرچاوەی ئاوی زۆرە، ئەمە رەنگە هەر بۆکورد وانەبێت بەڵکو شتێکی سەراپاگیرەو ئینسان هەمووی وایە، هەرسەیرانگەیەك ئاوی لێنەبێت نابێتە سەیرانگاو کەس روویتێناکات. بەڵام گرفتی کورد هەرئەوەنییە بەتەنیا بەڵکو ئەوەشە کەلەئاوی کانیدا پاکی و بێگەردی دەبینێتەوەو پێیوایە ئەوەتەنیا ئاوی کانییە دەتوانێ تینوێتی ئینسان بشکێنێ.

ئەمی شاعیریش ئەوەندە گرێدراوی نیشتمانەکەیەتی کەهەرئاوێك ببینێ بێ گوێدانە ئەتەکییەت و رەچاوکردنی داب و نەریتی مۆسکۆ وەك خۆی دەڵێ بینی پیوە دەنێ، بین پێوەنانیش حاڵەتێکی سادەو ساکاری خەڵکی گوند نشینی گوندە کەلەسەر کانییەکە رادەکشێ و دەم بەڕووی ئاوەکەوە دەنێ و تاتینوێتی دەشکێ ئاو دەخواتەوە، لێرەدا دەکرێ ئەوە ببینینەوە لەپەشێودا کەپێمان دەڵێت من هەرکوڕە سادەو ساکارەکەی (بێرکۆت)م و

PDF4Kurd

لەخۆم نەگۆڕاوم. ئەو پێیوایە ریشەی ئەم ئاوە گەرلەکوردستانیش نەبێت ئەوا شیرناوەکەیان لەسەرچاوەی ئاوەکانی نیشتمانەکەیەوە دێ.

لەهەر کوێ کانی ببینم
دڵم
وەک لەژووانی یەکەم دادەخورپێ، رادەچڵەکێم
پێش ئەوەی بینی پێوەنێم،
لەبەردەمیا
بەهێمنی چۆک دادەدەم،
قەوزەی سەری،
وەک شابسکی شۆڕە ژنێک،
شانە دەکەم،
چونکە من وام بەبیردادێ،
کەشیرناوی گشت کانیەکان
لەنیشتمانی من رادێ!

گەر وردتر لەم وێنە شیعرییە کورتە بڕوانین ئەوسا پەی بەناسکی شیعرەکەو سەلیقەی شاعیرەکە دەبەین لەوەی چۆن بابەتەکان لەیەکتر نزیك دەخاتەوەو بۆ خاڵی هاوبەشییان دەگەڕێت. کانی یاخود ئاو هۆی بەردەوامی ژیانە، ئینسان رەنگە بتوانێت دەستبەرداری هەموو ئەوشتانە بێت کەلەسروشتدا هەن ئیتر خواردەمەنی بێت یاخود شلەمەنی، ئەتوانێ گۆشت نەخوا وەك چۆن لەئێستادا دەیان دەستەو گروپ هەن بوونەتە



رووەکیو وازیان لەخواردنی گۆشتو چەورییەکان هێناوە، هەیە هیچ شلەمەنیو شەربەتێك ناخوا بەڵام کەس ناتوانێ واز لەخواردنەوەی ئاوبێنێتو ئاونەخواتەوە، لێرەوە ئەوەمان دەستدەکەوێ کەئینسان بێ ئاو هەڵناکات، واتا ئاو بەردەوامی دەدات بەژیانی زیندەوەران کەئینسان سەروەرییانە. دواتر قەوزەی سەر کانییەکە بەشابسکی ژن دەچوێنێ، واتا کانیو ژن لای پەشێو دەبنە یەكو بەردەوامی بەژیانی ئەم دەدەن، ژنیش وەك کانی هۆی بەردەوامیو مانەوەی ژیانی ئینسانە بەتایبەت بۆ پیاو کەهەرگیز بێ ژن هەڵناکاتو لەدوای ئاو تینوێتی پیاو ژن دەیشکێنێ.

سادەیی لەوشەو رستەداو قوڵی لەڕوانینو ناوەرۆکدا پایەیەکی سەرەکی سەرکەوتنی هەرشاعیرێك پێکدەهێنێ، تەمومژ خوێنەر لەهەرنوسینێك دووردەخاتەوە چجای ئەو نوسینە شیعربێت، کەشیعر بۆخۆی جەماوەریترین ژانری ئەدەبییەو خەڵکی سادەو خەڵکی نوخبەش دەیخوێننەوەو هەریەکەو بەجۆرێك چێژی لێوەردەگرن. پەشێو هەر لەسەرەتاوە تادەمی ئەمڕۆش بەسادەیی دواوەو ئەوسادەییەش ئەوی گەیاندۆتە ئەو پایەیەی ئێستا لەشیعری کوردیدا هەیەتی. فرناندۆ دی سوسور پێیوایە( قسەی شاعیر لەسیستمێکی نیشانەیی جیاواز لەگەڵ سیستمی بەکارهێنراوی ئاخێوەرێکی ئاساییەوە سەرچاوە دەگرێ.) واتا ئەوەی شاعیر دەیڵێ ریشەکەی دەگەڕێتەوە سەر وتنەکانی کەسێکی ئاسایی، هەمان قسەی کەسێکی ئاساییە بەڵام بەجۆرێکیترو جیاواز لەگرامەرو رێسازمانییەکانی کەسی ئاسایی، چونکە دەبێ باوەڕمان بەوەهەبێ کەشیعر ملکەچی گرامەر نابێت بەڵکو گرامەرو زمان بەگشتی ملکەچی شیعرنو لەکانی شیعر ئاوەدەخۆنەوە، زۆر وشە لەزمانی

PDF4Kurd

ئاخاوتنی خەڵکدا بیردەچنەوە بەڵام جارێکیتر شاعیر دەیانهێنێتەوە نێوزمان.

سەرمای گەلێک شارانم دی،
بەڵام پەنجەم لەگۆنەچوون،
چونکە سەرمای هەموو جێیەک
تیشکێک ڕۆژی
نیشتمانی منی تیایە. گەرمای گەلێک شارانم دی،
بەڵام گیانم وەڕس نەبوو،
چونکە گەرمای هەموو جێیەک
سروەیەکی
نیشتمانی منی تیایە.

سروشتی ئینسان وایە بەگەرمای زۆرو سەرمای سەختیش هەراسان دەبێت، بەڵام ڕەنگە بۆ ئینسانی عاشق سەرماو گەرماش کاریگەری نەبێت چونکە عەشق ئینسان دەکاتە دەروێش و وای لێدەکات تەحەمولی هەرئازارو دەردەسەرییەك بکات. پەشێویش عاشقی نیشتمانەو هەست بەسەرمای بەستەڵەکی ژووروو گەرمای هەندێك ناوچەی ترناکات کەپێشتر لێی ماوەتەوەو تیایدا ژیاوە. ئەمەش لەوەوە هاتووە کەشاعیر واهەستدەکات سەرماو گەرمای ئەو شوێنانەش تیشکی ڕۆژو سروەکەی نیشتمانەکەی خۆی تێدایە کەکوردستانە، کوردستان وەکلایەنی سروشتی وڵاتێکە هەرچوار وەرزەکەی ساڵی تێدا دروستدەبێت بۆیە خەڵکەکەی هەم بەسەرماو هەم بەگەرماکەشی ڕادێن، بەڵام وڵاتێکی وەکو مۆسکۆ کەئەم شیعرەی تێدا



نوسراوە ساڵ دوازدەی مانگ بەفرو کرێوەیە، کەڕەنگە بۆ ئینسانێکی ڕۆژهەڵاتی زۆری بوێت تالەگەڵ ئەو بەستەڵەکەدا هەڵبکات.

لای سوکرات (چاو چرای لەشە) لەش یاجەستە ئەشکەوتێکی تاریکەو چاو ڕووناکی دەکاتەوە، بەگشتی جەستەی ئینسان چاو تەواوکەرییەتی، ئینسان ڕەنگە بتوانێ بێ دەست و قاچ درێژە بەژیان بدات و چێژ لەژیان وەرگرێت، بەڵام بەبێ چاو ئینسان ژیانی بەزەحمەت لێدەگوزەرێ و چێژیش لەژیان وەرناگرێت. سەرباری ئەوەش چاو سەرنج ڕاکێشترین بەشی جەستەی ئینسانە وەك چۆن ئینسان لەچاوەوە دەبینێ، بەهەمان شێوەش لەچاویشەوە دەبینرێ، هەمیشە گەرکچێك بییەوێ لەکوڕێك بڕوانێ سەیری چاوی دەکات، بۆ کوڕیش هەروایە بەر لەهەرشتێك چاوی کچەکە دەبێتە جێگەی سەرنجی. هەرچاویش جوانی ئینسان دیاریدەکات، وەسفی ئینسانیش بەبێ ناوهێنانی چاو هیچ ناگەیەنێت و ناگاتە تەواو کۆیی. چاویش ڕەنگی ڕەش و شین و سەوزو قاوەییشی هەیە کەزۆرجار بەهەنگوینی ناوی دەنێن، لەناوچە ساردەکاندا چاوشین و سەوز زۆرن و بەدەگمەن چاوی قاوەیی و ڕەش دەبینرێت، بەپێچەوانەشەوە لەناوچەگەرمەکانی وەك وڵاتی خۆشمان چاوی شین و سەوز کەمەو دەبێتە جێی سەرنج.

چاوی کیژی ئەورووپایی
گەر شینیش بێ خۆشم دەوێ
گەرسەوزیش بێ خۆشم دەوێ
واتێدەگەم

PDF4Kurd

شینترین چاو،

سەوزترین چاو

لەم دنیایە

تۆزێک ڕەشی

چاوی کچی

نیشتمانی منی تیایە!

لەروانگەی زانستەوە سۆمای چاو یان بینایی لەدوو ئاوی ڕەش و سپی پێکهاتووە، بەنەمانی یان کەمبوونەوەی هەر یەکێکیان چاوی ئینسان توشی گرفت دەبێ، سەرباری ئەوەش لەهەر چاوێکی سەوزو شینیشدا ئەو دوو ئاوە هەرهەن و لێرەشەوە ئەو دەربڕینەی پەشێو دەچێتەوە سەر لێکدانەوە زانستییەکە کاتێك پێیوایە لەهەر چاوێکی سەوز یا شیندا تۆزێك ڕەشی چاوی کچی نیشتمانەکەی ئەمی تێدایە. لەسەرەتای نوسینەکەدا وتمان ئەو ساڵەی ئەم شیعرەی تێدانوسراوە بۆ کورد زۆر سەختبووەو ئەمی شاعیری ئاوارەش جەستەی لەوێ و رۆحی لێرەبووە، بۆیە بەهیچ شتێکی ئەوێ ڕانایات و هەمیشە خەیاڵی دەیهێنێتەوە بۆ ئەمێندەر، پێیوایە چیاکانی هەموو دنیا لێرەوە دەست پێدەکەن و ئاوی کانیاوەکانی هەموودنیا لەکانیاوەکانی کوردستانەوە هەڵدەقوڵێن و سەرماو گەرمای هەموودنیاش ریشەکەی لێرەوەیەو دواتر بۆیە کچە چاوشین و سەوزەکانی مۆسکۆشی خۆشدەوێ چونکە تۆزێك ڕەشی چاوی کچانی کوردستانەکەی خۆی لەچاوی ئەواندایە، ئەمە ڕەنگە لای هەندێك وەك مەیلێکی شۆڤێنیستی لێکبدرێتەوە بەوەی سەرچاوەی هەموو شتەکان بۆ



کوردستانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، بەڵام بۆشاعیرێك کەهێندە گرێدراوی وڵاتەکەی خۆیبێت دەبێت هەروابێ،

هەموو هەوڵی پەشێو لەم شیعرەدا بەرهەمهێنانی گوتارێکە لەمەڕ ناسنامەی خۆی، بەڵام ئەم وەك نەتەوە بیردەکاتەوەو وەك نەتەوەش دەدوێت بۆیە ئەو گوتارەی بەرهەمیدێنێ گوزارشت لەبۆچوونی کۆی نەتەوە دەکات.

نیشتمانم

تۆ وەک تانەی لەسەر چاوم

تۆ وەک تەمی،

لەگشت لاوە دەورەت داوم

تۆ ئاوێنەی

لەناو تۆدا هەموو دنیا بەدی دەکەم،

تۆ تەیمانی

بەهۆی تۆوە هیچ نابینم

نەکەل دەبینم، نەزەوی

نەخوادەبینم، نەئاسمان

جانازانم

نەجیهان وەک تۆ بچوکە

نەتۆ گەورەی بەقەد جیهان

نیشتمانەکەم کوردستان.

PDF4Kurd

پەشێو نیشتمانی لێبۆتە تانەو نەبۆی دەکرێ لەگەڵیدا هەڵکات‌و نەلەدوری ئەویش هەڵدەکات، نیشتمان وەك تەم دەورەی دەداو هیچ نابینێ، لێیدەبێتە ئاوێنەو هەموو دنیا لەکوردستانەکەی خۆیەوە دەبێنێ. بەهۆی وێرانی کوردستان‌و بێکەسی کوردەوە نەخوا دەبینێ نەئاسمان‌و نەکەل دەبینێ نەزەوی، رەگی ئەم شیعرە پێدەچێت بچێتەوە سەرشیعرێکی کورتی کەهەر لەو سالآنەدا نوسراوە کاتێك دەڵێ: چاو مەگێڕە بۆ ئاسمان‌و ئەستێرەو خوا/ ئەوەی بستێك خاکی نەبێت خواو ئەستێرەو ئاسمانی کوا.

PDF4Kurd

# کاریگەری تاراوگە لەسەر شیعری کوردی

## عەبدوڵڵا پەشێو وەك نمونە

PDF4Kurd

لـەوەتای ئینـسان پێیناوەتـە سـەر زەوی‌و وەك ئایینـەکان دەڵـێن لەبەهەشتی خودا دەرکراوە، هەم نیشتمان هـەبووە، هـەم دوور لەنیشتمانی، واتـا تاراوگـەو دوورە ولاّتـی. چـونکە لەهـەموو سـەردەمەکاندا کۆمـەڵێك خـەڵکی ملـهوڕ بـەناوی سیاسـەت‌و دەسـەلاّت‌و بـەرگریکردن لەنیـشتمان‌و کۆمەڵگـەو نەتـەوەوە بوونەتـە بـار بەسـەر خەڵکـەوەو ڕێگریـان لەهەسـت‌و نەست‌و ئازادی خـەڵك کـردووەو لێرەیـشەوە ئـەوەی بـەدڵی ئـەوان نـەبووبێت یاکوژراوە یاخود توانیوێتی هەڵبێت‌و لـەولاّت دوورکەویـّتەوە. بەتایبـەت بـۆ نووسەران‌و بیریاران‌و ئیتر هەموو ئەوانەی لەبورای ئەدەب‌و هونـەردا کاریـان کردووە. هەر لەم سونگەیەشەوە لەوەتای ئەدەبیش هەیە بەشێك لـەو ئەدەبـە لەهەموو سەردەم‌و کاتێکدا لەتاراوگە نووسراوەو کاریگەری تاراوگەی کـەم‌و زۆر بەسەرەوەیەو زۆرجار جوانترین کارە ئەدەبییەکانیش ئەوانـەن لەتاراوگـە نووسراون‌و کەسی نووسەر یاخود شاعیر لەو دوورەوە جوانترین‌و گەرمترین



گۆرانی بـۆ زێـدو مەفتەنەکـەی چڕیوە. ئـەم جـۆرە لەئـەدەب لـەناو کوردیـشدا تەمەنێکی تاڕادەیەك درێژی هەیە. شاعیرانی کلاسیکمان زۆرینەیان لەدوورە ولاّتییـەوە شـیعریان بـۆ نیـشتمانەکەیان نووسـیوە، کـەدیارترینیان (نـالی‌و جـاجی قـادری کـۆیی‌و مـەولانا خالیـدی نەقشبەندیی)یـە. لەناوشـاعیرانی هاوچەرخی سـەدەی بیستیـشدا ئـەدەبی تاراوگـەو ئـەو شـیعرانەی لەتاراوگـە نووسـراون کـەمنین، کەڕەنگـە دیارترینیـان (نالـّەی جـودایی) (هـێمن) بێـت کەلەشـاری بەغـدادو لـەهاوینی سـاڵی(١٩٧٥)داو لەگەرمـەی کۆسـت‌و کارەسـاتی نـسکۆی شۆڕشـی کـوردا نووسـیوێتی. رەنگـە یەکـەمین شـیعرێك لەئـەدەبیاتی کوردیـدا کەکاریگـەری تاراوگـەو دوورە ولاّتـی لەسـەر بێـت چامەکەی (نالی) بێت بۆ (سالم)ی ساحێبقڕان کەلەشامەوەو لەسـەرو بەنـدی کۆتـایی هـاتنی دەسـەلاّتی (میرانـی بابـان) بەدەسـتی تورکـە عوسمانییـەکان نووسرابێت. زۆرینەمان ئـەو چامەیەمان خوێندۆتـەو دەشزانین لەوێـدا نـالی چـی لەسـالم دەویّ‌و چـۆنی بـۆ نووسـیوە. ئێمـە لێـرەدا دەمانـەوی لەسـەر (عەبـدوڵلاّ پەشـێو)و کاریگـەری تاراوگـەو دوورە ولاّتـی لەسـەر شـیعری ئـەو شاعیرە بزانین‌و هەندێك قسەی لەسەر بکەین.

بەپێی لێکدانەوەی (فەرهاد پیربالّ)(١) مێژووی کـۆچ یـاخود تاراوگـە نـشینی لـەناو کـورددا بەچـوار قۆناغـدا تێپـەڕدەبێت، قۆنـاغی یەکـەم: زۆر کۆنەو پێش دروستبوونی هـەردوو ئیمپراتۆرییـەتی عوسمانی‌و سەفەوییە، قۆنــاغی دووەم: دوای دروســتبوونی ئــەو دوو ئیمپراتۆرەیــەو نمونــەی بەرچـاویش(مـەولانا خلیـدی نەقـشبەندییە)(١٧٧٣ــ ١٨٢٦) ئـەم قۆناغـە قۆناغێکی ناچارەکی بووەو (مەولانا) وەك رۆشنبیرێك لەدەست زوڵم‌و زۆری هـەردوو دەسـەلاّتی سـەفەوی شـیعە مەزهـەب‌و عوسمـانی سـوننە مەزهـەب

PDF4Kurd

هەڵاتووە بۆ هیندستان. هەر ئەمەش وایکردووە شیعرەکانی مەولانا بۆنی دوورە وڵاتی و خەونی گەڕانەوەی وڵاتیان لێوە بێت. ئەم قۆناغە دوورو درێژەو تاکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەخایەنێ، واتا بەرلە رووخانی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و سەفەوی کەلەو وەختەدا (قاجارەکان دەسەڵاتداربوون لەئێراندا. قۆناغی سێهەم: لەساڵی(١٨٩٨)ەوە دەست پێدەکات و بەدروستبوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی لەناوچەکەدا رەت دەبێت و تەواو قاوغێکی سیاسی دەگرێتە خۆیی و لەم قۆناغەدا زۆرینەی کۆچەکان ناچارین و پاڵنەری سیاسی و شۆڕشگێڕیان هەیە. قۆناغی چوارەمیش: بەڕای (پیربالّ) لەساڵی(١٩٥٨)ەوە دەست پێدەکات و تائێستایش درێژەی هەیەو تێکەڵەیەکە لەهەردوو کۆچی ناچاری و ئارەزوومەندانەو لەهەمووشیان بەرهەمدارتربووە بۆ کورد، بەتایبەت لەبواری ئەدەبی و رۆشنبیریدا.

عەبدوڵڵا پەشێوە لەشاعیرانی ئەوەی دوای (گۆران)ەو بەپێی کۆمەڵە شیعرەکانی بێت لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی پێشووەوە شیعر دەنووسێت و بڵاویدەکاتەوە. ئێمە لێرەدا لەشاعیرێتی ئەو نادوێین، چوون هەموو شاعیرێتی ئەومان بۆ دەرکەوتووەو کەم و زۆر ئاگاداری پێشکەوتنی ئەوین لەهەردوو بواری فۆرم و ناوەڕۆکدا کەلەو بارەیەوە جێدەستی دیارە. بەڵام ئەم پێشکەوتنەی پەشێو بەداخەوە بەردەوامی نەبووەو نەیتوانی و وەك (شێرکۆ بێکەس)و شاعیرانی هاوچەرخی خۆی درێژەی پێبدات و هەر لەو چوارچێوە تەسکەی خۆیدا ماوەتەوە. دەکرێ لەم شیعرە وردبینەوە کەلەساڵی(١٩٦٥)نووسراوە.



### پەشیمانی

من هەڵە بووم
لەرۆژانی جوانیو گەنجیم بەپەلە بووم.
هەر نەسرەوتم...
بەشوێن هەستێکی ون کەوتم...
تاکوو لەسەر سنگی نەرمی خەیاڵی پووچ
کپ بووم، خەوتم
رابرد گەنجی...
تاوێک نەمدی بەری رەنجی.

ئەم شیعرە چەند دێڕێکی تریشی لەگەڵە لەوەختێکدا نووسراوە شاعیرانی دوای (عەبدوڵڵا گۆران) کەمتر ویستویانە بەو جۆرە بنووسن، بەڵام پەشێو کردیو وەك دەبینین تائێستایش بەردەوامە. لەتازەگەریدا (پەشێو بایەخێکی زۆر بەفۆڕم و ناوەرۆك دەدات و ئەوەیشی جێگەی داخە لەم بیست ساڵەی دواییدا ناوەرۆکی پێش فۆرم خستوو نەیتوانی درێژە بەداهێنانەکانی شەستەکان و حەفتاکانی بدات و فۆڕمی جوانتر دابهێنێ، بەمەش زیانێکی زۆری هەم بەئەزموونی خۆیو هەم بەشیعری کوردیش گەیاند، کەئەمە بۆ شاعیرانی نەوەکەی جۆرێکی تربوو بەتایبەت لای (شێرکۆ بێکەس و رەفیق سابیر) کەدرێژەیان بەداهێناندا لەبواری فۆرمداو سەرکەوتنی زۆریان تێدا بەدەست هێناو رەنگە بەرچاوترین نمونەیش لەهەردوو شاعیر لای (رەفیق سابیر) (وەرزی سەهۆڵ بەندان و لاوکی

PDF4Kurd

هەڵەبجە)و لای (شێرکۆ بێکەس)یش (دەربەندی پەپولەو خاچ و مارو ڕۆژژمێری شاعیرێك) بێت.

سەرەتا دەکرێ لەوە بدوێین کەتاراوگە نشینی یاخود دوورە وڵاتی دوو شێوە یادوو جۆری هەیە، جۆرێکیان ئەوەیە کەخۆت وەك ئارەزوویەك هەڵیدەبژێری و دەتەوێ لەوڵاتێك بژی یاخود هەر ڕۆژو مانگ و ساڵەی لەوڵاتێك بژی ئیتر بەپێی ویستی خۆت و لێرەشدا هیچ سیستمێك کۆنترۆڵی تۆ ناکات و بەشدار نییە لەو دوورە وڵاتییەی تۆدا، تەنیا گەر وەك لایەنی دیموکراسی و ئازادی نەبێت کەسیستمێك لەوڵاتێکدا بۆ خەڵکەکەی دابین دەکات و ئارەزووەکانی خەڵك بەدیدێنیٚ و نابێتە ڕێگر لەبەردەمیاندا. لەم جۆرە تاراوگە نشینی و دوورە وڵاتییەدا کەمتر خەونی گەڕانەوە بۆ وڵات هەیە، چوون کەسی دوورە وڵات کەی بیەوێ دەتوانیٚ سەربداتەوە. لێرەوە گەر ئەو کەسە شاعیر یا نووسەر بوو ئەوە ڕەنگدانەوەی تاراوگە کەمتر بەسەر بەرهەمەکانییەوە دیارەو دەبینریٚ. جۆری دووەمیان تاراوگە نشینی ناچارییە، واتا کەسێك لەبەر هۆیەك کەزیاتر سیاسییە لەوڵات دووردەکەوێتەوەو ناتوانیٚ بەسەردانی ئاساییش بۆی بگەڕێتەوە. ئەمەش زیاتر پەیوەستە بەوڵاتە دیکتاتۆرییەکان و ئەو وڵاتانەی دەسەڵاتەکەیان زۆر تۆتالیتارییە لەوێنەی عێراقی خۆمان. لەم جۆرەیاندا خەوبینین و گەڕانەوەی ڕۆحی بۆ وڵات شتێکی بەردەوامەو لەبەرهەمی شاعیرو نووسەراندا زۆرترین پانتایی داگیر دەکات. کەئەمە بۆ (عەبدوڵلا پەشێو) تەواو ڕاستە. لەدوای ساڵی (١٩٧٣)وە کە ئەم شاعیرەمان ئاوارە دەبێت دێڕێکی ئەم شاعیرە نابینی ئاماژەیەکی بۆ نیشتمان و وڵاتەکەی تێدا نەبێت و هەڵگری خەونی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی نەبێت. کەباس لەسروشت دەکات دواجار دەگەڕێتەوە



سەر سروشتی کوردستان، کەباس لەژن دەکات لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە سەر خۆشەویستی بۆ ژنانی کوردستان، کەباس لەمناڵیش دەکات بەهەمان شێوە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستی و دواندنی مناڵانی کوردستان و لێرەیشەوە گەمەی شیعرییانەی پەشێوە لەنێوان تاراوگەو دوورە وڵاتیدا دێت و دەچێت و لەهیچ کامیان ئارام ناگریٚ، چوون تادوێنیٚ وڵاتەکەی ژێر دەستەی بەعس بوو، ئەمڕۆ ژێر دەستەی جۆرێك لەدواکەوتووی کۆمەڵایەتی و گەندەڵیی ئیدارییە بەدەست خودی خۆمانەوە. پەشێو ڕەنگە یەکێك لەشاعیرانی نەوەی دوای گۆران بێت کەمافی خۆی وەك شاعیرێکی گەورە نەدراوەتیٚ و ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی کوردی کەمترین ئاوڕی لێداوەتەوە. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە کەپێشتر ڕژێمی بەعس ئەوی یاساغ کردبوو لەئەمڕۆشدا لەبەر ئەو ڕەخنە زۆرەی پەشێو لەڕێگەی شیعرەوە ئاراستەی شۆڕشی کوردو حزبەکانی دەکات دیسان بەجۆرێك لەجۆرەکان سانسۆری خراوەتەوە سەرو وەك پێویست قسەی لەسەر نەکراوە.

بەپێی ڕوانگەی (هیپۆلیت ئادۆڵف تاین)(ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی لا...٦٧)(٢) بۆ ئەوەی بەوردی و دروستی لەبەرهەمێکی ئەدەبی بگەین، دەبێت هەم لەدەق و هەمیش لەنووسەر بکۆڵدرێتەوە. واتا ئێمە کاتێك لەشیعری پەشێو دەدوێین ناکریٚ واز لەخۆی بێنین، چونکە دواجار ئەوە بەرهەمەکەی هێناوەتە بوون و ئەوەی دەیخوێنینەوەو دەمانهەژێنیٚ هەست و نەستی خودی شاعیرە لەو چرکەساتەدا کەشیعرەکەی تێدانووسراوە. ئێمە کاتێك دەمانەوێ ڕەنگدانەوەی تاراوگە لەسەر شیعری پەشێو هەست پێبکەین و ئاشکرای کەین دەبێت دیسان لەسەر ژیانی پەشێویش وەك بەشێك لەدەق

PDF4Kurd

قسەبکەین، چونکە دەق هەمیشە بەشێکە لەژیانی نووسەرو شاعیرو بەردەوام لەڕێگەی ئەو دەقە شیعریو ئەدەبیانەوە بەشێك لەژیانی خۆیان دەخەنە رابردووەوە، بەڵام ئەو بەشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە چوون ئەو ژیانەی لەو دەقەدا هەیە زیندووەو هەناسە ئەدات‌و زەمین‌و زەمان ناناسێت‌و پاسپۆرتی هەموو سەردەمەکانی هەڵگرتووە. دیسان (ئادۆڵف تاین) دەڵێ: بۆ تێگەیشتن لەدەقێکی ئەدەبی دەشێ لەو هۆکارە دەوروبەری‌و ژینگەییانە وردبینەوە کەلەخولّقاندنی ئەو دەقەدا دەستیان هەبووە. لێرەوە دەکرێ ئەوە بڵێین لەم شیعرانەی پەشێودا کەدواتر قسەی لەسەر دەکەین تاراوگە بەمرۆڤو سروشت‌و تەواوی شتەکانی ترییەوە ئامادەیەو هەر قسەکردنێك لەسەر شیعرەکان دواجار قسەکردنە لەسەر خودی تاراوگە، چونکە ئەوە تاراوگەیە وایکردووە ئەو شیعرانە بنووسرێن. گەر پەشێو لەکوردستان بوایە ئەو هەست‌و نەستەی بەرامبەر وڵاتەکەی خۆی نەدەبوو وەك ئەوەی ئێستاو لەکاتی نووسینی ئەم شیعرانەدا هەیەتی‌و هەی بووە.

پەشێویش وەك زۆرینەی شاعیرانی کورد لەژێر هەردوو ئایدیای نەتەوەیی‌و مارکسییەتدا ئەوەندە کاری بۆ جوانکردنی ژیان کردووە لەڕێگەی شیعرەوە، کەمتر کاری بۆ جوانکردنی شیعر کردووە لەڕێگەی ژیانەوە، لای پەشێو نەتەوە لەپێشترە تا ستاتیکای شیعری‌و لێرەوە پەشێو وەك ریالیستێك هونەری خستۆتە پێناوی ژیان، نەك هونەر بخاتە خزمەتی هونەر. لای پەشێو لەوڵاتی ژێر دەستان‌و برسیاندا شیعر دەبێت گوللەو گڕبێت بۆ سووتانی داگیرکەران، چونکە ئەو (زمانی گڕ دێنێتەوە بۆ لاڵەکان/ شاپەڕی گڕ دێنێتەوە/ بۆ فڕندە بێ باڵەکان) ئەرکی شیعر لای پەشێو لەئەرکێکی ستاتیکییەوە بۆتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی سیاسی‌و ئەوەندە



ئەرکی قورس خستۆتە سەر شانی شیعرەکانی پشتیان شکاوەو رەنگە شیعرە سیاسیە رەخنەکانی نەتوانن وەك شیعرە ئەویندارى‌و غەزەل ئاساکانی خۆیان بگرن‌و بەدرێژایی مێژوو لەبیر نەچنەوە. ئەمەش دیارە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغەکە دەگەڕێتەوە لەلایەن نەتەوەکەیەوە کە تادوێنێ پێویستی بە(دوازدە وانە) هەبوو بۆ منالآن ئەمڕۆ ئیتر رەنگە قۆناغەکە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت‌و خوێنەری ئێمەیش پێویستی بەشیعرێك بێت پڕ بێت لەسۆزو ناسکی، کەدیسان پەشێو لەمەشیاندا کارامەیە. یەکەمین شیعری پەشێو لەتاراوگە شیعرێکە بەناوی (ئەگەر هاتی تەنیا وەرە) لەم شیعرەدا پەشێو دەیەوێ تۆڵەی هەموو دڵشکانەکانی نیشتمانەکەی بکاتەوەو بەتەنیا لەگەڵ ئەوینەکەیدا دانیشی ژوان بگرێ، لە تەنیاییدا جەستە گڕدەگرێ‌و تێك ئالآن دەبێتە زمانی ئەوین. ئەو لەناپاکییەك کەلەوڵاتەکەی لێیکراوە بێزارو ماندووەو دەیەوێ قەرەبووی بکاتەوە. لەنیشتماندا رۆژێك لەڕۆژا لێنەگەڕاون خۆشەویستەکەی بەتەنیا ببینێ. بۆیە روودەکاتە ئەوینەکەی‌و پێی دەڵێ (ئەگەر هاتی تەنیا وەرە ئەو بارانە پەستم دەکات کەڕەشەبای لەگەڵدابێ/ پەسەتەبم بەو گوڵە گەنمەی لەگەڵ ژەنگدا پەنجەیان تێك هەڵکێشابێ. لیرەدا باران هێمایە بۆ ژن‌و رەشەبایش هێمایە بۆ پیاو، پەشیوٚ هەر دوو لایەنی ژن‌و پیاوو نیشتمان‌و تاراوگە تێکەڵ دەکات‌و ژەنگ رەنگە ئاماژەبێت بۆ (شورەوی کۆمۆنیست) سۆڤێتی جاران کەخیانەتی لەشۆڕشی کورد کردوو پشتی حکومەتی عێراقی گرت لەو وەختەدا. لەم شیعرەدا تاراوگە کەمتر رەنگی داوەتەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێشتا شاعیر تازە گەیشتۆتە ئەوێ‌و کەمتر خەو بەوڵاتەوە دەبینێ. بەتایبەت ئەو وەختە هێشتا نێوانی حکومەتی عێراق‌و شۆڕشی

PDF4Kurd

کورد تێکنەچووەو شتێك هەیە بەناوی ئۆتۆنۆمی و ئەو بەئارەزووی خۆی چۆتە دەرەوەو هێشتا باوەڕی بەوە ماوە کەکەی بیەوێ دەتوانێ سەربداتەوە. جگەلەوەش ئەوەی لەم شیعرەدا هەیە هێشتا هەر یادەوەری ولاتەو خەیاڵی شاعیر هێشتا لێرەیە لەدەمی نووسینی شیعرەکەدا، واتا رەگی شیعرەکە هێشتا لەولاتدایەو پێی نەناوەتە خاکی غەریبییەوە. هەمیشە خەیاڵی مرۆڤ لەڕابردوودایەو لەوەختی نووسینی شیعرەکەشدا پەشێو خۆی گەیشتۆتە (ڤەرۆنێژ) کە شیعرەکەی لێ نووسراوە، بەلام هیشتا خەیاڵی لەگەڵ نەچۆتە ئەوێو لەولات جێماوە. دواترو لەشیعری (بۆ نێرگزێکی کیویلکە)دا پەشێو بەخۆیو خەیاڵییەوە گەیشتۆتە (ڤەرۆنێژ)و ئیتر لێرەوە تاراوگە بەسەر پەشێودا قلْپ دەبێتەوەو وەك گورگی برسی دانی لێ جیڕدەکاتەوە. لەم شیعرەدا پەشێو یەکسەر لەڕێگەی سروشتەوە دێتەوە بۆ ولاتەکەی، سروشتی ولاتی شورەوی کەساردو سڕو شەختەیە بەکچە کوردی لادێ دەچوێنێو پێیوایە هەردووکیان وەك یەك سارود سڕنو درەختەکانی فەڕۆنێژیش وەك کچە کوردەکانی لادێی کوردستان شەرم دەکەن خۆیان رووتکەنەوەو جەستەی جوانو ناسکیان پێشانی خەڵك بدەن. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەهەوای پاییزیشیان بەسەردا دیت، لەکاتێکدا پاییز هەموو درەختێك رووتووقووت دەکاتەوەو جەستەی دەردەخات، جوانیو ناشیرینی ئاشکرا دەکات. لەتاراوگەدا هەستەکان بەسەر دوولایەندا دابەشدەبەن، لایەنێکیان بیرکردنەوە لەسروشتی ولاتەکەتو لایەنی دووەمیش بیرکردنەوە لەخەڵکی ولاتەکەت. سروشتێك تێیدا گەورەبوویتو یاریت کردووە هەڵساویو دانیشتوی لەسەری، خەڵکێك قسەت لەگەڵ کردوونو پێکەنیویو گریاوی لەگەڵیانو شەڕت بووەو ئاشتبوویتەوە



لەگەڵیان. رەنجاویتو خەڵکت رەنجاندووە، دڵداریت کردووەو دڵیان شکاندووی. ئەمانە هەموو دەبنە هەوێنی ئەوەی پێی دەڵێن نامۆییو بیرکردنەوە لەولاتو یادەوەری. لەهەمووشی گرنگتر منالییە، منالی مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت هەمیشە خەیاڵیشی لەوێیە. منالی وەك داربەڕو رەگی دەچێت بەناخی خاکاو مرۆڤ بۆ هەرکوێ بڕوات هەموو چرکەساتێك بیری لای منالییەو ناتوانێ دەست بەرداری بێت. چونکە منالیو ئەو قۆناغە کورتو کەمخایەنە مۆری خۆی لەچارەنووسی مرۆڤ دەداتو مرۆڤ لەوێوە هەڵبژاردنێك لەنێوان شتەکانی دەوروبەریدا دەکاتو دواجار بڕیار دەدات ببێتە شتێك، شتێك جیاواز لەخەڵکی دەورەوبەری، ئەوەبوو پەشێو بڕیاریداوەو بۆتە ئەو شاعیرەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەینو مێژوو دەیخاتە ئامێزی خۆیەوە.

## بۆ نێرگزێکی کێویلکە

درەختەکانی ڤەرۆنێژ

وەکو کیژە کوردی لادێ،

شەرم دەکەن رووت ببنەوە،

هەرچەند هەوای پاییزیشیانم بەسەردا دێ.

شاعیر ئەم شیعرەی کاتێك نوسیوە سیمای کچێکی ڤەرۆنێژی لەبەرچاو بووەو ئەیەوێ ئەوەی پێبلێ کەهەرچەند دەکەم تیت ناگەمو پەی بەدڵت نابەم، راستە کچانی لای خۆمان شەرمنو ساردو سڕبوون وەك درەختەکانی ولاتەکەی تۆ بەلام هێشتا بۆ من ئەوان خۆشەویست ترن لەبەر هێندەی کە تێیان دەگەمو دەتوانم بچمە دلیانەوە، کچانی ولاتی من سادەو ساکارنو

PDF4Kurd

شتی شاراوەیان نییەو پیاو لەگەڵیان هەڵدەکات. راستە تۆ هەمیشە لەگەڵمایت و شارەزای کۆن و کەلەبەری ئەم شارو وڵاتەت کردووم، بەڵام ببورە کە تائێستا ماڵی دڵت نازانم و ناتوان لەدەرگاکەی بدەم. ئەمەش دیارە نەریتێکی رۆژهەڵاتیانەیەو دەکرێ بەنامۆیی و ئاوارەییەوە گرێبدرێتەوەو دیوێکی تریشی ئەوەیە کەپیاوی رۆژهەڵاتی ناتوانێ نەریتی رۆژئاوایی لەخۆیدا بچێنی و دەست بەرداری نەریتە رۆژهەڵاتییەکانی بێت. پیاوی رۆژهەڵاتی ژن یاکچێکی دەوێت کە ملکەچی بێت و بەپێی ویست و خواستی ئەو بجوڵێتەوەو هەڵسێ و دانیشێ. پیاوی رۆژهەڵاتی دەیەوێ ژن ببێتە کاڵاو چۆنی بوێ ئاوا هەڵیسوڕێنێ. لێرەدا پەشێو ئەوەندە بیری وڵاتەکەی دەکات ئامادەیە هەموو دڵشکانەکانی وڵاتەکەی لەلایەن کچانەوە قبوڵ کات و پێی رازی بێت تەنیا لەبەر ئەوەی کەکچانی وڵاتەکەی رازی دڵیان بۆ ئەم ئاشکرا دەکەن و کچانی ئەوێی هەندەرانیش ئەو رازە ئاشکراناکەن، چوون لەڕاستیدا ئەوان رازێکیان نییە ئاشکرای کەن و تائەوەدەمەی بەپیاوێك رازیبن لەگەڵیدان و کەی دڵییان لێی رەنجا لەژێر سەقفێکدا لەگەڵی دانانیشن و ناژین. کەئەمە بۆ ئێمەی رۆژهەڵاتی زۆر قورسە، ژنێك لەدەستمان راکات و بڵێ بەتۆ رازی نابم.! مرۆڤ هەیە سی چل ساڵ لەگەڵ کەسێك لەژێر سەقفێکدا دەژی و بەدڵیش خۆشی ناوێت.

ئەی نێرگزە کێویلکەکە!
تۆ شارەزای جادەکانی
ئەم شارە غەریبەت کرد.
بۆ بەر تیشکی چرای کزی



هەموو باخە پڕ نهێنییەکانت بردم.
کۆڵان کۆڵان،
داڵان داڵان،
هەمووی گەڕاین.
کۆگا کۆگا،
رێگا رێگا،
هەمووی گەڕاین.
کام سووچ تاریک و نووتەکە،
لەوێ... خۆمان کرد بەچراو
تیا داگیرساین!

ئەو کچە کەلای شاعیر وەك نێرگزی کێویلکە جوان و ناسکە ئەمی بۆ هەموو شوێنێك بردووەو لەگەڵ خۆی گێڕوایێتی، خۆی بۆ رووت کردۆتەوەو لەگۆشە تاریکەکانی شاری ڤەڕۆنێژدا جەستەی لەگەڵ جەستەی شاعیر کردۆتە چراو داگیرساون، بەڵام شاعیر هێشتا خەیاڵی لەوێ نییەو لەنیشتمانەکەیەتی، خەیاڵی بۆتە باڵندەیەك و بەسەر نیشتماندا دەخولێتەوە. لەپرۆسەی سێکسیشدا خەیاڵ رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و جەستە تەنیا تەواوکەری ئەرکی خەیاڵە. ئەم حاڵەتە لای (شێرزاد حەسەن)ی چیرۆك نووسیش لەچیرۆکی (لۆزان)دا خۆی بەرجەستە دەکات و لەقوڵایی تێکەڵ بوونی جەستەو پرۆسەی سێکسیدا پاڵەوانی چیرۆکەکە خەیاڵی لای دابەشبوون و لەتکردنی کوردستانە بەپێی رێکەوتنێك کەلەساڵی(١٩٢٣)لەشارێکی (سویسرا) کراو شارەکەیش ناوی (لۆزان)ەو

PDF4Kurd

دواتر ڕێکەوتنەکەیش بووە ڕێکەوتننامەی (لۆزان) کچی ناو چیرۆکەکەیش واتا دڵداری پاڵەوانی چیرۆکەکە ناوی (لۆزان)ەو لێرەوە سەر لەبەری ئەو پرۆسەی سێکسییە ناکامڵ دەمێنێتەوە چونکە یەکێك لەبکەرەکان، کەبکەری سەرەکییە خەیاڵی لەشوێنێکی ترەو دوورە لەجەستەی ئەویترەوە. پەشێویش هەمان گرفتی هەیەو رقێك کەلە(شورەوی) هەڵگرتووە بەژنێکی داماوی دەڕیژێو پێیوایە دڵی بۆ نەکردۆتەوەو ئەم پەی پێنابات و ڕێگەکەی نازانێ کەچوار پەنجە لێوەی دوورە.

ئەی نێرگزە کێویلکەکە،

سوپاس بۆ تۆ!

کەشارەزای جادەکانی

ئەم شارە غەریبەت کردم.

سوپاس بۆ تۆ!

بۆ بەر تیشکی چرای کزی

هەموو باخە پڕ نهێنییەکانت بردم.

بەڵام توخوا، لێم ببورە

ئەگەر بڵێم ڕێگەی دڵت پێ نازانم،

کەچوار پەنجە لەمن دوورە

٢١/ ٩/١٩٧٣ ڤەرۆنێژ

لێرەدا جەختکردنەوەی شاعیر لەسەر ئەوەی کەئەوینەکەی لێی ببورێ بەوەی کەڕێگەی دڵی پێنازانێ بەو مانایەیە کەئەم دڵی لەشوێنێکی ترەو ئەو چرکەیە دڵی لەگەڵ ئەودا نییەو ئەوە تەنیا جەستەکانن ئاشنایەتیان



پەیدا کردووەو ڕۆحەکان زۆر دوورن لەیەکترەوە. ئەوەی وای لەشاعیر کردووە ماڵی دڵی ئەوینەکەی پێنەزانێ نیشتمانە، نیشتمان لەو چرکەیەدا دەبێتە لەمپەرو ڕێگری لەبەیەك گەیشتنەکان دەکات و دەچێتە خەیاڵدانی شاعیرەوەو بەمەش شاعیر هەرچەند دەکات ماڵی دڵی ئەوینەکەی نادۆزێتەوە کەچوار پەنجە لێوەی دوورە. ئەم نائۆمێییە وا لەشاعیر دەکات لەشیعرێکی تردا دان بەتوندڕەوی و دواکەوتووی و خۆیی و کۆمەڵگەکەیدا بنێت، ئەمە تەنیا لەبەر هێندەی کە لەساردی و کەموکوڕی خۆی ئاماژەیەکی چاوپۆشین وەرگرێت، چاوپۆشین لەوەی کەبەدڵی ئەونییە. لەم شیعرەدا دەیەوێ پێی بڵێ لێت تێکنەچێت من پیاوی ڕۆژهەلاتیم و نەریتی ڕۆژهەلاتیانەم لەگەڵ خۆم هێناوە، ئەمە بەرلەوەی هەستی نامۆیی و دوورە ولاتی تێدا دەرکەوێت، ئەوەی تێدا دەبینرێت کەشاعیر دەیەوێ لەڕێگەی ئەم شیعرەوە سەرکۆنەی پیاوی ڕۆژهەلاتی بکات و پێیان بڵێت ئێوە ناگۆڕێن و کەدێنە ڕۆژئاواش ئەو نەریتە دواکەوتووانەش لەگەڵ خۆتان دەهێنن و تەنانەت لێرەیش واز لەکوشتنی ژن و کچانتان ناهێنن. ئەم چەند ساڵەی دواییش بەکوشتنی ئەو ژمارە ژن و کچە لەلایەن هاوسەرو باوکانیانەوە گەواهی ڕاستی و دروستی پێشبینییەکانی شاعیر دەدەن لەو شیعرەدا. شاعیر بەجورئەتەوە دەڵێ لێت نەگۆڕی من پیاوێکی ڕۆژهەلاتیم و خەڵکی شاری ئەستێ کوژەم و خوێن لەدەست و پەنجەم دەچۆڕێ.

### لێت نەگۆڕێ

کەزیت چەپکە ئاگرێکە،

هەموو ڕۆژێ دەرژێتە ناو ژووری دڵم

PDF4Kurd

واهەست دەکەم،

رۆژێک دادێ... لافاوی ئاگر هەڵدەستێ.

زەردەخەنەت کەشتییەکە،

هەموو رۆژێ رێ ون دەکا،

وا هەست دەکەم، رۆژێک دادێ

لەبەندەری دڵی مندا رادەوەستێ!

نهێنی خۆم

تائێستا بەکەس نەگوتوە،

بە تۆی دەڵێم:

من چیاییم،

خەڵکی شاری(ئەستێ) کوژەم..

هەموو رۆژێ

خوێنی زینێک لەخەنجەرم دادەچۆڕێ.

گەر دێتە لام، وریای خۆت بە،

خۆشت نەوێم، لێت نەگۆڕێ!

١٩٧٤/٩/١٣ مۆسکۆ

دەیەوێ ئەوە بڵێ کەساویلکانە وەك نەریتی رۆژئاواییانەی خۆتان نەکەویتە داوی ئەوینی منەوە، چونکە من ناتوانم وەکو پیاوانی وڵاتەکەی خۆت لێتببورم کەدواتر دڵت دەدەی بەکەسێکی ترو لەمن دوور دەکەیتەوە. سەرباری ئەوەش ئەم پێیوایە خۆشەویستی وڵات و بابەندبوون بەداب و



نەریت و ترادسیۆنەکەیەوە وەك نهێنییەك وایەو بەهەموو کەس ناوترێ، بەڵام لەبەر خۆشەویستی ئەو پێی دەڵێت. ئەو نهێنییەش ئەو کلتورەیە کە وادەکات ژن بکوژرێ لەسەر عەشق و ئەوین. لێرەدا شاعیر لەو هەستە مڵکایەتییە دەدوێت کەوادەکات پیاو ژن بەموڵکی خۆی بزانێت و بەپێچەوانەشەوە ژنیش هەروا، کەخۆشی ویست ئیتر زەوتی کات و بەفەرمانی ئەو بێت و بچێت، ئەمە تائێستایش لای ئێمە هەر وایەو خۆشەویستی لەم وڵاتەی ئێمەدا مانای کۆیلەبوون و بوونە شتی یەکتری، شتێك کەناکرێت بگۆڕدرێتەوەو ئەو دووە دەبنە کاڵا بەدەستی یەکترەوەو هەر ئەمەیشە سەرچاوەی سەرەکی تەواوی کارەساتەکانی نێوان هاوسەرەکان لەم وڵاتەدا، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کەدوای ئەوینێکی بەتین و تاو چوونەتە پرۆسەی هاوسەرییەوە تەواو راستە. لێرەدا ئەم چیایی بوونەو ئەم دان پێدانانەی شاعیر رەگێکی قوڵی بەو یادەوەرییەوە هەیە کەلەوڵات جێی هێشتووەو دەیەوێ پێمان بڵێت سەرباری رەق و تەقی نیشتمانەکەم لەگەڵ ژن هێشتا ئەم بەنیشتمانی خۆی دەزانێت و ناتوانێ خۆی لێ بگۆڕێت و خۆی نەبان کات، تەنانەت گەر لەگەڵ جوانترین کچی دنیادا بێت، هێشتا کچانی وڵاتەکەی خۆی لەبیرەو بۆ ساتێك فەرامۆشیان ناکات.

هەموو مرۆڤێك پۆتانسیەلێکی زۆرو شاراوەی لەناخدایەو گەر دەرفەتی بۆ بڕەخسێت دەبێتە جوانترین داهێنان، ئەم پۆتانسیەلە، ئەم وزە شاراوەیە، کاتێك زیاتر خۆی دەردەخات کەکەسێك لەدوورە وڵاتە رۆژانە رووبەڕوی کەسی خۆیی و ناسیاوی نابێتەوەو تەنیاییەك راپێچی دەکات و لەخۆیەوە تووشی مەنەلۆژ دەبێت و ئەم مەنەلۆژەیش دواجار دەبێتە داهێنان. هەمیشە تەنیایی بواری زیاتر بۆ رامان لەدنیاو دەوروبەر

PDF4Kurd

دەبەخشێتە مرۆڤ، قەرەباڵغی و ژاوەژاو وزەی مرۆڤ هەڵدەلوشن و ناهێڵن ئەوەی لەناخیدایە وەك داهێنێكی ئەدەبی بێتەدەرەوە. وابەستە كۆمەڵایەتییەكان بەتایبەت لەم وڵاتەی ئێمەدا ڕێگە بەتەقینەوەی ناخی نووسەران و شاعیران نادەن، چوون بواری تەنیاییان كەمتر بۆ دەڕەخسێت و گەر كەسێكیش بییەوێ تەنیا بێت وەك شێت و سەرگەردان لەقەڵەمی دەدەن و دوورەپەرێزی دەخەن و ئیتر ئەو كەسەیش ئەوەندە بێئاگایانە دوای ئەو هەستەی خەڵك دەكەوێت. ئەوەندەی بیروهۆشی بەوانەوە سەرقاڵدەكات ئەوەندە بیرو هۆشی سەرقاڵی داهێنان و كارە ئەدەبیەكانی خۆی ناكات. هەر ئەمەیشە دەردی ڕۆشنبیری و بواری ئەدەبی ئێمە. نووسەرانی ئێمە هەمیشە لەقەرەباڵغیدان و كەمتر ئارەزووی تەنیایی دەكەن و كەمتریش بۆیان دەڕەخسێ خۆیان تەریك كەن لەخەڵك.

مرۆڤی كورد كاتێك پێدەنێتە وڵاتێكی تازەوە بەتایبەت وڵاتانی ئەوروپا، چوون ئەو ڕقەی لەناخی ئێمەی كورددا بەرامبەر ئەوی دوژمن (عەرەب و فارس و تورك) دروستبووە ناهێڵێ جوانییەكانی كۆمەڵگەو وڵاتەكانیان ببینین. یەكسەر ئەوەی بەبیردا دێت كەبۆچی ئێرە وایەو بۆچی وڵاتەكەی من وانییە.؟ بۆچی خەڵكی ئێرە بەمجۆرەن و خەڵكی وڵاتەكەی منیش بەو جۆرە.؟ بۆچی ژیان لێرە وایەو لای ئێمەیش وا.؟ بۆچی لێرە ژیان خۆشەویستەو لای ئێمەیش مەرگ.؟ لای ئێمە هەمیشە مەرگ خۆشەویست دەكرێت و بەشان و باڵایدا دەوترێت و زۆرینەی ئەدەبیاتی ئێمە ستایشی مەرگ و شەهادەت دەكەن، كەدیارە ئەمەش قۆناغێك سەپاندوێتی. ئەمانە كۆمەڵێك پرسیارن هەمیشە خەڵكی كورد بەتایبەت ڕۆشنبیرەكانی تووشی شۆك دەبن و وەك گرێیەك لێیان نابێتەوە. چونكە ئەمەیش دواتر



پرسیاری تری بەدوادادێت، پرسیاری خەڵكی ئەو وڵاتە، واتا خەڵكی بیانی دەیەوێ بزانێ تۆچیت و لەكوێوە هاتویی و بۆچی هاتووی.؟ هەمیشە ئەم پرسیارانەیش وەڵامی سیاسی بەشوێن خۆیاندا دەهێنن و لەمەشدا مەیلی نیشتمان شین دەبێتەوەو شاعیر دەیەوێ بەم وەڵامە سیاسییە سەرنجی ئەوی بیانی بەلای خۆیدا رابكێشی و تەنانەت گەر لەبواری عاتیفەشدا بێت هەندێك سواڵی عاتیفەی پێبكات.

## چەند وشەیەك دەبارەی تەمەنی خۆم

كاتێ ڤالیا لێم دەپرسێ:

كەی پێت نایە ئەم دنیایە؟

پێكەنینم وەكو چوزەرە ڕێواسێك،

لەژێر بەفری دەم و لێوما سەر دەدێنێ.

پێكەنینم ـ گریانێكە،

زەردەخەنەی هەموو دنیا دەگەچڵێنێ!

بەڵێ، ڤالیا!

نیندەرتاڵ بووم

كاتێ پێ خۆم نایە دنیا.

بەچاوی خۆم

چاخی هەموو پێغەمبەرەكانم دیوە.

كاروانی مێژووی شەرمەزار

بەسەر لۆژی ناوچەوانما تێپەڕیوە.

کەچی هێشتا...

ئۆفیسە قۆڵبڕەکانی

ئەم چاخە ویژدان تۆپیوە

لەدەفتەری زینوواندا

ناوی منیان نەنووسیوە!

١٩/١٠/١٩٧٤ مۆسکۆ

لەم شیعرەدا پەشێو دەیەوێ ئەوەش بڵێ کەئەم سەدەیە سەدەی ئاوابوونی مورالٚو بەها مرۆییەکانەو هەموو شتێك لەچاوی بەرژەوەندییەوە دەپێورێ. شاعیر پێیوایە ویژدانی دەسەڵاتدارانی ئەم سەردەمە تۆپیوە، بۆیە کوردیان وەك نەتەوەیەکی زیندوو حساب نەکردووەو ماڤ دەخۆن. چونکە هەمیشە خەڵکی زیندو دەبێ لەلایەن زیندووەکانی ترەوە حسابیان بۆ بکرێت، بەڵام مادام ئەوان ماف نادەنە کوردو وەك مردوو نەبوو حسابی بۆدەکەن لێرەدا دەبێت یاکورد مردو بێت یاخود ئەوان، بەڵام لەڕوانگەی پەشێوەوە ئەوەی کەمردووە ئەوانن نەك کورد. لێرەدا هەڵچوون‌و تەعەسووبی پەشێو گەیشتۆتە رادەیەك کەوشەی تۆپیو بەکار بێنێ، ئەمەش دیارە بۆ ئەو ئاژەڵە دڕندانە بەکاردێت کەگۆشتی مرۆڤ دەخۆن وەك سەگو گورگ‌و لێرەدا پەشێو دەیەوێ بڵێ بڕیار بەدەستانی دنیای ئەمڕۆ وەك گورگ‌و سەگ وان‌و لەکەللاکی کورد خڕبوونەتەوە.

هەمیشە تاراوگە شوێنێك بووە بۆ دۆزینەوە، هەم دۆزینەوەی خودی خۆت‌و هەم نیشتمانەکەشت، ئەو کەسەی چەندین ساڵ بەدووی دەیان ئایدیاو فکرە دەکەوێت بۆ دۆزینەوەی خودی خۆیی‌و نیشتمانەکەی دواجار



لەتاراوگەدا دەیدۆزێتەوە، تاراوگە ئەو کتێبەیە کەبەقوڵی وەسفی نیشتمانت بۆ دەکات‌و وەك کچێکی ناسك‌و نازدار پێت دەناسێنێ‌و پێت دەڵێ خۆشت بوێت‌و شیعری ناسکی بۆ بنووسە. ئەو نیشتمانەی تالەناوەوەی هەستی پێناکەیت‌و جوانی‌و ناشیرینییەکانی کەمتر دەبینی. (مەحمود دەروێش)ی شاعیری فەڵەستینی لەدیدارێکیدا ئاوا لەتاراوگەو نیشتمان دەدوێت. پەیوەندی پتەوم لەگەڵ خاکدا زیاتر لەمەنفا یاخود لەدەربەریدا دروستبوو. تۆ ئەو کاتەی لەنێو ماڵی خۆتدایت، ئەوەندە ماڵەکە پیرۆزناکەیت‌و هەست بەبایەخ‌و سۆزەکەی ناکەیت. بەڵام ئەو دەمەی بێبەشت ئەکەن لەماڵ، ئیتر ماڵت لێدەبێتە یارو مەعشوق، وەك ئەوەی تاقە ئاواتی سەرجەمی گەشتەکەت بێت. ئەوە مەنفا بوو کەچەمکی ماڵ، نیشتمانی، قوڵکردەوە، چونکە مەنفا بۆ خۆی دژو پێچەوانەی هەردووکیانە. بەڵام لەئێستادا من ناتوانم مەنفا بەهۆی دژەکەی خۆیەوە پێناسە بەکەم هەروەها نیشتمانیش بەهۆی دژەکەی خۆیەوە پێناس بکەم، ئەمێستاکە مەسەلەکە گۆڕاوەو نیشتمان‌و مەنفاش بوونەتە دوو مەسەلەی تێکچڕژاو...( ل١١٣)(٣)

زۆرکەس هەبوون لەناوەوە باوەڕیان بەناسیونالیزم‌و نەتەوە پەرستی‌و خۆشەویستی نیشتمان نەبووەو پێیان وابووە نیشتمان ئەو شوێنەیە کەدڵت پێیخۆشەو دەتوانی تێیدابژی، ئیتر گرنگ نییە لەوڵاتی خۆتی یاخود وڵاتی بێگانە. بەڵام تاراوگەنشینی هەموو ئەو قسانە بەدرۆدەخاتەوەو توندترین خەڵکی مارکسی کردۆتە نەتەوەپەرستێکی توندڕەو. دەیان کەسمان هەیە تالێرە بوون رقییان لەکوردو کورددایەتی‌و نەتەوەپەرستی دەبۆوە کاتێکیش چوونەتە ئەوروپا لەژێر ئاڵای کوردستاندا وێنەیان بۆ کەس‌و کاریان

PDF4Kurd

ناردۆتەوە. هەموو ئەمانەیش پەیوەندی بەو هەستە نیشتمان پەروەرییەی خەڵکی ترەوە هەیە، خەڵکی ئەو وڵاتەی تۆی تێدا دەژی، خەڵکێك بەنیشتمانەکەیەوە ماندوو بووەو خۆشیدەوێ، خۆشویستنێك ئامادە نییە لێگەڕێ گوڵی باخچەیەکی لێکەیتەوە. تۆ وەك کوردێك ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەم هەستەی ئەوان دەبیتەوەو پێت سەیرە تۆ وانیت، وانیت بۆیە نیشتمانەکەت کاول‌و خۆشت سەرگەردان بویت بەو وڵاتانەدا دەسوڕێیتەوەو منەتی ئەم‌و ئەو قبوڵدەکەیت. ئەمانە وا لەتۆ دەکەن لەخۆت بپرسی ئەرێ من کێم.؟ لەکوێوە هاتووم.؟ بۆچی لێرەم.؟ ئیتر وەك شەربە ئاو سەرەوخوار دەبیتەوەو دەتەوێ هەرچی لەناختایە بی هێنیتەوەو سەرلەنوێ بەخۆشەویستی نیشتمانەکەت پڕیکەیتەوە، بەدووی وەڵامی پرسەکاندا دەگەڕێیت، سەرەتا خۆت دەدۆزیتەوەو دەزانی چیت‌و بۆچی هاتویتە ئێرە، دواتر نیشتمانەکەت دەدۆزیتەوەو لەوە تێدەگەی بۆچی لەدواوەیت‌و کێ وایکردووە لەدواوە بیت، پاشان لەوەش تێدەگەی خەڵکی بۆچی وڵات‌و نیشتمانەکەی خۆش دەوێت‌و تۆش بۆچی رقت لێیەتی.

پەشێویش لەم شیعرەدا شەرحی حاڵی نەتەوەکەی بۆ کچێکی بێگانە دەکات، کچێك کەخەڵکی وڵاتیکە دۆستی دوژمنەکانی کوردەو بەبەرچاوی ئەوەوە نیشتمانی کورد دەسوتێنن‌و ئەویش ئاگریان دەداتێ. ئەو کچە لێی دەپرسێ ئێوە بۆچی سەرگەردان‌و بێ خانەو لانەن.؟ ئایا نەتەوەیەکی تازەن‌و وەك قارچك هەڵتۆقیون.؟ یاخود ڕەگتان بەناخی ئەم زەوییە پان‌و بەرینەدا ڕۆچۆتە خوار.؟ لێرەدا پەشێو دەگەڕێتەوە بۆ هەزران ساڵ پێش ئێستاو لەوێوە مێژووی خۆی وەك نەتەوەیەك بەو کچە دەناسێنێ‌و پێیدەڵێ کەتەواوی لەشکرە هارودڕندەکانی دنیا لەنیشتمانەکەی مندا شەڕەکانیان



یەکلاییکردۆتەوەو خۆشمان هیچمان بەرنەکوتووە. لەم هیچ بەرنەکەوتنەشدا پەشێو تەنیا خەتاکەی دەخاتە ملی بێگانەو زلهێزەکان‌و لەبەردەم بێگانەیەکدا نایەوێ باسی خراپی‌و خۆخۆری خۆی بکات، نایەوێ ئەوی بێگانەیش بزانێ کەکورد خۆخۆروو دواکەوتووە، بۆیە هیچی بەهیچ نەبووەو لەکاروان جێماوە. لای پەشێو زمان پتەوترین کۆڵەکەی نەتەوەیە، زمان نەتەوە بەخەڵك دەناسێنێ‌و زمانیش نەتەوە بەرەو پێش دەبات‌و بەکورتی هەرچی نەتەوە هەیەتی لەزماندا ڕەنگ دەداتەوەو زمان شانۆی دەرکەوتن‌و گەورەبوونی تەواوی نەتەوەیەکە بەسەنگینی خۆی وەك (هایدیگەر)یش دەڵێت شیعر ڕووداوێکە لەزماندا ڕوودەدات. لەدەرەوەی زمان شتێك نییە ناوی شیعر بێت، ئەوە زمانە شیعر دەهێنیتە بوون. هەربۆیە دەبێت زمان بگاتە ترۆپکی گەشەو نەشەی خۆی‌و پتەو بێت لەبەرامبەر گوێگردا، پەشێو کاتێك شیعرێك دەنووسێت دەیەوێ لەو شیعرەدا زمان سەنگەرێکی قوڵ‌و قایم‌و وشە گوللەو کۆی شیعرەکەیش بەرەی شەڕێکی یەکلاییکەرەوە بێت لەبەرامبەر ئەوی دوژمندا. (ویلهلم فۆن همبۆڵیت) پێیوایە زمان دەرکەوتووترین دەرکەوتەی ڕۆحی نەتەوەیە، زمان ڕۆحی نەتەوەو ڕۆح زمانی نەتەوەیە. پەشێو پێیوایە ئەوە زمانە دەتوانێ نەتەوە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر بەرێت، چونکە ئەم واقعە ڕەنگە تەنیا لەتواناى زماندا بێت کەبیگۆڕێت، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کەلایەنەکانی ترمان بەتایبەت شەڕو شۆڕو شۆڕشمان زۆر تاقیکردەوە، زۆر تامی تاڵی هەرەس‌و شکستیشمان چەشت. لای (بەختیاریش عەلی)ش ئەمەوایە، ئەو پێیوایە بەبێ گۆڕینی زمان واقع ناگۆڕێت، چونکە زمان سەرەتای دەرککردنمانە بە واقع.

PDF4Kurd

لەشیعری (تاڤگە)دا کەبۆ کچێکی برازای نووسیوە بەناوی تاڤگە، بیرکردنی ولآت لای پەشێو دەگاتە ئاستێك کەهەموو منالآنی مۆسکۆی لێدەبێتە تاڤگەو لەچاوی تاڤگەشدا هەموو منالآنی کورد دەبینێ. لێرەدا ئەوەی پەشێو دەیبینێ تراویلکەیە نەك خود تاڤگە، ئەوە بیرکردنەوەی بەردەوامی شاعیرە وادەکات هەمیشە وێنەیەکی هەبێت و لەشێوەی تاڤگەی برازایدا بێتە بەر خەیاڵ و زەینی. لەگەڵ ئەوەشدا پەشێو پرسیار لەچۆنێتی گەیشتنی تاڤگە دەکات بۆ مۆسکۆ. بەتایبەت لەو وەختەدا کەکوردستان دەسووتا. ئەم پرسیارکردنە، پرسیارکردنە لەناخی خۆی وەك شاعیرێك، کەئایا بۆچی ئەم بیرکردنەوە بەردەوامەی تۆ لەولآت و نیشتمان و خەڵکەکەی بۆ چرکەیەك لێت دوور ناکەوێتەوە.؟ لەسەر شەقام و لەناو پۆلی خوێندنداو لەناو میترۆو لەهەموو شوێنێکدا تاڤگە هەیەو دەبێتە بەفرو هەمیشە لەئاسمانی مۆسکۆوە دەبارێ. شاعیر دیەوێ بڵێ هەمیشە لەخەیاڵی نیشتمان و خەڵکەکەیداو منالیشی وەك ئایندەی ولآت بەکار هێناوە بەوەی کە ئایندەیەکی گەش هەم چاوەڕێی ولآت و هەم چاوەڕێی خۆیش دەکات وەك شاعیرێك. جەلەوەش دەیەوێ بڵێ منالآنی مۆسکۆیش یاخود منالآنی تەواوی دنیا وەك تاڤگەی برازام پاك و بێگەردن و دژی شەڕو هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی مرۆیین، بەلآم ئەوە گەورەکانن لێناگەڕێن ئەو ئارەزووەی منالآن بێتەدی. پەشێو ئەمەی لەشێعرێکی تردا بەڕوونی دەربڕیوە کاتێك دەڵێ من دژی دیکتاتۆرەکان نیم، بەلآم ئەمەوێ منالآن دیکتاتۆربن. سەرباری ئەوەش وشەی کێویلکە ئاماژەیە بۆسرکی و خۆبەدەستەوە نەدانی کوردو دەستەمۆنەکردنیان لەلایەن دوژمنەوە. لێرەدا تاڤگە کەڕەمزی کچانی کوردە وەك نێرگزێکی کێویلکە وایە هەم بۆنی



جیاوازە هەم داب و نەریتی و مل بۆ هەموو شتێك نادات و هەستێکی یاخی گەریی تێدایە.

تاڤگە،
ئەی سمۆر کێویلکەکەم!
تۆ جاران تەنیا تاڤگە بووی.
ئەمرۆ لای من گەورە تری...
ئەمرۆ لای من ئەلبومێکی
وێنەی هەموو منالآنی
کوردستانم بۆ هەڵدەگری!
زستانی ١٩٧٤ مۆسکۆ

ئەم شیعرە لەکاتێکدا نووسراوە کوردستان لەلایەن بەعسەوە دەسووتێنراو لەناوەندی دەسەلآتی ولآتە زلهێزەکانیشدا ئەوانەی بانگەشەی پارێزگاری نەتەوەکان و ماڤی مرۆڤ دەکەن پشتگیری ئەو رژێمە دەکراو چەك و چۆڵی بۆ رەواندەکرا. بەتایبەت ئەو ولآتەی پەشێوی لێبووەو ئەو دەم خۆی بەقەلآی چەوساوەو نەتەوە بەشخوراوەکانی دنیا دەزانی. پەشێو لەوێوە گۆرانی غەمگین بۆ ولآتەکەی دەڵێت و دەیەوێ بڵێت من دەزانم ئەم ولآتەش دەستی لەسەربڕینی ولآتەکەی مندا هەیە، بەلآم من تەنیا ئەوەم لەدەستدێ ئەم گۆرانییە غەمگینەی بۆ بڵێم.

لەشیعری (چەند وشەیەك دەربارەی دڵی خۆم) شاعیر قولتر رۆییوەو دڵی خۆی بە فارگۆنی شەمەندۆفێر دەچوێنێ و وایدەبینێ کەلەهەر وێستگەیەك رێبوارێك دادەبەزێت و رێبوارێکی تر سەردەکەوێت، بەلآم ئەم ئەم فارگۆنەی

PDF4Kurd

دڵی ئەم لەفارگۆنەکی هیچ شەمەندۆفێرێك ناچێت‌و لەوەتای هەیە ڕێبوارێکی هەڵگرتووەو ئەو ڕێبوارە لەهیچ وێستگەیەك دانابەزێ، ئەو ڕێبوارە برینی شاعیرو لانکەی یەکەم ئەوینییەتی، ئەو ڕێبوارە کوردستانەکەیەتی کەلەناو دڵیدا هەڵیگرتووەو دڵیشی بۆتە فارگۆن‌و بەدرێژایی تەمەن‌و بەتەیکردنی ئەو هەموو وێستگەو ئەو هەموو وڵاتە ئەو ڕێبوارە دانابەزێ‌و دانابەزێ. ئەو ڕێبوارە لەگۆشەیەکی ئەوسەری دنیا بەشوێن ناوی خۆیدا وێڵە. ئەو وەختەی پەشێو ئەم شیعرەی تێدانووسیوە جالییەی کوردی لەدنیادا زۆرکەمبووەو بەم هۆیەشەوە ناوی کوردستان زۆرکەم چۆتە سەرزاری خەڵك‌و سەرپەڕی ڕۆژنامەکانیش، شاعیر پێیوایە ئەوە کوردستانە بۆتە ڕێبوارو لەناو فارگۆنی دڵی ئەمدا دانیشتووەو بۆ ناوی خۆی دەگەڕێت‌و نەدەیدۆزێتەوە نەماندوو دەبێت‌و هەمیشەیش لەدڵی ئەمدا هەڵکورماوە. لێرەدا دەکرێ لە بەکارهێنانی وشەی فارگۆن وردبینەوە، بەوەی کە شاعیر لەخۆڕا بەکاری نەهێناوەو بەڵکو ئەوە میتافۆرێکە بۆ قەرەباڵغی‌و ئاوەدانی ئەو دڵەی، دڵێك کەهەمیشە لەکوردستانەو بەخاکی غەریبی ڕانایات، هەمیشە قەرەباڵغەو هەموو خەڵکی کودری تێدا جێبۆتەوە. ئەمەش سیفەتی فارگۆنە کەهەمیشە قەرەباڵغەو بواری گۆشەگیری‌و لاتەریکی بەخەڵك نادات. ئەمەش ئاگادارییەکی شاعیر کەدەیداتە ئێمە بەوەی کەهەرگیز دڵی ئەو تەنیانەبووەو تاراوگە کاری تێنەکردووەو (پڕە) لەخۆشەویستی ئێوە بەهەموو ناڵەو هاوارو ئازارەکانتانەوە.

ئەم دڵەی من

وەک واگۆنی قیتارێکەی

هەزارو یەک وێستگەی هەیە.



لەهەر یەکێک لەو وێستگانە رابوەستێ،

ڕێبوارێک بەجێی دەهێڵێ،

ڕێبوارێک خۆی تێدەپەستێ.

بەڵام وەتەی ئەم دڵەی من بۆتە واگۆن

ڕێبوارێکی پەستی تیایە،

دانابەزێ،

دانابەزێ

لەسوچێکی ئەم دنیایە.

ئەو ڕێبوارە بەدوای ناوی خۆیدا وێڵ...

ئەو ڕێبوارە بەدوای چاوی خۆیدا وێڵ...

ئەو ڕێبوارە برینمە.

ئەو ڕێبوارە زەردەخەنەو گرینمە.

ئەو ڕێبوارە کوردستانە،

لانەی یەکەم ئەوینمە.

١٩٧٤/١١/٢٢ مۆسکۆ

شاعیر ئەوە دەست نیشان دەکات کەپێشتر دڵی واگۆن نەبووەو تازە بۆتە واگۆن‌و لەو وەختەشەوە بۆتە واگۆن ئەو ڕێبوارە پەستەی تێدایە، ئەو ڕێبوارەی لەدنیای بەرژەوەندی‌و سەرمایە پەستەو کەس هاواری نابیستێت. شاعیر لەوڵات گۆشەگیربووەو کەچۆتە دەرەوەو دڵی بۆتە واگۆن‌و هەمو کوردستان بەخاك‌و خەڵکییەوە لەناودڵیدا دەژین. لێرەدا دەکرێ بگەڕێنەوە

PDF4Kurd

بۆ رستەیەك كە(نیكۆس كازانتزاكیس) لەڕۆمانی زۆربادا لەسەر زاری (زۆربا)وە دەڵێ: (خودا ئەوەندە گەورەیە كە لەحەفت نهۆمی ئاسمان جێگەی نابێتەوە كەچی لەدڵی مرۆڤێكی باوەڕداردا نیشتەجێدەبێت.) كوردستانیش ئەوەندە گەورەیە لەهیچ گۆشەیەكی دنیادا جێگەی نابێتەوەو ناهێڵن دانیشێتو ژیان بكات، كەچی لەو دڵە هەلاهەلایەی شاعیرێكی وەك پەشێودا دانیشتووەو بەشوێن ناوو چاوی خۆیدا وێڵە تا هەم گوێی لەناوی خۆی بێت كەبانگی دەكەن هەم بەچاوی خۆی هەم دۆستو دوژمن ببینێت هەم ئازارەكانی خۆی. لێرەدا دەكرێ كەمێك لەسەر مۆزیكی شیعری قسە بكەین، وەك چۆن لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەدا (جەلیل محەمەدی فەراهیدی) عەرەب هاتو بەحرەكانی شیعری عەرەبی دۆزییەوەو لەوێشەوە تەواوی شیعری كلاسیكی رۆژهەڵات كەوتە هەمان بۆتەی بەحرەكانی فەراهیدییەوە. پێش فەراهیدیش ئەو بەحرانە هەبوونو بەگشتیش لای خەڵك وەك شیعری كلاسیكو كێشو قافییەدار ناودێر دەكران، بەڵام فەراهیدی هاتو ئەو ناوەی بەسەردا دابڕیو تائێستایش هەر بەبەحر شیعری كلاسیكی دەست نیشان دەكرێتو ئەم دۆزینەوەیە بۆ فەراهیدی دەگەڕێتەوە. لێرەوە ئەوە تێدەگەین كەهەمیشە لەئەدەبیاتدا ئەو رێچكەو رێبازو دیاردانە بۆ پۆلێنو پێوانەكردنی شیعر هەن، بەڵام وەختێك دەست نیشان دەكرێن كەكەسێكو دێتو دەیان دۆزێتەوەو ئاشكرایان دەكات. بۆ مۆزیكی شیعریش هەروایە، ئەو كێشو قافییەی لەشیعری كلاسیكدا بەكارهاتووەو وەك داهێنان بۆ خاوەنەكانیان دەگەڕێتەوە، دەكرێ وەك مۆزیكیش ناوی بەرین. لەشیعری ئازاددا یاخود ئەوەی ناویان ناوە تازەگەری لەشیعردا، مۆزیك شوێن بەكێشو قافییە لێژ دەكاتو ئیتر



هاڕمۆنیایەك لەنێوان وشەكاندا دروستدەبێتو بەو هاڕمۆنیایەش دەوترێت مۆزیك. ئەم مۆزیكە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا زیاتر ئاشكرا دەبێتو شاعیرانو رەخنەگران قسەی لەسەر دەكەن. (ئەندریە سوارس) پێیوایە قەسیدەی شیعری بۆخۆی بیریتییە لەو رازە مۆزیكەی لەنێوان وشەكاندا هەیەو ئەوەش بۆخۆی كاكڵەی قەسیدە كەیە(٥) وەختێك شیعرێكی نوێت بۆ دەخوێننەوە گەر شیعرەكە نەبینی نازانی كەئەمە بەشێوازی نوێ نووسراوەو هەستەكەی كێشو سەرواى هەیەو ئەمە پارچەیەك یاخود دوو بەیتی شیعری كلاسیكە. لەهەردوو حاڵەتەكەشدا كەپەیوەستە بەسەردەمەكانو گۆڕانە كۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییو فەرهەنگییەكان بەگشتی هەم كێشو سەرواو هەم مۆزیكیش بۆ ئەوە بەكارهاتوونو بەكاردێن كەخوێنەر بەدەستیانەوە ماندوو نەبێتو لەیادەوەری خۆیدا سەیڤی كات. چونكە هەمیشە شاعیران لەخەمی ئەوەدان ئەو شیعرەی دەینووسن زۆرترین خوێنەری هەبێتو زۆرترین ماوەی زەمەنی بەسەر زاری خەڵكەوە بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بێنێتو شاعیرەكەی وەك شاعیرێكی گەورە بچێتە مێژووەوە.

گەر سێوێک بوو، لەتی دەکەم:

لەتێک بۆخۆم، لەتێک بۆ تۆ.

بزەیەک بوو، لەتی دەکەم:

لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.

خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،

هەڵی دەمژم وەک دوا پەتۆ.

PDF4Kurd



ئەم پارچە شیعرە جوانترین مۆزیكی تێدا بەكار هاتووە، بەجۆرێك گەر كەسێك شیعرەكە نەبینێ وادەزانێ ئەوە كلاسیكەو كێش‌و سەرواى هەیە. لەم بوارەدا پەشێو دەستێكی باڵاى هەیەو تەلارى هونەرى شیعرى پەشێو لەسەر ئەو مۆزیكە وەستاوەو ئەمە كاتێك جوانتر ئاشكرا دەبێت كەپەشێو بۆ سفت‌و سۆڵترین وشە گەڕێت‌و ئەو سفت‌و سۆڵییەى وشەیش مۆزیكی زۆر ناسك دەداتە شیعرەكەو وادەكات لەكاتی خوێندنەوەدا هەست بەهەناسە سوارى‌و دۆش دامان نەكرێت‌و ئەمەش وایكردووە شیعرى پەشێو لەیەكەم خوێندنەوەیدا لەیادەوەرەیدا جێگەى خۆى بگرێت‌و بەسەر زارى خوێنەرەوە بێت‌و بچێت. سەربارى ئەوە لەگفتوگۆى رۆژانەى خەڵكیشدا ئەمە هەر وایەو كام وشە ناسكتر بێت‌و مۆزیكی زیاتر هەبێت ئەوە بەسەر زارى خەڵكەوە دەنیشێ. هەمیشە لەكاتی گفتوگۆدا دەڵێین (شیرین‌و فەرهاد) ئەمە گەر باسی ئەو داستانە كرا، هەرگیزو بەڕێكەوتیش ناڵێین (فەرهادو شیرین)، یاخود دەڵێین (خەج‌و سیامەند) نەك (سیامەندو خەجێ). جائەمە دیوێكی تریشی هەیە بەوەى كەهەمیشە وشە ناسكەكان رۆڵی مێ دەبینن لەزمانداو وەك مێ حسابیان بۆ دەكرێت‌و پێش دەخرێن ئەمەش بەخاترى خۆش هاتنیان لەسەر زمان. ئەمە تەنیا بۆچوونێكی خۆمە.

قورسایی كاریگەرى تاراوگە لەسەر شیعرى پەشێو لەشیعرى (ئەگەر ئەمجارە بێمە)دا دەردەكەوێت، لەم شیعرەدا شاعیر منداڵ دەبێتەوەو هەرچی بەمناڵی كردوێتی‌و نەیكردووە دەیەوێت بیكات‌و بەسەر ئەم خاكەدا بنووشتێتەوە كڕنووش بۆ هەموو شتێكی بەرێت. (سیگمۆند فرۆید)



وایدەبینێ كەسەرچاوەى داهێنانی نووسەران لەدەورانی مناڵییەوە دەردەكەوێت. ئەو پێیوایە لەنێوان مناڵێك كەیارى دەكات‌و نووسەرێك كەچیرۆكێك دەنووسێت وێكچوونی زۆر هەیە. ئەم دووە واتا مناڵ‌و نووسەرەكەیش هەر یەكەى بۆخۆى دنیایەكی تایبەت دروستدەكات(٦) ئەمە تەواو بەسەر پەشێودا ساخدەبێتەوە، شاعیر لەم شیعرەدا پەنا بۆ كەرەسەو شتگەلێك دەبات كە هەر لەدەورانی مناڵیدا بەكاردێن‌و هەر لەمناڵ دەوەشێتەوە ئەو رەفتارانە بكات كەپەشێو لەم شیعرەدا دەیەوێت بیكات‌و زۆریش موشتاقە بۆى. یەكێك لەسەرنج راكێشترین ئەو شتانەى مناڵیش ئەوەیە كەهەر كارێكی دەیكات بەتەواوى تواناى خۆیی‌و شەوق‌و زەوقەوە دەیكات، ئیتر گرنگ نییە بەلاى ئەوەوە كە ئەو یارییەى ئەو دەیكات خولەكێك دەمێنێتەوە یاخود ساڵێك. گەر میكانۆیەك بدەیتە دەست مناڵێك رەنگە دوو كاتژمێر خۆى پێوە خەركیكات تا شێوەیەك دروستدەكات، بەڵام دواى یەك خولەك رەنجی دوو كاژێرى بەبادەدات‌و تێكی دەداتەوە، ئەمەش هەر لەمناڵ دەوەشێتەوەو گەورەیەك بیكات بەشێتی دەدەنە قەڵەم‌و لەم خاڵەشدایە شێت‌و مناڵ یەكدەگرنەوەو بۆیە بەكەسێك دەڵێن شێت چونكە دەورانی مناڵی جێنەهێشتووەو شتگەڵێك دەكات كەهەر لەمناڵ دەوەشێتەوە. لێرەداو لەم شیعرەدا ئەوەى دەدوێ پەشێوى شاعیرە نەك پەشێوى ئاسایی ناو خەڵك، چوون شاعیر لەحاڵەتی نووسینی شیعردا دەبێتە سۆفی‌و ئەوەى دەیڵێ دواتر خۆیشی باوەڕى پێناكات. ئەوە راستە كەشیعرە لەئێستادا لەسروش‌و هاتنە خوارەوەیەكی بان مرۆیی دەرچووە، بەڵام هەمیشە یەكەم دێڕو سەرەتاى شیعر یا هەر چیرۆك‌و رۆمانیش چەند رۆژێك لەمێشكی مرۆڤی شاعیرو نووسەردا دێن‌و دەچن‌و لانە دەكەن‌و دواتر

PDF4Kurd

لەوەختی داڕشتن و هەڵڕشتندا شاعیر چەند وشەیەك لادەبات و چەند وشەیەکی تر دادەنێت و لێرەدا دەتوانین بڵێین شیعر یاخود هەر بابەتێکی تری ئەدەبی خەیاڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت تێیدا بەڵام دواتر عەقڵ کۆنترۆڵی ئەو خەیاڵە دەکات و لەچوارچێوەیەکی لۆژیکیدا دەی مەێنێ و دەکرێ بەم چوار چێوەیەش بڵێن تەکنیکی هونەری لەنووسیندا.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

بەینیان،

وەک بەرخۆلەیەکی ساوا،

لەناو قەرسیلی پاراوا

تل دەخۆم و

گیایەکی تفت... تێرتێر دەجووم،

تاکفت دەبم،

پێ و بەلەکم

لەشەونمی سارد هەڵدەسووم!

لێرەدا شاعیر دڵنیانییە دێتەوە، ئەمەش بەهۆی بارودخی ناجێگیری نیشتمانەکەیەوە، بەڵام بەڵێنی ئەوە دەدات گەر هاتەوە سپێدان وەك بەرخۆڵەی ساوا، لەناو قەرسیلی پاراوی گەنمدا پاڵدەکەوێت و تل دەخوات و گیایەکی تفت تێرتێر دەجوێ و تاکفت و ماندووش دەبێت قاچوقولی لەئاونگی بەیانیان هەڵدەسوێ. ڕەنگە شاعیر ئەمانەی بەمناڵی نەکردبێت، بۆیە لەناخیدا ماوەو دەبێت لەگەورەییدا بیانکات، چوون ئێستا بۆی دەڕەخسێت. لێرەوە جارێکی تر پەنا بۆ (فرۆید) دەبەین و ئەو پێمان دەڵێ



کەئەو شتانەی گەورەیەك دەیکات و زۆر نائاسایی دێنە بەر چاومان بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کەئەو کەسە لەمناڵیدا بۆی نەڕەخساوە ئەوە بکات و ئێستا کەبۆی دەڕەخسێ دەیەوێ قەرەبووی هەموو شتە لەدەستچووەکانی مناڵی بکاتەوە. شاعیر ئاخ هەڵدەکێشێ بۆ تەنیا جارێك هاتنەوە، تاوەك سمۆرەیەك بەدارگوێزە بەرزەکانی نیشتماندا هەڵگەڕێت و ببێتە پەڵەهەورێك و کێڵگە تینووەکان پاراوکات. وەك شۆڕەبیش بەسەر چەم و زنارەکاندا بچەمێتەوە. لەنیشتمانی پەشێودا مرۆڤ سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕیوەو چاوەڕێی خێرو بەرەکەتی ئەوەو وازی لەزەوی هێناوەو لێرەیشەوە بیرکردنەوە لەنیشتمانی پەشێودا مانایەکی نییەو کەسێك ڕۆژێك نەهات بیر لەنیشتنەوەی پەڕەسێلکە بکاتەوە لەسەر تێڵی کارەبای سەر ڕێگەکان. کەس بیری نەکردۆتەوە زەڕنەقوتە چۆن باڵدەگرێ و جۆگەلەکان لەکوێوە دێن و بۆ کوێ دەچن. شاعیر ئەمانە لەوڵاتێك فێربووە کەشارستانییەتێکی هەزاران ساڵەی هەیەو دەیەوێ کەهاتەوە ئێرە خەڵکی نیشتمانەکەی خۆیشی فێری ئەو بیرکردنەوەو تێڕامانە بکات. لەم شیعرەدا رامان و دنیابینییەکی فەلسەفی ئامادەیی هەیەو شاعیر بەزمانێکی سادەی خەڵك دەری بڕیوە. ئاخر شاعیر کوڕی وڵاتێکە تائێستایش ڕێژەیەکی زۆری نەخوێندەوار تێدایەو ئەمەش بۆ ئەو کاتە هەم بۆ شیعرو هەم وەك لایەنی ڕۆشنبیریش قەڵەمبازبووە.

سەرنج دەدەم،

زەڕنەقوتە چۆن باڵ دەگرێ،

پەڕەسێلکە کۆچەرەکان،

لەسەر تێلی کارەبای رێ،

PDF4Kurd

چۆن ریز دەبن،

جۆگەلەکان لەکوێوە دێن،

بۆ کوێ دەچن!

شاعیر پێیوایە تالەوڵات بووە هەستی بەخۆشەویستی وڵاتەکەی نەکردووەو زۆری لەدەست چووە لەبەرامبەر وڵاتەکەی کەهەر هاوڵاتییەك دەبێت بکات. بۆیە دەیەوێ لەم تەنیا جارە گەڕانەوەیەدا تەواوی وڵاتەکەی بەسروشت و خاك و خەڵکەوە بەسەرکاتەوەو بیان لاوێنێتەوە. ئەم لاوانەوەیەش جیاوازە لەلاوانەوەی هەر کەسێکی تر، چونکە ئەمەی پەشێو لاوانەوەی یەکجارییەو رەنگە ئیتر وڵات نەبینێتەوەو دیسان رەنگە ئەمجارەش هاتنەوەکەی سەرنەگرێت بۆیە ئەوەندە بەجۆش و خرۆشە بۆ هاتنەوەو بۆ لاواندنەوەی نیشتمانێك کەبێنازترین نیشتمانی دنیایەو خەڵکەکەیشی خۆشی ناوێت و لەپێناویدا تێناکۆشێت. ئەم شیعرە لەمانگی ئایاری ساڵی(١٩٧٥)دا نووسراوە، واتا رێك دوومانگ دوای هەرەس. کاتێك نووسراوە شۆڕش و خەڵکی کورد لەمێژووی هاوچەرخدا تووشی گەورەترین شکست بووەو هەستانەوەی کورد لەژێر ئەو باری شکستە قورسەدا کاری نەکردەبووە، ئەمەش وایکردووە ئەم شیعرە سەراپا نائومێدی پێوە دیاربێت و شاعیر هەر لەسەرەتاوە ئەگەرێك دانێت لەبەردەم هاتنەوەیدا کەهەمیشە ئەگەرەکان ئەنجامی باشیان نەبووەو نابێت.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

لەگۆی مەمکی هەر کانییەک

قومە ئاوێک دە خۆمەوە،



گشتیان دەکەم بەدایکی خۆم،

لەهەر ئەشکەوتێکا، شەوێک

سەر بەگاشە بەردێک دەکەم،

گشتیان دەکەم بەلانکی خۆم.

لەنیشتمانی شاعیردا فڕندەکان بێباڵەکان و خەڵکەکەیشی نازانن زمان لەپێناوی مانەوەو خۆشەویستیدا بەکاربێنن، ئەرکی شاعیر ئەوەیە لەم تەنیا جارە هاتنەوەیەدا هەم زمانی گڕ بۆ لاڵەکان هەم شاپەڕی گڕ بۆ فڕندە بێباڵەکان بهێنێتەوە. لەنیشتمانی شاعیردا خەڵك تەنیا چەپکە گوڵ بۆ ناوگوڵدانێك دەچنن و لەسەر مێزێك دایدەنێن و ئیتر ئەو گوڵانە وەك مردووان، ئەرکێکی رۆمانسیان نەدراوەتێ وەك وڵاتانی تر، لاوەکان نازانن دڵداری بکەن و گوڵ پێشکەشی ئەوینەکەیان بکەن، شاعیر دەیەوێ لاوانی نیشتمانەکەی فێرکات چۆن گوڵ بچنن و بیدەن لەیەخەی دڵدارەکانیان. ئەم خەیاڵەی شاعیر هەستێکی شۆڕشگێڕانەی لەپشتەوەیەو دەیەوێت بەجارێك ترادیسیۆنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی بگۆڕێت و لەوێوە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی نوێ دانێت کەبگاتە ئاستی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیا کەئێمە چەند سەدەیەك لەدوای ئەوانەوەین.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

زمانی گڕ دەهێنمەوە بۆ لاڵەکان.

شاپەڕی گڕ دەهێنمەوە

بۆ فڕندە بێ باڵەکان!

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

PDF4Kurd

ناهێڵم لاوان گوڵ بچنن
بۆ گوڵدانی مردووی سەرمێز.
فێریان دەکەم،
کەچوونە ژوان،
لەبەرۆکی کچانی دەن،
ئەوسا بیان کەنە ئامێز!

هەندێك شتی زۆر بچووك هەن لەهەر کۆمەڵگەیەکدا کەوردبوونەوە لێیان شتی زۆر گەورەترت بۆ ئاشکرا دەکات. گەر لەشارێکدا چەند رۆژێك بمێنیتەوەو شەقامەکانی ببینیّ و سەرنجی خاوێنی ئەو شەقامانە بدەیت، ئەوەت بۆ دەردەکەوێت کەئەو خەڵکە خاوەنی فەرهەنگ و کلتورێکی بەرزن، بۆیە بەو جۆرە خاوێنیّ شارو وڵاتەکەیان رادەگرن. شاعیر لەم شیعرەدا باس لەشتگەلێك دەکات کەلەمۆسکۆوە بینیوێتی و فێربووە کە لەخۆڕاو لەماوەی شەوو رۆژێکدا دروستنەبووەو بەری رەنجی چەند سەدەیەکی ئەو وڵاتانەیە. ئەو شتگەلە بۆتە فەرهەنگ و ناسنامیە ئەو خەڵکەو تابێت جوانتر دەبێت تیایاندا. ئەم شاعیرەمان بڕیاریداوەو لەمناڵانی مۆسکۆوە فێربووە کەبەبیّ شیرینی و دیاری مناڵانە سەرنەکات بەهیچ ماڵێکدا، بۆیە دەیەوێت لەم هاتنەوەیەیدا سەربکات بەهەموو ماڵەکانی ئەم نیشتمانەداو شیرینی و دیاری بداتە هەموو مناڵان. ئەیەویّ بڵیّ من پێشڕەوی گۆڕینم لەم کۆمەڵگەیەداو ئەونەریتە من دەبمە سەرمەشقی. ئەمەش دیارە لەدنیادا ئەرکی رۆشنبیران بووە کەهەمیشە پێشڕەو بن بەتایبەت لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەدا.



ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:
مناڵانی مۆسکۆی چاوشین فێریان کردووم بیّ شیرینی
سەرناکەم بەهیچ ماڵێکدا،
زۆر جۆلانەی نەرم و سادە
بۆ مناڵان هەڵدەبەستم.
لەجەژنی لەدایکبوونیانا
کەنیانە
بەشداردەبم...
لەباتی مۆم دادەگیرسێنم ئەنگوستم.
گڕ بەردەدەک لەگلێنەی چاوەکانم،
لەساواترین هەڵبەستم.

کۆمەڵگەی کورد بەهۆی شەڕو شۆڕە بەردەوامەکانی لەگەڵ داگیرکەراندا هەمیشە لەدواوەبووەو جیا لەچەژن و بۆنە ئایینییەکان رۆژێکی تری تەرخان نەکردووە بۆ دەربڕینی خۆشگوزەرانی و بایەخدان بەژیان، ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە ئەوەندەی هەوڵی ناشیرین کردنی ژیانی داوە کەمتر هەوڵی جوانکردنی داوە. ئەمەش لەئەدەبیاتەکەیدا دەردەکەوێت کەیەك پارچە بۆنی خوێنی لێدێت و ناسکترین غەزەلی دڵداری گەڕانەوەی تێدایە بۆ نیشتمان و شەهید بوون لەپێناویدا. ئەدەبیاتی ئێمە یەك پارچە پیاهەڵدانە بەمەرگ و شەهیدبوون و بەهیچ نەزانینی ئەم ژیانە، لەکاتێکدا خودی ئەم ژیانە شایانی بایەخپێدان و پیاهەڵدانە نەك ژیانێك لەدوای ئەمەوە کەبوونی نییە.

PDF4Kurd

ئەمەش بەشێكی بۆ ئاین دەگەڕێتەوە كەهەمیشە ئینسان بۆ ژیانی دوای مردن ئامادەدەكاتو ئەم ژیانەی لەبەرچاو ناشیرین دەكات لەلایەكیش بۆ سروشتی ئەم كۆمەڵگەیە كەهەمیشە لەشەڕدابووە لەپێناوی مانەوەی خۆیداو لێرەیشەوە تاقە چەكی دەستی ئەدەب بووە بۆ جوڵانی هەستو نەستی خەڵك، چوون هیچ سەرچاوەیەكی میدیایی تری بەدەستەوەنەبووە. جەژنی منالان یەكێكە لەو بۆنانەی كە جوانترین دەربڕینە لەبەرامبەر خۆشگوزەرانی ژیاندا، ڕەنگە لەڕوانگەی دینەوە بیدعەو گومڕابوون بێت. كۆمەڵگەكانی دنیا لەڕێگەی بایەخدان بەمناڵەوە بایەخ بەژیان دەدەنو دەیانەوێ ئایندەیان وەك بلور روونو زوڵاڵ بێت، كەئەمش تەنیا بەبایەخدان بەمناڵ دەكرێتو هەر كۆمەڵگەیەكیش مناڵی بەلاوە گرنگ نەبێت مانای ئەوەیە كە ئایندەی بەلاوە گرنگ نییە. شاعیر لەكاتێكدا باس لەجەژنی منالان دەكات كەدوای سی ساڵ لەكۆمەڵگەكەیدا وردەوردە ئەو ڕۆژە دەبێتە جێگەی بایەخ لەلای خەڵكو دەسەلاتیش. ئەمەش بۆ دنیابینی شاعیر دەگەڕێتەوە لەوەی كەشتەهەستیارەكان بوروژێنێو بیكاتە ئامانج لەنووسینی شیعردا. پەشێو دەیەوێ لەجەژنی منالاندا بەشدار بێتو هەر خۆیشی ئەو جەژنە سازكاتو گڕبداتە هەڵبەستەكانیو پەنجەكانی بكاتە مۆمو ناسكرتین جۆلانەشیان بۆ داخات. لێرەدا شاعیر دەبێتە بابەنوئێلو دڵی منالان خۆشدەكات، ئەمەش ئەوە دەردەخات كەشاعیر لەخەمی ئایندەی ولاتەكەیدایەو دەیەوێ گەشترین ئایندە بۆ ولاتەكەی بنیات بنێت. ئەم خەمەی شاعیر لەدوا پارچەی شیعرەكەدا زیاتر خۆی نمایشدەكاتو دیسان جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە گەر هاتەوە، واتا لەهاتنەوەكەی بەگومانەو ئاخی بۆ هەڵدەكێشێو كەهاتیشەوە بەشێنەیی بەسەر هەر بێشكەیەكی



مناڵدا دەنووشتێتەوەو كڕنووشی بۆ دەبات. واتا شاعیر كڕنووش بۆ ئایندەی ولاتەكەی دەبات كەدڵنیانییە لەوەی بەگەشی دەیبینێ یاخود وێرانتر دەبێت.

ئەگەر ئەمجارە بێمەوە:

هەر بێشكەیێک بێتە سەر ڕێم،

بەشێنەیی بەسەریا دەنووشتێمەوە.

ئاخ، منالان!

ئاخ، بەس ئەمجارە بێمەوە.

شیعری (بۆ قەرەجێك) یەكێكی ترە لەو شیعرانەی پەشێو كەكاریگەرییەكی زۆری تاراوگەی لەسەرەو هاوكات تەمی نائومێدییەكی چڕیش دەوری داوە. لەم شیعرەدا شاعیر خەمی بێ ولاتی تەنگی پێهەڵچنیوەو ئامادەیە واز لەماڵو منال بهێنێ تەنیا بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی ولات، شاعیر نەسرەوتو سامانی دەوێت نەژیانێكی كۆمەلایەتیانەی وەك تەواوی مرۆڤەكانی تر، بەڵكو تەنیا لەخەمی بێ ولاتیو بێ دەوڵەتیدایە. لێرەدا فاڵگرەوەیەك یا بەقەولی كورد قەرەجێك بەنیازی دەستگرتنەوەیە بۆ شاعیر تاپێی بڵێ تۆ چی بەچی دەكەیتو دەبیتە خاوەنی چیو لەسنووری فاڵی ئەو قەرەجەشدا شتێك نییە ناوی ولاتو دەوڵەت بێت، چوون قەرەج بۆخۆی هیچ یەكێك لەوانەی نییەو گرفتێكیشی نییە لەنەبوونی ئەو دووەدا. دواتر ئەوەی قەرەجێك وەك فاڵگرتنەوە بەخەڵكی دەڵێت بەگشتی لەسنووری سەروەتو سامانو خۆشەویستی دەرناچێت، هەر بۆیە هەرچەند دەكاتو لێیوردەدەبێتەوە لەناو لەپی شاعیردا شتێك بەو دووناوە نییەو نازانێ چی

PDF4Kurd

بەم شاعیرەمان بڵێ، بۆیە ناچار شاعیر خۆی دێتە قسەو پێی دەڵێ: من ئەو دووشتەم ناوێت کەتۆ لەناو لەپی مندا بۆی دەگەڕێی، بەڵکو من دەردەداری شتێکی ترم کەلەخەیاڵی تۆو لەفاڵەکەی تۆدا چنگ ناکەوێ.

بەس تەماشای ناولەپم کە!

خۆمن نامەوێ پێم بڵێی،

دەبم بەباوکی چەند منداڵ،

زەنگین دەبم یا هەروا لات....

تەنیا شتێکم پێ بڵێ:

هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،

یاخود دەبمە خاوەن وڵات؟!

شاعیر رووی دەمی دەکاتە قەرەجەکەو دەیەوێ ئەوەی لێببیستێ کەئایا هەتا ماوە وەك ئەوی قەرەج دەژیو نابێتە خاوەنی وڵاتو دەوڵەتو بەکورتی خاوەنی خۆی. بەڵام لێرەدا شاعیر ئەوەندەی لەخەمی وڵاتەکەیدایە ئەوەندە لەخەمی بیرۆکەی شیعرەکەدا نەبووە، چوون کوردو قەرەج زۆر لێك جیاوازن، کورد بەتایبەت لەو وەختەی ئەم شیعرەی تێدانووسراوە لەدنیادا ناوی نەبووەو بۆ هەرکوێ چووە دوژمن بووەو ئازاد نەبووە، بەڵام قەرەج بەدرێژایی سەردەمەکان بەتایبەت لەهەندێك وڵاتی ئەوروپادا کەیەك لەوان ئیسپانیایە ئازادیەکی زۆری هەیەو مافێکی زۆریشیان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا پێڕەوابینراوەو رێگری لەهاتوچۆو چۆنێتی ژیانیان ناکرێت، کەئەمە بۆ کورد تائێستایش لەوڵاتانی داگیرکەری سەردەستا بەو جۆرەنییەو وەك قەرەجیش ژیان بەکورد رەوانابینن.



دیسان شاعیر رووی دەمی دەکاتەوە قەرەجەکەو دەڵێ: هیچ خۆت ماندومەکەو تووڕەش مەبە، چوون دەستی من نهێنییەکی تێدایەو ئەو نهێنییەش هەموو کەس تێی ناگات، بەتایبەت تۆیەك کە بەژیانی قەرەجیو رەوندی خۆت راهاتویتو ئەو ژیانەشت لای خەڵکی دەوروبەرت ئاسایی وەرگیراوەو رێزی لێدەگیرێ.

مەراق مەخۆ،

سەغڵەت مەبە، من بۆ تۆمە.

بەری دەستم کەس تێی ناگا ـ

نهێنییەکەی هەر لای خۆمە.

ناولەپ نییە!

نەخشەیەکی پڕ نەوالو چیاو چۆمە!

قسەیەکی باو هەیە دەڵێ: خەڵکی رۆژهەڵات بەگشتی سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕیوەو هەمیشە چاوەڕێی باران دەکەنو ئاگایان لەزەوی نەماوە، لەکاتێکدا ژیانی ئەوانو بوونو مانەوەیان بەندە بەزەوییەوە، ئەمەش تێگەیشتنێکە رەگی قوڵی لەئاییندایەو مرۆڤی رۆژهەڵاتی پێیوایە ئاسمان نەبێت ئەو دەمرێ لەبرساو گەر ساڵێك باران نەبارێو وشکە ساڵی بێت ئەوە ئیتر ژیان تەواوبووە. هەر ئەم سەر هەڵبڕینە بۆ ئاسمان وای لەخەڵکی کورد کردووە بەدرێژایی مێژوو ئەوەی بیرنەکەوێتە کەئەو خاوەنی خاکێکەو ئەم خاکە ئازادی دەوێتو گەر ئازاد نەبێت ئەویش بەهۆی ئەو خاکەوە دیلەو دیلیش ژیانی پڕ دەردەسەرییە. ئەمەش والە شاعیر دەکات زۆر تووڕەو بەدەنگێکی دلێر بەسەر خەڵکی کورددا هاوارکاتو بڵێ:

PDF4Kurd

ئاسمانی تۆ ـ بەرپێی خۆته.
سەرت شۆڕکە،
ملت کەچ کە،
چاو مەگێڕە
بۆ ئاسمان و ئەستێرەو خوا ـ
ئەوەی بستێک خاکی نەبێ،
خواو ئەستێرەو ئاسمانی کوا؟!

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گەر کورد بیتوانیانە سوود لەو هەلە مێژوویە وەرگرێت و کەمێك دەستبەرداری هەستی ئایینی خۆی بوایە، رەنگە ئێستا وەك عەرەب خاوەنی دەولەت بوینایە، بەڵام بەهۆی هەستی ئایینی کەخەلیفەکانی عوسمانی بەدرێژایی چەندین سەدە کوردیان پێ گۆشکردبوو کورد پاڵیدا بەخەلیفەکانەوەو دەستبەردرای ئایین نەبوو ئەمەش وایکرد کەهیچمان بەهیچ نەبێت و بەژێر دەستەیی بمێنینەوە. پەشێویش پێیوایە کەهەر کەس یاخود هەر نەتەوەیەك بستێ خاکی نەبێت نەخودای هەیەو نەئاسمان و ئەستێرە. دیستۆڤسکی دەڵێ: هەر نەتەوەیەك خاوەنی خودایەك نەبێت رزگاری نابێت. لێرەدا دیستۆڤسکی مەبەستی ئەوە نییە خودایەك جیا لەخودای خەڵکی تر، بەو مانایەی ئەو بانگەشەی فرە خودایی ناکات، بەڵکو ئەو مەبەستی نمونەیەکی باڵایەو هەر نەتەوەیەکیش خاوەنی ئەو نمونە باڵایە نەبێت ناتوانێ بەرەو پێشبچێت و ببێتە خاوەنی خۆی و بەمجۆرەش رزگاری نابێت لەژێردەستەی. شاعیر دەڵێ کەی بویتە خاوەنی زەوی ئەوسا هەم خودا پەرستی خۆت بکە، هەم



چاوەڕێی ئاسمانیش بکە. تۆ کەزەوییەکی ژێرت هی خۆت نییە ئیتر چۆن دەتەوێ ئاسمانەکەی ببێتە هی تۆو ئەستێرەی تێدا ببینی.

کارلۆس فۆئینتس(٧) لەوتارێکیدا لەسەر (نیکۆلای گۆگۆڵ) دەڵێ: کاری داهێنەرانەی ئەم نووسەرە ئەوەیە کەئاوڕی لەشتگەلی زۆر ورد داوەتەوە، ئەو شتانەی کەچاوی مرۆڤی ئاسایی نایانبینێ ئەم خستوێتییە بەر مایکرۆسکۆپی بینین و شتی گەورەی لێدروستکردووە. ئەم قسەیەی فۆئینتس مانای ئەوەیە کە داهێنەر ئەو کەسەیە لەشتی نەبرینراوو پەراوێزخراو شتی گەورەتر دروستکات. پەشێویش وەك داهێنەرێك هەمیشە ئاوڕی لەشتگەلی بچووك داوەتەوەو ئەو شتگەلەی گەورەکردووەو زۆرجار دەیان هێنێتە قسە. لەشیعری (کرێوە)دا کەنامۆییەکی زۆری پێوە دیارە هەست بەم داهێنانەی پەشێو دەکرێ. لەم شیعرەدا پەشێو وەك چۆن (سەمەدی بەهرەنگی) کلوە بەفرێکی هێناوەو لەوێوە خەمی هەژرانەی خۆی بەیان دەکات، پەشێویش لەرێگەی ئەو کلوە بەفرەوە خەمی دوورە وڵاتی و بێ وڵاتی خۆی بەیان دەکات. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە شاعیر هاوشێوەییەك لەنێوان بەفرو کورددا دەدۆزێتەوە، بەوەی کە بەفریش وەك کورد نیشتمانی نییەو هەر رۆژەی لەشوێنێك هەواری هەڵدەدات و سەرباری ئەوەش تەمەنی زۆر کورتەو دوژمنیشی زۆرەو ئیتر باران یاخود هەتاو یارەشەبا دەیکاتەوە بەئاوو دەیخاتەوە ناخی زەوی.

کرێوە بوو، دنیا بولێڵ...
لەپم کردە لانەی کلوە بەفرێکی وێڵ.
وەک ئاشقێک، تاتوایەوە تێمرِوانی.

کەبوو بەئاو ناسیمەوە:

لەکوردستان

دڵۆپێک بوو... لەناو کانی!

ئەم زیاد پێوەنان و وەك دەڵێن (موبالەغە)یە هەر لەشیعردا جێی دەبێتەوەو کاتێك لەشیعریشدا جێی بۆوە دەبێتە کاری داهێنەرانە. هەموو کلوە بەفرمان بینیوەو بەرامبەری راماوین و زۆرشتمان دروستکردووە بەخەیاڵ بەهۆی ئەو کلوە بەفرەوە، بەڵام بۆ کەسێکی ئاوارەی وەك ئەم شاعیرەمان لەمۆسکۆی چوار وەرزە بەفردا، پێیوایە هەموو کلوە بەفرێك ریشەی لەخاکی کورددایەو پێشتر دڵۆپە ئاوێکی ناو کانیاوێکی کوردستان بووەو بۆتە هەڵم و دواتر لەئاسمانی مۆسکۆدا باریوەو کەوتۆتە سەر لەپی دەستی شاعیر. ئەوە دوورە نیشتمانی و غوربەتە واله شاعیر دەکات موبالەغەبکات و چیرۆکێك دروستکات کەلەدنیای واقعدا خۆیشی بڕوای پێنەکات، ئاخر ناچێتە ئەقڵی مرۆڤەوە ئەو کلوە بەفرەی لەمۆسکۆ کەوتۆتە سەرلەپی دەستی شاعیر سەرەتا دڵۆپە ئاوێکی ناو کانیاوێکی کوردستان بێت، بەڵام کەلەڕێگەی ئەم شیعرەوەو بەهۆی ئەو خوزنە زۆرەی شاعیر بۆ نیشتمان دەیخوێێنەوە هەستەکەین لەبەردەم جوانترین شاکاردا وەستاوین.

تەمەنی مرۆڤ زۆردرێژبێت لەسەدەیەك تێناپەڕێت، ئەمە جگەلەوەی کە لەوڵاتێکی وەك کوردستاندا لەشەست بەرەو سەر مرۆڤ ژیانی دەبێتە دەردەسەری، سەرباری ئەوەش بۆخۆی ژیانی مرۆڤ نیوەی خەوە. گەر بەرێژەیش داینێین ئەوە تەمەنی مرۆڤ لەپەنجا ساڵ تێناپەڕێت، چوون گەر سەد ساڵ بژی وەکو ئەوە وایە پەنجا ژیابێت ئاخر ئەو پەنجاشی خەوتووەو



خەویش قۆناغی سستبوونی مرۆڤەو بەزیندوو نادرێتە قەڵەم. بەکورتی بەهۆی بارودۆخی سەختی ئەم وڵاتەی ئێمەو بەهۆی دایگرکەرانەوە ژیانی مرۆڤی ئێمە بەدەگمەن خۆشی تێدایە بەتایبەت بۆ ئەو نەوەیەی شاعیر، هەر ئەم رابردووەشە وایکردووە پەشێو لەوڵاتێکی پڕ خۆشگوزەرانی وەك (فنلەندا)دا دڵی بەژیان خۆشنەبێت و وەك بیگانەیەك باس لەخۆی بکات. ئەم شاعیرەمان ماتەریالیزمانە دەڕوانێتە دنیاو پێیوایە لەدوای مردن زیندووبوونەوە نییەو گەر ژیانێك بۆ مرۆڤ هەبێت ئەمەیەو ئیتر پێویستە لێرە خۆش بیگوزەرێنێ و خۆی هەڵنەگرێت بۆ دنیایەکی تر کەلەڕوانگەی شاعیرەوە نییە. شاعیر ڕوودەکاتە خوداو پێیدەڵێ: تازە ئەم ژینەم لەدەستچوو تەمەنم بەرەو کۆتایی دەڕوات، گەر دەکرێ ژیانێکی، یاخود تەمەنێکی ترم خەڵاتکەو بەبستە زەوییەکیش رازیم بەمەرجێك وەك بێگانەو نەناس لێم نەڕوانن. شاعیر دوای نزیکەی سی ساڵێك هێشتا هەستەکات خەڵکی ئەو وڵاتانە نییەو بێگانەیە، ئەمەش وادەکات بەبستە زەوییەك رازی بێت بەمەرجێك ئەو بستە زەوییە خۆی خاوەنی بێت و داگیر کەرێك فەرمانڕەوایی نەکات. سەرباری ئەوە داوای تەمەنێکی درێژی وەك ژیانەکەی پێشووی ناکات و دەیەوێ وەك تەمەنی گوڵ و پەپولە تەمەنی ئەمیش لەم ژینە تازەیەدا کورتیش بێت هەر رازییە بەڵام سەبەخۆو ئازاد بژێ.

## خەڵات

ژینێکی ترم خەڵات کە، خوایە!

باکورت بێ وەک هی گوڵ و پەروانە،

بەهەر بستێ عەرد من قنیات دەکەم،

PDF4Kurd

بەڵام تیا نەژیم وەکوو بێگانە!

شیعری پەشێو ئەوەندە خۆماڵی و مۆرکی کوردی پێوە دیارە لەهەندێك شوێندا هەستەکەیت بۆنی خاکی لێدێت، بۆنی خاکێك کەبارووت سووتاندویێتی، ئەم حاڵەتە لای (شێرکۆ بێکەس) چڕتر دەبێتەوە، بەگشتی نەوەی شەستەکان، نەوەی ناو ئاگرو ئاسنی شۆڕشی کورد جۆرێك نووسیویانەو دەنووسن هەستەکەیت قەڵەمەکەیان لەبری مەرەکەب قوڕو لیتەو تەپو تۆزی ئەم وڵاتەی تێدایە، بەتایبەت ئەو شیعرانەی ئەو شاعیرانە کەلەتاراوگەو دەربەدەری نووسراون. ئەمەش خەسڵەتێکی سەرەکی شیعرو ئەدەبە لەتاراوگەدا. (وەدیع عوبێدی) شاعیرو نووسەری عێراقی کەلەتاراوگەو لەنەمسا دەژی، پێیوایە تێکستی تاراوگە واتا ئەو تێکستەی لەتاراوگە دەنووسرێت تێکستێکی تەواو ئازادەو هاوکات تێکستێکی خۆماڵی و رەسەنیشە(٨). چوون لەئازادیدا لەدایك و بووەو نووسەر بەزمانی دایك دەینووسێت و زەمینەی ئەو نووسینەیش خودی ئەو وڵاتەیە واتای وڵاتی نووسەرەکە کەلێی هەڵاتووە. رەنگە لێرەدا هەر ئەوەندە بوترێ لەسەر شیعری ئەم شاعیرەمان و کاریگەری تاراوگەو ژیان لەتاروگە لەسەر شیعرەکانی. شیعری پەشێو قسەی زۆرترو هەمەلایەنەتر هەڵدەگرێت بەڵام کاری من لێرەدا تەنیا قسەکردن بووە لەسەر ئەو شیعرانەی لەتاراوگە بەتایبەت نووسراون و کاریگەری زۆری تاراوگەشیان بەسەرەوەیە. ئەوەی دەکرێ لەم کۆتاییەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە کەبەداخەوە حەماسەت و خەمی نەتەوە رووبەرێکی زۆریان لەشیعری پەشێودا داگیرکردووە بەجۆرێك لەهەندێك شوێن و هەندێك شیعردا زمانی دابەزاندۆتە ئاستی دروشم و وتاری سیاسی و بەمەش زیانێکی زۆری هەم لەئەزموونی شیعری خۆی،



هەم لەرەوتی بەرەوپێشچووی شیعری کوردیداوە. ئەمەش هەر لای پەشێو وانییەو دەردەکە بەهۆی باری نالەباری کوردەوە تەواوی شاعیرانی کوردی لەسەدەی بیستدا گرتۆتەوە، جگەلە لەنەوەی هەشتاکان و نەوەی دوای راپەڕین. بەهەرحاڵ ئەم نووسینەی من گەر بڕیاربێت پێی بوترێ لێکۆڵینەوە هەوڵێکی خاکەڕاییانەیە بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی هەندێك لایەنی زۆر جوان و درەوشاوە لەشیعری پەشێودا. ئەوەی وەك ئەنجامیش هەڵمانهێنجاوە ئەوەیە کەتاراوگە ئەزموونی شیعری پەشێوی دەوڵەمەندکردووەو پەشێو بەهۆی کاریگەری تاراوگەوە لەسەر لایەنی رۆحی خەرمانی داهێنانی بەبەرەکەت تربووەو ئەمەش بۆ فراوانبوونی جیهانبینی شاعیر دەگەڕێتەوە لەتاراوگە، بەڵام مەرجیش نییە تاراوگە بۆ هەموو کەس ببێتە سەرچاوەی داهێنان و فراوانبوونی جیهانبینی. رۆحی داهێنەرانە لەشاعیردا هەبووەو تاراوگە بۆتە هۆی تەقینەوەی ئەو رۆحەو شاعیریش بەسەلیقەی خۆی سوودی لەو تەقینەوەیە وەرگرتووەو پێگەی خۆی لەشیعری کوردیدا پێ قایمکردووە.

PDF4Kurd

## سەرچاوەکان

١ ــ وتارێکی دکتۆر فەرهاد پیربالْ لەیەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری یەکگرتن
کەلەهەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەدانیمارك دەرچووە.
٢ـ رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی
٣ ـ مەحمود دەروێش
هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعرو سیاسەت و تازەگەریی
هەڤپەیڤین
وەرگێرانی جەمال غەمبار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم ٢٠٠٦
٤ ـ گۆڤای سەردەمی رەخنە ژمارە(١) ٢٠٠٥
بەختیار عەلی... لەدەنگی زمانەوە بۆ بێدەنگی مانا..
٥ ـ الغة الشعرية في خطاب النقدي العربي
محمد رضا مبارك
دار الشؤون الثقافية العامة
بغداد ١٩٩٣
٦ ـ نقد ادبی و دموکراسی
جستارهای در نظریه و نقد ادبی جدید
حسین پایند
انتشارات نیلوفرچاپی یەکەم ١٣٨٥
٧ ـ از چشم فۆئنتس
کارلۆس فۆئنتس
ترجمە: عبدلله کوسری
انتشارات ترح نۆ
٨ ـ الهروب من الفردوس لايعني النجاة من افاعيه
ادب المنفي بين الحرية وحلقات الحصار
وديع العبيدي
پێگەی رۆشنبیر

*ئەم لێکۆڵینەوەیە لەیازدەهەمین ڤێستیڤاڵی گەلاوێژ لە(٢٠ تا٢٠٠٧/١١/٢٧)خوێندراوەتەوە.

PDF4Kurd

بۆ تۆ وڵات شیرینتربوو

PDF4Kurd

یەکێك لەگرفتە سەرەکییەکانی ئێمەی کورد هەر لەدێرەوە تانهۆ نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ بووە جائەو قەوارەیە ئیمپراتۆر بووبێت یاخود دەوڵەت، تالەو ڕێگەیەوە کلتورو فەرهەنگی خۆمان بپارێزین، لەلایەکیتریشەوە ئەوەی هەشمانبووە بەهۆی لەشکرکێشی ئیمپراتۆرو زلهێزەکانی ناوچەکەو جیهانەوە لەناوچووەو هیچ بۆ ئێمە نەماوەتەوەو سەرباری ئەوەش خۆشمان تائەمڕۆشی لەگەڵ بێت ئەوەندە دەربەستی فەرهەنگو کلتوری خۆمان نین و تائێستاو دوای نزیکەی پازدە ساڵ ئازادی کوردستان نەمانتوانیوە دەزگایەکی گەورەی ئەرشیفسازی دامەزرێنین بۆ کۆکردنەوەو سەرلەنوێ چاپکردنەوەی میراتی ئەدەبیمان کەتاکە شتێکە ئێمە بەڕابردووەوە دەبەستێتەوەو دەتوانین لای بێگانە باسیبکەین. سامانی ئەدەبی ئێمە نەهامەتییەکی تریشی هەیە ئەویش ئەوەیە کەبەیەك



دیالێکت(زاراوە) نەنوسراوەتەوە، بەڵکو بەزۆر زاراوەی کوردی نوسراوەتەوە ئەمەش زۆر کێشەی بۆ دروستکردوین چونکە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی لە(بابە تاهیری هەمەدانییەوە)(عوریان)(٩٣٥تا ١٠١٠ز)، دەست پێدەکات، کەچی تائێستاش فارسەکان خۆیان بەخاوەنی (بابە تاهیر) دەزانن و ئەوەندەی ئەوان خزمەتی دەکەن و بەتەنگ شیعرەکانییەوەن ئێمە بەتەنگییەوە نین و هەرئەوەش داشی فارسەکانی سوارکردووە، ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەیە کە(بابە تاهیر) بەزاراوەی لوڕی نوسیوێتی و فارسەکانیش ئەوە بەزارێکی زمانی فارسی دەزانن، (خانای قوبادیش) بەزاری هەورامی نوسیوێتی و (ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و پرتەوی هەکاری) و زۆر شاعیری تریش بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو چەند دیالێکتی تر شیعریان نوسیوە.

لەدوای (ئەحمەدی خانی)یەوە (جگەرخوێن) یەك لەو شاعیرانەیە کەبەزاری کرمانجی ژووروو شیعری حەماسەت و بەرگری نوسیبێت و شیعری وەك گوتاری مانەوەو دروستکردنی هەستی نەتەوەیی بەکارهێنابێت، بەڵام جیاوازی (خانی و جگەر خوێن) تەنیا هەرلەوەدا نییە ئەویان کلاسیك و ئەمیشیان هاوچەرخ و ڕۆمانتیك، بەڵکو کۆمەڵێك جیاوازی هەیە لەنێوان (جگەر خوێن و خانی)دا کەلەهەموویان گرنگتر زەمینەو زەمانی هاتنە دنیایانە. (خانی) لەسەردەمی پاشاو ئیمپراتۆرەکاندا ژیاوەو (جگەر خوێن)یش لەسەردەمی پڕ هەراو هوریای دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا، بەڵام خاڵێکیش کەئەم دوو شاعیرە مەزنە پێکەوە دەبەستێت و هەردووکیان کۆکن لەسەری دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەییانەیە. (خانی) لەخەمی ئەوەدایە کەکوردان هەستی نەتەوەییان نییەو کەسێك نییە ئەو

PDF4Kurd

هەستەیان تێدا دروستكاتو سنورەكانی جوگرافیای كوردستان بكاتەوە بەیەك. بەڵام (جگەرخوێن) سەرباری ئەوخەمانەی (خانی) مەزن هەیەتی لەخەمی ئەوەشدایە چۆن شیعری كوردی هاوشانی ئەو پێشكەوتنە تازانەی دنیا بخاتەڕیٚو وەك شیعری نەتەوەكانی دەورووبەر بەرەو پێشەوەی بەرێت، بۆیە دەبینین هەرلەسەرەتاوە جگەر خوێن بەرەو تازەگەری دەڕواتو لەسەر هەردوو ئاستی فۆڕمو ناوەڕۆك ئەو كارەدەكات.

لەسەردەمی (جگەر خوێن)دا خاكی كوردستان بەواقعی دابەشدەبێتە سەر چوار پارچەو هەر پارچەیەو بەر دەوڵەتێك دەكەوێتو وەك لایەنی كلتوریش كورد دەبێتە پاشكۆی سیٚ كلتوری لێك جوودا كەدووانیان (توركو عەرەب) زیاتر گرێدراوی ئایینی ئیسلامنو تاڕادەیەكی زۆریش بیابان نشینیو كێونشینی بەوانەوە دیارەو لەو ناوەدا تەنیا (فارس) شارستانییەتێكی دێرینی هەیەو لەلایەنی داگیركارییەوە هەندێك شتی بەئێمە بەخشیوە لەناویاندا هونەری گۆرانیو مۆسیقایە كەلەئێستادا باڵی بەسەر مۆزیكی ئێرانیدا كێشاوە. شاعیر هەموو زوڵم زۆرەكانی ئەو چوار وڵاتە دەرهەق بەكورد لەسەردەمی تازەی دنیادا دەبینێتو ئەوەش دەبینێت كەتازە زلهێزەكانی دنیا بەرژەوەندی چاوی كوێركردوونو گویٚ بەوە نادەن كورد چێپێدەكریٚو چیلێدەكرێت لەلایەن ئەو دەوڵەتە تازە دروستبووانەوە.

سەدەی بیست وەك چۆن سەرەتای پێنانە قۆناغێكی نوێی شیعری كوردییە، ئاواش گیرۆدەبوونی شیعری كوردییە بەزۆر ئەركو مەسەلەیتر كەوەك بیگارێك وایەو شیعری كوردی رایدەپەڕێنی. ئەركی شیعرنییە مێژوو بنوسێتەوە، ئەركی شیعرنییە ئامۆژگاری خەڵك بكاتو شاعیر هەوڵبدات وەك ریفۆرمیستێكی كۆمەڵایتی خەڵك بۆ كاری باشە هانبدات، ئەركی



شیعرنییە لاوان بەرەو كۆڕی خەباتو تێكۆشان بەرێت، ئەركی شیعرنییە ژنان پەلكێش كات بەرەو ئازادیو بەرابەری لەگەڵ پیاواندا، بەڵكو ئەركی شیعر تەنیا شیعرەو هیچیتر. كەچی لەبەدبەختی كورد شیعری كوردی لەسەدەی بیستدا هەموو ئەو ئەركانەی گرتۆتە ئەستۆو زۆركەمتر خۆی لەقەرەی شیعرداوە لەپێناوی شیعرو دۆزینەوەی جوانیدا وەك چۆن لای (گۆران) لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستدا دەگاتە لوتكە. شاعیرانی ئێمە لەسەرەتای سەدەی بیستدا هەموو وەك ریفۆرمیست كاریانكردووەو ئەركێكی زۆرو زەوەندو هەمەلایەنەیان داوەبەشانی شیعردا كەئەركی شیعرنییە، شاعیرانی ئێمە تەنیا لەڕێگەی بینینی شتەكانەوە توانیویانە بگەنە وەسفێكی سادە یان بەدەگمەن قوڵی شتەكان ئەویش بەزمانێكی سادەی دوور لەشیعرییەت، جگەلە شاعیرانی كلاسیكمان لەشێوەی (مەحوی) لەكاتێكدا ئەركی شیعر خولقاندنی جۆرێكی ترە لەزمانو لەڕوانینو لەدەربڕینو جیهانبینی بۆدنیاو بۆ شتەكان. (جگەر خوێن)یش یەك لەو شاعیرانەیە كەشیعری بەو ئاراستەیەدا بردووە، كەدیارە ئەمەش رەنگە دیاردەیەكی تایبەت نەبێت بەكوردو بەڵكو رەنگە زۆر نەتەوەی تر لەقۆناغی رزگاری نیشتمانیدا هەمان شێوەی ئێمەبووبن بەڵام هێندە هەیە كەمەسەلەی داگیركاری بۆكورد زۆر جووداترە لەنەتەوەكانیتر.

(جگەر خوێن) لەسەر دەمێكی زۆر هەستیاردا هاتۆتە دنیاوە، بەتایبەت كەخۆی وەك كوردێك شایەتحاڵی تەواوی ئەو زوڵمو زۆرە بووە كەلەنەتەوەكەی كراوە لەلایەن داگیركەرانی هاوچەرخەوەو بەبەرچاوی گەورە هێزە تازەكانەوە. ئەمەش كاریگەریەكی زۆری لەسەر شیعرو دنیابینی (جگەر خوێن) داناوەو وەك حیكایەتخوانێكی راستگۆ وردو درشتی ئەو

PDF4Kurd

ڕووداوانەی وەك شیعری بەرگری بەدیالێکتی کرمانجی ژووروو نوسیوەتەوە. سەردەمی هاتنە دنیای جگەر خوێن سەردەمی خێرای بەشارستانی بوونی نەتەوەکانەوەو، هاوکات سەردەمی بەدڕندەبوونی زیاتری داگیرکەرانی کوردیشە چونکە داهاتنی تەکنۆلۆژیای نوێی سەربازی زیاتر کۆمەکی داگیرکەرانی کوردی کرد بۆ قڕکردنی کوردو سووتاندنی تەواوی نیشتمانەکەی بەسیاسەتی ئاگرو ئاسن. ئەو شایەتحاڵی کۆمەڵکوژییەکانی دوای دامرکانەوەی شۆڕشەکەی (شێخ سەعیدی پیران)و لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕانو دواتر کۆمەڵکوژییەکانی دۆڵی (زیلان)ی بەچاوی خۆی بینیوە کەبەهۆی سەر هەڵدانەکەی (سەید ڕەزای دەرسیمە)وە لەساڵی(١٩٣٧) ڕژێمی دڕندەی (ئەتاتورك) بەربۆتە گیانی خەڵکی ئەو ناوچەیەو بەهەزارانی لێ گوللەباران کردوون. لای جگەر خوێن ئەم ڕووداوە دەبێتە شیعر

پشتی شەرێ ئەرارات
بسەر کورد دە بەلاهات
زارو زێچو مێرو ژن
کەتن ناڤ لەپێ دژمن
دبێن چلوحەفت هەزار
هەمی ڕەبەن، تەڤ هەژار
ئاژوتن گەلیێ زیلان
هەمی دانەبەر گوللان



ناونیشانی شیعرەکەی دڕندەیی دوژمنە(هۆڤیتییا دژمن)ەو تێیدا باسی ئەوە دەکات کەچۆن تورکە کەمالییەکان لەدوای شەڕی ئاراراتەوە هاتوونەتە ناوچەی زیلانو چلو حەوت هەزار ئینسانی کوردیان بردۆتە دۆڵێکەوەو گوللەبارانیان کردوون. لەوە دەدوێ کەچۆن تورکە کەمالییەکان کوردستانیان سوتاندووە چۆن ناوی شارو گوندو ناوچە کوردییەکانیان گۆڕیوەو دڕندانە بەربوونەتە گیانی خەڵکی کوردو دەستیان لەمناڵی ساواش نەپاراستووە

من دی زارۆکەک پەپووک
پەرێشانو پر بچووک
ژ ناڤ ئاگر درەڤی
دڤیێ کو زوو دەرکەڤی

ئەمیش چەشنی خانی هاواری یەکبوونی کوردان دەکاتو پێیوایە گەر کورد یەك بێتو دوای زانستو وشیاری کەوێت لەژێردەستەیی دەردەچێتو کەس زاتی چەوسانەوەی ناکات

ڕابن ببن یەک، دەستان بدن هەڤ
ژ بۆمە دڤێت تەنێ هشیاری
شازدە ملیون کورد گەرناسو مێرخاس
دانە سەرێ خوە ئەڤ ڕەشە چاری
تاکەنگێ دژین پەرچە پەرچە کورد
ما کی دخوازی ڤی ئێشو کاری

PDF4Kurd

راسته بن دەستی کاریٚ قەلسایە

لسەر خوە راکن ویٚ ئەم نەچاری

جگەر خوێن حیکایەتخوانی ژان‌و ئازارەکانی نەتەوەکەیەتی‌و زیاتر بەتەنگ مەسەلە مێژوویەکانەوەیە، رووداوەکان لەیادەوەری تاکەوە دەکاتە یادەوەرییەکی دەستە جەمعی‌و بۆ هەتاهەتایی دەیپارێزی. ئەوەی لای ئەم هەستیپێدەکرێت یەکێتی بابەت‌و هێڵی درامی شیعرە بەجۆرێك باسی مێژوو دەکات کەڕووداوەکانی وەك رۆژژمێرێك بەدوای یەکدا دێن‌و بەمەش ئەرکی شیعری قورسکردووەو کردوێتییە لقێك لەمێژوو، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کەهەمیشە ئەدیبان ئەو کونج‌و گۆشانەی مێژووی ئینسان بەسەر دەکەنەوە کەخودی مێژوونوسان بەسەریدا تێدەپەڕن، بەڵام لای جگەرخوێن مێژوو وەکو ئەوەی روویداوە دەنوسرێتەوە، واتا ئەم شاعیرەمان مێژوو لەبۆتەی شیعردا دادەڕێژێت‌و وەك لاوك‌و حەیران دەیگەیەنێت بەئێمە.

ئەو بارو دۆخە خراپەی ژیانی کورد وایکردووە شیعری ئێمە یەك پارچە ببێتە حەماسەت‌و دووربێت لەهەر جوانکارییەکی شاعیرانە وەك لەسەریشەوە ئاماژەمان پێدا جگەر خوێن لەم رووەوە گەورەترین زیانی لێکەوتووەو وەك شاعیرێکی حەماسەت‌و بەرگری ناسراوەو ئەمەش ر ەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر نەتەوەو (ئەفلاتوون) گوتەنی هەرکۆمەڵگەیەك بەرەو حەماسەت بڕوات لەعەقلانییەت دوور دەکەوێتەوە. ئەمەش لەوەوە هاتووە کەکۆمەڵگە حەماسییەکان پڕن لەعاتیفەو بەبیٚ پرسیارکردن دوای هەر شتێك دەکەون‌و دواجار ئەمەش بەرەو هەڵدێریان دەبات.



لای جگەر خوێن فۆڕمێکی دیاریکراو نییەو ئەو وەك وێنەکێشی ژیانی خۆی کە نمونەیەکی بچوکی ژیانی پڕ چەرمەسەری نەتەوەکەیەتی فۆڕمی شیعری داڕشتووە بۆیە دەبینین پەنای بۆ زۆر فۆڕم بردووەو دەتوانین بڵێین هەموو ئەو فۆڕمانەش فۆڕمی کوردین‌و لاساییکردنەوەی بێگانەنین. فۆڕم لای ئەم شاعیرە تەواوکەری ناوەرۆکەو پەیوەندییەکی هارمۆنی لەنێوان فۆڕم لەلایەك‌و ناوەرۆکیش لەلایەك هەیەو هەر دووکیان پێکەوە دەتوانن ئەوەی لەئەندێشەی شاعیردایە بیخەنە سەر پەڕەی کاغەز. ئەم لەشیعری خۆیدا هاوشێوەی (بێکەس)ی نەمر لە سیٚ دەرگای داوە (سیاسەت‌و کۆمەڵگەو عەشق) لەشیعرە سیاسییەکانیدا جگەلەوەی مێژوو دەگێڕێتەوە، سیاسەتی ئاگرو ئاسنی دوژمنانی کوردیش لەبەرامبەر کورددا باسدەکات‌و ئەوەندەی بۆی کرابێت رووی دزێوو دوژمنکارانەی دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردی خستۆتە ڕوو بەتایبەت رژێمی کەمالیستی (ئەتاتورك) لەتورکیا، لەهەندێك شیعریشدا گەڕاوەتەوە بۆناو نەتەوەو کۆمەڵگەکەی خۆیی بەر نەشتەری رەنخنەی داون‌و سەرۆك هۆزو ئاغاکان‌و بیری فیوداڵیزمی کوردی بەهۆی دواکەوتوویی کوردو داگیرکردنی زانیوە.

لەشیعرە جڤاکی(کۆمەڵایەتییە)کانیدا هەمان شێوەی بێکەس بەشێوازێکی ساتیرو ئایرۆنییانە قسەلەسەر رووە ناشیرنەکانی کۆمەڵگەکەی دەکات‌و دەیەویٚ لەو رێگەیەوەو بەو زمانە گاڵتەجاڕییە زۆر سادەو ساکارە لەخەوی غەفلەت رایانپەڕێنی، بەزمانێکی کۆمیدی پڕ لە(نۆستالیژیا) لەوە دەدویٚ کەکورد هەمیشە نۆکەرو ئەڵقەلەگوێی داگیرکەرانی بووەو ئەنجامیش هیچی پێنەبڕاوەو مایەپووچبووە.

تە ئەز کرم کولیٚ نەیار

PDF4Kurd

تە ئەز ژ بانی برمە خوار

بن دەستێ دژمن مەست و ژار

دەرمان چیە کار وەر ببێژ؟ کورتان ل مل ئەز بوومە کەر

بارێ نەیاران تم لسەر

پشتا منە ئاه و کەسەر

بیرومژی تەڤ بوون قرێژ

(بێکەس) دەڵێ (شەرتە کەربم بارە گوێزم لێبنێن خڕڕەی نەیات) لای جگەرخوێن حاڵەتەکە تەواو ریالیستییەو شاعیریش ریالیستیانە شتەکان دەبینێو لەوێشەوە حوکمی خۆیدەدات، بەڵام بێکەس پێیوایە میللەت یان کۆمەڵگە وشیاربۆتەوەو هەست بەژانو ئازارەکانی خۆیدەکات بۆیە دواجار بڕیاردەدات ئەمیش وەك عەوامی خەڵك کەربێتو ئەوەندە بەدڵسۆزی بێتو بچێت گوێزەکان خڕڕەیان نەیات واتا ئیتر ئەمیش لەئاست خەمی خۆی کەخەمی تەواوی کۆمەڵگەیە خۆی لەگێلی بدات. لێرەشدا جگەرێن وەك بێکەس دەبێتە ریفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتیو پێیوایە دەتوانێ شەڕی جەهالەتی کۆمەڵگەکەی بکاتو بیانباتە سەر ڕێگەی راستو رووناکییان پێشانبدات، بەڵام ئەمیشو بێکەسیش درەنگ زانیتیان شەڕی دۆنکیشۆتانەیان کردووەو کۆمەڵگە لەوەش چەقیوترە لەلیتەی نەزانیدا کەئەمان هەستی پێدەکەنو دەیانەوێ دەریبێننەوە.

ئەڤین یان لایەنی سۆزداریش لای شاعیر گرنگی خۆی هەیەو، شیعرە ئەویندارییەکانیشی دواجار هەر گەڕانەوەیە بۆ مەسەلەی نیشتمانیو نەتەوەیی، ئەم رەوتەش لەشیعری کوردیدا لەسەرەتای سەدەی بیستدا



لەلای (فایەق بێکەسو ئەحمەد موختار جاف) دەردەکەوێتو دواتر لای (هێمن) تەواو چڕ دەبێتەوە بەجۆرێك کەزۆرجار نازانێ ئەوەی شاعیر ئەیدوێنێ رەگەزی مێیە یان نیشتمان. لەگەڵ ئەوەشدا کەجگەر خوێن کاری لەفۆڕمی شیعریدا کردووە، هاوکات گەڕاوەتەوە بۆ کلاسیکی کوردیو دواتر بۆ کێشی پەنجەو کێشە خۆماڵییەکانیتر کەلە(توحفەی موزەفەریە)دا (ئۆسکارمان) باسیدەکاتو نمونەی ئەو جۆرە کێشانەی لەفۆلکلۆری کوردیدا دۆزیوەتەوە.

ئیشەڤ ژڤانێ مەیە

بێژن کەچی بلا بێ

لناڤ بەخچە رێ هەیە

کو ئەم ڤەخون شەرابێ

ئەمێ روونن لبانی

ماسە لرۆژ مەدانی

دا کو نەبت خوبانی

شرین و ماهیتابێ

یان:

کو دەڤ بکەن تێ بال مەدا، سۆرگول لهاویر شین دبن

لێ ئەز دزانم وێ چکێ،کو ئەبروان وەک شوور دکی

وی خوێنخوارێ تالان کرم، کو دانە بەر پێ جان و دل

لێ ئەڤ ستەم ماکی دکی، وەک گوهرەش و تەیموور دکی

PDF4Kurd

دیارە ئەمەش، ئەم یاریکردنە بەوشەو هونەری شیعر بۆ شارەزایی جگەر خوێن دەگەڕێتەوەو ئەوەش دەردەخات کە ناوبراو زیاتر هەوڵیداوە شیعر لەگەڵ سەردەمەکەدا بەرێتە پێشەوەو لەتازەکردنەوە جێنەمێنێ، شتێکیتر کەدەکرێ لەکۆتایی ئەم نوسینەدا باسی لێوەبکرێت تێکەڵاوبوون و فێربوونی (جگەر خوێن)ە بەدیالێکتی سۆرانی و نوسینی شیعرە بەو دیالێکتە. گەر بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای چلەکان و لاپەڕەکانی (گۆڤاری گەلاوێژو هاوار) هەڵدەینەوە چەند شیعرێکی ئەو دەبینین کەبەزاری سۆرانی نوسراوەو لەو شیعرانەشدا کە بۆ (ئەسیری) شاعیری شۆڕشگێڕی ناردووە شارەزایی ئەو زیاتر لەزاری سۆرانیدا دەردەکەوێت و پاڵنەری ئەمەش هەستی نیشتمان پەروەری و گیانی بەرگری بووە کەئەم دوو شاعیرە شۆڕشگێڕەی بەیەك ئاشنا کردووەو هەر لەخۆشەویستی (ئەسیری)شدا بووە کەشاعیر فێری سۆرانی بووەو شیعر پێنوسیوە.

ئەم شاعیرەمان وەك زۆر شاعیری ترمان زۆرداری کردییە شاعیرو لەپێناوی ئازادی و هەر بەئازادیش لەئاوارەی و دەربەدەری لەنیوەی دووەمی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لە(ستۆکۆڵم)ی پایتەختی دیموکراتیترین وڵاتی دنیا (سوێد) گیانی سپاردووە.

*لەژمارە(٣٧)ی رۆڤار لەمانگی دوازدەی ٢٠٠٥بڵاوبۆتەوە.

PDF4Kurd

# شار دۆزەخێك بۆ ئینسان.. یان ئاسمانێك بۆ داهێنان

ئاورێك لەشیعری (شار)ی سوارەی ئیلخانیزادە

PDF4Kurd

مرۆڤ لەگوندەوە بەرەو شار بەڕێکەوتووە، واتا شار پێگەی دووەمی ئینسانە، مرۆڤ لەگونددا ئازادی زۆرترەو لەشاردا دەخرێتە ژێرچاودێری دەسەڵاتەوە، لێرەوە ڕەنگە گوند شوێنێکی ئارامبێت بۆ مرۆڤ، بەڵام شوێنێك نییە بۆ ژیانێکی شارستانییانە بەتایبەت گوندەکانی کوردستان، بەپێچەوانەوە شار ئارامیو ئازادی لێوەردەگرێتەوە بەڵام زۆردەسکەوتی تریشی دەداتێ. لەوەتای ئینسان پێی ناوەتە شارەکانو شاری بنیاتناوە کێشەو گرفتەکانی زۆرتربوونو بەبڕوای شارەزایانی بواری سۆسیۆلۆژیا شارەکان سەرچاوەی گرفتی سەرەکی ئینسانن. سەرباری هەموو ئەو دەسکەوتانەی ئینسان لەشاردا دەستی دەکەوێت. گەر وەك لایەنی ئەدەب لەشار بڕوانین دەبینین هەرچی ئەدەبێك لەشاردا دەنوسرێت ڕەگێکی دەچێتەوە سەر ڕەشبینیو بەگشتی ئەدەبی شار وەك ئەدەبێك کەڕیشەکەی لەگوندەکاندایە گەشبین نییەو بارگاوییە بەوئاپۆراو جەنجاڵییەی شارەکان، شار ئینسان تووشی نامۆیی دەکات، چونکە ژینگەی شار وەك ژینگەی



گوند خاوێن نییەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەشاردا گۆڕانیان بەسەردا دێتو هەمان پەیوەندییەکانی گوند نین. شار وەك سەنتەری بەیەك گەیشتنوو کۆبوونەوەو نیشتەجێبوونی کۆمەڵە مرۆڤێك زۆرجار لەنەتەوەی جوودا، بەجیاوازی ئاستی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو دواتر جیاواز لەڕووی دیانەتو ئایینزایشەوە، مێژوویەکی دێرینی هەیەو لەوەتای مرۆڤ قۆناغی کۆچەری تێپەڕاندووەو ئارەزووی ژیانی بەکۆمەڵی کردووە جائیتر بەناچاری بووبێ، یاخود پێویستی ڕۆژگار سەپاندبێتی بەسەریدا شارەکان دروستبوون. دواتر وردە وردە بوونەتە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانو لێرەشەوە بونەتە ستانداردێك بۆ پۆلێنکردنی شار لەجیهاندا، شار لەئێستادا دەبێ باڵە خانەی بەرزوو هەوربڕوو هێڵی شەمەندەفەرو فرۆکەخانەو سینەماو ڕۆژنامەو زۆرترین کارگەو تەواوی پێداویستییەکانی تری مرۆڤی لێبێت، کەدیارەی هەموو ئەوانەی باسکران لەگوندو شارۆچکەکاندا دەست ناکەون.

ئەدەبی هاوچەرخی کورد لەم سەد ساڵەی ڕابردوودا بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆوە دیوە لەچاو سەدەکانی پێشووتردا، مرۆڤی کورد ڕوویکردە شارەکانو ئەدەبەکەشی وەك زۆر شتی تر بووە ئەدەبێکی شاریو لێرەشەوە دیاردەی نامۆیی لەئەدەبی کوردیدا سەری هەڵدا، ڕەنگە یەکەم حاڵەتی نامۆیی لای مەلا خدر (نالی) ببینرێ لەو نامەیەدا کەبۆ (سالم)ی دەنوسێ بەڵام ئەو نامۆییە نامۆییەکە لەدووری نیشتمان وەك زێدی شاعیر، نامۆیی ئەو وەختە دەچێتە قاڵبە فەلسەفییەکەیەوە کەئینسان لەنیشتمانی خۆیدا بەدەستی خاوەنی کارو کارگەکانەوە دەبێتە ئامێر وەك (مارکس) ئاماژەی پێداوە، کەدیارە ئەوەش لەشارەکاندا ڕوودەدەن، مارکس

PDF4Kurd

پێی وایە ئینسان لەشاردا چەند کاربکات هێشتا تێرسکی خۆی نان ناخوات و دواتر ئەو دۆخە کاریگەری لەسەر دەروونی دادەنێت و تووشی نامۆیی دەکات.

ئینسانی کورد گوندنشین بووەو ژیانی شارەکان بۆئەو تارادەیەك دژواربووەو تەمەنی ژیانی ئینسانی کورد لەشارەکاندا هەرسەدەیەك دەبێت، بۆیە دەبینی لەشیعری کوردی سەدەی بیستدا واتا شیعری هاوچەرخی کوردی دیاردەی نامۆیی سەریهەڵداوەو زۆربەی ئەو حاڵەتەش لەشارەکاندا روویداوە، واتا شیعری ئەو شاعیرانە نامۆیی تێدا دەبینرێت کەلەشاردا نیشتەجێن و لەشاریشدا دەنوسن. ئەمەشە دەمانباتەوە سەر ئەوبۆچوونەی پێشتر کەوتمان نامۆیی دیاردەو هەڵقوڵاوی شارەکانە، چونکە لەشاردا هۆکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ژینگەکەشی وەك گوندەکان نییە، هێمن (ناڵەی جودایی) لەجەنجاڵی شاری بەغداد نوسیوە، شێرکۆ بێکەس (دەربەندی پەپولەی) لەئاپۆرای ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوێد نوسیوە، ئەم دوو شاکارە هەردووکیان لێوان لێون لەنامۆیی و نائومێدی، هاوارن بۆ بێکەسی و سەرگەردانی ئینسان، شیوەنن بۆ ئاوابوونی نۆرم و بەهاکان.

(سوارەی ئیلخانیزادە) یەکێکە لەشاعیرە نوێخوازەکانی ئێمەو ئێمەش بیئاگاین لەگەورەیی و رەنجی ئەو لەبواری نوێگەری لەشیعری کوردیدا، سوارە هاوکات لەگەڵ (گۆران)ی نەمردا دەستی بۆ تازەگەری بردووەو بەوکەمە شیعرەوە کەنوسیویێتی هەندێك پێیان وایە گەر مەرگ مۆڵەتی دابا رەنگە لەگۆرانی تێپەڕاندبایە، ئەو چەند شیعرێك و دووقەسیدەی درێژی نوسیوە (خەوە بەردینە و پیرە هەڵۆ) کەهێشتا هێندەی گەورەیی خۆیان



قسەیان لەسەر نەکراوەو لای خوێنەری ئەمڕۆی کورد لەتەواوی کوردستان نەك ئەو دوو قەسیدەیە بەڵکو خودی سوارەش نەناسراوە. ئێمە لێرەدا ئاوڕێك لەشیعرێکی تری سوارە دەدەینەوەو قسەی خۆمانی لەسەر دەکەین ئەویش شیعری شارە، کەلێرەدا بەناوەرۆکێکی فەلسەفی و دەربڕینێکی رۆمانسیانەوە باسی شار دەکات.

هەرلەسەرەتای دەسپێکی شیعرەکەوە هەست بەدۆخێکی دژواری دەروونی دەکەیت کەشاعیری تێکەوتووە، دۆخێك کەوایلێکردووە کەوتۆتە دیالۆگ و مەنەلۆگ لەگەڵ خودی خۆیداو رقی لەهەموو سیمایەکی شارو شارستانی دەبێتەوە، شاعیر لەگەڵ کەشی شاردا هەڵناکات و لێرەشەوە ئەوی شاعیر دەبێتە هەموو ئەوەکانی کوردو بۆمان دەردەکەوێت کەئینسانی کورد نابێتە شارستانی و ناتوانێ لەو دۆخە کێوییەی خۆی دەرچێت و دەواری عەشرەت جێبێلێت و لەباڵەخانەکانی شاردا ژیان بگوزەرێنێ. ئینسانی کورد ژیانی کۆچەری و کۆڵبەکۆڵی بێزاریکردووەو بەوحکومەی هەموو ئەوزوڵمەی لێیکراوە سەرچاوەکەی لەشاردا بووە، دوژمنانی کورد لەشارە پڕ ئاپۆراو جەنجاڵەکانەوە لەشکری هاروو دڕندەیان بۆ کوردستان و کۆمەڵکوژ و راوەدوونانی خەڵکی سادەو سڤیلی کورد بەرێخستووە بۆیە ئینسانی کوردیش رقی لەشارو ژیانی شارەکانە، شۆڕشەکانیشمان لەگوندەکاندا دروستبوون و هەرلەوێشەوە ویستویانە کۆنترۆڵی شارەکان بکەن، ئەمەش جارێکی تر فەزڵی گوندی داوە بەسەر شارەکاندا. تەمەنی شارەکانی ئێمەش هیچی ناگەنە سەد ساڵ گەر وەك شارێکی پێوانەیی لەئاستی جیهانیدا چاویان لێبکەین. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت رقی ئینسانی کورد لەشارو ژیانی شار رقێکە لەدەسەڵات و ئەو خەڵکانەی

PDF4Kurd

فەرمانڕەوایی کوردیان کردووەو درێغییان نەکردووە لەکوشتو بڕی کورد، لێرەشەوە ئەو مەیلە سیاسییە لەم شیعرەدا هەست پێدەکەین کەسوارە لای گەلاڵە بووەو دەیەوێ لەڕێگەی شیعرێکی رۆمانسییەوە کوڵو کۆی دڵی دامرکێنێ. شاعیر بەپرسیارێك شیعرەکەی دەسپێدەکاتو بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی بەرامبەرەکەی بێتو هۆی بێزاریی و شارجێهێشتنەکەی لێبپرسێت ئەم بیانووەکانی بۆ دەژمێرێ. ئەوەی لەناوەوە دەیخوات دەیکاتە شیعرو کەفوکوڵی خۆی هەڵدەرێژێ.

گوڵم

دڵم پڕە لەدەردوکوڵ

ئەڵێم برۆم لەشارەکەت..

ێرەوە هەست دەکرێت دۆخی سایکۆلۆژی شاعیر پەشێوەو خۆی بەکەسێك نازانێ لەخەڵکی ئەو شارە، شار لێرەدا تەنیا مۆڵکی ئەوی بەرامبەرەو هەرئەویش دەتوانێ لەگەڵ شارێکدا هەڵکات کەئەم لێیبێزارە. ئەم عەشقی ئاهورایەو شارەکەشی بۆتە ئەهریمەن، شارەکەی دەستی ناوەتە بینیو بەهۆی شارەکەوە خۆشەویستەکەشی فەرامۆش دەکاتو نایەوێ لەشارێك خۆشەویستی بکات کەجێگەی هەموو شتێکی تێدادەبێتەوە تەنیا ئەوین نەبێت، ئەمی شاعیریش تاکە هیوای هەرئەوینەو شیوەنی شاعیر شیوەنێکە بۆنەمانی ئەوین وەك شاملۆ دەڵێت: هەموو هەوڵی ئینسان بۆ گێڕانەوەی گوزارشتی خۆشەویستییە کەلەمێژە دۆڕاندویەتی.

سەرەتای شیعرەکە بەپرسیار دەست پێدەکات، پرسیار لەغیابێك، لەکەسێك کەدەکرێ وەك خۆشەویستێك ناوی بێنین، پرسیارەکەی ئەم تەنیا



پرسیارێکە لەدیوی دەرەوەی دەق، واتا لەناوەوە تەنیا دەربڕینێکە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەوی بەرامبەر، ئەمی شاعیر دەزانێ کەپرسیارەکەی ئەم لای ئەوی مەعشووق شتێك دروستناکاتو داوای روونکردنەوەی زیاتری لێدەکاتو ئەمیش لەشیعرەکەدا دیارە کەحەوسەڵەو وزەی ئەوەی تێدانەماوە وەڵامی پرسیارەکانی ئەوی مەعشووق بداتەوە چونکە حاڵەتی سایکۆلۆژی ئەمی شاعیر لەو پەڕی داڕووخانداییە.

پێدەچێت ئەو بۆنەی لەسووتانی مۆم دەگاتە لوتی ئینسان بۆمێشكو ئارام بوونەوەی باری سایکۆلۆژی سوودی زۆربێت، گوندەکانی ئێمە تانیوەی دووەمی سەدەی بیست کارەبایان پێنەگەیشتووە، بۆیە زۆربەی زۆری خەڵکی ئێمە یان لەبەر شەوقی چرادا شەوی گەیاندۆتە رۆژ یاخود لەبەر رۆشنایی مۆم، لێرەشەوەیە کەئەو ئەتمۆسفیرەی گوند لەیادەوەری ئینسانی ئێمەدا جێگەی باڵای گرتووەو لەسەر دەمی سپلیتدا مرۆڤی ئێمە خەیاڵی لای حەوزو ئاوی مزگەوتەکەی بەرمالانە.

ئەڵێم برۆم لەشارەکەت

لەشاری چاو لەبەر چرای نیئۆن شەوارەکەت،

لێرەدا ئەشێ شەوقی نیئۆن تەنیا هەر گوزارشت نەبێ لەگڵۆپ، دوورنییە ئەو مەبەستی ئەوەبێ کەناتوانێ لەسیماو چاوی خۆشەویستەکەی بڕوانێت، ئەمەش گرێی خۆبەکەمزانیینە لەئینسانی کورددا هەر لەکایەی کۆمەلایەتییەوە تادەگاتە سەر سیاسەتو بازرگانیش هەمیشە ئینسانی کورد شتەکان وەك لایەنی سۆزداری وەردەگرێو کەمتر پەراوێزێك بۆ عەقڵ دەهێڵێتەوە،

PDF4Kurd

برۆمە دی کەمانگە شەو بزێتە ناوبزەم

چلۆن بژیم لەشارەکەت کەپڕ بەدڵ دژی گزەم.

بڕوایەك کەلای ئینسانی گوندنشینی کورد دروستبووە ئەوەیە کەشار سەرچاوەی بەدڕەوشتیو فیتنەو فەسادی کۆمەڵایەتییەو ئەو حەیاو حورمەتەی ئینسانی گوندنشین بەدرێژایی تەمەنی کۆیکردۆتەوە بەهەفتەیەك لەشاردا بە(با) دەچێت. ئەمەش دیارە لەمێژە داگیرکەرانی کورد کاریان بۆیکردووەو لەڕێگەی دینو موقەدەساتە ئایینییەکانەوە کاریان بۆیکردووەو ئینسانی ئێمەش ئەوەندەی لەدووی ژیانێکی سادەوساکار گەڕاوە ئەوەندە بۆئەوە نەگەڕاوە کەبەهرەی زیاتر لەژیان وەرگرێت، ئاخر لەگوندەکانی ئێمە تەنیا ژیان هەیەو ئەو هۆکارانەی ژیان جواندەکەن دەست ناکەوێتو ئەوە لەشارەکاندا هەیە. ئەم کەسێکی پاكو بێگەردوو دژی هەر زوولمو زۆرێکەو نایەوێ فێڵو دەهۆ لەکەسبکاتو پێی وایە شار خەڵك فێری دزیو فزی دەکاتو ئەو سروشتە پاکەی خۆی دەدۆڕێنێت بۆیە دەیەوێ چیزووترە شار بەجێبهێڵێتو بەرەو زێدی رەسەنی خۆی کەگوندە بگەڕێتەوە.

شار پڕە لەبینای بەرزو ژیانێکی وشكو رەق بەئینسان دەبەخشێتو بوونی ئەو هەموو ستونی کارەباو رایەڵی ستونەکان ئینسانی سادەو ساکار تووشی سەراسیمەبوون دەکەنو، شاردەکەنە ئاسنێکی رەقو لەهەموو سۆزو بەزییەك دای دەماڵن. بۆیە ئەمی گوندنشین کەلەناو ئەو بارودۆخە نوێیەی شاردا خۆی دەبینێتەوە پێیوایە لەزینداندایەو دەستەکانی بەستراون. لەم روانگەیەشەوە پێیوایە لەشاردا شتێك نییە ناوی خۆشەویستی بێت.



لەشارەکەت، کەرەمزی ئاسنو منارەیە

مەلی ئەوین غەوارەیە

ئەڵێی لەدەوری دەستو پێم

ئەوەی کەتێلو تانو رایەڵە، کەڵەپچەیە.

رووی دەمی شاعیر لەخۆشەویستەکەیەتی کە شارنشینەو دەیەوێ پێیبڵێ ئەم شارەی تۆ ژیانی منی کردۆتە دۆزەخو هەستەکەم لەزیندانداەمو دەستو پێم بەستراوەتەوە. ئەم پێیوایە خۆشەویستی بەشارێکی لەمجۆرە نامۆیەو تێیدا هەڵناکات. ئەمی شاعیر ئەوەندە رقی لەشار دەبێتەوە بەو هەستە ناسکەی خۆیەوە پەیکەرو ستونی کارەبای لێدەبێتە یەك شتو بەهەردووکیشیان رۆحی ئەم دەکرۆژن، چونکە ئەم پەیکەرەکەی لێدەبێتە داهۆڵی ناو مەرەزە کە بۆ دوورخستنەوەی چۆلەکە لەمەرەزەکە بەکاری دێننو ستونی کارەباشی لێدەبێتە سێدارە.

ئەوەی کەپەیکەرە میسالی داوەڵە

ئەوەی کەدارە تێلە مەزهەری قەنارەیە.

ئەوانەی کەلەسوارەوە نزیك بوونو ئاشنایەتیان هەبووە لەگەڵیدا بەتایبەت لەو ماوەی چەند ساڵەی سوارە لەتارانی پایتەختی ئێران ژیاوە ئاگاداری ئەوەن کە سوارە عاشقی کچێکی فارس بووە بەناوی(ئاهورا)و ئەم شیعرەشی بۆ ئەو نوسیوە، چونکە لێرەدا سوارە رقێکی زۆری لەشار دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی کەئەو کچە دڵی سوارە دەشکێنێ، لەبەر ئەوە دەبێت ئاگامان لەوە بێت سوارە رۆشنبیرێکی کۆنەپەرست نەبووە تا لەخۆیەوە ژیانی شار رەتکاتەوەو شار بەزیندانو قەڵای ستەم بچوێنێ، ئەم

PDF4Kurd

رقەی سوارە رقێکە لەپەیوەندییەکانی ئینسان لەشاردا نەك لەخودی شار بەو هەموو دەستکەوتەی پێشکەشی ئینسانی دەکات. شارنشینەکانی ئێران یاخود خەڵکی فارس بەگشتی زۆر عاشقی کوورەو کوانوون لەماڵدا(شومینە) لەبری سۆپاو هەر جۆرە ئامێرێکی تری گەرمکەری کارەبایی کوورە دادەگیرسێنن و لەزۆرینەی ماڵەکانی تاراندا ئەو کوورەیە هەیەو بەردەوام دەسوتێ. سووتانی ئەم کوورانەش وادەکات بەردەوام لەدوو کەڵکێشی سەربانی ماڵەکانەوە ستوونی دووکەڵ بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە بەجۆرێك ئاسمانی شارەکە تەڵخ دەکەن و لێناگەڕێن تیشکی هەتاو تەواو دەرکەوێت و کاریگەری هەبێت. سوارەش وەك کەسێك کەخۆی بەلایەنگیری خەڵکی هەژار دادەنێت و لەو روانگەیەشەوە بۆ مەسەلەی خۆشەویستی دەچێت پێیوایە ئەو کوورانەش تەنیا لەماڵی دەوڵەمەندەکاندا هەیەو بۆ ئەوەیە تیشکی هەتاو بەندکەن و خەڵکی هەژاری لێبێبەش کەن، کەهەمیشە لەبەر هەژاری خۆی حەزی بەتیشکی هەتاوە.

لەشارەکەت کەمەندی دووکەڵ

کەدێتەدەر لەماڵی دەوڵەمەند

وەتیشکی بێ گوناهی خۆرەتاو ئەخاتە بەند.

وەك دەزانین شار هەمیشە جەنجاڵەو ئاپۆرای خەڵك هەڵلاو هەنگامەیەك دەنێتەوە ئینسان تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەکات، بەتایبەت بۆ خەڵکێکی نامۆ هەموو ئەو ژاوەژاوەی ناو بازاڕەکان وەك شیوەنێکی لەکوڵ دەبیستریٚ و پێیوایە ئەوەی لەوێیەو تووشی ئەم دێت هەمووی بێگانەیەو ناسیاوێکی تێدانییە، کەئەم دڵی پێیبکرێتەوە.



لەهەر شەقام و کوچەیەک شەپۆلی شینە

دیٚ بەرەو دڵم

دەستی گەرمی ئاشنا نیە کەئەیگوشم

دەستی چێوی یە.

وەك لەسەرەتاوە باسمان کرد لەشاردا پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان سفر دەبن و پەیوەندنی بازرگانی و بەرژەوەندی شوێنیان دەگرێتەوە، لێرەیشەوە ئەوەی ناوی پیاوەتی و شەهامەتە بەمانا کۆمەڵایەتی و گوند نشینییەکی مانایەکی نامێنیٚ، کەسێك نییە پیاوەتی بکات و مانای پیاوەتی بزانیٚ و کەسیش ریٚز لەکەسێك ناگرێت گەر فێڵزان و پارەدار نەبێت.

لەشارەکەت زەلیلە شێر، باوی رێوی یە.

لای سوارە شێر بەمانای پیاوی پیاوانەو رێویش کەسێکە کە تەنیا فێڵ و دەهۆی خۆی وایکردووە حسابی بۆبکرێت و لەمەشدا شار کۆمەکی رێوییەکە دەکات نەك شێرەکە چونکە رێوییەکە لەسەر فێڵی خۆی دەژی و شێرەکەش دەیەویٚ بەشان و شەوکەتی خۆی بژی کەئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی گەر لەگونددا کەسێك باوانی بەئەشراف و بەگزادەیی ژیابن ئەواخۆیش هەر وادەژی و کەسی ناکەسبەچەو رێوی ئاساش تاهەتایە هەر وادەمێننەوە.

سوارە ئەوەندە دڵی شکاوەو لەشار رەنجاوە بۆیە دەیەویٚ بەهەر شێوەیەك بێت لەشار دوور کەوێتەوەو بڕواتەوە گوند، کەتاقە شوێنێکە ئارامی بەمی شاعیرو عاشق ببەخشێت. هەر لەبەر ئەمەش پێیوایە گەر بڕو بیانووش نەبێت ئەم هەر شتێك دەکات بۆئەوەی بیانویەکی دەست کەوێت و لەشار دوور کەوێتەوە.

PDF4Kurd

بەهەر نیگایەکـو پەتایەک

ئەڵێم بڕۆم لە شارەکەت.

ئەم گەیشتۆتە بڕوایەك کەئیدی شار وەك ناوچەیەکی زۆنگاوو زەلکاو وایە مەحاڵە ببێتە ناوچەیەکی بەگوڵو گوڵزار رازاوەو جارە گوڵ. لای وایە کە لەشاردا ڕێز لەمرۆڤی باش ناگیرێتو هەرچی مانای خۆشەویستییە لەشاردا بوونی نییەو عەشق لەشارێکی تەسکدا ناژیو ئەم شارە تەنیا بۆ خەموو خەفەت فراوانەو ئامێزی والآیە.

گوڵم هەرێمی زۆنگـو زەل

چلۆن ئەبێتە جارە گوڵ

لەشاری تۆ، لەبانی عەرشە قۆندەرەی دڕاو

شارەکەت

ئاسکە جوانەکەم!

تەسکە بۆ ئەوینو بۆ خەفەت هەراو.

سوارە وایدەبینێ کە شاری تاران کەخۆشەویستەکەیشی خەڵکی ئەوێیە شارێکە هەژار تیایدا ناژیو تەنیا بۆ خەڵکی پارەدارو دەوڵەمەندە، جگەلەوەش بۆ ئەمی عاشق تاران شارێکە خەڵکەکەی گوێ لەسروتەکانی خۆشەویستی ناگرنو تەکنۆلۆژیا ئینسانەکانی هاڕیوەو ئەم ناتوانێ رازی دڵی کەپڕە لەئایەتەکانی عەشق بۆ هیچ کەس ئاشکراکات.

لەکۆتایی شیعرەکەیدا سوارە وەك هەر تاکێکی تری کورد مەیلە خێڵگەریو دژە شارستانییەتەکەی خۆی ئاشکرا دەکاتو پێیوایە ئەمێك کە لەژێر دەوارو ساباتی عەشرەتدا پەروەردە بووە ناتوانێ لەشاردا هەڵکات،



هەر ئەمەش وایلێکردووە کەجەستەی بەدارەتەرمی کووچە تەنگەکانی شار رانایاتو تەنیا هەر بناری پڕ بەهاری گوندەکەیان دەتوانێ رەنگی سوورو شین بدات بەعاتیفەی گەشی. سوارە ماوەی چەند ساڵێك نەخۆشییەکی سەخت دەگرێتو هەموو جەستەی لەگەڵ دەگیرێو کەس بەتەمای نەماوە، ئەم شیعرەش بەرهەمی ئەو ماوەی نەخۆشییەیەتی. جگەلەوەش ئەم دەربڕینە مەیلێکی زۆر رۆمانسییانەیەو دەیەوێ بڵێت منی شاعیر لەشارێکدا ناتوانم شیعر بنوسم کە دابڕابێت لەسروشت، چونکە هەردەم سروشتو ئینسان زۆر پێکەوە گرێدراونو بەبێ یەکتر هەڵناکەن.

منێ کەگۆچی تاوی گەرمی بەر دەوارەکەی عەشیرەتم

بەدارە تەرمی کووچە تەنگەکانی شارەکەت

رانەهاتووە لەشم

بناری پڕ بەهاری دێ

رەنگی سوورو شین ئەدا

لەشێعرو عاتیفەی گەشم

ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت گوڵم.

*لەژمارە(١١١)ی گۆڤاری رامان لەئابی ٢٠٠٦ بڵاوبۆتەوە.

لەچاوەڕوانی وەهمێکدا

PDF4Kurd

PDF4Kurd

ئایا شیعر دۆزینەوەی مانای ترە لەو دیو ئەو مانایانەی کەخۆمان دەیزانین؟ یاخود شیعر دۆزینەوەی جوانییە لەناخی دزێوی و ئاشکراکردنی نیانییە لەماڵی سەدەف؟ هەرچییەکیان بێت شیعر ئەو هاوارە بووە کەبەدرێژای ژیان، ئینسان لەدەمی دەرچووەو گوزارشتی پێکردووە لەئاست بێدادی دەسەڵاتداران و جوانی سروشت و دەوەر وبەرو ژان و ئازارەکانی ناخی خۆی. هەموو شاعیرێك لەسەرەتای تەمەنیدا تەنیایی و حوزنێکی کابوس ئاسا دەستی لەبینی گیرکردووە، لەگەرمەی خۆشی و شادیدا وەك تەزووی کارەبا لەمێشکی داوەو هێناوێتییەوە خاڵی سفر، ئالێرەوە ئینسان وەك لەبنی بیرێکدا بێت تابتوانێ لەسەرنوکی پێدەوەستێ و دەستی بەرەو سەروی بیرەکە درێژ دەکات و دەیەوێ گەر چڵە پوشێکیش هەبێت دەستی پێوەبگرێت تانەخنکێ، گەر هاتوو دەستی لەچڵە پوشەکە گیرکرد ئەوسا ئینسانەکە ناخنکێت و دەبێتە خوڵقێنەر. لێرەدا ئەو چڵە پووشەی بوو بەفریاد رەسی کەسەکە دەبێتە شیعرو خودی کەسەکەش شاعیر. بەڵام گەر چڵە پووشەکە دەست نەکەوت یاخود دەستی نەیگەیشتێ ئەوسا نەپووشەکە دەبێتە شیعرو نەکەسەکەش شاعیرو ئیتر بۆخۆی دەخنکێ.



ئەمەش جەدەلییەتێکە لەنێوان ئینسان و بێ هیوایی و نامۆیی لەژیاندا، کەبەرهەمی ئەو دووە شیعرە، واتا بەپێی تیۆرەکەی (مارکس) ئینسان تێزە، نامۆیی ئەنتی تێزەو، شیعریش سەنتێزە یاخود (سەیرورە)یە کەبەرهەمی جەدەلی ئەو دووەی پێشووە.

بەم هەموو تاریکییەوە لەدایک بووم

بەم هەموو تاریکییەوە هاتم و

بەم هەموو تاریکییەوە ئەڕۆم.

ژوان ئاوارە لەقەسیدەی (لەچاوەڕوانی پیاوێکدا)ئاوها لەژنێتی خۆیی و هاوڕەگەزەکانی دەدوێ. لەچاوەڕوانی پیاوێکدا مانیفستی ژنێکە لەچاوەڕوانی ئەوی پیاودا، بەڵام ئەو پیاوەی شاعیر دەیەوێ، ئەو پیاوە نییە کەلەڕاستیداو لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵکو پیاوەکەی شاعیر بەتەمایەتی پیاوێکی ئایدیاڵییەو خاڵییە لەوەهمەکانی پیاوەکەی (نیچە) کەپێیوایە گەربچێت بۆلای ژن دەبێت قامچییەکەی بیرنەچێت. لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بزووتنەوە فیمسنیستییەکان لەئەورووپا دەرکەوتن و بەو نیازەی سنورێك بۆ پێڕاکێشانەکانی پیاو دانین دەیان رێکخراویان بۆ پاراسانی مافەکانی ژنان وە یەکیان لەگەڵ پیاوان دامەزراند، سەرەتای کاری ئەو بزووتنەوانە بۆ ئەوەبوو کەلەکارگەو شوێنەکانی کارکردندا ژن و پیاو وەك یەك ئەرك و مافیان هەبێت و چیتر مافیان لەلایەن پیاوانەوە نەخورێت. بەڵام دواترو لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بزووتنەوەکانی ژناندا ئیتر داواکارییەکانی ژنانیش زیادی کردوو چووە تەواوی بوارەکانی ژیانەوەو هەر لێرەیشەوە ژنان هەنگاویان بەرەو دنیای ئەدەبیات هەڵهێناو

PDF4Kurd

ئەدەبیان کردە ئامانجێك بۆ دەستخستنی مافەکانیان و نیشاندانی ئازارەکانیان. ئەوەی سەرنج راکێشەو بزووتنەوەکانی ژنان لەئەوروپاو خۆراوا بەگشتی کاریان بۆیکردووە ئەوەیە کەژن خاوەنی خودی خۆی بێت و کەسێکیتر لەبر ئەو قسەنەکاتن و رۆڵەکان وازی نەکات.

بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی هیچ کام لەقۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵگەی بەشێوەیەکی سروشتی نەبڕیوە ژیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەکی زۆر تێیدا شێواون و لەم ناوەشدا نەك ژنان بزووتنەوەیەکیان بۆ دەستخستنی مافەکانیان بەڕێنەخستووە بەڵکو نەیانتوانیوە لانیکەم رووبکەنە بوارەکانی ئەدەب و هونەرو هەر ژنێك تاسەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردووش دێڕە شیعرێك یاخود گۆرانییەکی وتبێ وەك لادەرو بێ رەوشت یاخود شێت حسابی بۆکراوە، ئەم جۆرە چاودێریکردنەی کۆمەڵگە یەك شتی زۆر ئاشکرا لەخۆیدا دەشارێتەوە ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگە ترسی ئەوەی هەیە لەشیعر نوسینی ژنێك یاخود گۆرانی وتنی چوونکە دەزانی لەشیعرەکە یاخود لەگۆرانیەکەدا باسی بێدادی خۆیدەکات و پیاویش وەك تاوانبار دەناسێنێ و وەك دەزانین کۆمەڵگەش مانای پیاو، دواتر ئەوەش دەزانین کەژن لەم کۆمەڵگەیەدا تائەمڕۆش هی پیاوە، واتا وەك هەمووشتەکانی تری ژیانی پیاو ژنیش شتێکەو پیاو خاوەنییەتی، ئالێرەیشەوە ئەم هی پیاو بوونە ژنی لەچوار چێوەیەکی داخراودا هێشتۆتەوە، وەك ئەوە وایە لەتاریکیدا بێت و لەبینینی روناکی واتا لەجوانییەکانی ژیان بەهرەمەند نەبێت. بەڵام شاعیر پێیوایە لەنێوان هەموو پیاوانی دنیادا تاقە پیاوێکی ئیدیالی دۆزیوەتەوەو دەهێنێ بەهەموو تەمەنی چاوەڕوانی کات، ئەمی ژن کەعومرێکە ئەو هەموو دەردەسەری و



نەهامەتییە بەهۆی ئەوی پیاوەوە دەیچژێ لەئێستادا ئامادەیە لەهەمووی خۆشبێت بەمەرجێك جارێکیتر ئەوی پیاو دەست بەرداری خووە نەگریسە رۆرژهەڵاتیانەکەی بێت.

بەم چەترە لەتەم چنراوەی ئایندەمەوە

لەژێر لێزمەی ئەم بارانە لەغوربەت باریوەی ئیحساسما

ماتڵی تۆم،

ماتڵی تۆم ئەی ئەو پیاوەی هەر شەوە شەمعێکم پێ ئەسوتێنیێو هەر نایەی! قەسە کردنی شاعیر قسەکردنێکی فەلسەفیانەی ئالودە بەمیتافۆرە، بەپێچەوانەی پیاوی کورد کە چەوسانەوەی دژ بەژن چەوسانەوەیەکی داب و نەریتی و هەڵقولاوی دینەو قسەکردنێکی راستەخۆی دور لەمیتافۆرە، واتا شاعیر قوڵتر بۆ مەسەلەکان دەڕوانێ و پێی وایە بەکەمگرتنی ژن لەکەینونەی ئینسان یاخود پیاوی کوردا چەسپیوەو قورسیشە راستەوخۆ ئەوەی پێبوترێ چونکە قبوڵی ناکات، بەلای پیاوی کوردەوە ژنی کورد ماڤی تەواوی دراوەتێ و لەژنانی کۆمەڵگەو نەتەوەکانی دەوروبەر ئازادترە. ئەمەشی کاتێك بۆ دەچێتە سەر کەسەفەرنامەی گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسە ئەورووپیەکان دەخوێنێتەوەو ئەوان دەڵێن لەچاو ژنانی کەمەڵگەکانی تری رۆژهەڵاتدا ژنی کورد لەهەموویان ئازادترو سەربەخۆترە، یەکێك لەو رۆژهەڵاتناسانە (ڤلادیمێر منۆرسکی)یە کەباسی (عادیلە خانم)ی ژنی (وەسمان پاشای جاف) دەکات(دایکی ئەحمەد موختارو تاهیر بەگی جاف) کەماوەی چوار ساڵ سەرۆکایەتی هۆزەکەی کردووە. بەڵام یەك شت هەیە لێرەدا دەبێت بیزانین ئەو ئازادییەی ژنی کورد هەیبووە لەو کاتەدا لەگوندەکاندا بووەو

PDF4Kurd

ئەویش بۆکارکردن و نان پەیداکردن بووە بۆ دیوەخانەکانی پیاوان. ژنی کورد ئایندەی نادیارەو وەك ئەوەوایە لەژێر چەترێکی لەتەم چنراودابێت، لای (ژوان ئاوارە) ژن بەدرێژایی تەمەنی هەر شەوەی مۆمێك دادەگیرسێنی و چاوەڕوانی پیاوێکی نمونەییەو هەرنایات، مۆم لێرەدا ئاماژەنییە بۆ نەبوونی کارەبا بەڵکو ئاماژەیە بۆ لەتاریکیدا مانەوەی ژن، کەدواجار مانای دیلی دەگەیەنێ. ژن هەمیشە لەدۆخێکدا دەژی کەپێیوایە پیاو ناپاکە بەرامبەری و خیانەتی لێدەکات، ئەو وایدەبینێ پیاوەکەی هەمیشە خەیاڵی لای ژنێکی ترەو هەڵە دوای هەڵە بەناوی موحیبەتەوە تۆماری دەکات.

تۆ هەر شەوە لەچاوی عەشقێکی سەرەڕۆدا ئەخەویت و
هەر ڕۆژە هەڵەیەک لەهەڵەکانی موحیبەت ئەنوسیتەوە
ببورە ئەرێ موحیبەت لەئەزەلەوە هەڵەیەکی جوان بوو
یاخود حەقیقەتێک لێوان لەخواستی ئیلاهی!!

دواتر پرسیارێکی کەینونەیی دەکات، پرسیارێك کەدەکرێ ئینسان لێی رابمێنێ، پرسیار لەوەی کەهەر لەئەزەلەوە، لەسەرەتای بوونەوە موحیبەت هەڵەیەکی جوان بووە؟ کەئینسان ئەوەندە ئاشوفتەی بووە. یاخود حەقیقەتێك بووە خودا بەسەر ئینسانیدا سەپاندووە. شاعیر پێیوایە پیاوان لەخۆپەرستی خۆیاندا بووە کە موحیبەت و عەشقیان دۆزیوەتەوەو هەمیشە بەشوێن ژندا گەڕاون، شاعیر پیاو بەخۆ پەرست و نەرجسیەت تاوانباردەکات و وایدەبینی گەر بیان توتانییایە بەتەنیا بژین بۆ ژن نەدەگەڕان، ئەمەش قسەیەکی نەستەقی عەرەبمان بیردەخاتەوە(پیاوان نەدەتوانن بێ ژن بژین، نەدەشتوانن لەگەڵ ژن هەڵکەن) واتا پیاو نەلەگەڵ



ژندا دەتوانێ ژیان بگوزەرێنێ، نەدوور لەژنیش، ئەمەش دیارە خۆپەرستی و نەخۆشی پیاو دەگەیەنێ لەڕووی دەروونییەوە. دوات ربەبۆچوونی شاعیر پیاوان بۆ هەڵهاتن لەتەنیایی هەوڵی دۆزینەوەی عەشق دەدەن، لێرەیشەوە جارێکیتر دەگەڕێتەوە بۆ شیوەن کردن بۆ تەنیایی خۆیان واتا ژن و پێیوایە لەوەتەی ژن هەیە لەفارگۆنێکی تارێکی شەمەندۆفێرێکدایە کەناوی ژیانە.

وەلێ ئەوان بۆ هەلاتن لەتەنهایی موحیبەتیان دۆزییەوە
لەوەتەی هەین لەم فارگۆنە تاریکەداین.

بەڵام ئایا ئەو گوناهەی ئینسان دەیکا بەتەنیا پیاو تیایدا تاوانبارەو ژنیش بێ تاوان؟ هەڵبەت نەخێر بۆیە لێرەدا شاعیر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوەو دەیەوێ بێلایەنانە بدوێ هەر بەیەکەوە گوناه ئەکەین و پێکەوەش پەشیمان ئەبینەوە. پەشیمان بوونەوە خەسڵەتێکی دەروونی ئینسانەو ئەوەی هەست بەپەشیمان بوونەوە نەکان چەند هەنگاوێك لەئینسانییەتی خۆی دوور کەوتۆتەوە، بۆیە شاعیرۆ لێرەدا پەنای بۆ وشەی پەشیمان بوونەوە بردووە تائەوەمان بیرخاتەوە، کەژن و پیاو دەتوانن پێکەوەو دوور لەهەر کێشەو گرفتێك بژین بەڵام دەبێ هەمیشە هەستی پەشیمان بوونەوە لەناخی هەردوو لادا بمێنێ. هەستێك لای شاعیر درووستبووە، هەستێکە لەخود پەسندییەوە هاتووەو ئەو وەك چۆن چاوەڕێی پیاوێکی ئایدیالی دەکات هەمان شێوە خۆیشی وەك کچێکی ئایدیالی دەبینێتەوەو پێیوایە هەر ئەم شایانی ئەوەیە پیاوێکی ئایدیالی بیدۆزێتەوە، چوون ئەم دەزانێ کەهەموو کچانی کۆمەڵگەکەی بەقەدەری خۆیان رازین و حەز بەیاخی بون و سەربزێوی ناکەن و بەچارەنوسی خۆیان رازین، بەڵام ئەم ئەو چارەنووسە رەت

PDF4Kurd

دەكاتەوەو وەك چۆن خۆی پێ نمونەییە ئاوهاش پیاوێكی دەوێت نمونەیی.

منیش لەكەژاوە ئاوریشمییەكانی (زین)دا

بیر لەگەیشتنی تۆ ئەكەمەوە

بیر ئەكەمەوەو پاپەكەم پێ ئەكەم

بیر ئەكەمەوەو عەشق ئەكێشم!

بیر ئەكەمەوەو كچە قۆشمەچیەكانی هاوڕێم پێم ئەڵێن:

یاریكە ئەی جوانترین دەبەنگ لەكایەكانی ئەم دنیایەدا

بەدۆڕاوی ئەمێنیتەوە.

لێرەدا شاعیر ئاماژەك دانی بەكچە قۆشمەچیەكانی هاوڕێی ئاماژەدانە بەكۆی گشتی كۆمەڵگەو، پێیوایە كۆمەڵگە گاڵتەی بەم جۆرە بیركردنەوەیەی ئەودێت. لەمێژە پیاوان ژنان بەوە تاوانبار دەكەن كەزۆر ماسۆشین و حەز بەئازاردەكەن بۆیە تەحەمولی هەموو نەهامەتییەك دەكەن بەدەست پیاوەوە، چەندە پیاو لەگەڵیاندا رەق بێت هێشتا ژنان هەر رازین و یاخی نابن، ئەم هەستە بەتایبەت لەكۆمەڵگەی كوردیدا لەوەوە هاتووە كە ژن هەمیشە لەلایەن ماڵی باوك و ماڵی مێردیشەوە هەمان حسابی بۆ كراوە واتا ئەو وەختەی كە مێردەكەی خراپەو رەقە لەگەڵیدا ماڵە باوانیش هەمان هەڵوێستی مێردەكەیان هەیەو بەرگری لێناكەن، لای شاعیر ئەم ماسۆشییەتەی ژن بۆ تەنیاییەكەی دەگەڕێتەوە، تەنیاییش مانای بێ پاڵپشت و پەناو لێرەیشەوە ژن ناچارە پەنا بۆ پیاو بەرێتەوەو رەقییەكانی



قبوڵكات بەلام ئەم پیاوەی شاعیر چاوەڕێیەتی شایانی ئەوەی چاو لەخراپییەكانی بپۆشرێ.

من خەیلێكە ماتڵی تۆم

ئەی پیاوێک ئەتوانی

لەئەدگاری ئاوێنە تەماوییەكانی بیرچوونەوەدا

هەناسەی شپرزەیی ئەم ئێوارانە بنووسیتەوەو

ئاسكی ئەم نیگەرانییە راو بكەیت،

تۆ كەئەزانی من دڵم وەک خیابانێكی تەنیا

سینەی بۆ پاژنە قوڕاوییەكانی ئارەزووت رائەخات

ئەم پیاسەیە بۆ ناكەیت؟!

ئەم پیاسەیە بۆ ناكەیت و پێكی ئەم حەسرەتە بۆ ناخۆیتەوە؟

هەوڵی ئەم تێكستە بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێكی دوو سەرەیە لەلایەك بۆ سەلماندنی كەسێتی ژن لەلایەكیش بۆ ئاشكراكردنی ئەوەی كەئەمی ژن چاوەڕوانی وەها پیاوێكە كە جیاواز لەپیاوەكانی تر بیركاتەوەو دەست بەرداری ئەو بیركردنەوانەی پێشووتری بێت كە كۆمەڵگەو كلتور تیایاندا چاندووە، لێ چاوەڕوانییەكەی بێ ئاكام دەبێت و ئەو پیاوە هەرنایات. ئەمەش پەیوەندی بەگۆڕانی بەشێنەیی كۆمەڵگەوە هەیە، لەڕوانگەی (هیگل)ەوە قۆناغی دەرەبەگایەتی و دەردەسەرییەكانی شتێكی حەتمین و دەبێت كۆمەڵگە هەر بیانبرێت و پیایاندا بڕوات و نەهامەتییەكانی بچێژێت، ئەوەش دەزانین كە سوك روانینی كۆمەڵگە بۆژن ریشەیەكی پتەوی لەقۆناغی فیوداڵی و پەیوەندیە كۆمەڵایەتییەكانی ئەو قۆناغەدایە.

**بەپێچەوانەی سەرەتای شیعرەکەوە کە شاعیر زۆر گەشبینە لەوەی پیاوێکی نمونـەیی دەبـینێ، لەکۆتاییـدا زۆر رەەشـبینانە باسـی ئـەو چرکەسـاتە بـێ ئومێدیانـەی خـۆی دەکـاتو دڵنیایـە کەئـەم بەهەڵـەدا چـووەو ئـەو پیـاوە هەرنایاتو ئەمیش دەفتەری رۆژەکانی رەشدەکاتەوە.**

**ئەزانیت هاوڕێ**

**من بەدیار گەڕانەوەی پیاوێکەوە**

**بەپەنجە قوڕاوییەکانی یەئسمەوە**

**دەفتەری رۆژەکانم رەش ئەکەمەوە کەنایە!!**

**ئەزانم تۆش وەختێ پاپیەکەت پێ ئەکەی**

**وەختێ فلوتی بەردەکان ئەژەنی**

**ئای کە شەونامەی گەشتی پیاوێک ئەنوسیتەوە کەنایە!**

*لەژمارە(٥١٠)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ لەڕۆژی٩/١١/٢٠٠٦ بڵاوبۆتەوە.



PDF4Kurd

PDF4Kurd

# هەوڵدان بۆ دروستکردنی دیسکۆرسێکی فێمینیزمانە

لای کەژاڵ ئیبراهیم خدر

PDF4Kurd

ڕەنگە شیعر ڕنینەوەی پێستی وشە بێت تا بەربوونی خوێن. ئەشێ شیعر خەزانێك بێت بۆ هەڵوەراندنی گەڵاكانی درەختی شیعر، تادەرکەوتنی جەستەی باریك‌و بنێسی درەختە رووتەڵەکە. بەدیوێکی تردا ڕەنگە شیعر ئەو ڕەشەبایە بێت کەتەنورەی کچێکی جوان هەڵدەداتەوە، تاپاوپوزوو شلکەی رانی کچی شیعر دەرکەوێت. هەر چۆنێك لێی بڕوانین شیعر گەڕانە بەشوێن دۆزینەوەی شتێکی جیاوازو جوانتر لەوەی کەدەیبینین‌و لێی رادەمێنین، شتێك کەلەدۆخی ئاگاییدا نایبینین‌و لەدۆخی ناگاییدا دێتە بەرشەپۆلی خەیاڵ‌و بیرکردنەوەمان. لەوەتەی دنیا دنیایە شیعر هەیەو هەر دەمێنێ، چونکە بۆخۆی شیعر وێنەیەکی بچووککراوەی دنیایە، بەوەی هەمیشە لەدنیاو ژیاندا شتی تازەتر دەبینین‌و لەشیعریشدا هەروا.

لەوەتەی ئەدەب بۆتە بەشێك لەژیانی ئینسان‌و وەك پێویستییەکی رۆحی لێهاتووەو دواتر بۆتە ستونێکی شارستانی هەر میللەتێك، هەر ئەدەبی مرۆڤایەتی بووەو رۆژێك لەڕۆژان ئەدەبێك نەبووە بەناوی ئەدەبی پیاوان‌و ژنان. ئەم ڕەوتی ئەدەبە بەشێوەیەکی مرۆیی تانیوەی دووەمی



سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام دەبێت، بەڵام لەوەودواو بەهۆی سەر هەڵدانی بزووتنەوەکانی فێمینیزم بۆ داواکردنی مافی بەرابەری ژنان لەگەڵ پیاوان، ئەدەبیش دەبێتە گۆڕەپانی ململانێکانی ژنان‌و پیاوان‌و لێرەوە هەندێك لەژنانی فێمینیزم لەچەشنی(ڤێرجینیا وۆلف‌و کاترین مەنسفێڵد‌و ڕێبێکا وێست‌و دۆرۆتی ریچاردسۆن) ویستویانە جۆرە ئەدەبێك دروستکەن بەناوی ئەدەبی ژنانەو تیایدا لەژان‌و ئازارەکانی ژنان بدوێن‌و لەپاڵیشییەوە سەرکۆنەی پیاوان بکەن‌و بەزمانێکی زبر پیاوان بدوێنن. چونکە رەخنەگرانی فێمینیست وای لێکدەدەنەوە کەبەرهەمی رەسەن نیشاندەری دەسەڵاتی گرووپی خاوەن هێزی کۆمەڵگەیە، کەیان پیاون، یان سەر بەچینی نێوەنجی‌و بالان، یان سپی پێستن. لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کورد لەم باشوری کوردستانەو ئازادی بەربڵاوی رێکخراوەکانی ژنان‌و هەڵکشانی مەسەلەی ژن‌و زۆربوونی هۆکارەکانی راگەیاندن‌و چاپەمەنی ئەم جۆرە لەژنانەکردنی تەواوی کایەکانی کۆمەڵگەو وەرگرتنەوەی زمانحاڵی لەپیاوان بەتایبەت لەبواری ئەدەبدا زیاتر خۆی نواندووە، تەواوی ئەو نوسەرو شاعیرو رۆژنامەنوسە ژنانەی لەبوارەکەدا کاردەکەن هەوڵیانداوەو هەوڵەدەن بۆ دروستکردنی دیسکۆرسێکی ژنانە یاخود(فێمینیستی) ئەمەش لەزۆر حاڵەتدا بەزیانی بزووتنەوەکانی ژنان‌و ئەدەبیات‌و بواری رۆژنامەگەری کەوتۆتەوە.

شیعری کوردی دوای ئازادی کوردستان زۆرترین پشکی ئەم زیانەی پێکەوتووەو چونکە لەماوەی پازدە ساڵی ئازادی کوردستاندا بەهێندەی پازدە سەدەی رابردوو زیاتر شیعر نوسراوەو ژنان پشکیان لەو شیعر نوسینەدا هەبووە، لەمێژووی دووروو نزیکی کورددا هەرگیز وەك ئەم پازدە

PDF4Kurd

ساڵە ژنان نەهاتوونەتە تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەوە. بۆیە لێرەوە ئاساییە ئەو مەیلەی ژنانیش بۆبوونە خاوەنی دیسکۆرسێکی تایبەت بەخۆیان ئاسایی ببینرێ، بەڵام ئەوەی ئاسایی نییە ئەوەیە کە ئەم مەیلە لەبواری ئەدەبدا بەدەگمەن کاری داهێنەرانەی ژنانەی لێکەوتۆتەوە. لەشیعری ژناندا ئەوەندی قسە دەبینرێ، زۆرکەم شیعر دەبینرێ، ئەوەندەی سوکایەتی بەپیاو کراوە زۆرکەم هەوڵی نزیکبوونەوەو لێتێگەیشتنی دراوە. بەکورتی ئەدەبی ژنانە تەنیا دەلاقەی نێوان ژن و پیاوی گەورەتر کردووەو هیچیتر. (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) یەك لەو شاعیرە ژنانەی سەردەمی ئازادی کوردستانەو ماوەی چەند ساڵێکە ئامادەیی تەواوی هەیەو وەك یەکێك لەژنە شاعیرەکان ناودەبرێ و لەزۆربەیشیان پڕ بەرهەمترەو پێدەچێت بەردەوامیش بێت، دیارە بەردەوامیش کامڵی زیاتری بەدواوەیە. شیعر لای کەژاڵ گەڕانە بەشوێن ناسکی و جوانیدا، لەشیعری کەژاڵدا وەسف زاڵەو بایەخ بەفۆڕم دراوەو کەمتر ئاوڕ لەجەوهەری شیعر دراوەتەوە، لێرەوە کەژاڵ بێئاگایانە بێت یان بەمەبەست دەکەوێتە هەڵەی ئەوەوە کە جیهانبینی و ناوەرۆکی شیعرەکانی بەسادەیی بهێڵێتەوەو زیاتر ببێتە شاعیرێکی سادەنوس و چاوەڕوانی ئەوەنەکات کەشیعرەکانی نوخبەیەك لەخوێنەر پەلکێشکەن. هەر ئەمەشە وایکردووە کەخۆی قەتیسکات لەفۆڕم سازی و وەسفی سەرپێییانە لەنوسینی شیعرداو هەنگاو بەرەو پێشەوە نەنێت بۆ کاری داهێنەرانە.

تائێستا زۆر خۆم بەشیعری ئەم شاعیرەوە سەرقاڵنەکردووە، بەڵام قەسیدەی (بەپێنوسی ژنێك) کەچەند کۆپلە شیعرێکە، ناچاریکردم چەند جارێك بیخوێنمەوەو هەستم کرد ئەم شاعیرە هەنگاوێکی بەرەو پێشەوە هاویشتووە. بەپێنوسی ژنێك دوازدە کۆپلەیەو بەهەر دوازدەییان هەوڵی



دەربڕین و دروستکردنی گوتارێك دەدەن کەژن دروستکەرەکەیەتی، واتا خوڵقێنەری ئەم گوتارە ژنە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم گوتارە گوتارێکی ئاسایی نییەو هەڵگری کۆمەڵێك مەدلولە. دیسانەوە دەبێت ئەوەش بزانین کە خوڵقێنەری گوتارەکەش ژنێکی ئاسایی نییەو وەك لەدرێژەی شیعرەکەدا دەردەکەوێت بەوشیارییەکی تەواوەوە ئەوەی دەیەوێ دەریدەبڕێ. دەسپێکی شیعرەکە پرسیارە، پرسیار لەئەوی پیاو، پرسیار بۆخۆی هەڵگری حاڵەتێکی دەروونی زۆر جار خراپ و شێواوە. واتا کەسی پرسیار کەر گرفتێکی هەیە، لەشتێك تێنەگەیشتووە، داوای روونکردنەوەی زیاتر دەکات.

ئەی پیاو

تۆ بۆچی نوێژ بۆ بەهەشت دەکەیت

کەخواوەند لەماڵەکەی خۆتدا

بەهەشتێکی پێ بەخشیوی کەژن.

شاعیر پرسیاری ئەوە لەئەوی پیاو دەکات، کەڕەنگە ئەو پیاوە هاوسەر بێت، کەبۆچی نوێژ دەکات تابەهەشتی بەنسیب بێت، کەدواجار بەهەشت مانای حۆری و وەك دەڵێن ژنی جوان، ئێخۆ هەموو پیاوێك لەماڵەکەی خۆیدا ژنێکی جوانی هەیە، جائیتر بۆ نوێژ یاخود ئیتاعەی ئەو ژنە ناکات کەئێستاهەیەو لەپاڵیدایە. خودا لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ (بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە) دەکرێ ئەم رستەیە فراوانترو سەراپاگیرتر بکرێت و بۆ ژن و خوشکیش بەکاربێت واتا تا ژن و خوشك و دایك لەپیاو رازی نەبن بەهەشتی بەنسیب نابێ. لێرەوە تێدەگەین لای شاعیر نوێژی هەموو پیاوێك

PDF4Kurd

به ریایی و رووکەش لێکدەداتەوەو وایدەبینێ کەئەو نوێژەی پیاوان زیاتر بۆداپۆشینی خراپەکانییەتی لەبەرامبەر ئەوی ژندا.

بەپێی وەسفی کلاسیك کەپەڕیوەتەوە سەرزاری خەڵك بەگشتی و دواتر وەك لایەنی بایۆلۆجیش هەمیشە جەستەی ژن وەك گول پیاویش وەك شتێکی پێچەوانەی گوڵ ناسێندراوە، ئەمەش بۆ سروشتی هەردوو رەگەز دەگەڕێتەوە، ژن ناسك و نەرمونیانەو پیاویش رەق و توندوتیژ. شاعیر پێیوایە پیاو ناتوانێ وەك هەنگیش بێت کەلەپێناوی گوڵ و مژینی هەڵاڵەکەیدا ئامادەیە گیانی خۆی دانێت، بەڵام ژن زیاتر ئامادەی قوربانیدانەو هەمیشە ژن لەپێناوی شەرەف و شان و شەوکەتی ئەوی پیاودا تیرۆرکراوەو دەبێت بکوژرێت، چونکە دواجار وەك کورد دەڵێ حەیاو شەرەڤ هەرچی پیاوی بنەماڵەیە دەچێت گەر بێت و ئەو ژنە نەکوژرێت کەپەیوەندی لەگەڵ پیاوێکدا هەبووەو ئێستا پەیوەندییەکەی ئاشکرا بووە. ئەمەش دیاردەیەکی ناو کلتوری کوردەو بەردەوام خۆی نمایشدەکاتەوەو رۆژانە لاپەڕەی رۆژنامەکان دەیان هەواڵی کوژران و سووتانی ژنمان دەخەنە بەرچاو. لەلایەکیتریشەوە تیرۆرکردنی ژنەکە وەك چۆن لەپێناوی پیاودایە، بەهەمان شێوە پیاویش بۆتە هۆی ئەو کوژرانە، چونکە ئەم حەزی لەپیاوێك کردووە، دواتر ئەو پیاوەش گەر ئاشکرابوو رەنگە بکوژرێت، گەرنا ئەوا وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت و ناوی ئەو ژنە لای خۆی دەسڕێتەوە.

وتەیەکی عەرەبی هەیە دەڵێ: پیاوان نەدەتوانن بێ ژن هەڵکەن و نەلەگەڵ ژنیش هەڵدەکەن. ئەمە گەر بۆ تەواوی پیاوی دنیا وانەبێت لانیکەم بۆ تەواوی پیاوی رۆژهەڵات وایە.

ژن لەڕووبارێک دەچێ



نەتینوێتیتان لێی دەشکێ، نەکەم دەکات

بەڵام کامتان دەتوانن

مەلەی تیابکەن و نەخنکێن.

رووبار سروشتی وایە هەمووشتێك لەخۆیدا کۆدەکاتەوەو زوو لەگەڵ شتەکاندا رادێت، لێرەدا شاعیر وەك میتافۆرێك رووباری وەك ژن چوواندووە بەوەی ژنیش هەموو شتەکانی پیاو قبوڵدەکات و بەسەر خۆی ناهێنێنێ، دەتوانێ پیاو لەخۆیدا نوقم کات و بیخنکێنێ، ئەمە حاڵەتێکە بەسەر پیاودا دێت کە لەبەردەم هێزی شەهوەتدا بۆ ژن دێتە سەرچۆك و هە رهێندەی کاری خۆی تەواوکرد ئیتر سروشتە رەقەکەی لەبەرامبەر ژندا بۆ دەگەڕێتەوەو پێویستی بەژن نییە. لای شاعیر مەسەلەی چەوساندنەوەی ژنان لەلایەن پیاوانەوە ریشەیەکی فەسلەجی و بایۆلۆجی هەیەو چارەسەری زەحمەتە، چونکە ئەوە سروشت و هێزی ماسولکەو ئاوەزی پیاوە وەك رەگەز بوار بۆ چەوساندنەوەی ژنان خۆشدەکات. لای (سیمۆن دیبۆڤار) ژن ئەوی ترەو پیاو بۆی هەیەو وەك هەرشتێکی تری ژیانی بەکاری بێنێ، لەڕوانگەی دیبۆڤارەوە پیاو بکەرەو ژنیش بەرکارو لێرەیشەوە ئەوەندەی پیاو ماڤ گوزارشتکردنی لەخۆی دراوەتێ ژن ئەوەندەی نەدراوەتێ. ئەمی شاعیر پێیوایە گەر ئەمیش پیاوبوایە بەهەمان شێوەی ئێستا ژنەکەی خۆی دەچەوساندەوە.

ئاواتم بوو

تۆ ژن بویتایەو منیش پیاو

بەڵام جیاوازییەک نەبوو

PDF4Kurd

**ئەو کاتە من تۆم دەچەوساندەوە.**

**لێرەدا شاعیر تەواو تەسلیمی ئەو یەقینەبووە کە چەوساندنەوەی ژنان شتێکە لەناخی پیاوداو ئیمکانی گۆڕانی نییە، چونکە سروشتکەی وایلێدەکات، ئەمەش کاتێك تەواو دڵنیامان دەکاتەوە کەدەڵێ: گەر منیش پیاو بوومایە ژنەکەم دەچەوساندەوە. هەوڵی ئەم شیعرە بۆ بەرهەمهێنانی گوتارێکی فێمینستییە تالەڕێگەیەوە خەمەکانی ژن یاخود خودی ژن خۆی بنوێنێ، لەم شیعرەدا هەوڵی بەسەنتەرکردنی ژن دراوە لەسەر حسابی دوور خستنەوەی پیاوان بۆ دەرەوەی سەنتەر. هاوکات هەوڵی نزیکبوونەوەش لەپیاو دراوە، بەڵام شاعیر ئەوە دەخاتەڕوو کە چەوساندنەوەی ژنان بەتەینا سووچی پیاو نییەو کۆمەڵگە بەرپرسی سەرەکی چەوساندنەوەی ژن‌و پیاویشە لەیەك کاتدا. هەر چۆنێك بێت کەژاڵ لەم شیعرەدا هەوڵی تێپەڕینی داوەو زمانی لەدۆخێکەوە بەرەو دۆخێکی تر بردووەو خۆی بەجێهێشتووە، کەلە شیعرەکانی پێشتریدا جێمابوو.**

PDF4Kurd

## بادڵنیا بێت ئاو.. با دڵنیابێت نیشتمان.

کاتێك نیشتمان لەدەست شاعیرێك هەڵدێت

PDF4Kurd

نووسین‌و بوونە نووسەر یاخود بوونە شاعیر رەگێکی قوڵی دەچێتەوە سەر خۆپەرستی‌و حەزکردن لەناوبانگ، رەگێکی دەچێتەوە سەر ترس لەمردن، بەو مانایەی بەرلەوەی بمریت ناوبانگێك دەرکەیت. هەر ئەمەشە وایکردووە زۆرێك لەسایکۆلۆژیستان رەگێکی شێتی دەدەنە پاڵ ئەهلی ئەدەب، بەتایبەت شاعیران بەوەی ئەوەندە بیر لەناوبانگێك دەکەنەوە کەپێش مردن بەریان کەوێت، دەگەنە پلەیەك لەپلەکانی شێتی‌و خۆپەرستن، بەڕادەیەك کەپێیوایە مردنی ئەو وەك مردنی کەسێکی ئاسایی نییەو خەڵکانی شاعیرو نووسەر هەمیشە بۆ مردنیان زووەو بۆ ژیانیشیان درەنگ. واتا ئەوان هەرگیز کاتی مردنیان بەدڵ نییەو پێشیان وایە ئەم سەردەمە، سەردەمی ئەوان نییەو دەبوو زووتر یاخود درەنگتر بهاتنایە دنیاوە. ئەمەش وادەکات هەمیشە نووسینەکان یاخود شیعرەکان تەمی رەشبینی‌و نائومێدیان لەسەر بێت. ئەم تەمی رەشبینییە لەناو وڵاتدا کەمتر بەسەر شیعرو نوسینەکانەوە دەردەکەوێت کاتێك دەچیتە دەرەوەی وڵات ئیتر زیاترو زۆرتر دەبینرێت. جەمال غەمبار یەك لەو شاعیرانی ئێمەیە کەتا لەوڵاتبوو شیعرەکانی کەمتر بۆنی نائومێدی‌و رەشبینی لێدەهات، بەڵام لەوەتای چۆتە دەرەوی وڵات‌و لەتاراوگە دەژی کەم شیعری هەیە سیخناخ



نەبێت بەڕەشبینی‌و نائومێدی، نائومێدی لەوەی بێتەوەو بەکۆڵانەکانی مەڵکەندی‌و پیرەمەسووردا پیاسەیەك بکات. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەناو نائومێدیدا واتا لەتاروگەدا شیعری ئەم شاعیرەمان زیاتر دەدرەوشێتەوەو دڵنشین تر دەبێت. دەمانەوێ قسە لەسەر قەسیدەی(با دڵنیابێت ئاو)بکەین، ئەم شیعرە هەر دەڵێی وەسێتەو لەسەرمەرگدا دەنووسرێت وەسێتێك بۆ تەواوی نیشتمانەکەی بەخاك‌و خەڵکەوە. ئەو ئاوەی (غەمبار) دەیەوێ دڵنیای کاتەوە، ئاوێکە کەلەوەختی کفن‌و دفندا جەستەی مرۆڤی پێدەشۆن، غەمبار دەیەوێ بڵێ با ئەو ئاوە دڵنیابێت کەمن باکم لەمردن نەماوەو کەی دێت بابێت گرنگ ئەوەیە من ئەوەی دەمەوێ بیڵێم وتومەو لێیشی پەشیمان نیم؟ جگەلەوەش شاعیر وا دەنوێنێ کەکەسیکی پاکەو شتن‌و نەشتنی وەکو یەکەو ئەم لەو کەسە پیسانە نییە کەبەشتنی دوای مەرگ پاك بێتەوەو بەپاکی بچێتە حزووری خودای گەورە. چونکە لەکلتوری ئیسلامدا دەبێت هەموو کەسێك دوای مردنی بشۆرێت پاشان کفن‌و دفن کرێت تا لەبەردەم بارەگای خودادا بەپاکی دەرکەوێت. بەڵام ئەوەی رەشبینی تەواوی ئەم شاعیرە دەردەخات کەس ئامادەی وەسێت نامەکەی نییەو تەنیا خۆی بۆخۆی دەنوسێت‌و کەسیش پێی نەوتووە وەسێت بنووسێت. بۆیە رووی دەمی دەکاتە ئاوو پێی دەڵێ دڵنیابە من وەك ئەوانی تر نیم تابێیت‌و پاکم کەیتەوە.

شەوی گۆشەگیری چەندە کورتیش بێت

تازە من ناتگەمێ ئەی سپێدەی ئومێد

شاعیر بەحوزنەوە دەڵێ شەوی گۆشەگیری، شەوی تەنیای‌و دوورە وڵاتی چەندە کورتیش بێت تازە بۆ من هەر درێژەو ناگەمەوە ئەوەی کەبتوانم

PDF4Kurd

سەرێك لەولات بەمەوەو یارو دیارو نەیار بەسەر کەمەوە. لەئەدەبیاتی سەردەمی شۆڕشی ئێمەدا، واتا ئەدەبیاتی بەرگری شەو قەڵای مێردانەو ئەوە شەوە وادەکات پێشمەرگە بێنەوە ناو شارەکانو بدەن بەسەر مۆڵگەو بارەگای بەعسو سوپاو جاشدا، بەڵام لەڕاستیداو لەم وڵاتە بەدبەختەی ئێمەدا شەو بۆخۆی ئاماژەیەکە بۆ ئاوابوونی ئومێدو هیواو، لەشەودا کەمتر مرۆڤ زیندووەو زیاتر وەك مردو حسابی بۆ دەکرێتو زۆرینەی چالاکی ئێمە لەڕۆژدایەو بەشەو خەوتن هەیەو خەویش یانی مردنو بێئاگایی لەدنیا. ئەمەش شاعیر ناچار دەکات بێمنەت بێت لەکورتی شەو، چونکە ئەو ناتوانێو بۆی ناکرێت سەربداتەوە، ئەو دڵنیایە لەوەی ناگاتە سپێدەی ئومێدو سوود لەو سپێدەیەو وەرناگرێ. ئەم کۆپلەیە لەناوخۆیدا هەڵگری ئەو رازەیە کەشاعیری بێ ئومێد کردووە بێ ئومێد لەوەی بگاتەوە وڵات، بێ ئومێد لەوەی یارو دیار ببینێەوە، بێ ئومێد لەوەی سبەینێیەکی پڕ ئومێد بێتو دەستی ئەم بگرێت.

چەنێ درێژیش بێت بەیتی دڵنەوایی دنیا،

تازە مەحاڵە گەڕانەوەی گۆرانیو سێبەر

بۆ عەرعەری تەنیایی من!

ئەم بێ هیوابووە لەوەی گەر بەیتو حیکایەتەکانی بۆ دڵدانەوەی ڕێکدەخرێتو دەچڕدرێت چەند درێژیش بن ناتوانن دڵی بدەنەوە، چونکە ئەم دەمێکە ئەوەی لەدەستداوەو تازە چاوەڕوانی دڵدانەوە ناکات. ئەم دڵی لەنیشتمانو وڵات شکاوەو تازە شوێنی خۆی ناگرێتەوە. بەمەحاڵی دەزانێ کەگۆرانیو سێبەر وەك دوو شت کەپەیوەندییان بەمرۆڤەوە هەیە، گۆرانی



پەیوەندی رۆحییەو سێبەریش پەیوەندییەکی جەستییە، بەوەی هەمیشە خۆمان دەخزێنین بۆ سێبەرو سێبەر وەك میتافۆرێك بۆ داڵدەو پەنادانیش بەکاردێت. کەسێك دەبێتە سایەو سێبەر بەسەر کەسێکی ترەوە، واتا دەبێتە پارێزگارو پارێزەری کەسێکی ترو لەزوڵمی ئەو کەسە یاخود لەهەڕەشەو گوڕەشەی ئەو رزگاری دەکات. بەڵام ئەم شاعیرەمان لەوە دڵنیایە تازە گۆرانیو سێبەریش نابنە پارێزەری درەختی عەرعەری تەنیایی ئەو، چونکە ئەم رۆحێکی هەلاهەلای هەیەو بەبەرییەوە نەماوە بۆ ئەوەی گۆرانی بیلاوێنێتەوەو درەختی عەرعەریشی لەمێژە گڕەو هەتاو بردوێتیو پێویستی بەسێبەر نییە. ئەم کاتێك پێویستی بەگۆرانیو سێبەر بوو کەدرەختی عەرەعەری پڕ شەوقو گەش بووە، ئێستا کەئیتر وانەماوە ئەمیش پێویستی بەگۆرانیو سێبەرە نییەو بێمەنەتە لەگڕەو بابێت چیدەکات بیکات.

ژیان لەگەڵ هەموومان درۆزنە، یاخود ئەوە ئێمەین لەگەڵ ژیان درۆزنین.؟ ئەمە تائێستا ساغ نەبۆتە ژیان بێ وەفایە یاخود ئێمە بێ وەفاین، چوون لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئێمەین هەڵگری بێوەفاییو خراپکردنی ژیان، چوون ژیان لەدەرەوەی مرۆڤ بوونی نییە. ئەوە ئێمەین هەست بەژیان دەکەین نەك ژیان هەست بەئێمە بکات، مرۆڤ هەمیشە باجی ئەعقڵو هۆشی خۆیداوە، لەدەرەوەی سنورەکانی عەقڵ شتێك نییە پێی بوترێ ژیانو بێ وەفایی ژیان. مرۆڤ لەو رۆژەوەی هەستی بە عەقڵ کردووە لەخۆیدا، لەو رۆژەشەوە بەدبەختی بەسەردا باریوە، ئاخر هەر ئەعقڵە وادەکات حەزمان لەپارەو سەروەتو سامانو دەسەڵات بێتو ئەمەیش رەواییمان دەداتێ ببینە کەڵەگاو جەللاد بەسەر یەکرتەوەو لێرەیشەوە ژیان لەخۆشمانو لەخەڵکیش

PDF4Kurd

تاڵ دەکەین‌و ئیتر ئەوەی جەلادە دەڵێ ژیان زۆر خۆشەو بەرامبەرم بەوەفایەو تەنیا گلەیی ئەوەیە لەژیان کەمۆڵەتی بات دەست بەسەر زۆرترین مەملەکەت‌و خەڵکدا بگرێت. ئەوەی کەقوربانیشە دەڵێ ژیان ناخۆشەو بێوەفایە بەرامبەرمان‌و رۆرژێك لەحاڵی نەپرسیوینەتەوە.

ویستم دڵی شکاوی سەفەر بدەمەوە

گۆزەیەکی موسافیر خۆی پڕ کرد لەشەرابی مردن‌و

لەسەربانی درۆکانی ژیانەوە خۆی بەردایە خوارێ..

شاعیر چەند جار هەوڵی داوە دڵی شکاوی خۆی وەك موسافیرێك وەك تاراوگە نشین‌و وێڵگەرێك بداتەوە، بەڵام هەوڵەکەی ئەنجامی نەبووەو گۆزەیەکی موسافیر کەئاماژەیە بۆ بەختەوەری مرۆڤ لەسەربانی درۆکانی ژیانەوە خۆی بەرداوەتەوە خوارێ. هەمیشە هەوڵەکانی ئەمی شاعیرو ئاوارە بێ ئاکام بووە لەوەی کە دڵی شکاوی خۆی بداتەوەو وەك کەسێکی گەشبین بەخەڵکی بناسێنێ. شاعیر نایەوێ ئەکتەر بێت‌و باوەش بەژیانێکدا بکات کەلەدرۆدا تابینەقاقا رۆچووەو دەرهێنانەوەی زەحمەتە. ئەمە بواری گلەیی‌و گازندەی دۆست‌و برادەر ناهێڵێتەوە بەوەی پێی بڵێن تۆ خۆت تەممەڵ‌و تەوەزەلی‌و ناتەوێ ژیان بۆت پێبکەنێ چونکە هەوڵ نادەی کەمێك لەخەم‌و کەسەرەکانی خۆت کەمکەیتەوە. ئەم پێیان دەڵێ چەند جارێك هەوڵمداوەو دەواجار بێ ئومێد بووم لەوەی ژیان بەدڵی من بێت، چونکە ژیان راستییەکە پر لەدرۆو منیش تەنیا شاعیرێکی راستگۆم‌و ناتوانم درۆ لەگەڵ خۆم‌و ژیانیش بکەم. دڵگرانی شاعیر تەنیا لەوە نییە کەناتوانێ بێتەوە وڵات، بێتەوەو یارو دیار بەسەر کاتەوە، بەڵکو دڵگرانی ئەو لەو



سەرگەردانی‌و پاشا گەردانییە وڵاتدایە، وڵاتێك حورمەتی ئینسانی تێدا نەماوەو بۆتە دۆزەخ بۆ خەڵکەکەی. لێرەدا شاعیر شەهیدێك دەهێنێتەوە زمان، شەهیدێك زیندو دەکاتەوەو لەوێوە ناڕاستەوخۆ سەرانی بزووتنەوەی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، پرسیار لەوەی دوای ئەو هەموو شەهیدە، دوای لەبەر رۆیینی ئەو هەموو خوێنە بۆچی کۆمەڵگەیەك لەژێر دەسەڵاتێکدا کەتادوێنێ خەونی پێوەدەبینی‌و خوێنی بۆ دەڕشت ئاوها ژیان بگوزەرێنێ.؟ ئایا ئەم کۆمەڵگەیە شایانی ژیانێکی شیاوو باشتر نییە.؟ لەکلتوری ئێمە دا شەهید جێگەیەکی باڵای هەیەو وەك موقەدەس حسابی بۆ دەکرێت، بەڵام لەژێر ئەو سمبوڵە باڵایەدا، لەژێر ئەو موقەدەسەدا کەرامەتی تاك‌و کۆی کۆمەڵی کوردی سوکایەتی پێدەکرێت.

لەشەهیدێکیان پرسی: کەی ئەگەڕێیتەوە ناومان؟

ئەو وتی: کەشۆڕش دەستی پێکردەوە!

شاعیر پێیوایە لەئیستادا ئەوەی شەهید هەوڵی بۆی داوە ئەنجامی نەبووەو لێرەیشەوە شەهیدیش بۆخۆی ماناکانی لەدەست داوە، لەئێستادا شەهید ئەو جێگە باڵایەی لای سەرانی کورد نەماوە، چوون ئەوان دەستیان لەوە گیربووە کە هەوڵیان بۆیداوەو خەڵکیان لەپێناویدا بەشەهیدکردن داوە، ئەمەش وادەکات شەهید لەئێستادا گەڕانەوەی پێخۆش نەبێت، چوون شەهید کائینێکی پیرۆزەو نایاتەوە بۆ سەرزەمینی ناپیرۆز، سەرزەمینێك پڕ لەگەندەڵی‌و سەرگەردانی‌و سوکایەتیکردن بەمرۆڤ، سوکایەتی کردن‌و بەشەهیدو زیندووەکانیش. شەهید بۆیە خۆی بەشەهیدکردن داوە تا سەرزەمینێکی یەکسانی‌و دوور لەهەر چەوساندنەوەو جیاکارییەك بێنێتە بوون، کەئێستا ئەم شەهیدبووەو ئەو شتانە نەهاتونەتە بوون دیارە ئەم

PDF4Kurd

پەشیمانەو گەر بڕیار بێت بگەڕێتەوە لەئێستادا ناگەڕێتەوە، بەڵکو لەدەستپێکی شۆڕشێکی تردا دێتەوە، چونکە ئەو تەنیا لەشۆڕش و لەگەرمەی خەبات و تێکۆشاندا دەگاتە تەواوکۆیی و مانای تەواوی خۆی دەدات بەدەستەوە.

لەشۆڕشی کورددا گەرمیان و گەرمیانییەکان بەخاك و خەڵك و ئاوەوە زۆرترین پشکی قوربانیان بەرکەوتوو، ئەوان بڕبڕەی پشتی شۆڕشی کوردبوون لەدێرەوە تائەمڕۆش. خودی پرۆسەی ئەنفالیش لەسەر ئەوان تاقیکرایەوەو ئەوانی تێداکرانە ئامانج بەو پێیەی کەزۆرترین کوڕە ئازاکانی شۆڕشی کورد، قارەمانترین پێشمەرگەو شەڕکەرترین ناوچەیش ناوچەی ئەوان بوون، ئەمەش بەبەرنامە کراوەو لەخۆڕانەبووە. هەر ئەم خەڵکە، ئەم خەڵکە ڕەنج بەخەسارە کەمترین پشکیان لەڕاپەڕین و دەستکەوتەکانی ڕاپەڕین بەرکەوتووە. بێنازترین ناوچەی کوردستان گەرمیانەو دڵشکاوترین خەڵکیش دیسان خەڵکی گەرمیانن. غەمبار لەزۆر شیعری تریشیدا لەڕێگەی ئەنفالەوە گەرمیان و خەڵکی ئەو ناوچەیەی بەسەر کردۆتەوەو بۆتە بەشێك لەخەمە هەمیشەییەکانی. لەم شیعرەدا دیسانەوە گەڕاوەتە سەر گەرمیانییەکان و دەسەڵاتی کوردی دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەوەی تائێستا لەئاست قوربانییەکانی ئەو خەڵکەدا نەبووەو نەیتوانیوە بەهێندەی قوربانیدانیان پاداشتیان بداتەوە.

پڕم لەقوتوی بەتاڵی ڕێگەکان.. پڕم لەنیگەرانی..

کەی منالێکی موحتاج کۆمئەکاتەوەو

ئەمباتەوە بۆ شار!



ڕەشەبایەکی ئۆپۆزیسیۆن وای لەسەر دیوارە

غەمناکەکانی گەرمیان نووسیبوو..

لێرەدا ئەوە دەبینین کەگەرمیان وەك قوتووی بەتاڵ.. وەك شوێنێکی پڕ لەنیگەرانی و دوور لەشار قسەی لەسەردەکرێت و شارەکان لەخەمی ناپرسنەوە. ئەو شارانەی دەسەڵاتەکانیان لەسەر خوێنی خەڵکی ئەوێ دروستبووە ئەمڕۆ خۆیان لە گەرمیان بەدوور دەگرن و نایانەوێ ڕۆژنامەی خەمەکانی بخوێننەوەو بزانن لەچی و بۆچی نیگەرانە. منداڵ ئاماژەیە بۆئایندەو شاعیریش وایدەبینێ کەدەبێت چاوەڕێکەین تالە ئایندەدا منالێك دێت و خەمەکانی گەرمیان و خەڵکەکەی دێنێتەوە شارو دەیان خوێنێتەوە. مردن تاقە شتێکە کەمرۆڤ نەیتوانیوە تائێستا سنوورێکی بۆ دانێت و کاتەکەی بزانێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵەدات بەرلەوادەی مردنی، بەرلەوەی مەرگ بێت و ڕاپێچی کات شتێك بکات بۆ ئەوەی نەمری بەدەست بێنێ، تا لەیادەوەرەی خەڵکی نیشتمانەکەیدا بمێنێەوە. شاعیر دەیەوێ بەر لەمردنی تەنیایی لەقوڕی نیشتمان هەڵکێشێت، لێرەدا تەنیایی و قوڕ هاو واتای یەکن و تەنیایی ئینسان بەرەو گۆشەگیری دەبات و دەیکاتەوە قوڕو لەو قوڕە مەخلوقێکی تر ساز دەبێت. قوڕ بۆخۆی ئاماژەشە بۆ دروستبوونی ئینسان لەو قوڕەو بوونەوە بەقوڕیشی دووبارە دوای مردنی. شاعیر دەیەوێ تەنیایی خۆی لەقوڕی نیشتمانەکەی هەڵکێشێت و نەمری بەدەست بێنێت. ئەمەش تەنیا لەبەر ئەوەی کەس لەناڵەو هاوراو فوغانی ناپرسێت، کەسێك نابێتە ئیشکگری خەمەکانی.

بەر لەمردن

PDF4Kurd

**تەنیاییم لەقوڕی نیشتمان هەڵئەکێشم**

**ئاخر کێ لەناڵەی ئەم بارانەی من تێئەگات!**

ئـەم هەمیـشە ناڵـەناڵی وەك بـاران بەسـەر تەنیاییـدا دەبارێـت و کەسـیش ناچێت بەدەنگییەوە، هـەر ئەمەیشە وادەکات شاعیر لـەو شارە پڕئاپۆڕاو پێشکەوتووانەی دنیادا هەست بەتەنیاییەکی کوشندە بکات و لەوێوە گۆرانی بۆ تەنیایی خۆیی و نیشتمانەکەی بڵێت ئاخر نیشتمانەکەی شاعیر لەهەمووکەس تەنیاترەوە وەك چۆن کەس بەدەنگی شاعیرەوە ناچێت ئاوهاش کەس بەدەنگی نیشتمانەوە ناچێت و نیشتمان غەرقی گۆشەگیریی بووەو رەنگە بمرێت. لێرەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین کەئەم قەسیدەیە لەچەند کۆپلەیە یاخود چەند پارچەیەك پێکهاتووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کەشاعیر ماوە ماوە تەنیایی و بیرکردنەوە لەنیشتمان بەقورسی سەری تێدەکات و لەپەلوپۆی دەخات. لێرەدا ئەوەی دەیبینین شاعیر بەتەنیا خەمی نیشتمانی نییە وەك خاك یاخود جوگرافیایەکی دیاریکراو، بەڵکو شاعیر خەمی خەڵکی نیشتمانەکەیەتی، ئەوەی شاعیر هەمیشە بیری لێدەکاتەوەو هەستەکات بەشێکی زۆرو بنەڕەتی یادەوەرییەکانی لەگەڵیانە خەڵکی نیشتمانەکەیەتی نەك خاکێکی لەتلەتکراوی نیشتمانێکی دابەشکراو.

**بۆ رۆیشتیت ئەی نیشتمانی من! بۆ رۆیشتیت..**

**خۆ تۆ مناڵی دوێنێ بوویت**

**ئێستاش جۆلانەکەت بێ خۆت دێت و دەچێ!**

**بۆ رۆیشتیت؟**



لێرەدا شاعیر پێیوایە ئەوە نیشتمانە لەدەستی ئەم رایکردووە، ئەم نیشتمانی لەدەست چووە، نەك ئەم لەنیشتمان هەڵاتبێ و نیشتمان ئەمی لەدەستچووبێت. بەو مانایەی نیشتمان دڵی رەق بووەو ئەمی بەجێهێشتووەو ئەم لەدوریشەوە دەیلاوێنێتەوە. نیشتمان لای شاعیر مناڵێکەو گەورە نابێت و نابێتە ئەوەی کەمرۆڤ رقی لێهەڵگرێت، چونکە مناڵ دڵی پاکەو بەدڵ پاکی خۆیشی دەمێنێتەوە. هەموو رق و ناشیرینییەکان لەگەورەیدا پێدەگەن و تەشەنە دەکەن و دڵی مرۆڤ کرمێدەکەن. بۆیە ئەمیش هێشتا ئەو جۆلانەیەی لەمناڵی نیشتماندا بۆی هەڵخستبوو بەدارەکەوە ماوەو لێینەکردۆتەوەو چاوەڕوانە رۆژێك بێت و نیشتمان دووبارە جۆلانێی لێبکاتەوە. ئەوە نیشتمانە جیا لەهەموو شتەکانی تری وابەستەی ئینسان گەورە نابێت و مرۆڤ هەر خۆشی دەوێ. شاعیر لەرۆژێکدا وڵاتی بەجیهێشتووە رۆژانە لافیتەی رەش دەست لەملانێی شاردەبوو رق وەك دەریا لەناو وڵاتدا شەپۆلی دەداو وایدەکرد کێ فریاکەوێ خۆی بپێچێتەوەو هەڵبێ. لێرەوە ئەم هەڵاتنە لای شاعیر پێچەوانە دەبێتەوە بەوەی ئیتر نیشتمان چیتر هی ئەم نییەو ئەم پێویستە بچێت بەشوێن نیشتماندا بگەڕێت. رازی هەڵاتنی نیشتمان لەدەستی شاعیر لەو رۆژەوە دەستیپێکردووە کە شەڕی براکان هەڵگیرساوەو وڵات پڕبووە لەلافیتەی رەش و برسێتی تابینەقاقای نیشتمان رۆچووەو گۆرانیش لەشەوێکی تاریکدا لەخاچدراوەو نیشتمانیش دڵتەنگ بووە. شاعیر لێرەوە دەبێتە زمان حاڵی خەڵك و ئەوەندەی دوعاو نزاکردووە بۆ ئەوەی نیشتمان خاڵی بێت لەشەڕی براکان و لافیتەی رەش لەوڵاتدا نەمێنێ تا خودا دوعاو نزاکەی قبوڵکردووە، بەڵام دواتر برسێتی و رق وەك دوو هەڕەشە بۆسەر رەگەزی

PDF4Kurd

مرۆڤ هێشتا بێدارو زیندوون و نیشتمانیش دڵتەنگە بۆ ئەو شەوەی گۆرانییە ئەوینداریيەکانیان لەخاچداوە.

چەندە نزام کرد خوا وڵاتێکم بداتێ
خاڵی لەشەڕی براکان. سپیی لەلافیتەی رەش
خوا نزاکەی گیرا کردم. شەڕی براکانی خستە دەریاوە
کەچی رق و برسێتیی هێشتا بێدارن
نیشتمان هێشتا غەمناکە بەشەوی لەخاچدانی گۆرانی!

جارێك خوێندمەوە کە(جەیمس جۆیس) وتبوی: ئەو وڵاتە جوان و دڵگیرەی کەهەمیشە نووسەرو هونەرمەندەکانی رەوانەی دەرەوە دەکات. ئەم قسەیەی جۆیس مەبەستی ئەوە نییە کەجوانی ئەو وڵاتانە لەوەدایە کەنووسەرەکانیان دەچنە دەرەوە یاخود وڵاتەکە خۆی رەوانەیان دەکات، بەڵکو ئەو مەبەستی ئەوەیە دواتر ئەو نووسەرو هونەرمەندانە کەبەهەر هۆیەك وڵات جێدەهێڵن دەبنە داهێنەرو جوانی بەو وڵاتەکە دەبەخشن. چونکە ئێمە دەزانین کەکەهەمیشە نووسەرو شاعیرو هونەرمەندان لەنەبوونی ئازادیو باڵادەستی دیکتاتۆری لەلایەن رژێمە تۆتالیتارییەکانەوە وڵات جێدەهێڵن. ناشکرێ وڵاتێك لەژێر سایەی دیکتاتۆرییەتدا بێت و جوانیش بێت. بەڵام دواترو لەرێگەی داهێنانەکانی هونەرمەندو نووسەرانەوە وڵاتەکە جوان دەبێت. ئیسپانیای سەردەمی فرانکۆ کەلەساڵی(١٩٣٦)دا (فدریکۆ گارسیا لۆرکا)یان کوشت ئەو دەم ناشیرینترین وڵاتبوو، بەڵام دواتر لەرێگەی شیعرەکانی لۆرکاوە ئیسپانیا بووە وڵاتێکی جوان. ئەمە رەنگە بەسەر لۆرکادا پراکتیك نەکرێت، چوون لۆرکا فریای هەڵاتن نەکەوت و



پیاوکوژەکانی فرانکۆ گوللە بارانیان کرد. غەمبار لەداخی سووتانی نیشتمان و پیاوکوژەکانی هەڵات و لەوێیشەوە جوانترین شیعر بۆ نیشتمانەکەی دەنووسیّ و دواتر لەرێگەی شیعرەکانی غەمبارەوە نیشتمان لەجوانیدا دەدرەوشێتەوە. ئەم شاعیرەمان تالەوڵات بوو یەکێك بوو لەبەرگریکاران و داکۆکیکارانی مافەکانی ژن و هەمیشە هەڵوێستی لەسەر ئەو رووداوانە هەبووە کەدووری نزیك پەیوەندییان بەژنان و پرسی ژنانەوە هەبووە. هەر ئەمەیشە وایکردووە شیعری غەمبار سەر ریژبێت لەژن و لەجوانییەکانی ژن و لەئێش و ئازارەکانی ژن. هەمیشە گۆرانی بۆ ژنانێك دەڵێت کەهێشتا خودا نەیزانیوە کەدروستیکردوون و پێرانەگەیشتووە بزانێ بۆچی دروستبوون و چییان دەوێت و چۆن دەژین، ئەمەش رەنگە بۆئەوە بگەرێتەوە کەغەمبار زۆر سەرسامە بە(نزار قەبانی) شاعیری گەورەی عەرەب و ئەویش زۆرترین پانتایی شیعری خۆی بۆ ژن تەرخانکردووەو لەیەکێك لەدیدارەکانیشیدا دەڵێت: لەژێر سەرینی هەموو ژنێکی رۆژهەڵاتیدا کەئەو زیاتر مەبەستی عەرەبە شیعرێکی من واتا شیعرێکی نزار قەبانی هەیە. ئەو ژنانەی لەشیعری غەمباردا ئامادەییان هەیە ژنانێکن لەمێژوو جێماون و لەپەراوێزی کۆمەڵدا دێن و دەچن و هەست بەبوونیان ناکرێت، بەڵام غەمبار دەیەوێت ژن لەبەرکارەوە بکاتە بکەرو رۆڵی هەبێت، واتا بەپێچەوانەی ژیانی رۆژانەی ناو کۆمەڵگەوە کەژن پاسیڤە لەشیعری غەمباردا ژن دەبێتە مەخلوقێکی ئەکتیڤ و رۆڵ دەگێڕی لەزیندو مانەوەی پیاو. گەر لەکۆمەڵگەو لەژیانی واقعدا پیاو هۆی مانەوەی ژن بێت ئەوا لای غەمبار ژن دەبێتە هۆی مانەوەی پیاو، ئەم سیفەتەی ژن لەنیشتمان دەچێت، نیشتمان هەمیشە مێیەو رۆڵی دایك دەبینی، مرۆڤ لەهەر کوێبێت

PDF4Kurd

بیری دایکی زیاتر دەکات وەك لەباوکی، بیری نیشتمان دەکات وەك لەوەی بیری سەرکردەکانی بکات. دایكو نیشتمان لەم خاڵەدا یەکدەگرنەوە. سەرکردەو باوکیش لەو خاڵەی تردا یەکدەگرنەوە. نیشتمان وەك ئامێزی دایك هەموومان بەرەو خۆی کێشدەکاتەوە، بەڵام هەمیشە سەرکردەو ڕێبەرانی نیشمان ڕۆڵی باوکێکی دڵ ڕەقیان بینیوەو ئێمە لەدەستیان هەڵاتووینو هەرگیز بیرمان نەکردوونو نەمان ویستووە بگەڕێینەوە ژێر سایەو سێبەریان. هەر ئەمەیشە وادەکات سەرکردەکان تەنیا لایەنە مێیەکەی نیشتمان ببیننو چەشنی مێیینەکانی ناو کۆمەڵگە ڕەفتاری لەگەڵ بکەنو بەبەرچاوی خوداوە ئەتکی بکەن.

ژنێک لەدوورەوە دەستەکانی بۆ خودا درێژدەکات

ژنێک لەدوورەوە کۆڵوانەکەی پڕ ئەکات لەدوعا

ژنێک لەودیو پەنجەرەکانی تیرۆرەوە

دوکەڵ کۆ ئەکاتەوە

حەز ئەکات خۆر زوو هەڵبێت....

ژنێک دەستی لەدڵی مندا چاندووە

بۆ ئەوەی لەلێدان نەکەوێت!

لێرەدا ژنێك دەبینین کە لەدوورەوە دەستی بۆ خودا درێژ دەکاتو هەر نایگاتێ، ژنێك دەبینین کۆڵوانەکەی پڕ ئەکات لەدووعاو یەك دانەشیان گیرانابێتو بەمرازی خۆی ناگات. ژنێك دەبینین لەکەلاوەی تیرۆری پیاواندا دوکەڵ کۆدەکاتەوەو دەبێت تاماوە باجی سەرەڕۆییەکانی پیاوان بداتو بەژیانی خۆی ڕانەگات. ئەم ژنانە حەزدەکەن خۆر زوو هەڵبێت، لێرەدا خۆر



هێمای سەردەمێکی پڕ ئاسودەییەو کۆتایی هاتنە بەمەینەتییەکانی ژنان، بەڵام ئایا بەحەزی ئەو ژنە دەبێتو خۆر زوو هەڵدێت.؟ دواجار ژنێك دەبینین دەستی لەدڵی شاعیردا چاندووە، ئەمەش وایکردووە کەشاعیرەکەمان دڵی لەلێدان نەکەوێتو لەوێشەوە شیعر بەردەوام بێتو ئەمەش پێمان دەڵێت هەمیشە لەپشتی هەر شاعیرێکی جوانەوە ژنێکی جوانو نیشتمانێکی جوانتر هەیەو هەر ئەوەشە خۆراکی ئەو شاعیرە. شاعیر تەواو نائومێد دەبێت کاتێك کەناتوانێ بەبێ بوونی نیشتمان، نیشتمان بەهەموو قورسایی خۆیەوە، عاشق بێت چوون ئەم پێیوایە کە هەموو عاشق بوونێك لەدەرەوەی نیشتمان، یاخود لەدەرەوەی ماڵ بەمانا نەتەوەییەکەی عاشقبوونێکی بێ ئاکامەو هیچ بەرهەمێکی نابێت، ئەمە ڕەنگە لەوێوە بێت کەسەرەنجامی هەموو عەشقێك نزیکبوونەوەو پێکەوە ژیانە لەماڵێك یاخود لەژێر بانیژەیەکدا، بەڵام کاتێك نەماڵەکە هەبێتو نەبانیژەکە ئیتر عەشقیش بوونی نابێت چوون عاشقو مەعشوق دەبێت لەشوێنێکدا هەر پێك بگەن. بۆیە شاعیر پێیوایە عەشقێك لەدەرەوەی نیشتمان بکرێت خاڵییە، عەشقێکە ساردو سڕ.

عیشق چەند خاڵییە بێ تۆ!

هەمیشە نووسەران حەزدەکەن لەهەر کوێی دنیابن چاوێکی نیشتمان واتا چاوێکی خەڵکی نیشتمانیان لەسەر بێت تاهەم خەڵك هەست بەو بکەنو هەم ئەویش هەست بەخەڵك بکات، چونکە نووسین یا هەر کارێکی تری ئەدەبی سەنتێزی دیالێکتیکی خەڵكو نیشتمانە، گەر خەڵك تێز بێت ئەوا نیشتمان ئەنتی تێزەو لەوێیشەوە کاری ئەدەبیو هونەری سەنتێزە یاخود سەیرورەیە، بەرئەنجامی بەریەککەوتنەکانی خەڵكو نیشتمانە،

PDF4Kurd

دەرهاویشتەی ئازارەکانی خەڵك‌و ئازارەکانی نیشتمانە، لەدەرەوەی خەڵك‌و نیشتمان شتێك نامێنی ناوی کاری ئەدەبی بێت. شاعیر وایدەبینی کەهەرچی دەکات بۆ ئاسودەیی خەڵك‌و نیشتمانەکەیەتی، کاتێکیش لەچۆڵەوانی نیشتمانە دەڕواتە ئاوەدانی پڕ جەنجاڵی مەنفا، واهەستدەکات هەموو چاوەکانی مەنفا بەخەمناکی لەو دەڕوانن، پێیوایە خەڵکی ئەویٚ هەر وەك بێگانەیەك لێت دەڕوانن وەك کەسێکی گوناهو سەرگەردان دەتبینن‌و بەزەییان پێتا دێتەوە، لەکاتێکدا تۆ پێویستت بەڕێزە. ڕەنگە ئەمە واش نەبێت، بەڵام ئێمە وەك کوردێك، وەك خەڵێکی سەرگەردان‌و بێ دەوڵەت‌و نیشتمان، وەك تاکی نەتەوەیەك کەبەقاچاخ دەگەینە مەنفاو بەهەزار دەردەسەری مافێکی پەنابەریمان پێدەدرێت، هەستەکەین خەڵك وادەمان بینیٚ. خەڵکانی نەتەوە سەردەستەکانی ئێمەو دەرو دراوسیٚ هەر وەختێك بیانەویٚ دەچنە وڵاتانی ئەوروپاو دەگەڕێنەوەو کەسیش لێیان ناپرسێت چوون پاسپۆرتی ڕەسمیان پێیەو تاکی دەوڵەتێکن کەئامادەیە لەهەر کاتێکدا بەرگرییان لێبکات، کەئەمە بۆ ئێمەو وانییەو کەس ئامادە نییە بەرگریمان لێبکات‌و لەم دواییانەشدا حکومەتی هەرێم بەدەوڵەتی تورکی وتووە هەر کوردێکی باشوورت گرت ڕادەستی منی کەرەوە بەرمیلێك نەوت‌و دوو سەد دۆلارت دەدەمیٚ، خەڵکیش لێرە لەسەرما ڕەق بۆتەوە.

بەبیٚ چاوەکانی تۆ

ئەم کەناری ئاوەدانییە پڕە لەڕوانینی خەمناك..

لەم دواییەدا شاعیر لەشاشەی کوردساتەوە شیعرێکی جوانی خوێندەوەو ئەوەی جوانی زیاتریشیدا بەشیعرەکە گریانەکەی شاعیر بوو، غەمبار لەکۆتایی شیعرەکەیدا دایە پرمەی گریان‌و نەیتوانی کۆنترۆڵی هەستەکانی



بکات، گریانێك هەستت دەکرد لەناخەوە هەڵدەقوڵیٚ‌و هەر دڵۆپە فرمێسکێکی قورسایی هەموو تاراوگەیان پێوە دیار بوو. گەر بیرکردنی نیشتمان‌و خەڵکەکەی نەبێت، گەر سووتان نەبێت بۆ وڵاتێك کەچەندین ساڵە دەسووتێت چۆن شاعیرێك لەو وڵاتە پڕ خۆشگوزەرانییەو لەو وڵاتە سروشت جوانەی کتومت بەهەشتی خودایە هەست بەبێزاری‌و دڵتەنگی دەکات‌و پێیوایە هەموو کەس سەیری ئەم دەکەن‌و بەزەییان پێیدا دێتەوە.

بائاو دڵینا بێت من ناوم ئێوارەیە

هەندێک لەساڵەکانی عومرم لیٚ زیادن

هەندێک خامۆشیم بەقەرز داوەتە جادەکانی ژیان

هەندێک جار عاشقان دێن‌و گۆرانیم تیا دەڵێن!

با ئاو دڵنیا بێت من ئیتر تەمی ڕووتی شەوگارم

بەسەحەری چ ئومێدێکی شکاو نابەخشم..

با دڵنیا بێت ئاو!

شاعیر تەواو ئومێدی لەدەستداوەو دەشیەویٚ ئاو دڵنیاکاتەوە کە خۆی ماندو نەکات لەگەڵ ئەمی شاعیردا بەوەی ئومێدی باتەوە بەر، چوون ئەم ئەم لەڕێگەی نائومێدییەکانی خۆیەوە شەقامەکانی ژیانیشی خامۆش کردووەو ژیانیش لەڕێگەی ئەمەوە نائومێد بووە. کاتێکیش ژیان نائومێد دەبێت ئیتر مەرگ دەبێتە تاقە فریادڕەس‌و دەبێت بەو بڵێین فەر یامان کەوێت. ئەمەش لوتکە نائومێدی مرۆڤە کاتێك تەنیا چاوەڕیٚ مەرگ بکات‌و ژیان وەلانێت. ئەمی شاعیر چاوەڕێی ڕۆژێکی نویٚ ناکات‌و تەمی شەوگارەکانی بەئومێدی هاتنی سەحەرێکی تر ناڕەوێنێتەوە. هەموو

PDF4Kurd

ئەمانەش بۆیە دەڵێ تا ئاو دڵنیاکاتەوە، بۆئەوەی بێتو بۆدواجار خۆی بەجەستەی ئەم کێشێ، ئەمەش بۆ پاکبوونەوەنا، بەڵکو بۆ سوکنایی هاتنی شاعیر، چوون شاعیر لەدۆخێکدایە تەنیا لەگەڵ ئاودا دەدوێتو لەهەموو دەوروبەر دابڕاوە. کاتێکیش مرۆڤ لەدەوروبەر دادەبڕێت ئیتر تەنیا شتێك کەبۆی بژی مەرگەو، شاعیریش دەیەوێ لەڕێگەی دڵنیا کردنەوەی ئاوەوە بانگی مەرگی خۆی بگەیەنێتە ئێمە. لەوەتای مرۆڤ پێی ناوەتە ئەم ژیانە یاخود ئەم دنیایەوە ئیتر بەڕێکەوتە یاخود بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوبێت لەلایەن خالقێکەوە، بەهیوا بووە بگاتە ئەوەی کەدەیەوێت، کەدیارە ئەم ویستەی مرۆڤیش سنوری نییە، مرۆڤ لەهەموو شتێك زیاتر داوای تەمەن درێژی دەکات، تەمەن درێژییەك شێوەیەك نەمری بداتێ بەوەی تاهەتایە نەمرێتو هەموو سەردەمو شوێنەکان ببێنێت، مرۆڤ هەرگیز تێر لەتەمەن درێژیو کۆنترۆڵکردنی خەڵکی تر ناخوات، هەمیشە حەزدەکات هەر مرۆڤێکی تر لەو پەڕی دینا بکاتە ژێر کۆنترۆلێ خۆیەوە هێشتایش پێی کەمە. جەنگیز خانو هێتلەرو تەواوی دیکتاتۆرو پیاو کوژەکانی دنیا هەموو بەو ئاواتەوە بوون زۆرترین تەمەن بژینو ئەسڵەن هەر نەشمرن، بۆئەوەی زۆرترین خەڵك یدنیا بخەنە ژێردەستی خۆیانەوەو حوکمیان بکەن، بەڵام وەختی مردن ئەوەیان بیرکەوتە کە نەبەدڵی خۆیان ژیاونو نەبەئارەزووی خۆیان ژیانیان کردووە. ئەم ئارەزووە سەیرو سەمەرەیەی مرۆڤ، ئەم ویستە بێ ئەنجامانە هەمووی لەبەردەم مەرگدا بەچۆکدا دێنو ئینسان وەختێك دەگاتە سەرەمەرگ ئیتر فریای ئەوە ناکەوێت بزانێ چەندیش ژیاوە. ئەمەش وایکردوە تەواوی ئەدەبیاتی مرۆڤ، تەواوی میراتی بەجێماوی لەدەوری ژیانو مەرگ بخولێتەوە. (ئەحلام موستەغانمی) دەڵێت: کەخۆشەویستیت مەبەستبێ.. دەبێ مەرگیشت مەبەستبێ چونکە خۆشەویستی لەمردنی دەچێت.. ئەم دووە دوو مەتەڵی مەزنی ئەم گەردوونەن. لەتەمومژیدا، لەدڕیو لەکتوپڕیو لەبێمانایی.. لەپرسیارەکانیشیاندا هەر لەیەکتری دەچن. ئێمە دێینو دەڕۆین، بێ ئەوەی بزانین بۆچی ئەو کەسەمان خۆشدەوێو یەکێکی ترمان خۆشناوێ.؟ بۆیە هەر خۆشەویستیو مردن بەتەنیا خۆراك بەهەموو ئەدەبیاتی دنیا دەدەن. لەدەرەوەی ئەم دوو بابەتە شتێك نییە شایانی نووسین بێت.* بۆیە شاعیریش پێیوایە هەموو چیرۆکە ئەویندارییەکانی دنیا ئەنجامیان دابڕانو بەیەك نەگەیشتنەو ئەمەش وایکردوە سەرگوزشتەی مرۆڤ، ئەو حیکایەتانەی مرۆڤ دەیان نووسێتەوە بەیەك رستە دەست پێبکەن ئەویش نەگەیشتنە بەیەکتری.

دواجار بەیەکتری ناگەین..

لەو رستەیەوە

هەموو چیرۆکەکانی دنیا دەست پێدەکەن!

لێرەدا ئەم تێگەیشتنەی شاعیر بۆ پرسەکان تێگەیشتنێکی بوونگەراییانەیە بەوەی ئەو لەگەیشتن بەیاردا گەیشتن بەژیان دەبینێتەوە، ژیانێك کەئاسوودەیی تەواوی تێدابێتو مرۆڤ خەفەت لەهیچ نەخوات. هەمیشە لەئەدەبیاتدا کەباس لەباخچە دەکرێت، باس لەژیانیش دەکرێت چونکە باخچە بۆ خۆی میتافۆری ژیانە، رەنگە جوانترین شتێك لەدنیادا لەلای مرۆڤ سروشت بێت لەسروشتیشیدا باخچە بۆ خۆی مانایەکی فراوانی زۆری لای مرۆڤ هەیەو بەچوونە ناو باخچەیەکەوە زۆرێك لەخەمو خەفەتەکانی مرۆڤ

PDF4Kurd

دەرەوێتەوە. دیسان دەكرێت باخچە ئاماژە بێت بۆ وڵات، یاخود بۆماڵیش بۆیە شاعیر پێیوایە باخچەی ئێمەی كورد، واتا وڵاتی ئێمەی كورد دەستخەڕۆكراوەو فریودراوە بەوەی پێیان وتووە بەدیار گوڵەوە بسووتێ و ئێمەیش بەگۆرانی دەت لاوێنینەوە، بەڵام كاتێك دەزانیت باخچە یەك پارچە بۆتە رەژوو دەنگی سترانێكیش لەهیچ لایەكەوە نابیسترێ. ئەمەش مانای ئەوەی كەئێمە وڵاتێك فریو دەدەین و بەدیار مەرگییەوە هەڵدەپەڕین، ئێمە بەوڵاتمان وت تۆ بەدیار گوڵەوە بسووتێ و گۆرانییەكانت لەسەر ئێمە، كەچی كاتێك وڵات لەئازارەكانی خۆیدا هەڵقرچاو بۆ كڕووزی گەیشتە ئاسمان هەر یەكەو بەلایەكدا رامان كردو كەسمان ئەوەندە لەخۆبوردوو نەبووین سترانێكی بۆ بچڕین و لەگەڵ تەرمەكەی بچینە گۆڕستان.

ئەو دەمەی باخچە دەستخەڕۆ ئەكرێ

پێی ئەڵێن: تۆ بەدیار گوڵەوە بسوتێ

گۆرانییەكانت لەسەر ئێمە...

باخچە ئەبێتە خۆڵەمێش و

دەنگی قەتارێ لەچ لایەكەوە نابیسترێ....

دوای ئەم هەموو دەردە دڵ و سكاڵاكردنە لەدەست تەنیایی و لەدەست خەمەكانی وڵات، لەدەست مەنفاو ئازارەكانی ئەوێ، شاعیر روودەكاتە خوداو داوای لێدەكات بارانێك بیارێنێتە سەر خامۆشییەكەی، بەڵكو ئەمە خوایە شتێك لەخامۆشییەكەی سەوز ببێت كەلای شاعیر ئەو خامۆشییە دواجار بەلەدایكبوونی شیعرێك تەواو دەبێت، ئەو پێیوایە ئەو شیعرەی تابارانی لێنەدات ناگاتە لوتكەی تەواو كۆیی و نابێتە ئەو شیعرەی شاعیر



خوازیارییەتی. لێرەدا شاعیر شیعر وەك هەنارێكی ترش بەئێمە دەناسێنێ كەتابارانی لێنەدات تامی خۆش نابێت و نابێتە ئەو هەنارەی خەڵك تامەزرۆی خواردنین. شاعیر گللەیی ئەوە لەخودا دەكات كەنایات و فریای فەرزندەكانی ناكەوێت، ئەم دەیەوێ بڵێ: هەندێك لەفەرزندەكانی تۆ بەناوی تۆو بەپشتی تۆوە ژیان لەئێمە تاڵ دەكەن و ناهێڵن ئاسودەیی بمان گرێتە ئامێز. لێرەدا شاعیر داوای ئەوە لەخودا دەكات كەبۆ یەكلاییەكرنەوەی گرفتەكانی مرۆڤ، هەڵبەت مرۆڤ لەڕوانگەی شاعیرەوە واتا ئەو مرۆڤانەی ژیانیان خۆشدەوێت و لەخۆشەویستی دەگەن، خۆی دابەزێت و دادپەروەری بسەپێنێ و ئیتر ئاسودەیی ببێتە ماڵی مرۆڤ. ئەمەش لەوەوە هاتووە كەشاعیر بێ هیوابووە لەوەی ئەم خوێنبەربوونەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ بوەستێ و دەبێت هێزێكی بان مرۆیی كەهەر خودایە بێت و ئەو خوێن بەربوونە راگرێت.

خودایا! بارانێک بنێ بەم خامۆشییەی منەوە

درێغی مەكە لەوەی هەڵمكێشیت لەتەماشای خۆت..

خودایا! بەخاتری شیعرم كە.

شەوێک خۆت بكە بەكەلاوەی رۆحما

بڵێ من ئەمەتام لێرەدام لەسووچی شیعرێكدام

لەداخی سەغڵەتیی دنیا، لەداخی تۆفانی غەدرو

لەبەر مەوجی ئەو كوشتارەی

بەناوی منەوە لەگوڵ ئەكرێت

ناچار خۆم هاتوومە ناوتان!

PDF4Kurd

خودایا!

بۆ دواجار لەبۆنی تەنیاییەکەی خۆتم هەڵکێشە..

ئەم خۆشەویستی نیشتمانە، ئەم گۆرانییە حەزینەی غەمبار بۆ نیشتمان دەگاتە شوێنێك کەشاعیر تووشی نەخۆشی(شیزۆفرینیا) دەکات، سایکۆلۆژیستانیش پێیانوایە لەم حاڵەتەدا مرۆڤ دەبێتە دووان، کەسێتییەکی تری لێجیادەبێتەوە، زۆرجار ئەو کەسەی تووشی ئەم دەردە دەبێت نازانیٚ بەقسەی خودە بنەڕەتییەکەی خۆی بکات یاخود بەقسەی ئەو کەسێتییە تازەیەی لێی جیابۆتەوەو هەر لەگەڵ ئەویشدا دەژی. شاعیریش تووشی ئەم دەردەبووە، هەستەکات کە کەسێکی تر هەیە لەگەڵ ئەمدا دەژیو زۆرجار بەڕاستیو هەندێکجاریش دێتە خەونیو قسەی بۆ دەکات، کەسێك ئەم نایناسێت بەڵام ئەو دەیناسێت، ئەو کەسەش شاعیر خۆیەتی. ئەم دەردە وایکردووە شاعیر هەردوو حاڵەتی گەشبینیو ڕەشبینی تێدا دروستبێتو ئەمەش وایکردووە کەزۆرجار ڕەشبینیو هەندێکجاریش بەپێچەوانەوە گەشبینی زاڵبێت بەسەریدا، لێرەدا ئەوە تێدەگەین لەکۆتاییدا شاعیر دیسان ئومێدی دێتەوەبەرو بەرگێکی گەشبینی دەکاتە بەری شیعرەکەی، گەشبینییەك کەهەستناکەیت ئەمە هەمان ئەو شاعیرەیە کەسەرەتا ئەم قەسیدەیەی نووسیوە. ئەو کەسەی کەدێتە لای شاعیر کەدیارە هێواو ئومێدە، ئاگری نیشتمانو بادەی دڵنەوایيو کۆتری شیعری نالیو هەناسە گەرمەکانی شارەزوور بۆ شاعیر دێنێت.

شەوانە کەسێک،

بێدەنگ، بێدەنگ.. گریان ئەنوسێتەوەو

نیشتمان ئەخاتە رستەی تەواونەکراوی تەنیاییەوە!



ئەو کەدێت،

ئەزانیت من لەتەمی کام نیگەرانیدا غەرقم،

ئەزانیت سەری من پڕە لەچەند ئەستێرەی پەشۆکاو..

ئەزانیت شەوە تەنیاکانی من وێڵی کامە نووری خودان!

شەوانە کەسێک، بارانی عیشق تەڕی ئەکاتو

دێتو لەدەرگای ئازارەکانی من ئەداتو

دێتو لەدەرگای ئازارەکانی من ئەداتو

هاوار ئەکات:

ــ بیکەرەوە..! من ئاگری نیشتمانم بۆ هێناویت،

بیکەرەوە، من بادەی دڵنەواییو

کۆترێکی شیعری نالیو

هەناسەیەکی سوتاوی شارەزوورم بۆ هێناویت!

بیکەرەوە، من پڕ کتێبەکانی ئاسوودەیی

پڕ بەدنیای موبارەکی پەپوولەکان،

شکۆفەی ماچو

غەزەلی تەڕم بۆ هێناویت...

ئەو، کەدێت... من نایناسم..

کەچی ئەڵێیت سەدەیەکە هاوڕێمە، ئەو کەدێت!

ئۆکتۆبەری(٢٠٠٧) تا کانوونی دووەمی(٢٠٠٨)

* فوضى الحواس، احلام مستغانمي ص.. ١٩٥

PDF4Kurd

# جەلالی مەلەکشا

شیعرێکی بریندار

PDF4Kurd

ساڵی نەوەدوو دووی سەدەی رابردوو خوێندکاری سێی ناوەندی بووم، مەرسەمێکمان کردبۆوەو من بەرپرسی بووم، خەریکی کاری شێوەکاری بووین، بەنیازبووین ئاهەنگێك سازکەین و پێشانگەیەکی شێوەکاریش بکەینەوە کەزۆرینەی تابلۆکان من کێشابوومن. رۆژێك یەکێك لەمامۆستاکان هات و وتی: ئەم شیعرە بۆتۆ لەئاهەنگەکەدا بیخوێنەرەوە.! ئەوسا حەماسەت و کوردایەتی لەگیانماندا قوڵپی دەدا، شیعرەکە ئەمە بوو

ئاخۆ دەبێ،
ئەو رۆژەبێ
کاوەی کورم
جانتای سەفەر کاتە شانی؟
دەڵالانی بەر گاراژی شاری سنە
هاورا بکەن:
سلێمانی، سلێملانی!



ئەوکات نەمدەزانی خاوەنی ئەم شیعرە کێیە، بەڵام ئەو هەستە پان کوردستانییەم هەستپێدەکرد لەشیعرەکەدا. شاعیرێك ئاواتێ ئەوەیە هەر چوار پارچەی کوردستان ببێتە یەك و ئەم یەکسەر لەشاری(سنە)وە بەئۆتۆمبیل بێتە (سلێمانی). هەڵبەت سنەو سلێمانی وەك دوو شاری هەمیشە لەڕوودا وەستاوی رژێمە داگیرکارەکانی کورد لەم شیعرەدا ناویان هاتووە. شیعرەکە جوان بوو بەلامەوە، بەڵام ئەوی جێگەی داخبوو نەمدەزانی خاوەنەکەی کێیە، کەئەوە بۆ ئەو کاتی من زۆر گرنگبوو. چەند ساڵێ دواتر لەیەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری (سروە)دا کەسێك باسی (جەلالی مەلەکشا)ی کردبوو، لەدێڕێکدا نوسیبووی (کاری ئاقڵانەی ئەم شاعیرە ئەوەیە کەتائێستا کتێبی چاپکراوی نییە.) هاوینی ساڵی (٢٠٠٤) (هەفتەی روناکبیری سنە لەسلێمانی) سازکرا، ئێمە وەك چەند رۆژنامەنووسێك لەبەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە سەرقاڵی چاپکردنی رۆژنامەیەك بووین بەناوی (ئەردەڵان)و بۆماوەی هەفتەیەك بەردەوام بوو، هەر لەو هەفتە رووناکبیرییەدا سەرباری پێشانگەی شێوەکاری و کۆڕی شیعرو رووناکبیری و گۆرانی و هەڵپەڕیکێ، پێشانگەیەکی کتێبیش کرابۆوەو زۆرینەی کتێبخانەکانی شاری سنە بەشداربوون. لەوێدا کتێبێکم بینی بەناوی(زڕەیٚ زنجیری وشە دیلەکان) لەخوارەوە نووسرابوو (جەلالی مەلەکشا) سەرنجی راکێشام یەکسەر کەوتمە خوێندنەوەی و ئەو شیعرەم بینی، ئینجا تێگەیشتم ئەم شیعرە (جەلالی مەلکشا) نووسیوێتی.

رۆژی (٢٠٠٦/٦/١٠) لەشاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێران بووم، هاوڕێ سنەییەکەم(چنوور سەعیدی) کەلەزانکۆی تاران فەلسەفە دەخوێنێ، وتی ئەمڕۆ کۆڕی شیعر خوێندنەوەو رێزگرتنە لەشاعیر

(جەلالی مەلەکشا) بچین.؟ وتم بابچین. لەوێ (جەلالی مەلەکشا)م بۆیەکەمجارو بەڕاستی بینی نەك بەوێنە، ڕەنگ بزڕکاوو بێ تاقەت، پیاوێك ڕۆژگار چۆکی پێدادابوو بەڵام هێشتا هەر هەوڵی دەدا وەك براوەیەك خۆی بنوێنێ، کەخەڵك بەدۆڕاویان دەزانی. جەلال چەند ساڵێك لەسەر کوردو کوردایەتی گیراوەو بەندکراوەو وەك لەشیعرەکانیشیدا دەبینرێ ئامادەیە چەندین ساڵیتر زیندانی بچێژی تەنیا لەبەرئەوەی کە (کاوە)ی کوڕی جانتای سەفەر کاتە شانی و دەڵاڵانی بەر گاراژی شاری سنە هاوار بکەن سلێمانی، سلێمانی. مەلەکشا لەشیعرەکانیدا هەستی بەیاخیبوون دەبینرێ، یاخیبوون لەدەسەڵاتە سەردەستەکانی کورد کە دواتر مانای شۆڕشگێڕبوون دەگەیەنێ. ئەم یاخیبوونەی مەلەکشا ئەوەندەی لەپێناوی نەتەوەیەکدایە ئەوەندە لەپێناوی خودی خۆیدانییە تاوەك خۆپەرستو هەلپەرست ببینرێ. مەلەکشا پێیوایە چوونە ناو ئەو شۆڕشەی کە دوژمن پێیوایە گێرەشێوێنی و ئاژاوەیە لەخۆوەوە نییەو ئەوە هەستێکی نەتەوەیی تەواو پاڵی پێوەناوە. ئەم قسەکردنەی شاعیر لەگەڵ دڵدارەکەیدایە کەدەیەوێ هەمووشتێك بەرپرس و رای ئەو بکاتو لەقسەی ئەو دەرنەچێت. ئەو لەخوێندنەوەی سیمای خۆشەویستەکەیدا ئەو گللەیی و گازندەیە دەبینێ کەلێیدەکرێو بەپیاوێکی نابەرپرسی دەزانێ بەرامبەر ماڵو مناڵ، کەئەمە بۆ زۆرینەی شاعیرانو نووسەران وایە، بەڵام شاعیر پێیوایە بەرپرسیارێتی بەرامبەر نیشتمان لەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ماڵو مناڵ گرنگترەو شاعیر وایدەبینێ ئەوەی نیشتمانی سەربەخۆ نەبێت ناتوانێ سەربەخۆیی ماڵو مناڵیشی بپارێزێت. لێرەدا شاعیر بەبێ ئاگایی خۆی کەوتۆتە ناو بیرکردنەوەیەکی (ئەفلاتون)یانەوە بەوەی نیشتمانەکەی پێش



ماڵو مناڵ یاخود خۆشەویتسەکەی دەخاتو زیاتر خەمی ئەمیانییەتی وەك خەمی ئەویان.

دەپرسی بۆ
خۆم خستە ناو ئەم فەرتەنە؟
من دەمەوێ
بەگاسنی وشەی شیعر
وەرزی تازە بکێڵمەوە
بۆ چاندنی زەردەخەنە.

وەڵامەکەی شاعیر وەڵامێکە بەرپرسانەو پابەند بەخەمی گەورەی نەتەوەیەك، نەتەوەیەك کەلەتاریکیدا جێماوەو دوژمن لێناگەڕێ چرایەك داگیرسێنێو بەرپێی خۆی ببینێ. کۆمەڵگەکەی شاعیر پڕ لەگریانو شیوەنەو ئەمیش تەنیا شیعر شك دەبات تالەڕێگەیەوە تۆوی شادمانی و زەردەخەنە بچێنێ. شاعیر لەم وڵاتانەدا ئەوەندەی بەدبەختی و نەهامەتی بۆ خاوەنەکەی دێنێ ئەوەندە بەختەوەری ناکات، ئەوەی شاعیر لەم کۆمەڵگە ژێردەستانەدا دەستی دەکەوێت تەنیا خۆشەویتسی خەڵکە بەتایبەت بۆ شاعیرێکی شۆڕشگێڕی وەك (مەلەکشا) کە ئەوەندەی زیندانو ئێشو ئازاری لەسەر شیعر چەشتووە ئەوەندە لەززەتی لەو ناوبانگەی وەرنەگرتووە. ئەم شاعیرە لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشوودا لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەپێش یەك نەتەوەوە شیعری دەخوێندەوە. خوێندنەوەی شیعری ئەم ڕێژنەی گوللەبوو بۆ تەوێڵی دوژمنان، لەگەرمەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا کەکوردیش یەکێکە لەو گەلانە مەلەکشا دەرکەوتو

PDF4Kurd

بەشیعر شۆڕشێکی هەم لەسەر ئاستی زمان و هەم لەسەر ئاستی خەباتی چەکداری بەرپاکردوو پێشمەرگە لەهەرکوێ بوایە شیعری ئەمیش لەوێبوو. ڕەنگە زۆرینەی ئەوانەی ئێستا لەڕۆژهەلاتی کوردستان دەنووسن و بەجۆرێك لەجۆرەکان دەرکەوتوون شیعری ئەم شاعیرە کاریگەری زۆری هەبووبێ لەسەریان وەك لایەنی زمانەوانی و فێربوونی زمانی کوردی. ئەوەی لەشیعری ئەم پیاوەدا دەبینرێ ئەو نەغمە حەزین و خەماوییەیە بەجۆرێك هەستەکەیت ئەوەی دەیخوێنیتەوە فرمێسك نووسیویێتی نەك قەڵەم. (نیکۆس کازانتزاکیس) دەڵێ گەر لەشوێنێکدا بینیتان کاغەزەکە تەڕبووە ئەوە بزانن کەفرمێسك تەڕی کردووە، لەهەندێك شوێندا قەڵەمم فڕێداوەو بەخوڕ گریاوم. ئەم نەغمە حەزینە، ئەم بەفرمێسك نووسینە لای مەلەکشا زۆر هەستی پێدەکرێت و لەپشت هەر دێڕە شیعرێکەوە ڕۆندك دەبینرێ و هەستەکەیت شاعیر ڕێگەی لەقوڵپی گریانی بۆ نەگیراوە. مەلەکشا دەردو ئازاری هەڵبژاردووەو بۆتە شاعیر تالەوێوە بتوانێت هەم خزمەتێکی چینایەتی هەم نەتەوایەتی خەڵکی کۆمەڵگەیەکی بکات. ئەم لەو شۆڕشگێڕانەنییە تەنیا خەباتی چینایەتی بەئەرکی خۆی بزانێت، بەڵکو هەر دوو خەباتی چینایەتی و نیشتمانی گرێداوەو ئەمەشی تەنیا لەبەر ئەوەی چەپکێ تیشك لەدنیای پێشکەوتوو بدزێت و بیکاتە دیاری بۆ شەوەزەنگی کۆمەڵگەکەی.

بووم بەشاعیر

دەردو ئازارم هەڵبژارد

لەکارگەی چەوساوەکانا



شیعرەکانم کردە تفەنگ

بەڵێنم داوە چەپکێ تیشک

لە خۆر بدزم

بیدەم لەپرچی شەوە زەنگ!

خەمی شاعیر کەخەمی هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەرە خەمی بێ دەوڵەتی و بێ وڵاتییە، بێ وڵاتی بەو مانایەی کەوڵاتەکەمان بەدەست خۆمانەوە نییەو بێگانەیەك سەردارو سەروەری ئێمەیەو بەئارەزووی خۆی هەڵمان دەسوڕێنێ. ئەوەی جێگەی داخە کە(مەلکشا)ش وەك زۆرینەی شاعیرانی ئەو ماوە مێژووییەی کورد ئەرکی شیعری لەئەرکێکی ستاتکییەوە کردۆتە ئەرکێکی حەماسی و شیعری وەك گوللە بینیوە بۆ بەرگری کردن لەنیشتمانەکەی، کەئەمەش ڕەنگە لەگەورەیی ئەو شاعیرە کەم نەکاتەوە، بەلام قسەی ئێمە لەوێوەیە گەر ئەم وڵاتە وڵاتێکی ئازادو سەربەخۆ دوور لەدەستی بێگانەو دوژمن بوویایە ئەوسا مەلەکشاو زۆر شاعیری تریش ڕەنگە وەك شاعیرە داهێنەرەکانی دنیا ناوبانگیان هەبوایەو جوانترین کاریان لەزماندا بکرادایە بەو پێیەی کەشیعر ڕووداوێکە لەزماندا ڕوودەدات.

چل ساڵە من

تەرمی خۆمم لەکۆڵ ناوە

دەیگێڕم و ئەشک ئەرێژم

ڕێگەی دووری تەمەن ئەبڕم

بستێ خاکم دەست ناکەوێ

PDF4Kurd

ئەم جەستە پڕ لەئازارەی

تیا بنێژم!

تەمەنی هەموو کوڕێك لەم کوردستانە گەورەیەدا کە دابەشی چوار دەوڵەت کراوە پڕە لەکوێرەوەری و ڕەنج و مەینەتی و تەنانەت زۆر کەس بێ گۆڕو ناونیشان مردن و بستە خاکێك نەیتوانی تەرمەکانیان بیگرێتە خۆی. مەلەکشا لەوەختێکدا ئەم شیعرەی نووسیوە تەمەنی چل ساڵ بووەو لەوڵاتانی پێشکەوتوو شارستانیدا تەمەنی چل ساڵی گەرمەی چالاکییەو گوڕوتینی ژیان لەو تەمەنەدا کۆدەبێتەوەو لای ئێمەیش بەهۆی زاڵمی دوژمنەکانمانەوە لەو تەمەنەدا مرۆڤ لەجەستەی خۆی بێزار دەبێت. لەبەرەبەیانی مێژووەوە کە لەشکری داگیرکاری و ئیمپراتۆرە دژ بەمرۆڤەکان ڕوپانکردۆتە ئەم ناوچەیەی ئێمە شەڕی زۆرینەیان لەم ناوچەیەدا یەکلاییبۆتەوەو وەك دەڵێن هەمیشە کاسەکە لەسەری ئێمەدا شکاوەتەوە، ئەمەش دیارە بۆ سروشتی جوان و دەوڵەمەندی ئەم ناوچەیە لەڕووی کانزاو ستراتیژبوونی شوێنەکەیەوە گەڕاوەتەوە داریوشی فارس و ئەسکەندەری یۆنانی لەم ناوچەیە شەڕی خۆیان یەکلاییکردەوە، ئاشوورییەکان و بابلییەکان هەر لەم ناوەداو تورکە عوسمانییەکان و فارسە سەفەییەکانیش هەر لەم ناوەداو لەسەردەمی هاوچەرخیشدا حەمە ڕەزا شای ئێران و سەدام حسێنی عەرەب دیسان شەڕی خۆیان لەم ناوچەیە یەکلاییەکردوەو کاسەکەیان لەسەری کورددا شکان. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەو بۆ دوژمنیش جێگەی ترس بووە ئەوەی کەکورد هەرماوەتەوەو وەك دار بەڕو ڕەگی بەناخی ئەم خاکەدا ڕۆچووو بۆ ئەوانی دوژمنی چۆڵنەکردووە.



هەمیشە مێژووی ئەوانە مێژوویەك بووە لەسەر جەستەی هەلاهەلابووی کورد نووسراوەتەوە.

مێژوو دەڵێ

سەدان کەڕەت

گۆڕەپانی منیان کردە جەهەندەم و

وڵاتێکیان تیا هەڵقرچان!

بەڵام هەرگیز نەیانتوانی

دوو دیاردە

لەسەر سینگم بسڕنەوە

یەکیان کوردو

ئەوی تریان

وشەی پیرۆزی کوردستان.

ئەوەی هەست پێدەکرێ مەلەکشا گرفتی لەگەڵ ئەم سەردەمەدا هەیەو پێیوایە داگیرکەران ئەم سەدەیەیان پاوانکردووەو تەواوی دەروازەکانیان لەئێمەی کورد گرتووەو لێناگەڕێن ژیان بکەین. لەلایەکی ترەوە ئەم وەکو ئینسانێکیش دیسان بەهۆی هەژموونی تەکنۆلۆژیاو پێشکەوتنە خێراکانی بواری زانست و بچووکبوونەوەو هاتنەوەیەکی دنیا دەردەداریان کردووەو بەرەو نامۆییان بردووە.

ئەم سەردەمە

چەرخی دەردە

PDF4Kurd

سەدەی تەنیایی ئینسانە
لەپانتایی ئەم کەویرە پانو پۆڕە
تۆ ئەو ئاسکە سەرگەردانەی
خێڵی راوچی
لەسەر چارەنوست دەدوێن.
بڕیار دەدەن
بازنەی گەمارۆ کات بەکات
تەنگتر ئەبێ
لەهەر لاوە دەسرێژ دەکەن!
تۆ نازانی لە کام لاوە
لەدۆزەخی تەنیاییدا
لاشەت دابێژ دەکەن.

ئەم شیعرە دوورایییەکی فلسەفیشی لەپشتەوەیە بەوەی لەکەینونەو مانەوەی ئینسان ئەدوێ لەم سەردەمەدا لەبەردەم شەپۆلی بەنامۆبوونو لەخۆ بێگانەبووندا. ئینسان رۆژ بەڕۆژ بەهۆی ئامێری تازەوە لەکاری جەستەیی دوور دەکەوێتەوە، تەنیا مێشکی پێویست دەبێت بۆ کارکردنو کارکردنی زۆریش بەمێشك تاقەتی ئینسان دەپڕوکێنێو زوو بێزاری دەکات. سەرباری ئەوەش داهاتنی ئامێری نوێی تەکنۆلۆژی ئینسان تەممەڵ دەکاتو بەرهەمی رەنجیشی دەداتە کۆمەڵێك خەڵکی تر کە خودی کەسی کارکەر نایناسێ، ئەمەش لەسەر تیۆرەکەی (مارکس) کەدەیوت:



کرێکار بۆیە نامۆ دەبێت چونکە بەری رەنجی خۆی ناخوات. لەئێستادا رەنگە تێگەیشتن لەکرێکارو سەرمایە گۆڕانیان بەسەردا هاتبێت، بەڵام بەجۆرێك لەجۆرەکان هەر وەکو سەردەمی مارکسەو گەر ئێستایش مارکس خەریکی نووسینی (سەرمایە) بوایە هەر بەهەمان شێوە دەینووسی کە نزیکەی سەدو بیست ساڵێك بەر لەئەمڕۆ نووسیویێتی. شاعیر پێیوایە تۆ نەدەستت نەلەهاتنە دنیای خۆتدا هەیە نەلەچوونە دەر لەدنیادا، ئەوە خەڵکی ترە ئەو بڕیارە دەداتو تۆش وەکو ئاسکێکی غەریبو سەرگەردان دێیتو دەچیتو نازانێ کەی دێنو لەکام لاوە جەستەت بەگوللە دادەبێژن. جامەرج نییە ئەو گوللەیە هەمان گوللە بێت کەجەلادەکە لەسەرەمەرگدا بە(لۆرکا)وەینا.

بەشێ لەژیانی شاعیرانو نووسەران بەگشتی تەنیاییو گۆشەگیرییە، زۆر جار ئەم تەنیاییو خۆتەریککردنەی شاعیران دەبێتە نەخۆشییەکی سایکۆلۆژیو پێیانوایە کەس ئەمانی ناوێتو دەوروبەر خۆ لەم دووردەگرن، کەلەڕاستیدا ئەوە خودی شاعیر یاخود نووسەرەکەیە خۆی بەدوور لەخەڵك دەگرێتو پێیوایە دەبێت خەڵك هەموو بەدەورییەوەبنو خۆشیان بوێت، چوون ئەم بەجۆرێك لەجۆرەکان خزمەتی ئەوان دەکات. هەندێکجاریش نەبوونی دڵدارو دڵبەرو ئەوینێك شاعیر گۆشەگیردەکەنو هەمیشە چاوەڕێیە رۆژێك کچێکی جوان بێتو لەدەرگای دڵی بداتو پێی بڵێ شاعیرە خۆشەویستەکەی خۆم. دەڵێن (دڵدار)ی شاعیر خاوەنی سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیب)و چەند شیعرێکی ناسکی تر هەموو ئاواتی ئەوەبوو (بەهێ فەرەجوڵڵا) ناوێك کەلەبەغداد خاوەنی فرۆشگەیەك بووە لایەکی لێبکاتەوە وەك ئەوینداریك مامەڵەی بکات، رەنگە بەهێ

فەرەجوڵڵاش هەمان هەستو نەستی دڵداری هەبووبێ بەڵام وەك هەمیشە کچان چاوەڕێی دەست پێشخەری پیاوانو دڵداری شاعیریش ئەو بوێرییەی نەبووەو بەرامبەر (رەقیب) وەستاوەتەوە بەڵام بەرامبەر (بەهێ فەرەجوڵڵا) قسەیەکی نەبووە بۆ وتنو ئیتر دڵدار بەجوانەمەرگی سەری نایەوەو ئەو عەشقەیشی بردە ژێرگڵ. ئەم چیرۆکە بۆ (بەدر شاکر سەیاب)ی (جیکۆر)یش هەروایە ئەویش هەموو ئومێدو ئاواتێکی ئەوەبوو یەکێك لەکچانی خوێندنی باڵای بەغداد کەتەواوی شیعری ئەویان لەبەربوو بێتو بڵێ من خۆشم دەوێی، بەڵام ئەو کچە هەرنەبوو هەرنەهات. تەنانەت (مارف خەزنەدار) لەوتارێکدا لەیەکێ لەژمارەکانی گۆڤاری (رامان)دا لەسەر سەیابو گۆرانو ئاشناکردنیان بەیەکتر دەڵێ زۆرێك لەکچانی خوێندنی باڵا هەوڵی ناسینو بینینی (سەیاب)یان دەدا، چوون هۆگری شیعرەکانی بوونو لەبەریانبوو بەلام کاتێك یەکێکیانت پێدەناساندو دەتوت: ئەمە سەیابی گەورە شاعیرتانە کەدەتانەوێ بیناسن هەردوای یەکتر ناسینەکە کچەکان دوور دەکەوتنەوە، ئەمە تەنیا لەبەر ئەوەی سەیاب بەڕواڵەت ناشیرینو تێکسمڕاوو دزێووبووە. ئەم حاڵەتە بۆ زۆرێك لەنووسەران راستە. جەلالی مەلەکشاش هەمان گرفتی سەیابو دڵداری هەیەو پێیوایە ئەوە خۆشترە بۆ ئەو کچێك بێتو بڵێ جەلال گرفتی تۆ چییەو بۆچی هەمیشە خەمباری. لای ئەم شاعیرە لەبەرکردنی شیعرەکانیو پێشکەشکرنی لەلایەن کچانەوە بۆ کۆڕانو بەپێچەوانشەوە ئەرزشی بەهێندەی ئەوە نییە بێنو لەخودی خۆی بپرسنەوە. ئەم هەستەی شاعیر لەوەوە هاتووە کەئەم خولقێنەری شیعرەکەیە پێویستە لەم بپرسرێتەوە نەك لەشیعرەکە. گەر عەشقو



ئەوێنێك هەیە پێویستە بۆ خودی شاعیر بێت نەك بۆ شیعرەکانی.

شیعرەکانم
بوون بەگوڵو
کەنیشکەکانی ئەم شارە
چەپک چەپک
کردیان بەهەدیەی دڵداری
بەڵام هەرگیز کچێ نەهات
بڵێ جەلال:
ئەی خۆت بۆ هێندە خەمباری؟!

ئەم گللەییەی شاعیر لەوێوە سەردەردێنێت کەئەم بۆ ئەوان دەنووسێتو بۆئەوانیش بۆتە شاعیر ئەی بۆ ئەوان ئەوەندەی وەفادارو پێویستیان بەشیعرەکانییەتی ئەوەندە وەفادارنین بەرامبەر بەشاعیرەکەو تەنیا جارێك لەحاڵی خۆی ناپرسن کە تەنیایی هەڵیلوشیوەو لەژیانی دابڕیوە.

وەك سەرەتا وتمان لەدوا شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کوردیش لەو پارەچەیە بووە خاوەنی خۆیو بۆماوەی چەند ساڵێك وڵات بەدەست پارتە کوردییەکانو پێشمەرگەوە بوو. ئەو دەم جەلالو شیعرەکانی شار بەشارو گوند بەگوند دەگەڕانو لەگوللە کاریگەرتربوون بۆ سەردڵی داگیرکەر. جەلال بەڕادەیەك خۆشەویستو زمانحاڵی خەڵك بوو کەهەموو خەڵك ئامادەبوون لەدوایەوە رێبکەنو ئەمیش پێشڕەویان بێت. بەڵام بەختی بەدی جەلالو نەتەوەکەی وابوو کە ئەو

PDF4Kurd

بارودۆخە لەلایەن خودی کوردەوە لەباربراو ئیتر رۆژی روناکی جەلالیش بەرەو ئاوابوون چوو خەمی نەتەوەو نیشتمان کەنەفتیان کردو دوای چەند ساڵێك پێشمەرگایەتی و شاخەو شاخ لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا لەگەرمەی شەڕی پارتە کوردییەکان و کۆماری ئیسلامیدا (مەلەکشا) گەڕایەوە شاری سنەو وەك دەڵێن (تەسلیم) بۆوەو ئەمەش هەلیدایە دەست پارتە کوردییەکان کەسەرباری نەگبەتی و سەرگەردانییەك کەتووشی کوردیان کردووە لەو پارچەیە (جەلال)یش بە(شاعیرە دۆڕاوەکە) ناوبەرن(بڕوانە سلاوی ئازادی، شیعر، رێبوار) زۆرناوو ناتۆرەی تریان دواخستو ئەمەش مەلەکشای تەواو رەنجاندو ئەوەندەی تر دەردیان دایە. بەڵام مەلەکشا نەك هەر نەدۆڕاوە بەڵکو لەڕێگەی شیعرە بەسۆزو پڕ خرۆشەکانییەوە درێژەی بەخەبات دایەوە بۆ سەرکەوتنی نەتەوەکەی. ئەوەی پێیوایە جەلال دۆڕاوە بایەك شیعری ئەو بدۆزێتەوە بۆ پیاهەڵدانی دوژمن نووسرابێت.؟ هەموو ئەم ناووناتۆرەو قسەدروستکردنە بۆ مەلەکشا، لای ئەو دەبێتە شیعرێك و دەیەوێ لەڕێگەی ئەو شیعرەوە هەم هەڵوێستی خۆی لەوان ئاشکرا کات و هەم رازو گللەییەکانی بدرکێنێ و هەمیش ئەوە بسەلمێنێت کە ئەم سەرباری خراپی و دڵڕەقی ئەوان هێشتا خۆشی دەوێن و ناتوانێ دڵی لێیان بڕەنجێ.

لێتان تووڕەم

لەگەڵتانا

یەک رەنگ ژیام

بەشادیتان شاد ئەبووم و



لەماتەمتانا ئەگریام!

بەڵام کاتێ

قوڵپەی گریان

ئەوکی هەنسکی پێگرتم

ئێوە کردتان بەشایلۆغان

ئێستاش

دڵە ساکارەکەم نەگۆڕاوە

هەر وەک دڵەکەی جارانە

هەر چەند تووڕەم

پڕ لە خۆشەویستیتانە.

دەکرێ لێرەدا کەمێك بگەڕێینەوە سەر شێوازی شیعر نووسین لای مەلەکشا، کەدیارە شێواز خۆی لەهەردوو ئاستی فۆرم و ناوەرۆکدا دەبینێتەوەو دواتریش پەلو پۆ دەهاوێت بۆ رێتم و هارمۆنی یاخود مۆزیك. لەنووسینی پێشترداو لەسەر شیعری شاعیرانی تر باسمان لەوەکردووە کەپرسی تازەکردنەوەی شیعر لەسەر هەردوو ئاستی فۆرم و ناوەرۆك بەتوندی پەیوەستە بەگۆڕانە خێراکانی ناو کۆمەڵگەوە، چوون کۆمەڵگە بەهۆی ئاگاداربوون لەکۆمەڵگەکانی تر لەچرکەدا دەگۆڕێت و ئەمەش وادەکات کەهەرگیز کۆمەڵگەی زیندوو شیعر یاهەر نووسینێکیتری نەوێت کەلەگەڵ ئەو چرکەساتەیدا نەگونجێت. (نزار قەبانی) گەورە شاعیری عەرەب دەڵێ: لەچلەکانی سەدەی پێشوودا کەلەکۆڕو کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا

PDF4Kurd

شیعرە نوێکانی خۆمان دەخوێندەوە زۆرجار سەرزەنشت دەکراین‌و بەپەلە ئەو شوێنەمان جێدەهێشت‌و دەبووینە گاڵتەجاڕی شاعیرە کلاسیکییەکانی ئەو دەم، بەڵام دواتر ئەو تەرزە شیعرەی قەبانی بووە شیعری سەردەم‌و قەبانی‌و زۆریتریش وەك تازەکەرەوەی شیعری عەرەبی ناویان چووە مێژووەوە. لەناو شیعری کوردیشدا سەردەمی (روانگە)و پێشتریش کەلەدوای (دیلان‌و کامەران)ەوە هەندێك شاعیر پەیدابوون کەئێستا وەك گەورە شاعیر ناویان دێت، دور لەشێوازەکەی (کامەران‌و دیلان)و نەوەی دوای (گۆران) نووسیتیان‌و تاماوەیەك کەس نەیدەخوێندنەوە، بەڵام دواتر کەلەدوای ساڵی حەفتاوە کۆمەڵگەی کوردی کرانەوەی زیاتری بەخۆوە دی ئیتر ئەو جۆرە شیعرەی ئەوانیش کەئێستا هەندێك بەهەڵە پێی دەڵێن: شیعری ئازاد، یاخود شیعری روانگەیی بووە شیعری سەردەم. لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش تازەکەرەوەی شیعری کوردی (سوارەی ئیخانیزادە)یەو زۆر ئاگاداری سەردەمەکەی خۆی بەتایبەت بزووتنەوەی ئەدەبی‌و شیعری ئێرەبووەو لەوێیشەوە کاری بۆ تازەکردنەوەی شیعر کردووە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان، لێ بەداخەوە ئەویش ئەوەندە نەژیا تادرێژە بەو تازەکردنەوەیەی بدات‌و بەرهەمی کەمی دوای خۆی جێ هێشت کەکەبۆئەو سەردەمە تامۆبۆیەکی زۆر جیاوازی هەبووە، بەڵام ئەو کەمە دەیکەنە یەکێك لەشاعیرە داهێنەرەکانی ئێمە. سەردەمی دەرکەوتنی مەلەکشا جیاوازبووە لەسەردەمی دەرکەوتنی سوارە، دەرکەوتنی مەلەکشا لەوەختێکدایە کەتەواوی کۆمەڵگەی کوردی لەوپارچەیەدا لەجۆش‌و خرۆشی شۆڕش‌و کوردایەتیدا دەکولاو ئەمەش وایکردووە شیعری مەلەکشا وەك ئەدەبی بەرگری خۆی نمایش بکات، بەڵام هاوکات مەلەکشا بێئاگانەبووە لەشیعری



ئەو دەم، بەتایبەت فارسەکان‌و لێرەیشەوە هەوڵی داوە لەگەڵ سەردەمەکەو پێداویستییەکانیدا رێبکات. لای مەلەکشا زمانی شیعری زۆر پاراوو سادەو ساکارەو زیاتر بایەخی بەمۆزیکی شیعری داوەو هاوکات بەزمانێك دواوە کەزمانی ئەو وەختەی خەڵك بووە، کاریشی بۆ خاوێنکردنەوەو خاوێنڕاگرتنی زمانی کوردی کردووەو ئەمەیشی وەك جۆرە تێکۆشانێك دەرخستووە. وێنەی شیعری لای مەلەکشا وێنەیەکی بێ رتووشەو وەك فۆتۆگرافەرێکی کارامە ئەو وێنانە دەگوازێتەوە کەیەك چرکە زیاتر ناخایەنن‌و بۆ زەمانێکی درێژ دەمێننەوە، وێنەیەك بەخێرایی بروسکە خۆیدەکات بەزەینی خوێنەرداو کاریگەرییەکی زۆری لەسەر جێدەهێڵێت، ئەمەش بۆ هەردوو حاڵەتی شیعرە لیریکی‌و حەماسییەکانیشی هەروایە.

تاکی کورد لەگەڵ چاو هەڵهێنانیدا تووشی دۆخێکی دژوار دەبێت لەخۆناسین‌و دنیابینیندا، ئەم دژوارییەش وایلێدەکات کاتێك دەگاتە تەمەنێك کەئیتر بەعەقڵ شتەکانی دەوروبەری هەڵاوێرکات لەوە تێدەگات دەردی ئەم بەر لەهەر شت کوردبوونە، کوردبوونە وادەکات بچیتە شەڕێکی بێ ئامان‌و ئەنجامەوە، ئاخر ئەو شەڕی کورد بەتایبەت لەسەدەی بیستەمدا لەگەڵ هەرسێ دەسەڵاتی سەردەستی عەرەب‌و فارس‌و تورك کرودێتی تانهۆش ئەنجامێکی نەداوەتە دەستەوە، کەئەمە بەشێکی پەیوەندی بەدنیای بەرژەوەند پەرستەوە هەیەو بەشێکی تریش کەمن پێموایە زۆرینەیەتی پەیوەندی بەخۆمانەوەیە وەك کورد کە تالەشاخین‌و سەرگەرمی شۆڕش‌و رووبەڕووبوونەوەی دوژمنانین کەمتر شەڕی یەکتر دەکەین‌و کاتێکیش دەچینە ناو شارەکانەوەو دەسەڵات وەردەگرین ئیتر بەردەبینە گیانی یەکتر، ئەمەش لەهەر دوو ئەزمونی دوای رووخانی شا

PDF4Kurd

لەئێران و دوای راپەڕینی خەڵکی باشور لەدژی سەددام و هاتنە سەرکاری حکومەتی کوردی زۆر بەزەقی خۆی دەنوێنێت و وەك پەڵەیەکی ڕەش وایە بەسیمای شۆڕشی کوردەوە. ئەو چەند ساڵە شەڕی براکوژی لەو پارچەیەی کوردستان نەك هەر (جەلالی مەلەکشا) وەك شاعیرێك، بەڵکو تەواوی خەڵکی کوردی گەیاندە دۆخی نائومێدییەکی تاڵ و هەموو هاتنە سەر ئەو باوەڕەی دەردی کورد خۆخۆرییە نەك داگیرکارانی داگیرکەران، ئەم دۆخە بۆ شاعێرێکی وەك جەلال چاوەڕوان نەکراو بووەو ئەمەش وایلێکردووە شۆڕشی کوردی وەك گورگ بێتە بەرچاو بەوەی نەیتوانیوە لەئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێت.

کەخۆم ناسی

دنیا شەو بوو

شەوێکی چڕ، تاریک... تاریک!

تیشکێکی دوور

لەئەو پەڕی ئاسۆی دووری ژیانمەوە

وەکو مەشخەڵ داگیرسابوو

بەڵام ڕێگا

پڕ لەکۆسپ و کەندەڵان بوو

ئاستەنگێکی دوورو باریک!

تیشکی هیوا گرشەی ئەهات

بۆ لای خۆی بانگی ئەکردم



رایدەکێشام

هێزی ئەدا بەهەنگاوم

بیرو ئەندێشەی ئەبردم!

ساڵەهای ساڵ

بەقەد ساڵەکانی عومرم

ڕێگام بڕی

گۆچانی ئاسنم شکاند

سەد پێلاوی پۆڵام دڕی

هەر هەنگاوێ زامێکی قووڵ

ڕێگا هەموو ژان و بڕک بوو

هێزی هیوا بەرەو ئامانجی ئەبردم

گەیشتم و دڵ پڕ لەحەز، ئاوات، تاسە

لەخوێ، گەوزاو

ماندوو، بێ هێز

ئەژنۆ شکاو

ئامێزم بۆ تیشک کردەوە، بەڵام ئەفسووس

ئەفسووس، ئەفسووس، ئەو مەشخەڵە چاوی گورگ بوو!

لەم شیعرەدا مەلەکشا هەموو ئازارو ماندوو بوون و مەینەتییەکانی کوردی لەسەدەی بیستدا هێناوەتە قسەو لەکۆتاییدا پێمان دەڵێت کەهەموو

PDF4Kurd

رەنجەکەمان بەهەدەر رۆییوە. رەنگە ئەمە بەلای مرۆڤێکەوە کەوەك(گۆتە)ی ئەڵمانی دەڵێت هەر بۆ ورگی بژی شتێکی سادەو ساکاربێت و دەستی بەکڵاوەکەی خۆیەوە گرتبێت تابانەیبات، بەڵام بۆ شاعیرێکی وەك مەلەکشا ئەم تێکشکان و گلانەی کورد بەدەستی کورد خۆی هەروا تێناپەڕێت و قسەی خۆی لەسەردەکات و دەبێتە خەم لەدڵیدا، خەمێك کەلێی نابێتەوەو بۆتە قەدەری کوردبوونی، مەلەکشا کورد نەبوایە بەو جۆرە نەدەبوو، بەڵام کاتێکیش کەکوردە ئیتر ناتوانێ وەك خەڵکی ئاسایی بیربکاتەوەو بەسەر ڕووداوەکاندا بازدات و خۆی بەخاوەنی پرسەکە نەزانێت. هەر بەهۆی شاعیربوونییەوە مەلەکشا ساڵانێکی زۆر لەزیندابووەو تاڵاوی زۆری چەشتووە، ئەم تاڵاوەیش بەشیعرەکانییەوە دیارەو کەم شیعری ئەم شاعیرە هەیە، تەمی خەمێکی لەسەر نەنیشتبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی وردبوونەوەیشە مەلەکشا لەزیندانیشداو لەو شیعرانەشیدا کەلەزیندان نووسیونی گەردی بێ هیوایی لی نەنیشتووەو ورەی بەرنەداوەو خۆی نەداوە بەدەستەوە. مەلەکشا لەزیندانیشدا هەر مەلەکشاکەی شاخ و کێوەکانەو وایدەبینی مرۆڤ مادام بەشوێن ئازادیدا وێڵە دەبێت لەزینداندا زیاتر بۆ ئازادی بژی تالەشاخ، چوون لەشاخ تۆ سەدان فرسەخ لەدوژمنەوە دووریت، بەڵام لەزینداندا لەقوڵای دوژمندایت و ئازایەتی مرۆڤیش بەتایبەت لەڕووی دەروونییەوە لەوێدا دەردەکەوێت. لەیەکێك لەو شیعرانەدا کە لەزیندان نووسیوێتی زۆر بەبودری قسەی لەسەر ئەو ئازادییە کردووە لەزینداندا کەڕەنگە هەموو زیندانییەك ئەوەندە هەستی پێنەکات، ئەو لەوێدا ڕووی دەمی دەکاتە پاسەوانێکی زیندانەکەو دەیەوێت ئەوەی پێ بڵێ کەمن لەزیندانەکەمدا زۆر لەتۆ ئازادترم، لەکاتێکدا تۆ پێتوایە من زیندانم و تۆیش



پاسەوان، چوون من دەتوانم هەمیشە لەپەنجەرەکەوە دنیای دەرەوە ببینم، بەڵام تۆ هەمیشە ناو ژوورەکەی من دەبینی کەتاریکاییە. رەنگە هیچ زیندانییەك لەتەواوی دنیادا بەمجۆرە لەزیندانی نەڕوانیبێت و وەك مەملەکەتێکی ئازاد نەی بینیبێت. چونکە ئەوەی پاسەوانی زیندانەکەیە دەبێت تاکۆتایی ئەو رژێمەو زۆرجاریش تاکۆتایی تەمەنی لەو زیندانە پاسەوان بێت و هەرگیز دوور نەکەوێتەوە، ئەمەش خولیاو بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکوژێت و وای لێدەکات چیتر خەو بەدنیایەکی ترەوە نەبینێت، بەڵام کەسێکی زیندانی، بەتایبەت زیندانی سیاسی هەمیشە خەون و خولیاو بیرکردنەوەی نوێی هەیەو سەرباری ئەوەیش بەپێچەوانەی کاکی پاسەوانەوە کەهەر لەبیری خۆیدایە، کەسی زیندانی بیر لەخەڵکی تریش دەکاتەوەو دەیەوێت ژیانی ئەوانیش بگۆڕێت.

لەنێو ژوورە تاکەکەسیە تەنگەکەمدا

هەڵکورماوم!

کارەساتێک بەڕێوەیە

لەودیو دیوار

وەردیانەکەم راوەستاوە

دەلاقەیەکی بچکۆلە

لەسەر سنگی دەرکەکەیەو

داخراوە!

کۆترە باریکەی خەیاڵم

PDF4Kurd

تامەزرۆیە هەڵفڕێت تا
بەرِ بەرۆچکەی ئاسمانی کاکی بەکاکی!
جار بەجاریٚ
وەردیانەکەم
دەلاقەیەک دەکاتەوەو
لێم دەڕوانیٚ
ئەو تاریکی دەبینێت‌و من ڕووناکی!

لەم شیعرەدا وێنەی زیندانییەك دەبینین کەلەژوورێکی تەنگی تاکەکەسیدایەو هەمیشە بەو خەیاڵەوە دەژی کەکۆترە باریکەی ئاواتی هەڵفڕێت‌و ئاسمانی کاکی بەکاکی تەیکات، واتا بەهیوایەکەوە دەژی، چوون خەیاڵی هەیە، مرۆڤی زیندانی ئەو کەسەیە کەخەیاڵی نەبێت، مرۆڤ کەی خەیاڵی لەدەستداو توانای خەیاڵکردنی نەما ئەوسا زیندانییە یاخود مردووە، هەمیشە زیندانەکانی ناخی مرۆڤ لەزیندانە راستەقینەکانی دیکتاتۆرو دەسەڵاتدارن سەخت‌و قایمترن‌و مرۆڤ زۆری دەوێت تالەو زیندانە قوتاربێت‌و ببێتە خاوەنی خودی خۆی. ئەم مرۆڤە، واتا شاعیرەکەمان خەیاڵی جوانی لەسەردایەو بەو خەیاڵانەوە دەژی‌و ئەمەیش وای لێدەکات بەزەیی بەکاکی وەردیاندا بێتەوەو ئەو وەك زیندانی ببینیٚ‌و خۆیشی وەك کەسێکی ئازادو دنیا گۆڕ، کەسێك دەتوانیٚ کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵکانی تریش هەبێت بەباشە. دەتوانین لەو روانگەیەشەوە لێی بڕوانین کەکاکی وەردیان مادام هەمیشە چاودێری ژیانی خەڵکی تردەکات‌و تفەنگێکی بەشانەوەیەو ئەو تفەنگە مانا بەژیانی دەبەخشێت، ئیتر ئەو



زیندانییە، چوون ناتوانیٚ ئەو کارە نەکات‌و بەبیٚ ئەو کارە ژیانی مانایەکی نامێنێت.

لەگەڵ هەموو تووڕە بوونێکی ئەم شاعیرەمان لەنیشتمان‌و شۆڕش‌و خەڵکەکەی، کەچی هێشتا هەر خۆشی دەوێت‌و ناتوانیٚ خیانەتی لێبکات‌و بۆی نەسووتێت، ئەمەش بەتەواوی بەشیعرەکانییەوە دیارەو کەم شیعری مەلەکشا هەیە وەك شیعرەکانی (هێمن موکریانی) گەڕانەوەی تێدا نەبێت بۆ نیشتمان‌و زێدەکەی. بارەتەقای هەموو ئەو عەشق‌و ئەوینەشی بۆ نیشتمانەکەی رقی لەدوژمنانەو بەهەموو بوونییەوە بەرگری لەخۆی دەکات بۆ ئەوەی دوژمن نەیخاتە خزمەتی خۆیەوە، ئەو دەزانیٚ خراپترین جۆری ناپاکی لەنیشتمان ئەو جۆرەیانە کەبچێتە باوەشی دوژمنەکەتەوەو بەشان‌و بالآیدا هەڵبەیت، رەنگە ناپاکی بەرامبەر نیشتمان زۆر شێوەو جۆری هەبێت هەر لەپیس کردنی شەقامەکانییەوە تاشکاندنی لقە دارێکی، هەر لەجاشایەتییەوە تادەگاتە پاشەیەتی بۆ دوژمن هەمووی خیانەتە، بەڵام خیانەتی پیاوێك کەشاعیرو پێشڕەوی خەڵك بێت لەهەموویان کاریگەرترەو ئەمەش وایکردووە مەلەکشا زۆر توند بێت لەسەر ئەوەی کەبەهیچ جۆرێك لەبەردەم دوژمندا چۆك دانەدات‌و نەبێتە داردەستی.

رەجمم بکەن، تاوانبارم
سەرم بکەن بەبنچینەی منارەتان
وەرن بمکەن بەحەللاجیٚ
بۆ سەمای سەر قەنارەتان
تاقە شیعرێکم ناتوانن دەستەمۆکەن

PDF4Kurd

لەگێژەنی هەستی خۆمدا نوقمەسارم!

ببن بەخوا تووڕتان دەدەم

خوای ئێوە ناپەرستم

نابم بەبەرد سەری خەڵکم پێ بشکێنن

نابم بەدار بۆ فەلاقە

چقڵی ئێوە قەت ناڕوێ

لەناو بێستانی سەد تەرزم

بۆ ئێوە قەت لینی نابێ

خامەی رەنگینی سەربەرزم

سەختم وێنەی پۆڵاو ئاسن

شەپۆلێکی شێتو یاخیم

خەوی بەندەر ئەشێوێنم

دیلم دەکەن هانێ دەستم

ئەوەش گەردن هەڵمواسن.

لێرەدا مەلەکشا دەیەوێ ئەوە بڵێت کەدوژمن هەرچی بکات ئەوەی بۆ ناکرێت شیعرەکانم بخاتە خزمەتی خۆیەوە، شیعرەکانی من دەستەمۆ نابنو لەمەیشەوە دەگەینە ئەوەی کەشاعیر مەبەستی ئەوەی کەدەستەمۆبوون بەواتای ئەوە دێت کەدواتر ئەو شیعرە راوی هەستو سۆزی خەڵکی تر بکات، وەك چۆن کەوی ماڵی راوی کەوی تر دەکاتو لەئەدەبیاتی کوردیشدا کەو بۆ خۆی هێمایە بۆ خیانەتو دەست تێکەڵکردن لەگەڵ دوژمندا. رەنگە



بەناوبانگترین شیعرێك کەمەلەکشا نووسیبێتی لەبواری بەرگریو حەماسەتدا شیعری (داستانی دارە پیرە)بێت. ئەم شیعرە کەدرێژترین شیعری مەلەکشایە، لەدەورانێکدا نووسراوە کەرژێمی ئێران بەهاوکار جاشەکانی کورد لەرۆژهەڵاتدا ئاگری شۆڕشی بزووتنەوەی کوردی خامۆشکردبۆوە، ئەو ئاگرەی بەبەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێران زیاتر بڵێسەی سەندبوو کوردیش شارەکانی کەوتە دەست، بەڵام زۆری نەبرد شەڕی براکوژی سەریهەڵداو ئیتر حکومەتی نوێش بەهێزبووەو پاش پێنج شەش ساڵێك یەك بستە خاکی کوردستان بەدەست پارتە کوردییەکانەوە نەماو، خەڵکێکی زۆریش بوونە جاشو ناپاکیان لەنیشتمان کرد. ئەم شیعرەی مەلەکشا لەو دەورو زەمانەدا بۆ ئەوەبوو کەهەموو پڕۆپاگەندەو بانگەشەکانی دوژمن بەدرۆخاتەوە لەمەڕ ئەوەی کەشۆڕشی کورد تەواو بووەو ئیتر جارێکی تر کورد نابێتەوە خاوەنی خۆی. ئەمە جگەلەوەی مەلەکشا لەو شیعرەدا بەتووندی قسە لەسەر ناپاکیو داردەستانی دوژمن دەکاتو وەك دەبینین لەکۆتایی شیعرەکەدا کابرای ناپاك هیچی پێ نابڕێتو پێی دەڵێن خەڵکی ناپاك پاداشتی نییە. چیرۆکی سەرەکی ئەم شیعرە باس لەدرەختێکی گەورەو قەد ئەستور دەکات کەدوژمن رقی لێیەتیو بۆی نابڕێتەوە، بۆیە دواجار پەنا دەباتە بەر تەلاشە دارێكو کۆتایی بەژیانی درەختەکە دێنێت، بەڵام هێندەی پێناچێت دیسان دارەکە گەڵا دەردەکاتو لقو چڵی تازەی لێدەبێتەوە. رەنگە لێرەدا هەر ئەوەندە بوترێت لەسەر ئەزمونی شیعری مەلەکشا، بەو هیوایەی ئەمە سەرەتایەك بێت بۆ زیاتر ئاوڕدانەوە لەشیعرەکانی ئەم شاعیرەمان کەخەریکە فەرامۆشی دەکەینو بەسەریدا بازدەدەین.

PDF4Kurd

تێکەڵ بوون لەگەڵ باران

زۆر جار کە ئەو شیعرە زۆرو بۆرە دەبینم لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، پرسیارێك لەلام دروستدەبێت، پرسیاری ئەوەی تۆبلێی: گەر شیعر نەبوایە ئەم خەڵکە چیدەکردوو ، چی دەنوسی.؟ تۆبلێی: پەنابردنی ئێمە بۆ شیعر چی لەپشتەوە بێت.؟ ئایا شیعر خۆشدەستترین ژانری ئەدەبییە یاخود ئێمەی گەنج و لاوی کورد بە تاکە پەناگەی ئارامی دەزانین.؟ ئایا شیعر هێندە سادەو ساکارە، وابەو ئاسانییە هەموو کەس دەستی بۆ دەبات.؟ نەوەی سەردەمی ئازادیو حوکمڕانی کورد ڕەنگە لەڕوی ترس و تۆقینەوە بەختەوەرترین نەوەبن، بەڵام لەڕوی دنیابینیو بەهرەوەرگرتن لە ژیانەوە ڕەنگە بەد بەختترین نەوەی کورد بن. ئاخر ئەم نەوەیە، نەوەی سەردەمی ئابڵوقەی ئابوریو گرانیو گوزەرانی خراپو بێکاری و شەڕی براکوژیو دوور لە هەر پێداویستییەکی ژیانی بینیو بووە نەوەیەکی



بێئیرادەو داڕووخاو، لێرەشەوە ئیفرازاتی ئەم نەوەیە تەنیا شیعرەو، هەرچی خەمو کەپتی ئەم نەوەیەیە لەڕێگەی شیعرەوە خۆی نمایش دەکات. هەر ئەمەش وایکردووە، شیعرەکانی ئەم نەوەیە، مەبەستم ئەوانەیە شیعرییەتیان تێدایە، شیعرگەلێکی پڕ لە نائومێدیو وشکەساڵیو پانتایی شیعرەکانیان لەبیابانێکی کاکی بەکاکی دەچێت، شاعیر لەو بیابانەدا دەبێتە تاقە خەڵقندەو بۆ خۆی گۆرانی بۆ کلۆڵیو تەنیاییو ڕەنج بەخەساری خۆی دەڵێت و کەسیش نییە لەدادوو هاواری بپرسێت. ئەم نوسینە دەیەوێت دێڕەکانی پشتەوەی شیعرەکە کەشفکات، ئەوانە بڵێت کە شاعیر وەك ڕازێك دەی هێڵێتەوەو نایەوێ ئاشکرابن. وەك چۆن شاعیر لە دێڕەشیعرەکاندا هەیە، ئاوهاش لەپشتی دێڕەشیعرەکانیشەوە هەیە. لەژمارە (٤١٥)ی ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ دا شیعرێکی شاخەوان سدیق بڵاوکراوەتەوە بەناوی ( چاویلکەیەك لەودیو پەنجەرەکەوە لێم ئەڕوانێ ) کەئەم نوسینە هەوڵی خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی شیعرەکە ئەدات، بەو پێیەی شیعر بۆ خۆی دیوی دەرەوەیەو شاعیریش دیوی ناوەوەیەو لەم ناوەدا منی خوێنەریش دەبمە بەرهەمی هەردوو دیوی دەرەوەی شیعروو ناوەوەی شاعیر. ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی منی خوێنەر نەبێت نەشیعر بوونی هەیەو نە شاعیریش، لێرەدا هەوڵی منی خوێنەر تەواوکردنی ئەو سێ کوچکەیەیە کەشاعیر لە هەوڵی دروستکردنیدایەو لە خودی شاعیرەوە دەست پێدەکات و لەمنی خوێنەر کۆتایی دێت و لێرەشەوە زیندوێتی بەدەق دەبەخشرێت.

شاخەوان لەم شیعرەدا دەبێتە حیکایەتخوانی گێڕانەوەی یادەوەرییەك، بارگاوی بە فۆبیاو تێکشکان، بەگریانو گەڕان بۆ دۆزینەوەی شتێك

PDF4Kurd

کەنازانێ چییەو، دواتر لەسیاقی خوێندنەوەی شیعرەکەدا تێدەگەین ئەم شاعیرە منداڵی لێوون بووە، لێرەشەوە سەرلەبەری شیعرەکە مانا بەخشینە بە منداڵێتییەك کە پڕبووە لە بێبەش بوونو دڵشکان.

ئای....

لەکزەبای ساردی ئەو پەنجەرەیەی

کەمنداڵ بووم لەودیویەوە دادەنیشتمو

لەڕووناکی گڵۆپەکاندا یەک یەک ئەستێرەکانم دەژمار.

ساتی هەڵڕژانی شیعرەکە ئێستایەو مەبەستیش هاتنە خوارەوەیە لەو پلیکانەی تەمەنەی پیایداسەرکەوتوین. لەنێوان ئێستاو ئەو ساشدا مەسافەیەکی زەمەنی درێژ هەیەو لای شاعیر دەبێتە ئەم شیعرە. پەنجەرە جگەلەوەی بۆ ئاگاداربوونە لەدیوی دەرەوەی ماڵ، مانایەکیشە بۆ کرانەوەی مرۆڤو عەشق بوون بە ئازادی، پەنجەرە هیوایەك دەدات بە مرۆڤ، هەمیشە لەبەر پەنجەرەدا چاوەڕوانین.. پەنجەرە هۆی پەیوەندی مرۆڤو سروشتە، لەپەنجەرەوە لەدنیا دەڕوانین، چەند مرۆڤ بیەوێ پەنجەرەی زیاتر لەماڵەکەیدا هەبێت، ئەوەندەش لەئازادی نزیك دەبێتەوە، لەنێوان پەنجەرەو منداڵیشدا ئازادی هەیە، منداڵ هەمیشە لەتاقی پەنجەرەدا دادەنیشێو سەیری دیوی دەرەوەی ماڵ دەکات، لەو دنیایە رادەمێنێ کە هەموو شتێکی بۆ ئەو تازەو نامۆیە.

شاعیر لە ئێستای بێزارەو، ئێستا وەك زیندانێك دەبینێتەوەو دواتر خۆی دەبێتە داوەرو دادگایی خۆی دەکات. بۆیە جەخت لەسەر ئازادی ئەوسای منداڵی دەکاتو پەنجەرەو ژماردنی ئەستێرە وەك میتافۆری ئازادی



بەکاردێنێ. لای گاستۆن باشلار وێنەی شیعری ساکارترین ئەزمونگەلی زمانی لەدەقی ژیاندا بەدەستەوە دەدات. شاخەوانیش لەم شیعرەدا هەموو ئەو ئەزمونانەی پێیداتێپەڕیوە، کەدیارە عەشقێکی بێگەردی سادەو ساکاری منداڵانەیە، وەك وێنەی شیعری دەخاتە بەردیدەی ئێمەی خوێنەر.

لەدەلاقەی ئەم پەنجەرەیەوە

رووناکیم دەگرتە تاریکی ژوورەکەتان..

لەم دوو دێڕەدا شاعیر بە ئاوێنەیەکەوە لە ژوورە رووناكو ئازادەکەی خۆیەوەو لە پەنجەرەکەوە رووناکی بۆ خۆشەویستەکەی دەنێرێو ئەویش باسی گەورەبوونی بۆ دەکاتو لەم دنیا منداڵییەی ئەم رادەکات.

کەچی ئەو لە تیشکەکانیدا

ترسو گەورەبوونو دابڕانو پیری

نیشان ئەدام.

گەورە بوونی منداڵی کورد جگەلە بەرەوپیرەوە چوونی نەهامەتیو دەردەسەری شتێکی تر نییەو شاخەوانیش سەر بەنەوەیەکە هەر لەگەڵ چاوکردنەوەی لەگەڵ دنیایەکدا دەکەوێتە ململانێوە زۆر سەختە مرۆڤ بەرگەی بگرێت. ئەو منداڵی سەردەمی پڕ ئەشکەنجەی بەعسو نەوەی سەردەمی شەڕی براکان بوو، هیچی بۆ نەمایەوە خۆی پێوە خەریککات، بۆیە ناچار بۆ دڵدانەوەی خۆی شیعر دەکاتە هاودەمی.

ترس لەم شیعرەدا ترسێکی ئەزەلی نییەو لەگەڵ گەورەبوندا ئەویش گەورە دەبێتو توشی هیستریای دەکات، ئەو هیستریایەش دەبێتە هەوێنی ئەم شیعرە.

PDF4Kurd

هەرئەو دەمە ترس
سەراپا ژیانی داگیردەکردمو
شەوانە دەستی لە گەردنم دەنا.

ترسی شاعیر ترسێکە لە گەورەبوونو جێ هێشتنی نیشتمانی منداڵی، مرۆڤ تاتەمەنی بەرەوسەر هەڵکشێ زیاتر لەقەیدو بەندی کۆمەڵایەتی نزیك دەبێتەوە، سنورەکانی ئازادی سەردەمی منداڵی جێدەهێڵێ. بۆیە مرۆڤ هەمیشە ئاخ بۆ سەردەمی منداڵی هەڵدەکێشێو سکاڵایەتی لەدەست گەورەبوونو چوونە ساڵەوە.

بەشەرمەوە پێت ئەوتم: گوزەشت رۆژەکانی منداڵی.

فرناندۆ دی سۆ سۆر پێی وایە ئەوەی شاعیر دەیڵێ لە سیستمێکی نیشانەیی جیاواز لەگەڵ سیستمی بەکارهێنراوی ئاخێوەرێکی ئاساییەوە سەرچاوە دەگرێت.

ئای لەبەیانییە ساردەکانی زستان
کە لەگەڵا دڵۆپەکانی باراندا تێکەڵ دەبووینو
لەنیوەڕۆیەکی بەهاردا لەچرۆی دارئەرخەوانێکەوە دەکەوتینە واری..

لای شاخەوانیش منداڵی وەك دڵۆپەکانی باران پاکو بێگەردەو، ئەوە رۆحی بێگەردی منداڵی ئەمو خۆشەویستەکەی بووە لەبەیانییەکی ساردی زستاندا رۆییوەو تێکەڵی باران بووەو دواتر لەبەهاردا، لە دەمی گوڵە ئەرخەوانێکدا خۆی نمایش دەکاتەوە، گەربچینەوە سەر بۆ چوونەکەی سۆسۆر ئەم وشانە هەمان ئەو وشانەن خەڵکی ئاسایی لەژیانی رۆژانەدا بەکاری دێنن، بەڵام لێرەدا شاعیرانە داڕژاوەنەتەوەو هەریەکەیان دەبێتە



کۆدو نیشانەیەكو دەبێ هەوڵی کەشفکردنی بدرێت، کەدیارە بۆ دەربڕینی ئەو راستییەیە کەمنداڵ وەك یەکێك لە ڕەگەزەکانی سروشت، بەفرو بارانو درەختو گوڵ پاکە...

هەموو جارێ
بەهێندەی دڵۆپەکانی باران بۆ شۆستەکانی شار
بەیەکماندا/ ئەداو..
ساویلکانە هەر دووکمان دەگریاینو
لەدوایشدا وەک دوو کەسی مەمنون بەیەک دەهاتینەوە لای یەکتر.

هەمیشە هەوڵدانی مرۆڤ بۆ ئاشتیخوازیو هیومانیستیو تەبابوونی بەشەر لەویوە سەرچاوە دەگرێت، کە هەموو مرۆڤێك لەمنداڵیدا ئاشتیخوازو سروشتێکی مەتاتی هەیەو توانای لەبیر کردنو دڵشکانی هەیەو قابیلی نوشتانەوەیە نەك شکانی یەکجارەکی... بەو واتایەی ژینگەی دەوروبەری والە مرۆڤ دەکات کائینێکی شەرخوازوو توندوو تیژ بێت، گەرنا منداڵ هەمیشە دەستی ئاشتیو ئاشتبوونەوەی درێژبووە... مرۆڤ لەگەورە بووندا بەشوێن رۆحی منداڵیدا دەگەرێت، بەڵام گەڕانەکەی بێسوودە.

تۆ لەنێوان منداڵیو گەورەبوونما
ئەو ساو ئێستاش چەندە ئازای.

*لەژمارە(٤١٩)ئەدەبو هونەری کوردستانی نوێ لەرۆژی پێنج شەممە١٤/١/٢٠٠٥ بڵاوبۆتەوە.

PDF4Kurd

خۆشەویستی ئەو گوزارشتەی دۆڕاندمان

PDF4Kurd

یەکێك لەو کەسانەی لەسەر شاملۆو شیعری شاملۆ قسەیانکردووە پیاوێکە لەدەربارەی (محەمەد رەزا شا)ی پەهلەویداو دەڵێ: ئەحمەدی شاملۆ دەیەوێ تۆڵەی ئەوسەربازەمان لێبکاتەوە کەلەبەردەم شاملۆی منداڵدا شەلاقکاری کراوە. ئەم قسەیەی پیاوی دەربار لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کەشاملۆ مەبەستی شیعر نوسین نییە، ئەوەندەی دەیەوێ لەڕێگەی شیعرەوە تۆڵەی خەڵکی بەشمەینەتو هەناسە سارد بکاتەوە. هەر ئەمەش قسەی ئەسڵی شیعرە، کەشیعر جۆرێك شەڕکردنە لەگەڵ واقعی داسەپاو، ئەو وەختەی ئینسان لەبەردەم دیکتاتۆرو دەسەلاتێکی خۆسەپێنەردا توانای بەرگری کردنی نامێنێ ئیتر شیعر دێتو ئەو توانایەی بۆ دەگێڕێتەوەو هێز دەداتە ئینسان.

ئەحمەدی شاملۆ دەڵێ: تاقە ڕووداوێك کەڕێڕەوی ژیانی منی گۆڕی و کردمی بەشاعیر، روداوێك بوو کەئێستا هەرلەیادەوەریمدا ماوەو رەنگە هەر



بشمێنێ، چونکە ئەو ڕووداوە لەناخەوە هەژاندمی، ئەودەڵێ: من عەشقی مۆسیقابووم، پێموایە شیعر لەمندا سارێژبوونی برینی مۆسیقایە. ئەو ڕووداوە کردمییە شاعیر. شاملۆ ڕووداوەکە بەم جۆرە باسدەکات.(شتێکی سەرەکی زەمینە خۆشکەری باری رۆحی من بوو، کاریگەری یەکلاکەرەوەی لەسەر ژیانم هەبوو، پێنج ساڵێك لەوەوبەر روویدابوو. ئامادە بوونی نابەدڵی خۆم لەڕێوڕەسمی دارکاری کردنی سەربازێك بوو لە(خاش) بەپەرچەم و دەهۆڵ و زووڕناو داب و نەریتی ئەرتەشییەوە. سەیرانگەیەك لە(خاش) هەبوو بەناوی (باغی میر)و زۆرجار باوکم من و خوشکەکانمی بۆگەڕان دەبرد بۆ ئەوێ. سەربازخانەکە دەکەوتە ناوەڕاستی باخەکەوە، تەمەنم شەش ساڵان بوو، نەمدەتوانی باری قورسی ئەو ئازارانە لێك بدەمەوە، تائەمڕۆش وەك گرێ لەسەر دڵمدا ماوەتەوە. تەنیا ئەوەنەبێت بەهاوارو گریانەوە خۆم فڕێ دابووە باوەشی خزمەتکارەکەی باوکمەوە) بارودۆخی خێزانیو ژینگەی پەروەردەبوونی شاملۆ زۆر دوور بووە لەوەی شاملۆ بکاتە شاعیر ئەو دەڵێ:(کەسێکم نەبوو رێنوێنیم بکاتو دەستم بگرێت. واتا ئەو ساڵانەم بەفیڕۆ چوو. هەر لەتەمەنی(١٠) ساڵییەوە دەمنووسی، بەلام کاتێك یەکەم شیعری خۆم نووسی لەساڵی(١٩٥٠)دا تەمەنم(٢٥) ساڵ بوو، پانزە ساڵم لەدەست چووبوو. فەزای ناو بنەماڵەکەمان جگە لەشاعیر دەیتوانی بمکات بەهەر شتێکی تر. سەردەمی گوزەراندنی سەرەتایی بۆمن وەك دۆزەخ وابوو) ئەم دۆزەخی بنەماڵەو کۆمەڵگەیە شاملۆ دەخاتە سەرکەڵکەڵەی گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا، چونکە لەخۆشەویستیدا ئینسان دەبێتە خاوەن وزەو هێزێکی زۆرو دەتوانێ ڕووبەڕووی دنیا بوەستێتەوە. شاملۆ پێیوایە ئۆبالی هەموو نەهامەتییەکانی بەشەر

PDF4Kurd

لەئەستۆی خۆشەویستیدایەو، ئێمە عیبارەتی خۆشەویستیمان دۆڕاندووە بۆیە مەحکومین بەماڵوێرانی و سەرگەردانی.

هەر بۆیە شاملۆ هەر ئومێدەوارەو هیوا لەدەست نادات، بەوەی ڕۆژێك ئینسان دەچێتەوە مەداری خۆشەویستی و ئیتر ئەوین جێگە بەڕق و شەڕ لێژدەکات و خۆی دەبێتە سەرچۆپی گر، ئەو ڕۆژەی شاملۆ ئاواتی بۆ دەخوازێ ڕەنگە ئاواتی زۆرینەی بەشەر بێت، چونکە هەمیشە کەمینەی نەزان و نەخوێندەوار دەبنە ملۆزم و دیکتاتۆر بەسەر زۆرینەیەکی وشیارو خوێندەوارەوە. لەشیعری (ئاسۆی روون)دا دەڵێت:

ڕۆژێک ئێمە دیسانەوە دەگەینەوە کۆترەکانمان

میهرەبانی دێت و دەستی جوانی دەگرێت.

ڕۆژێک کە کەمترین سروود ماچکردنەو

هەرئینسانێک بۆ ئینسانێکی تر برایەکە.

ڕۆژێک کەدەرگای ماڵەکانیان داناخەن و

قوفڵ ئیتر ئەفسانەیەو بەتەنیا دڵ

بۆژین بەسە.

سەردەمی (شا) لەئێراندا سەردەمێکی قورس و سەخت بووەو دەوڵەت وەك دەزگایەکی تۆتالیتاری دەستی خستبووە تەواوی کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە، سیستمی شا خۆی لەسەر دەستەنگی و سەرکزی خەڵك بنیاتنابوو، وەك هەوری ڕەش باڵی بەسەر خەڵکدا کێشابوو، دەبوو هەموو شتێك بەفلتەری دەسەڵاتی پرسانسۆری شادا بڕوات. تەنانەت



خۆشەویستیش بۆتە تاوان و لەلای داروەستەی شا تلیاك و حەشیشە بووەو شاملۆ لەشیعری(تەنگانە) دا ئاواباسی ئەو ڕۆژانە دەکات.

دێن بۆن بەدەمتەوە دەکەن

نەکا ڕۆژێک وتبێتت خۆشم دەوێی.

دێن بۆن بەدڵتەوە دەکەن

ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم

لەکوڵانی بەربەستراوی ساردوسڕا

ئاور دووە شیعرو سروود

ئاگری پێدەکەنەوە

باسی سەرە بیرکردنەوە

ڕۆژگارێکی سەیرە گوڵم

ئەوەی شەوانە دەرگادەکوتێ

هاتووە چرابخنکێنێ

دەبێ تیشکی ڕووناکایی لەکەلێن و

لەپەسێوی ماڵ پەسیۆن بیشارنەوە.

ئەم گوزارشتی خۆشەویستییە، دەبێتە وێردی سەر زاری شاملۆو تەواوی ئەدەبیانی شیعری شاملۆ گەڕان و وێڵبوونە بۆ قەرەبووکردنەوەو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کەخۆشەویستی و نەبوونی خۆشەویستی دروستی کردووە. شاعیر پێشبینی ئەوەی کردووە کەڕۆژێك دێت دەبێ دڵمان لەپەناو پەسێوی ماڵەکانمان بشارینەوە تا دیکتاتۆرو پیاوەکانی

PDF4Kurd

نەیدزن، ئەو وایدەبینی ئیتر لەمەودوا ئەوان بۆنی دەمیشمان دەکەن تابزانن ماچی لێوی دڵدارەکانمان نەدزیوەو بۆنی هەناسەیمان نەگرتووە. لەو رۆژانەیش کەشاعیر پێشبینی هاتنی دەکات بیرکردنەوە دەبێتە مایەی لێکردنەوەو پەڕاندنی سەری ئینسان، گەربێت و بیرکردنەوەکە پێچەوانەی بیرکردنەوەی دیکتاتۆرو پیاوەکانی دیکتاتۆربن.

رۆژێک دەریایی چاوەکانت وشک دەبن.
ئەمن کانیاوێکم دەوێ تاهەتایە هەر کانی بێ.

ئەو پڕبەگەروی هاواری دەکرد: هیلاکی ڕەنجێکم، کەڕەنجی من نیە، لەو رۆژگارانەی کەتەواوی خەڵك جگە لەهەژار و نەداران بەدوای ئارەزوو پارە دەکەون و هەموو شتێك دەبێتە بەرژەوەندیو پارە. هەلپەرستی و چاوچنۆکی باڵی خۆی دەکێشێ، شاملۆ نائومێدانەو زۆر بەمەحزونی دەیوت:

کەلامێکی کۆن و سواوە حەزکردن و خۆشەویستی
پیسکە حەزی لەپارەیەو خوێڕی حەزی لەئازاری بندەستانەو
ترسنۆکیش دەسەڵات و سەرکەوتنی خۆشگەرەکە
ئێمەومانان و ئەوکەلامی تەڕو تازەی خۆشەویستی لەکێ فێربوین.

خەمی نان و خەمی ژیان، والە شاملۆ دەکەن هەرقسەی هەیە بۆژیان بیری بچێتەوەو تەنیاقسە لەسەر نان بکات بۆیە رووەدەکاتە ئینسان و دەڵێت:

لەدەستە گەرمەکانی تۆ
کەمنداڵی ئاواڵ دوانەی نێوباوەشمن
چیها قسەم پێ یە بیکەم



ئەگەر خەمی نان لێم گەڕێ.

شاملۆ پێیان دەڵێت:

جێی هیچی ترنابێتەوە دڵت لێواو لێوی خەمە.
خودای هەوو ئاسمانە بەرزەکانت کەوتوونەتە سەرخاکی رەش
وەک مناڵێک تاق و تەنیا و بێ پەنای تۆ
لەترسانا پێدەکەنی و
غرورێکی ساویلکانە رێگە لەگریانت دەگرێ.

گەورەی شاملۆ و شیعرەکانی لەقولاییە ئینسانی و هیومانستییەکەیدایەو هەر ئەو رۆحە بەرزە ئینسانییەش شاملۆی کردە شاعیرێکی جیهانی و جەماوەری بەر فراوان، هاواری شاملۆ هاوارێك بوو پڕبەگەرووی ئەو جەماوەرەی کەلەلایەن دەسەڵاتی شاوە سەرکوت دەکران و وەك مێگەلەمەڕ راپێچی قەسابخانەکان دەکران. بۆیە ئەو هەر بەئاواتەوە بوو کەبتوانێت ئومێد لەدڵی جەماوەردا بڕژێنێ و مژدەیەکیان پێبدات و خۆی بەهاوبەشی خەم و ئازارو شادییەکانی ئەوان دەزانێت.

ئەی خۆزگە من بم توانیبا
بۆ یەک لەحزە بم توانیبا ئەی خۆگە
ئاپۆرەی ئەم جەماوەرە بێ ئەژمارە
بنێمە سەر هەرتنک شانم
بەچوار دەوری گۆی زەویدا بیان گێڕم
تابەهەرتک چاوی خۆیان ببینن کە

PDF4Kurd

خۆرەتاویان لەکام لایەو بڕوام پێبکەن
ئەی خۆزگە بم توانیبا.!

عەشق لای شاملۆ جگە لەتێکەڵ بوونی رۆحەکان شتێکی ترنییەو، گەر ئینسان نەتوانێ ئەو ئاوێتەو ئاوێزان بوونی رۆحە دروست بکات هەڵبەت ناشتوانێت عاشق بێت.

ئەو بە(ئایدا)ی هاوسەری دەڵێت:

من لەو دیو سنورەکانی لەشتەوەخۆشم دەوێی
پۆلێ باڵندەی شەوگەڕو کەناریەکانم پێبدە،
تۆ رووناکایی شەراب و ئاسمانی ساف و
کەوانی کراوەی پردو دوایین هەوای
ئەو سازەی لێیدەدەی دووپات کەوە.
من لەو دیو سنورەکانی لەشمەوە خۆشم دەوێی
لەو دوورە دەستە زۆر دوورەی
کەئەندام و جەستەی ئینسان بێ هیچ
تەمایەک دەسرەوێ.

قسەکردن لەسەر شاملۆو شیعرەکانی رەنگە بێسوود بێت، چونکە بۆخۆی هەڵوێستەو شیعرەکانیشی گۆرانی گەرمی ژیانن، سرودێکی هەمیشەیین بۆ مانەوەی مرۆڤ. شاملۆ دەڵێت: هەموو هەوڵی ئەدەبی و شیعری من گەڕانە بەدوای خۆشەویستیدا، خۆشەویستی ئەو عیبارەتەی کەدۆڕاندمان.

هەزار لەعنەت لە ئێوەبێ



ئەی ئەوانەی
بێجگە لەعیشقی شێتانە
هەمووشتێکی دنیاکەتان شێتانەیە!

PDF4Kurd

**پێڕست**:


روانین لەپەنجەرە داخراوەکانی...................... ٧ بۆ ٢٠
وێولەباڵێ........................................ ٢١ بۆ ٣٢
بێکەس پیاوێك.................................. ٣٣ بۆ ٤٨
ئەحمەد موختار جاف............................ ٤٩ بۆ ٦٤
قسەیەك بۆ شیعر قسەیەك بۆ دڵدار................ ٦٥ بۆ ٧٦
راکردن لەمەرگ.................................. ٧٧ بۆ ٨٨
سەمای شیعر.................................... ٨٩ بۆ ١٠٤
کاریگەری تاراوگە.............................. ١٠٥ بۆ ١٥٤
بۆ تۆ وڵات شیرینتربوو........................ ١٥٥ بۆ ١٦٨
شار دۆزەخێك بۆ ئینسان....................... ١٦٩ بۆ ١٨٢
لەچاوەڕوانی وەهمێکدا........................ ١٨٣ بۆ ١٩٥
هەوڵدان بۆ دروستکردنی....................... ١٩٦ بۆ ٢٠٤
بادڵنیا بێت ئاو.............................. ٢٠٥ بۆ ٢٢٨
جەلالی مەلەکشا.............................. ٢٢٩ بۆ ٢٥٤
تێکەڵبوون لەگەڵ باران......................... ٢٥٥ بۆ ٢٦٢
خۆشەویستی ئەو گوزارشتەی................... ٢٦٣ بۆ ٢٧٢

PDF4Kurd

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

* پروشە شیعر بۆ منالآن ١٩٩٨
* کەڤاڵی وەنەوشە شیعر بۆ منالآن ٢٠٠٠
* گۆرانییەکی قژ زەرد شیعر ٢٠٠٢
* چرپە چرپی ئەودیو ئازادییەکانی ژن،کۆمەڵە وتار لەسەر پرسی ژن. بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ‌وبلآوکردنەوە، ٢٠٠٤
* ئەو منالەی دوێنێ گریا، ستوونی رۆژنامەوانی، ٢٠٠٤
* بەهەشتێ لەکاغەز، ستوونی رۆژنامەوانی، ٢٠٠٥
* دلۆپە، شیعر، بەرێوەبەرایەتی گشتی چاپ‌وبلآوکردنەوە، ٢٠٠٥
* بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپ‌و بلآوکردنەوە، بۆ ساڵی دوو هەزارو چوار، لەساڵی دووهەزارو پێنج چاپکراوە.
* بچوکبوونەوەی ئینسان، ستوونی رۆژنامەوانی، ٢٠٠٦
* باویلکە شیعری منالآ ن ٢٠٠٦
* بیبلیۆگرافیای چاپکراوەکانی بەرێوەبەرێتیی گشتیی چاپوبلآوکردنەوە، بۆ ساڵی دوو هەزارو پێنج، لەساڵی دوو هەزارو حەفت چاپکراوە.
* خەڵک‌و دەسەلآت، ستوونی رۆژنامەوانی ٢٠٠٧
* ژیان لەپێناوی گێرانەوەدا، لێکۆڵینەوە، بەرێوەبەرێتی چاپ‌و بلآوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧
* کچەکەی جیک جیک خانم، چیرۆکی منالآن، وەرگێڕان لەفارسییەوە، ٢٠٠٧.
* کەروێشکە چکۆل، چیرۆکی منالآن، وەرگێڕان لەفارسییەوە، ٢٠٠٧.
* هایکۆ، شیعری ژاپۆنی، وەرگێڕان لەفارسییەوە، ٢٠٠٧.